11 2018 کانونی یەکەم

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی، ڕۆڵی مەنسور حیکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە، تێزەکانی مارکس سەبارەت بە فۆیەرباخ، دەسەڵاتی دووانە، بەڵگە نامەکان

عوسمانی حاجی مارف،
خەسرەو سایە
محسن کەریم،
جەمال موحسین

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات
ژمارە ١١/ ساڵی سێهەم/ کانونی یەکەمی ٢٠١٨

سەرنوسەر:

**جەمال موحسین**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

بەشدارانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، خەسرەو سایە، محسن کەریم، جەمال محسن**

پەیوەندی:
0047 47276028
didgaisocialisti@gmail.com

www.hkkurdistan.org

# ناوەڕۆک:

★ **کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و**
**ڕزگاربوونی کوردستان لە دۆخی ئێستا.**
گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف ........................................ ٢

★ **تەوەری ڕۆڵی مەنسور حیکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری،**
سیمیناری دووەم.................................................................... ١٨

★ **بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان،**
موحسین کەریم..................................................................... ١٠٢

★ **هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە،**
نووسینی عوسمانی حاجی مارف و موحسین کەریم ......................... ١٢٣

★ **تێزەکانی مارکس سەبارەت بە فۆیەرباخ،**
وەرگێڕان و ئامادەکردنی جەمال موحسین.................................. ١٤٤

★ **دەسەڵاتی دووانە، ڤلادیمیر ئیلیچ لینین.**
وەرگێڕانی نەبەز ئەمین.............................................................. ١٥٨

★
**بەڵگە نامەکان:**..................................................................... ١٦٣
**بەیانی حزب سەبارەت بە:**
**کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی،**
**پێشمەرجی کۆتاییهێنان بە دۆخی کارەساتباری ئێستا.**

# پێشەکی ژمارە:

خوێنەری بەڕێز، ژمارە ١١ ی گۆڤارەکە کە دوا ژمارەی ساڵی ٢٠١٨ یە، لە دا کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و فیکری پێکهاتووە، و لە ڕاستیدا ئەم ژمارەیە گرنگیەکی زۆرتری بە بابەتی فیکری داوە.
بابەتی سەرەکی و یەکەمی سیاسی گفتوگۆیەکە سەبارەت بە بەیانێکی پلینیۆمی ٢١ ی حزبە لەسەر دۆخی کوردستان و چۆنێتی وەلانانی دەسەڵاتی بۆرژوا_ناسیۆنالیزمی کورد.
لە ژمارەی پێشوودا ئەو تەوەرە فیکری و سیاسیەی سەبارەت بە مەنسور حکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریە سیمیناری یەکەمی بڵاوبۆوە و لەم ژمارەیەدا و لە درێژی ئەوەدا سیمیناری دووەم دێت.
بە دوای ئەودا یەکێکی تر لە باسەکان سەبارەت بە بنەما کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی ژنانە. پاشان بابەتێکی سیاسی دێت بە ناوی (هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە). دوای ئەو تێزەکانی مارکس سەبارەت بە فۆیەرباخ دێت و دوا بابەتیش هی لینینە سەبارەت بە دەسەڵاتی دووانە.
لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بەیاننامەی پلینیۆمی ٢١ ی کۆمیتەی ناوەندی حزبە سەبارەت بە کۆتایی هێنان و وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی لە کوردستان.

**جەمال موحسین**
**سەرنووسەر**
**٢٠ ی دیسێمبەری** ٢٠١٨



عوسمانی حاجی مارف

# کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ڕزگاربوونی کوردستان لە دۆخی ئێستا.

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

**دیدگای سۆشیالیستی: پلنیۆمی ٢١ی کۆمیتەی ناوەندیی حزب لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی: "کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی پێشمەرجی کۆتاییهێنانە بە دۆخی کارەساتباری ئێستا"دا بڵاوکردەوە. هاوڕێ عوسمان سەرەتا با لەوێوە پرسیار بکەین کە پێویستی دەرکردنی بەیاننامەیەکی لەم چەشنە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و بۆچی کۆمیتەی ناوەندی لە پلنیۆمدا بەتایبەت لەسەر ئەم بابەتە ڕاوەستاوە؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد بە هەردوو هێزی میلیشیای بنەماڵەیی و بە دابەشکردنی کوردستان بە ناوچەی زەرد و سەوز و بەردەوامیدانیان بە گێژاو و ناجێگیریی سیاسی و ڕوودانی چەندین کارەسات و نەهامەتی، بەردەوامی بوون و مانەوەی

## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ..

ئەم دەسەڵاتە بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ لە سەر حسابی ئاوارەبوون و سەرگەردانی و هەژارکردنی زۆرینەی دانیشتوان و شکاندنی شکۆ و ئیرادە و دەوری خەڵک بووە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا، کە هەر بەم ئاراستەیە بەرێوەچووە و درێژەیان بە ژیانی سیاسیی خۆیانداوە. نەبوونی هیچ جۆرە تروسکایی ئومێدی ئاڵوگۆڕێک کە پەیوەست بێت بە بەرژەوەندی ژیان و گوزەران و ئاسودەیی خەڵکەوە لە سایەی ئەم دەسەڵاتە و هێزەکانی بەشدار لەم دەسەڵاتەدا سەلمێندراوە کە بێئاکام و مەحاڵە و هەرگیز ڕوونادات، لە هەمانکاتدا بەرجەستەبوونی تووڕەیی و بێزاری و ناڕەزایەتی بەرفراوانی خەڵک بەم دەسەڵاتە تەنها یەک ڕێگا لەبەردەم چارەنووسی خەڵکی کوردستاندا نیشان ئەدات بۆ ڕزگاربوون لەم هەلومەرجە پڕ مەینەتی و بێ ئاسۆییە، ئەویش کۆتاییهێنانە بەم دەسەڵاتە و دامودەزگاکانی.

دەربارەی ئەم هەلومەرجە سیاسییەی کوردستان و دەور و جێگاوڕێگای حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامییەکان و کاریگەرییان لەسەر بەرجەستەکردنەوەی ئەم هەلومەرجە دژوارە و دواتر باسکردن لەسەر دەرچوون لەم بارودۆخە لە پلنیۆمی ٢١ی حزبماندا قسەوباسێکی جدی و سەرەکی هاوڕێیان بوو. هەرچەندە ئاماژە بەوە کرا کە دەمێک ساڵە باس لە سەر وەلانانی ئەم دوو دەسەڵاتە بنەماڵەیی و میلیشیا ناسیۆنالیستە کراوە و لە پەسندکراوەکانی کۆنگرەکان و پلنیۆمەکاندا پێداگیری لەسەر کراوە و وەک پێداویستی بۆ گەڕانەوەی جێگیری سیاسی و دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان و هاتنە مەیدانی دەور و دەخاڵەتی خەڵک بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت. بەڵام بەتایبەتی بەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشەی سیاسی و فەراهەمهێنانی دۆخێکی نالەبارتر و دژوارتر لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستاندا، مەسەلەی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتەی حزبەکانی کوردایەتی هەردوو بنەماڵە پێداویستییەکی حەیاتیە بۆ وەلانانی کۆسپەکانی خەبات و ئاوات و بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان. بەجیا لەمەش دروشمی ڕووخانی دەسەلات بە هەر جۆرێک تەعبیری لێکرابێت تێکەڵ بە خواستەکانی جەماوەری تورە و ناڕەزایەتییەکان بووە. هەر بۆیە لە کاتێکدا پلنیۆمی حزبمان پێداگری لەسەر ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری کوردستاندا دەکات لەهەمانکاتدا پێداگری لە هەوڵدان بۆ بەرێخستن و

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

بەهێزبوونی بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و بەم هەلومەرجە نالەبار و ناجێگیر و فەلاکەتبارە دەکات. ئەم بەیانەی پلنیۆم پێداویستیی هەنگاوێکە لە راستای بەرێخستن و لە چوونە پێشەوەی ئەو بزووتنەوەیەدا بە هەنگاوێکی پێشرەو و پێویست دەخەملێنرێت بۆ وەلانانی بەربەستی ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری لە کوردستاندا.

**دیدگای سۆشیالیستی:باشە، بەیانەکە باس لە "کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی" دەکات، لەکاتێکدا لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا زیاتر دروشمی "ڕووخانی ڕژێم" و دەسەڵاتی مەوجود بەرزدەکرێتەوە، کەوایە مەبەستتان لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی چیە و بۆچی بە ڕۆشنی باس لە ڕووخانی ڕژێمێک ناکەن؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

بەهەر جۆرە دروشم و شێوازێک بۆ بەکارهێنانی دەستەواژەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵات، وەلانانی دەسەڵات، ڕووخانی دەسەڵات، ئاڵوگۆڕ لەدەسەڵات، ڕامالّینی دەسەڵات...هتد، مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە هەرچیەک بێت و نوێنەرایەتی هەر هێڵێکی سیاسی بکات و سەر بەهەر لایەنێکی سیاسی بێت ئیتر کارنامەی تەواو بووە و دەبێت بڕوات و بگۆڕدرێت و کۆتایی بەدەسەڵاتی بهێنرێت، واتە بەکارهێنانی "کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی میلیشیایی" لە بەیاننامەی حزبی ئێمەدا مانای ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی ئێستای کوردستان بە هەردوو دەسەڵاتی ناوچەی زەرد و سەوز دەبێت کۆتایی پێبهێنرێت و لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ هەر دەستەواژەیەکی تردا کە بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی سیاسی بەکار دەهێنرێت جیاوازی نیە و مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە دەبێت لەسەر دەسەڵات و حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە یان ناوچەی ژێردەسەڵاتی دەستوپای ببەسترێت و دوور بخرێتەوە. بەڵام واقعیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا کە دەسەڵاتی میلیشیاییە و دابەش بووە لە بەینی دوو هێزی سیاسیدا و ناوەندێکی دەسەڵات بەرجەستە نیە و کوردستان پێناسەی دەوڵەت و سیستمێکی دامەزراوی سیاسی و ناوەندی نیە، بەکارهێنانی "بڕوخێ دەسەڵات" لە باری عەمەلییەوە ڕۆشن نابێت، چونکە لە کاتێکدا کە سیستم و ناوەندێک بۆ ڕژێمێکی سیاسی بوونی نیە چۆن ڕێگای ڕووخاندنی دەگیرێتە بەر،

## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ..

هەردوو هێزی بنەماڵە و میلیشیا کە ناوچە نفوزی خۆیان هەیە و هەریەک لە ناوچەی خۆیدا دەسەڵات بەڕێوە دەبات، ڕێگاکەی ئەوەیە کۆتایی بە دەسەڵاتی ملیشیاییان بهێنرێت، هەڵبەتە ئەم ڕێگایەش مانای عەمەلی و میکانیزمی خۆی هەیە کە دەکرێت دواتر قسەیان لە بارەوە بکەین.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام هاوڕێ عوسمان خۆتان ئاگادارن کە خەڵکی ناڕازی کوردستان بەدرێژایی ناڕەزایەتییەکانیان بە دەربڕینی جۆراوجۆر باسی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستایان لەنێو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا داوە بەگوێی کۆمەڵگادا لەوانە وتوویانە "بڕوخێ دەسەڵات"، "بڕوخێ دز"، "چۆڵیکەن ئەو کورسییە"...هتد بەمجۆرەش مەسەلەی ڕۆیشتنی دەسەڵات خاڵێکی ڕۆشنە لای جەماوەر بەڵام ئەوەی کە نە بۆخەڵک ڕۆشن و نە لەبەیانەکەی کۆمیتەی ناوەندیدا ئاماژەی بۆکراوە مانای عەمەلی وەلانانی دەسەڵاتە. بەواتایەکی تر ئەگەر بپرسین مانای عەمەلی کردنەوەی دروشمی "کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی" چیە و حزب لە هێنانەدی ئەم دروشمەدا بەشوێن هاتنەکایەوەی چ جۆرە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەباتکارانەوەیە؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا دروشمەکان بۆ کۆتاییهێنان بە هەر دەسەڵاتێک لەلایەن جەماوەری ناڕازییەوە چۆن بەکار دەهێنرێت کێشەیەک نیە، چونکە لە بنەڕەتدا لە هەست و ویست و خواستی خەڵکیدا ئەو مانایە دەبەخشێت، ئەو دەسەڵاتە لەبەر هەر هۆیەک بێت قەبوڵیان نیە و بە ئومێدی لە ناوچوون و گۆڕانیەتی، ئەمە واقعیەتی دروشمی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانە و بێزار و تورەیە لەم دەسەڵاتە. بەڵام هێزە سیاسییەکان کاتێ دەیانەوێت ئەم خواستە جەماوەرییە بقۆزنەوە و کاری لەسەر بکەن، ئاشکرایە هەر هێزو لایەنێک لەڕوانگەی بەرژوەندی سیاسی و پەیوەستبوونی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەخاڵەت لە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا دەکات. گەر سەرنج بدەن ئەو هێز و لایەنە قەومی و ئیسلامییانەی لە ١٧ی شوبات و دواتر وەک ئۆپۆزیسیۆن خۆیان پێناسە دەکرد و بە جۆرێک باسی گۆڕانی دەسەڵاتیان دەکرد، بە ناوی خەباتی مەدەنییەوە کە تا ئێستاش بە هەمان شێواز بەردەوامن، لە ڕێگەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە

ئومێدی ئەوە ڕەواج پێ ئەدەن کە ئەتوانن دەسەڵاتی بنەماڵە بگۆڕن و هێزی میلیشیا نیشتمانی بکەنەوە. بەڵام ئەمجۆرە شێوازە بە جیا لەوەی کە نەک ناکرێ پێناسەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەو هێز و لایەنانە بکرێت، بەڵکو بۆ خۆشیان بەشێکن لەو دەسەڵاتە و پارێزەری مانەوەی هەمان سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی سەروو خەڵکین، لە هەمانکاتدا وەک ئەزموونێکی شکست خواردوو ناکارا و بێمانا و بەرجەستەکردنی زیاتری دەسەڵاتی بنەماڵە و میلیشیا خۆی سەلماند و ڕیسوابوون.

ئەوەی کە پێویستە لە دروشمی بەیانەکەی ئێمەدا ڕۆشن کرێتەوە واتە "کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی میلیشیا" بەو مانایە بەکار هاتووە، کە چۆن هەوڵ بدەین دەسەڵات لەژێر دەستی حزبە دەسەڵاتدارەکان دەربهێنرێت. یەکەم کە پێشتر بۆ خۆمان ڕۆشن بوو لە ڕێگای خەباتی مەدەنی بە مانای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە ئیمکانی گۆڕینی دەسەڵات بۆ حزب و لایەنە کۆمۆنیست و کرێکارییەکان نەک ئیمکانی نیە و ناکرێت، بەڵکو ئەوپەڕی گاڵتەجاڕی و ڕیسواییە، کە خۆشبەختانە ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردن و پەرلەمان لە کوردستاندا بە ڕادەیەکی ڕوو لە پێش و بە ڕێژەیەکی بەرز بۆ بەشی زۆرینەی خەڵکی کوردستان سەلمێندرا، کە بەشدار نەبوونی ڕێژەیەکی بەرز لە هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵی کوردستاندا ئەو ڕاستییەی دەرخست. دووەم واقعیەتی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان کە پێکهاتەیەکی دەوڵەتی نیە و ڕژێمێکی سیاسی ناوەندی و کۆکراوە بۆ حوکمڕانی لەسەرتاسەری کوردستاندا وەک یەک بەڕێوەبەرایەتی کار ناکات و دابەش بووە بە دوو ناوچەی زەرد و سەوز و چەندین لق و پۆپی لێ بۆتەوە، ئێجگار بە زەحمەت دێتە بەرچاو کە بتوانرێت نموونەی هاتنە مەیدانی ناڕەزایەتی جەماوەری لە نموونەی میسر و تونس و ئێران لە کوردستاندا دووبارە بکرێتەوە. بۆنموونە لەو وڵاتانەدا هەرکات لە پایتەختەکەیدا دامودەزگاکانی دەسەڵات لەلایەن جەماوەری ناڕازییەوە گەمارۆ درابن ئەوە توانراوە دەسەڵاتی سیاسی فەلەج و بێ دەستوپابکات و ڕایماڵن، بەڵام واقعیەتی کوردستان پرۆسەیەکی بە پێچوپەنای بەسەردا سەپێنراوە. پێویستە کە هەنگاو بە هەنگاو ناوچە بە ناوچە هەوڵبدرێت دەسەڵات لە ژێر دەسەتی دەسەڵاتی هێزە میلیشیاکان دەربهێنرێت و دەور و دەخاڵەت و ئیرادەی خەڵک لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی و ئابووری و سیاسی و دادوەریدا لەهەر ناوچەیەک کە ڕزگار دەکرێت جێگایان بگرێتەوە،

## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ..

تا دەگاتە ئەو ئاستەی تەواوی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەم هێزە میلیشیاییانە پاکدەکرێتەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: لەگەڵ ئەوەدا بەیاننامەکە مەسەلەی وەلانانی دەسەڵاتی ئێستای بە هاتنەمەیدانی "بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری"یەوە گرێداوەتەوە، بەڵام ئەمە هێشتا خودی بابەتەکە بە ناڕۆشنی دەهێڵێتەوە و هیچ سیناریۆیەکی عەمەلی ناخاتە ڕوو لەڕاستای بەکردەوە دەرهێنانی دروشمی کۆتاییهێنان بە دەسەڵات، کەوایە سیناریۆی عەمەلی مومکن لە هاوکێشەی ئێستای هێزە چینایەتی و سیاسییەکاندا بۆ وەلانانی دەسەڵات چیە؟ واتە پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەو بزووتنەوە سیاسییە جەماوەرییەی ئێوە باسی ئەکەن چۆن ئەتوانێ کۆتایی بەو دەسەڵاتە بهێنێ و ڕێگاکانی بەردەمی چیە؟ حزب لەم نێوەدا چ ڕۆڵێکی هەیە؟ ئایا تەنها ئەو بزووتنەوەیە ڕێک دەخات و لە بنەوە پتەوی ئەکات و برەوی پێ ئەدات؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

مەسەلەیەک کە پێوستە زیاتر باسی لەسەر بکەین و بە هەند وەری بگرین، بۆ ڕوخان یا ڕامالین و کۆتاییهێنان بە هەر دەسەڵاتێک پێویستە پێش هەموو شتێک لە چوارچێوەی دەنگی "نا" و نە ویستنی زۆربەی جەماوەری خەڵکەوە بێت بەو دەسەڵات و سیستمە. ئەمە مەرجی سەرەکییە بەر لە هەر خۆڕێکخستن و ئامادەییەک بۆ وەلانان و کۆتاییهێنان بەهەر دەسەڵاتێک. واقعیەتی ئێستای کوردستان کە وەک ڕۆژی ڕوناک دیار و ئاشکرایە ئەم خواستەی خەڵک بۆ کۆتایی بەم دەسەڵاتە خاڵێکی بەهێزی باس و لێکدانەوەی ئێمەیە بۆ کارکردن لەسەر هەنگاوە عەمەلییەکان و ڕێکخستنی ئامادەییەکانیدا.

ئاکامی ٢٧ ساڵ لە دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی بەهێزی میلیشیای بنەماڵە و گرێدانەوەی هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە پەیوەند بە کێشەکانی حکومەتی ناوەندی و لە پەیوەند بە شەڕ و کێشمەکێش و دەور و دەخاڵەت و بەرژەوەندی وولاتانی زلهێزی دنیا و وولاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران و تورکیا، دۆخێکی نەگۆڕی درێژەدان و بەردەوامییە لە ناجێگیری و نائارامی سیاسی کە لەتەواوی ئەو ٢٧ ساڵەدا کوردستانی پێ داگیراوە، سەپاندنی ڕاگرتنی کورستانە لە گێژاوی سیاسی و دیارنەبوونی چارەنووس و ئایندەیەکی

نارۆشن و قەتیس بوون لەناو گەمەی سیاسی و تەرازووی هاوسەنگی هێزە ملیشیاکاندا، کە دەرگیربوونە بە کارەسات و تراژیدیا و فەزایەکی نەخوازراوی بێ کۆتایی لە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەدا.

لە دەسەڵاتداریەتی ٢٧ ساڵی پارتی و یەکێتیدا وەک دوو کۆمپانیای مۆنۆپۆل بۆ ڕێکخستنی شێوازێک لە دۆخێکی ئابووری بە ئامانجی فەراهەمهێنانی باڵاترین ڕێژەی قازانج و پێکهێنانی زەمینەیەکی گونجاو بۆ دەست بەسەراگرتن و جەردەیی و تاڵانکاری تەواوی سامانی کوردستان درێخییان نەکردووە بۆ قۆرخکردنی تەواوی بنەماو ڕەگەی ئابووری لە هۆکانی بەرهەمهێنان و بازاڕ و بازرگانیدا، کە بەرپرسان و توێژێک لە سەرمایەداران بە سەدان ملیۆن و چەندین ملیار دۆلار کەڵەکەی سەرمایەکانیانە، کە لە بەرامبەریدا بە ملیۆن ئینسان ڕەنجدەر و نەدار و هەژار و بێکار بوون، کە تا ئەوپەڕی بێ خزمەتی و ژیانێکی ناشایستە و نائیسانی بە هەقی دانیشتوانی کوردستان بەخشراوە، بەجیا لە بوونی سەرگەردانی و ئاوارەیی و ڕووبەڕوو بوونەوەی کارەسات و ژیانێکی هەمیشە لە چاوەڕوانی و مەترسیدا.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە سایەی ٢٧ ساڵ دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی بنەماڵەیی پارتی و یەکێتی و هاوکارانیان لە ئیسلامییەکان و دەستەوتاقمی تر لە بزووتنەوەی کوردایەتی، بەتایبەتی بە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەردا کە هەلومەرجێکی نالەبارتری تازەی بۆ خەڵکی کوردستان هێنایە ئاراوە و کێشەکانی قوڵتر و سەختتر کردەوە، خەڵکی کوردستان لەلایەک لەبەرامبەر دۆخێکی سیاسیی نالەبارتر و نائارامتر و سەرگەردانتر و نائەمنتر ڕووبەڕوو بوونەتەوە. لەلایەکی ترەوە لە دۆخێکی ئابووری بێ سەروبەر و پڕ کێشە لە بازرگانی و قاچاخچیتی و تاڵان و بڕۆ و دزی زیاتر ئاشنا بوون. لە هەمانکاتدا فەراهەمهێنانی ئاستێکی یەکجار نزم لە کرێ و زۆری سەعاتکار و نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی سەلامەتی کاردا ژیان بەسەر دەبرێت، جگە لە نەدان و کەمکردنەوەی موچە و بڕینی زۆربەی خزمەتگوزارییەکان. دۆخێکی وەها پێشهاتووە کە بە ئەوپەڕی بێ ئیرادەکردن و زەلیل بوون و بێمافی و بێئومێدی و گۆشەگیرکردنی دەور و دەخاڵەتی خەڵکیان بۆ پاراستنی سەرمایەکانیان و دەسەڵاتەکەیان دابین کردووە. لە ڕاستای ئەم واقعیتەوەیە کە لەپاڵ نارەزایەتییەکانی جەماوەری تووڕە و بێزار لەم دەسەڵاتە

## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ..

هەمیشە لە پاڵ بەرزکردنەوەی خواستەکانیان لە داواکردنی موچە و خزمەتگوزارییەکاندا دروشمی "بڕوخێ دەسەڵات" و "بڕوخێ دز" وەک خواستێک بەرز دەکرێتەوە، ئەوە جێگای سەرنجی جدییە لە ئاستێکی فراواندا ئەم خواستە بۆتە واقعیەتێکی پێویستی کۆمەڵایەتی. بەڵام چۆن ئەم خواستە وەک بزووتنەوەیەک گەشە دەکات و هەنگاوەکانی بەجێگەیاندنی دەباتە پێشەوە کە تا ئێستا لە دەورانێکی خۆڕسکی و بێئومێدی تێپەڕی نەکردووە یان سنووربەندی لەبەرامبەر هەژموونی ئاسۆی ناسیۆنالیستی بنەبڕ نەبووە، هەربۆیە لایەن و هێزی ڕەوتە بۆرژوازییەکان لە ناسیۆنالست و ئیسلامییەکان ئەتوانن سواری سەری بن و خۆیان بکەن بە خاوەنی و بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان بەکاری بهێنن. ئەوە کاری ئێمەیە کە ڕەوتی هەنگاوەکانی ئەو خواستە جەماوەرییە بەرەو ڕەوتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ لەئاسۆی ناسیۆنالستی بەرینە پێشەوە، کە ئێستاش لە ئاستێکدا واقعیەتی نارەزایەتییەکان گەیشتووە بەو ئاکامەی کە ئومێد بەو هێزانەی خۆیان ناوناوە ئۆپۆزیسیۆن لەناو دەسەڵاتدا کەمرەنگ بێتەوە و بە هەمان دەرەجە بخرێنە خانەی بەشداربووی تاوانەکانی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتییەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ عوسمان هەرلەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بکرێ زیاتر بدوێن و وەڵامی ئەوە بدەنەوە کە تا چەند سیناریۆی "ڕاپەڕینی سەرتاسەری" وەیا "پاککردنەوەی هەنگاوبەهانگاوی شارەکان" بەوجۆرەی هاوکێشەی نێوان خەڵک و دەسەڵات بیخوازێ، بە مومکین و عەمەلی دەبینن؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

پێشتر باسمان لەسەر ئەوە کرد کە واقعیەتی دەسەڵاتی بنەماڵە و هێزی میلیشیایی، کوردستانی بە ناوچەی نفوزی هێزە سیاسییەکانی دابەش کردووە و دۆخێکی تایبەت لە پەیوەندی ئابووری و سیاسی لە کوردستاندا بەڕێوە دەبرێت. لەسایەی مانەوەی ئەم دەسەڵاتی پارێزەرەی سیستمی سەرمایەداری و سەرمایەگوزاری بە شێوازی ئەوپەڕی دڕندەیی و بە کۆیلەکردنی کرێکاراندایە کە هیچ جۆرە تروسکاییەک کە گۆڕانکاری ئەم دۆخە لەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەقازانجی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بەدەست بێنێت لە ناو ئەم دەسەڵاتەدا نەک بەدی ناکرێت و ڕوونادات،

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

بەڵکو هاوکێشەی ئاڵوگۆڕەکان و کێشەی نێوان هێزەکان و شەڕی دەسەڵات و خۆکۆکردنەوەیان و فراونکردنی هێزە ملیشیاکانیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و پاشکۆبوون و خۆبەستنەوەیان بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وولاتانی ناوچەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان بۆ ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژار و نەدار بەردەوام زیانبەخشتر و سەختتر دەشکێتەوە و قڵشتی چینایەتی گەورەتر و مەترسیدارتر دەکات و ئایندەی کوردستان نادیار دەکات. هەتا بۆیان بلوێت و بکرێت یەک فلس لە ڕێژەی قازانج کەم ناکەنەوە، بۆ کەڵەکەی سەرمایە و تالانچێتی و دزی و جەردەیی ئەوپەڕی دڕندەیی و بێمافی و چەوسانەوە و کاری دژی ئینسانی و کاری هەرزان و کۆیلەیی پەیڕەودەکەن و بەکار دەهێنن. دۆخەکەیان بە زۆری هێزە میلیشیاکانیان بەجۆرێک سەپاندووە کە هیچ جۆر یاساورێسایەکی کار بە قازانجی کرێکاران بوونی نەبێت یان نەتوانێ دەوری هەبێت. خاوەنکار یان بەرپرسەکانن یا لە ژێر پارێزگاری بەرپرسەکاندان، هەر ناوچەیەک و شارێک هەلومەرجی کار بەجۆرێک بە یاسای عەقڵی خاوەنکارەوە بەڕێوەدەبرێت، بەجیا لەوە کوردستان دابەش بووە بە دوو زۆنی زەرد و سەوز. لە هەمانکاتدا ناوچەکان و شارەکان لە ژێر سایەی دەور و نفوزی بەرپرسێکی حزبی چەکداردایە. بۆیە بە بۆچوونی من ڕاپەڕینی سەراسەری جەماوەری کارێکی سەخت و دژوارە و هەروەها ڕێگایەکی سەختە پێمان وابێ بە ڕێگای ڕاپەڕینی سەراسەرییەوە دەتوانرێت دەسەڵاتی سیاسی بروخێنرێت یا کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵکو لەهەر شوێن و جێگا و شارێکدا نفوزی ناڕەزایەتی جەماوەری گەشەیکرد و ڕێکخراو بوو دەتوانێت بەڕێوەبردنی ئەو شارە بچێتە دەست دەسەڵاتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە نموونەی شوراکان یان هەرشێوازێک خۆی لە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی جەماوەری کرێکاران و زەحمەکێشاندا نیشان بدات. دواتر هەنگاو بە هەنگاو ئەزمونێکی سەرکەوتوو نیشان بدرێت و پەل بهاوێت بۆ ناوچەکانی تر و پەڕوباڵی ئەو هێزە سیاسییانە دەرکێشێت تا ڕوتیان دەکەنەوە. بەکورتی مەبەست ئەوەیە مەرج نیە چاوەڕوانی ئەوە بین یا ئومێدی خەباتی سیاسی بەوە گرێ بدرێت کە تەنها ناڕەزایەتییەکی سەرتاسەری لە کوردستان بەرپا ببێت.

**دیدگای سۆشیالستی: باشە هاوڕێ عوسمان ئەم ڕێکخستنە جەماوەرییانە خۆبەخۆ و بێ**

**چەکدار بوون سەر دەگرێت؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

هەڵبەتە وەک لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ووتم ئەمە کاری ئێمەیە، کە دەوری ڕابەری و ڕێکخستن و بەهێزکردن و یەکگرتوو کردنی ئەو نارەزایەتییانە پەرە پێبدەین. واتە بەبێ دەوری لایەنی سیاسی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و پێشڕەوان و حزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و لە هەمانکاتدا بەبێ هێزی چەکداری جەماوەری ڕێکخراو ئەم پرۆسەیە نەک سەرناکەوێت بەڵکو بەرەوڕووی سەرگەردانی و شکستێکی گەورەی سیاسی یا بەلاڕێدابردن دەبێتەوە. هەڵسووڕانی سیاسی جەماوەری ناڕازی لە پرۆسەی خەبات بۆ وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیا بەڵگەنەویستە کە دەبێت دابینی هێزێکی بەرگری پتەو و ڕێکخراو و بەئەزموون و دەخاڵەتگەر بێت لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا و مەوقعیەتی پێشڕەوانە بنوێنێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەیاننامەکە "ڕزگاری یەکجارەکی کۆمەڵگای لە مەینەتییەکانی ئێستا" خستۆتە گرەوی ڕێکخستنی "شۆڕشی کرێکارییەوە" و لەم ڕاستایەشدا مەسەلەی "کۆتاییهێنانی ئەم دەسەڵاتەی ئێستای بە یەکەمین هەنگاو لە ڕێگای ئەم شۆڕشە"دا دیاری کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئێوە دەتانەوێت بە شۆڕش (لە حاڵەتێکی باڵاتردا بە شۆڕشێکی کرێکاری) کۆتایی بە دەسەڵاتی ئێستا بهێنن؟ ئایا زەمینەی شۆڕش و شۆڕشی کرێکاری لە دۆخی ئێستای کوردستاندا لەئارادایە؟ تاچەند ئەم بابەتە واقعیە؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

واقعیەتی پەیوەندی بەرهەمهێنان لە کوردستان بەهەر دۆخێکی سیاسی دژوارەوە لە هەمان چوارچێوەی پەیوەندی ئابووری سەرمایەداری جیهاندایە و بەشێکە و پەیوەستە بە هەمان بازاڕی پەیوندی کار و سەرمایەوە. هەر بەو مانایە لە کوردستانیشدا وەک هەر وولاتێکی تری دنیای سەرمەیاداری تەنها یەک شۆڕش ئەتوانێ پێناسەی کۆتاییهێنان بە واقعیەتی ئێستای هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات، ئەویش شۆڕشی سۆشیالستییە، هەر بۆیە هیچ ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون لەم هەلومەرجە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیە و ئەم دێوەزمەی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی لەکوردستان و هەر

جێگایەکی تری دنیادا نیە جگە لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتەکانیان و جێگرتنەوەیان بە حکومەتی کرێکاری و هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کار و سەرمایە ناتوانێ شتێکی تر بێت. بەجیا لەوەی لەباری مەوزوعیەوە زەمینەی شۆڕشی کرێکاری واقعیەتێکی کوردستانە، لە هەمانکاتدا هەر ئێستا کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان پێویستیان بە شۆڕشێکە بە ئاڵا و پەرچەمی ئازادی و یەکسانی و حکومەتی کرێکاری خۆیان کۆکەنەوە و ڕێکخراو بکەن و بێنە مەیدان، شۆڕشێک سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی بێت بۆ تەواوی ناوچەکە و دنیا، شۆڕشێک پەیامی ڕزگاری لە هەموو جۆرە جیاکاری و نایەکسانی و چەوسانەیەک لە خۆی نیشان بدات و هەر ناوچەیەک کەوتە ژێر دەستیان جێبەجێی بکات. ئەرکی کۆمۆنیستەکانە هەر لە ئێستاوە لەسەر بنەمای لەئارادا بوونی زەمینەی شۆڕش ڕابەری و ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری بکەن لە ڕاستای چوونەپێشەوەی هەنگاوەکان بۆ شۆڕشی کرێکاری کە هەر لە ئێستاوە پێویستە ڕێکخستنی کرێکاران بۆ شۆڕشی کرێکاری بخەنە دەستوری هەڵسووڕانی سیاسییانەوە و لەسەر ئەو بنەمایە بەرنامەکاری هاتنەمەیدان و دەخاڵەتی کرێکارن داڕێژن. ڕوخانی دەسەڵات یا کۆتایی دەسەڵات بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری وەلانانی بەربەرستەکانی شۆڕشی سۆشیالستییە.
گێژاو و ناجێگیریی سیاسی و دەسەڵاتی میلیشیایی لە کوردستاندا بەربەستێکی واقعیە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی کرێکاریدا، پاکسازی ئەم بەربەستە پێداویستیەکی حەیاتیە بۆ شۆڕشی کرێکاری. ئەم پاکسازییە ئەتوانێ لە ڕێگەی هاوپەیمانی ڕیزێکی بەرینی جەماوەری ناڕازی و توڕە و بێزار و کەسان و ڕێکخراوی ئازادیخوازی و چەپ و کۆمۆنیستەوە بەڕێبخرێت. هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد ئەتوانرێت لە هەر ناوچەیەکدا شێوازێکی گونجاو بۆ ئەو پاکسازییە بگیرێتە بەر و جێبەجێ بکرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: باشە، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەیاننامەکە ئاماژە بەوە ئەکات کە دوای کۆتاییهێنان بە دەسەڵات، هەلومەرجێکی گونجاو فەراهەم بێت کە لە سایەیدا خەڵکی کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە سیستەمی حوکمڕانی ئایندەی کوردستان دیاری بکەن... ئەمە مانای چیە؟ بۆچی حزب بەڕۆشنی بەدیلی حکومەتی خۆی نەخستۆتەڕوو؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دوای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا دیسانەوە خەڵکی بگەڕێنەوە**

## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ..

**بۆ ژێرسایەی سیستەمی پەرلەمانی و درێژەدان بە فۆرمی حکومەتی ئێستا؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

مەسەلەیەک کە هەر لەسەرەتای دەسەڵاتی ئەم دوو هێزە ناسیۆنالیست و میلیشیاییەوە کە لە پەیوەست بە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە پرۆسەی دەسەڵاتی سیاسییان لە کوردستاندا بە دوو ناوچەی زۆنی زەرد و سەوز کردۆتە ئەمری واقع و ٢٧ ساڵ لە گێژاو و ناجێگیری سیاسی و کێشمەکێش لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا خەڵکی کوردستانیان دەرگیر بە نالەبارترین دۆخی سیاسی و ئابووری کردووە، لەژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا ڕایانگرتووە و بەردەوامی بە دەسەڵاتەکەیان ئەدەن. ئەمجۆرە لە دەسەڵات بە پەرلەمانە کارتۆنیەکەیانەوە ئەوپەڕی دەوری دیوە لە گۆشەگیرکردن و بێ ئیرادەکردن و شکۆشکاندنی دەور و دەخاڵەتی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا. واقعیەتی دابەشبوونی کوردستان بە دوو ناوچە لەسەر بنەمای دەور و نفوزی سیاسی و عەسکەری لایەنەکان بەزۆر سەپێنراوە، دەسەڵاتی حزبی سەپێنراوە، دەسەڵاتی دامودەزگای حکومەتی و پەرلەمانەکەیان سەودا و مامەڵەیەکی بازرگانییە و سەپێنراوە، واتە خەڵکی کوردستان ئازادی بژاردە و ئیرادەی ئەوەیان نیە سیستمی حوکمرانی دیاری بکەن و لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا گەمارۆ دراون و بەزۆر و بە گران پێیان دەفرۆشرێت. کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە بەجیا لەوەی ئەڵتەرناتیڤی ئێمە چیە و چی دەکەین، دەبێت ئیرادە بگەڕێنرێتەوە بۆ دەور و دەخاڵەتی خەڵک کە سیستمی حوکمڕانی خۆی هەڵبژێرێت. وەلانان و کۆتاییهێنان بەم دوو دەسەڵاتە میلیشیاییە خواست و پێداویستی واقعیەتێکی ژیانی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانە. ئەم دەسەڵاتە مۆتەکە و کابوسێکە دەبێت بخرێتە لاوە، هەر بۆیە پێویستە لە پرۆسەی ئامادەییەکانی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە دابینی ئەو هەلومەرجە بکرێت کە نابێت بگەڕێتەوە بۆ سیستمی پەرلەمانی و درێژەدان بە حکومەتی ئێستا بەڵکو دەبێت توانای گەڕانەوەی هیچ جۆرە کابوسێک نەبێت کە بێتەوە ناو ژیان و گوزەرانی خەڵک. ئەمەش لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و لەناوبردنی ئەو بنەما ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان ڕادەگرێت، ئەوەش لە بەرنامە و نەخشە و سیاسەتی ئێمەدا ڕۆشنە کە هەڵوەشانەوەی سیستمی سەرمایەداری و دامەزراندنی سیستمی سۆشیالستی تەنها

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

ئەڵتەرناتیڤی ئێمەیە و هەر دەور و نەخش و کاریگەرییەک لە ناو شەڕ و کێشمەکێشە سیاسی و لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوازی و باڵەکانیدا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەو شۆڕشەیە. هەروەها ئێمە بەردەوام پێداگریمان لەسەر جۆرێک لە دەسەڵاتداریێتی کردووە کە تیایدا یاسادانەر و بڕیاردەر و جێبەجێکەر جەماوەری بەرینی بێبەش خۆیەتی لە ڕێگای دەسەڵاتی شوراییەوە کە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ئەو جەماوەرە دابین ئەکات. ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەو جەماوەرە لە ئێستاوە و بەم ئاسۆیەوە بۆ وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوا ناسیۆنالیزمی کورد ئەتوانێ زەمینەکانی ڕەخساندنی هەل بۆ ئەو جۆرە لە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ بێنێتە ئاراوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ عوسمان خۆتان دەزانن هەم باسکردن لەسەر ئایندەی دۆخی کوردستان بە گشتی و هەم مەسەلەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵات لەلایەنێکیدا پەیوەند دەبێتەوە بە دەسەڵاتی مەرکەزی لە عێراق و ڕۆڵی حکومەتی عێراق چ وەک باری قانونی نێودەوڵەتی فیدراڵیزمێک کە لەئارادایە، وە چ وەک هێزێکی سیاسی وعەسکەری کە کاریگەریی لەسەر هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک دادەنێ کە ئایندەی کوردستان دیاری دەکات، .. هەڵوێست لەم لایەنە چۆن دەبێ؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان لە ئێستادا جیابوونەوەیە لە حکومەتی عێراقی قەومی و ئیسلامی و تائفی و لە هەمانکاتدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بە تایبەتی بە دوای جێبەجێ بوونی ڕیفراندۆم و کارەسات و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بەو مەرجە ئەتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستاندا لەئێستادا وەڵامی دروست وەرگرێتەوە و جێبەجێ بکرێت کە لەگەڵ پرۆسەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیاییدا یەک بگرێتەوە، چونکە هەردوو حزبی کوردایەتی و بنەماڵە و میلیشیایی بەجیا لە تاڵانچێتی و جەردەیی و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستان، بە ئاشکرا و بە فەرمی ئەوەیان سەلماندوە کە نەک ڕێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ دەنگدانیان لەسەر جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق نەگرتووە و نایگرن، بەڵکو بە شێوەیەکی زەلیلانە و ڕیسوایانەتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و ناوچەی نفوزیان و مانەوەی هێزە میلیشیاکانیان و

## كۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ..

تالانوبڕۆی زیاتر پەنا دەبەن بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا. چارەنووسی کوردستان بە بەبێ ویست و خواست و ئیرادەی خەڵک دەبەستنەوە بە حکومەتی قەومی و ئیسلامی و تائفی ناوەندییەوە، بەردەوامی بە فیدرالیزمی قەومی شکست خواردوویان ئەدەن و چارەنووسی کوردستان زیاتر دەخەنەوە ناو گێژاو و سەرگەردانی و هەرا و شەڕی نێوان هێزە تائفیەکانی حکومەتی عێراقەوە. لە ئێستادا جیابوونەوەی کوردستان و نەگەڕانەوە بۆ بەغداد جیا نابێتەوە لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیا و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی هێزە قەومی و ئیسلامییەکان لە کوردستاندا. لەم ڕاستایەدا، واتە هاوکاتی وەلانانی دەسەڵاتی ئەمان و جێبەجێکردنی بڕیاری زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق و هاوشانی ئەمە خۆڕێکخستنی جەماوەری چەکداریش دەڕواتە پێشەوە. بەو پلەیەی کە دەسەڵاتی ئەوان وەلائەنێ و مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستانیش ئەکاتە ئەمری واقع، توانایی ئەوەی بۆ دەستەبەر ئەبێ کە بە هێزی جەماوەری و چەکداری خەڵک خۆی لە هەر جۆرە هێرش و هەڕەشەیەک بپارێزێ. بێگومان ئەمەش پێویستی بە پشتیوانی نێودەوڵەتی دەبێت و دەبێ زەمینەکانی ئەم پشتیوانییە دابین بکرێ.

**دیدگای سۆشیالیستی: ئاخر هەروەک لە مەسەلەی ڕیفراندۆمدا بینیمان کە ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە بەسەر داهاتووی کوردستانەوە .. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم فاکتۆرە دەکرێ و چۆن ئەم کاریگەرییانە ناکام دەکرێنەوە؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

ڕۆڵ و کاریگەریی دەوڵەتی ئەمریکا و وولاتانی ناوچەکە تەنها پەیوەند نابێت بە ڕیفراندۆمەوە، بەڵکو ڕۆڵی ئەمریکا وەک مەوقعیەتی هێزێکی بالادەست چارەکە سەدەیەکە زیاتر کاریگەریی جدی هەیە لەسەر بارگژی و گێژاوی سیاسی لەناوچەکەدا. لە هەمانکاتدا کێشمەکێش و شەڕی وولاتانی زلهێزی دنیا و وولاتانی ناوچەکە بە چەندین ئالوگۆڕ و شەڕ و کارەسات و سیناریۆدا تێپەڕیوە و بەردەوامی هەیە. هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامییە میلیشیاکان لە کوردستاندا بەرژەوەندی سیاسی هێزەکانیان گلاندوە و تێکەڵ کردووە بەم شەڕ و کێشمەکێشەی وولاتانی زلهێزی دنیا و وولاتانی ناوچەکەوە، کە نادیار

و بێسنووره چۆن ڕێڕەوی ئەم هەلومەرجە کۆتایی دێت. بە مانایەک چارەنووسی خەڵکی کوردستانیان بەستۆتەوە بە ناجێگیری و گێژاوی سیاسی و سەرگەردانی و کارەساتێکەوە نادیارە کەی کۆتایی دێت و بە چی کۆتایی دێت. هەر بەم مانایە ڕیفراندۆمەکەشیان کردۆتە قوربانی ئەم هەلومەرجە. هەربۆیە ڕێگای عەمەلی کارساز بۆ دەربازبوون لەم هەلومەرجە پڕکارەسات و نالەبارە هاتنە مەیدانی دەوری سەربەخۆی جەماوەر بەجیا لە ئاسۆی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی سیاسییەوە، هاتنە مەیدان بە مانای بەڕێخستنی بزووتنەوەیکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و دامەزراندنی دەسەڵاتێک بە دەور و ئیرادە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک، بە دامەزراندنی دەسەڵاتی شورایی کۆمەڵگا بەڕێوەببرێت. هەر ئەم دەور و دەخاڵەتەشە وەک وتم ئەتوانێ دەسەڵاتی خەڵک لە هەر جۆرە هەڕەشە و هێرشێک بپارێزێ.

**دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ عوسمان لەگەڵ ئەوەدا کە مەسەلەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا و دەرکردنی کوردستان لەم گێژاوە و ڕزگارکردنی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسودە بۆ جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش، بە تەنها پەیوەست نابێتەوە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە. بەبڕوای ئێوە چ ئەرکێک ئەکەوێتە سەرشانی هەڵسووڕاوانی کرێکاری و جەماوەری و کۆمۆنیست و چەپ کە لە دەرەوەی ئەم حزبەدان؟ لەمبارەوە بانگەوازتان چیە بۆیان؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

پێش هەموو شتێک پێویستە بۆچوون و درکێکی هاوبەشمان هەبێت دەربارەی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی سیاسی ئێستای کوردستان کە خواستی زۆرینەی جەماوەری توڕە و بێزار و ناڕازییە، هەروەها ڕێککەوتن دەربارەی چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و گەڕانەوە بۆ دەور و ئیرادە و دەخاڵەتی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا. واتە کاتێ ئێمە باس لە بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی دەخاڵەتگەر دەکەین لەم هەلومەرجە سیاسییەی ئێستای کوردستاندا بەجیا لەوەی خۆمان یان هەر لایەنێکی تر چ ئایدیا و بۆچوون و سیاسەت و نەخشەیەکی هەیە بۆ ئایندەی کوردستان، بەڵام دەتوانین پێکەوە لە ژێر چەتر و ڕیزی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە کۆمەڵایەتییەدا کە ئامانجی کۆتاییهێنانە بەم

## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و ..

دەسەڵاتە و دەور و ئیرادە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا بنەمای هەڵسووڕانی سیاسییەتی، دەتوانین پێکەوە ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە بەهێز بکەین و کاری لەسەر بکەین. کێشمەکێشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسییەکان لەسەر شانۆی سیاسی کوردستاندا کراوە و فراوانە و بوار بۆ هەر هێزێکی کۆمۆنیست و ئازادیخواز هەیە پێشڕەوییە سیاسییەکانی لەپەیوەند بە بەرژەوەندی خەبات و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان عەمەلی بکاتەوە.



خەسرەو سایە



موحسین کەریم



عوسمانی حاجی مارف



جامال موحسین

# تەوەرێک دەربارەی ڕۆڵی مەنسور حیکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## سیمیناری دووەم

ئەمەی بەردەستان بەشی دووەمە لە تەوەری ڕۆڵی مەنسور حکمەت و هێڵی سیاسی ئەو. لە بەشی یەکەمدا کە لە ژمارە ١٠ دا بڵاوبۆوە چوارچێوەی سەرەکی ئەم باسە و گرنگی ڕۆڵی مەنسور حکمەتمان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی سەردەمدا کرد و

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

مەسەلە گرنگەکانیمان پۆشی. بەشی دووەم سەبارەت بەو "ڕەخنە" و دژە باسانەیە کە ڕووبەڕووی بزووتنەوەکەی مەنسور حکمەت بۆتەوە و هاوکات دێینە سەر ئاستەنگیەکانی بەردەمی. لەم سیمینارەدا هەریەک لە عوسمان حاجی مارف و موحسین کەریم و خەسرەو سایە و جەمال موحسین بەشدارن.

### جەمال موحسین:

هاوڕێیان ئەم کاتەتان باش. ئەمەی لێرەدا پێشکەشی ئەکەین سیمیناری دووەمە سەبارەت بە مەنسور حکمەت و هێڵی فیکری سیاسی ئەو و بزووتنەوەکەی ئەو و ڤێرژێنک لە کۆمۆنیزم کە ئەو لەسەری ڕاوەستابوو. ئێمە لە بەشی یەکەمدا توانیمان بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بپۆشین کە مەنسور حکمەت چ جۆرێک لە کۆمۆنیزمی پیادە و نوێنەرایەتی ئەکرد و فۆکەسی لەسەر چی بوو، وە ئێمە باسە گرنگەکانیمان لەوبارەیەوە نیشان دا. وەک لە سیمیناری یەکەمیشدا ئاماژەمان بەوەدا کە لە بەش دوودا زۆرتر دێینە سەر ئەو ئاستەنگیانەی هاتوونەتە بەردەم هێڵی سیاسی ئەو و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەو قسەوباسانەی سەبارەت بە ئەو و جووڵانەوەکەی لە ئارادان، ئەگەر بتوانرێ ناوببرێ بە ڕەخنە. یانی لە بەشی یەکەمدا باوەڕەکان و جووڵانەوەکەی ئەو و هێڵی سیاسی ئەومان باس کرد. پێمان باشە لەم سیمینارەدا سەبارەت بە ئاستەنگیەکانی بەردەم ئەم جووڵانەوەیە و بیروباوەڕەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بدوێین.

هەڵبەتە لێرەولەوێ ئەبینین و ئەبیستین بەتایبەتی لەم دواییانەدا کە لەسەر هەندێ مەسەلەی مەنسور حکمەت و باسەکانی قسە ئەکرێ و گوایە ڕەخنە ئەگیردرێ، دواتر تایبەتتر دێینە سەر ئەمە. بەڵام پەرشوبڵاویەک کە بەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و جووڵانەوەکەی مەنسور حکمەت هاتووە و تەنانەت ئەوەی کە ئەم جووڵانەوەیە لەم ئاستەی خۆیدا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی پایەیی بچێتەوە سەر مەسەلە ئەسڵیەکانی مەنسور حکمەت و لە نێو کۆمەڵگادا جێگە پەنجە و نەخشی دیار بێ کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی و ئاستەنگیەکی جدیە لەبەردەم هێڵی سیاسی مەنسور حکمەت یان با بڵێین جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا. ئەمە مەسەلەیەکی جدیە کە چ کۆمەڵگا و چ ئەو لایەنانی کە بە خۆیان ئەڵێن چەپ سەرنجی جدیان لەسەریەتی. پێمان باشە بەمجۆرە

## سمیناری دووەم

دەست پێبکەین کە هەندێک کەس پێیان وایە ئەبێ بە مەنسور حکمەت دا بچینەوە. ئەمە ئەوەمان ئەهێنێتەوە یاد کە کاتی خۆی چۆن لەلایەن هەندێ لە چەپەکانەوە ئەووترا بە مارکس و مارکسیزمدا بچینەوە. هەر ئەو سەردەمانەی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشوو حکمەت وەڵامی ئەمەی دایەوە و ڕەتی کردەوە و دووبارە کۆمۆنیزمی گێڕایەوە بۆ مارکس. ئێمە لە بەش یەکەمدا ئەمەشمان جەخت لێکردەوە. ڕاستە کە حکمەت مارکس نییە بەڵام بەو ئەندازەیەکی کە ئەو هەوڵ و تەقەلای خۆی بەو ئاقارەدا خستبووە گەڕ کە بگەڕێتەوە بۆ مارکس و ئەو ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم بێنێتەوە گۆڕەپانی سیاسی. بۆیە بەو ئەندازەیە ئێستا کەسانێک ئەڵێن ئەبێ بە حکمەتیشدا بچینەوە. یان ئەمە مەسەلەیەکە کە دووبارە چەپ ئەیەوێت بڵێ کە پێداچوونەوەمان بە بیروباوەڕەکاندا پێویستە.
لەمبارەیەوە یەکەم پرسیار ڕووئەکەمە هاوڕێ عوسمان حاجی مارف. تۆ ڕات چییە لەبەرامبەر کەسانێکدا کە پێیان وایە کە هێڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بە تایبەتی مەنسور حکمەت کە نەیتوانیوە جێکەوتە بێت و تووشی ئەم ئاستەنگی و پەرشوبڵاویە بووە ئەبێ پیایدابچینەوە و باسەکانی پێویستە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ؟

### عوسمان حاجی مارف:

بە بۆچونی من پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت کە هەر ڕەوت و بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی کاتێ سەردەردەهێنێت و دەناسرێت و ناو دەردەکات و دەبێتە خاوەنی بەرنامە و نەخشە و خەتێکی سیاسی جیاواز و ڕۆشن لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا بەشێوەی حزبێک و هێزێکی سیاسی دەناسرێت و دەور دەبینێت. ئاشکرایە کە کەسایەتیەک یان چەند کەسایەتیەک وەک خاوەن و ڕابەری ئەو بزوتنەوەیە ناو دەردەکەن و حسابیان لەسەر دەکرێت. بۆ نمونە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێران، مێژووی سەرهەڵدان و هەڵسوڕانی سیاسی و دەور و کاریگەریەکانی لەسەردەمی خۆیدا و ئەو ڕەخنانەی کە لە دیدگا و سیاسەت و بۆچونەکانی ڕەوت و لایەنەکانی تری ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەورانی خۆی و پێشوتری خۆی دەگرێت، بە ناونیشانی مارکسیزمی شۆڕشگێر تا پێکهێنانی "حزبی کۆمۆنستی ئێران"، ئەزمونێکی بەرزو دەستکەوتێکی گەورەیە لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنستی ئێراندا. دواتر دیاریکردنی

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

جیاوازیەکان وەک پێشڕەوییەک لە ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا لە بەرامبەر تەواوی ئەو ڕەوت و مەیلە غەیرە کرێکاریانەی خزاونەتە ناو بزووتنەوەی کرێکاریەوە، هەنگاوێکی بەرزتری دەستنیشان کرد. کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕەوت و مەیلێکی بە توانا و بەرجەستە لە شانۆی سیاسی ئێران و ناوچەکەدا ناسرا و جێکەوت. لە چوارچێوەی کێشمەکێش و ئاڵوگۆڕی سیاسی ناوچەکە و جیهاندا بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک پێشڕەوی نواند. بە جیا لە دەوری عەمەلی ڕیزێک لە ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە لە ئێران و عێراقدا، بەڵام هیچ کەس ناتوانێ نکوڵی لە دەوری سەرەکی و بەرجەستەی هاوڕێ مەنسور حکمەت بکات، لەوەش واوەتر وەک خاوەنی ئەم ڕەوتەو ڤێرژنە نوێیە ناوبانگی دەرکرد و جێگیربوو.

لە ماوەی ئەو چارەکە سەدەیەدا چەندین باس و مەسەلەی گرنگ بە دیدگا و مێتۆدی ئەم ڕەوتە وەڵام دراونەتەوە و کاریان لەسەر کراوە، بەردەوامبوونی ئەو خەتە تەمەنێکی درێژ لە هەڵسوڕانی سیاسی ئەم بزووتنەوەیە نیشان ئەدات. ئەمە واقعیەتێکە لە ژیانی مەنسور حکمەت خۆیدا کە خاوەن و ڕابەری بزووتنەوەکە بووە و کۆمەڵێکی بەرین لە کادر و ڕابەری بە دەورەوە بووە، تا ئێستاش بەشێک لەو کادر و ڕابەرانە لە هەر شێوازێکدا بێت وەک درێژکراوەی ئەو ڕەوتە هەڵسوڕانی سیاسیان دەبەنە پێشەوە. بەجیا لەم مێژوە و جێگاوڕێگایە مانای ئەوە نییە ئەم ئەزمونە نابێ بێ پێداچونەوە و بێ ڕەخنە بێت، ئەوەی جێگای سەرنجی جدیە خودی ئەم ئەزمونە بۆ خۆشی کە وەک دوا ڤێرژنی نوێ لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنستیدایە لەسەر ڕەخنە و پێداچونەوە بە ئەزمونی ڕەوتەکانی سەردەمی خۆی و پێشتر لە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەهێز کردوە و بردۆتە پێشەوە، بۆیە بە جیا لەوەی باسی ئەو کەس و لایەنانە بکەین کە لە هەوڵی پێداچونەوە یان ڕەخنەن لە ئەزمونی کۆمۆنیزمی کرێکاری تا ئێستا وەک ڕەوتێک یان مەیلێک بە خەتێکی نوێ نەیان توانیوە خۆیان بناسێنن. هەروەها نەک نەیانتوانیەوە گەشە بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بدەن بەڵکو دەوری زیاتریان لە پەرشوبڵاوی و ڕەوتی ناحزبی و مەحفەلیزمدا گێڕاوە و چەندین هەنگاو گەڕاونەتەوە بۆ دەورانی دووبارە پەراوێزخستنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، لە هەمان کاتدا دەوریان خۆپاراستن بووە لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی.

بۆ نمونە هاوڕێ مەنسور لە سیمینارێکدا دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی باس لەوە دەکات کە ئایا کۆمۆنیزمی کرێکاری فرسەتی ئەوەی هەیە یان ئەتوانێ دەسەڵات بگرێت لە ئێراندا.

## سمیناری دووەم

لەسەرەتای باسەکەیدا ئاماژە بەوە ئەدات و دەڵێت بۆیە ئەو باسە دەکەم، چونکە باوەڕم هەیە کە ئیمکانی ئەوە هەیە کۆمۆنیزمی کرێکاری، وە حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەتوانێت لە ئێراندا دەسەڵات بگرن. لێرەدا مەبەستمە بڵێم هەتا ئەو کاتەی پێش کۆتایی ژیانی جۆرێک لەم باسانە عەمەلیترو واقعیتر هەتا شۆڕشگێڕانە وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ کە چۆن ڕابەری حزبێک دەکات و چۆن ڕابەری چینێک دەکات و بەرەو یەکلایی کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو بنێت لە ئێراندا. . بە بۆچوونی من بە دوای نەمانی خۆی ئەتوانم بڵێم دوای ٢ تا٣ ساڵ وردە وردە واقعیەتی دۆخی جیهانی و واقعیەتی ناوچەکە و لاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لە سەردەمی مەنسور حکمەت دا نەگەیشت بەو ئاستەی بتوانێ لەباری عەمەلی و مەیدانیەوە لە خودی ئێراندا مەوقعی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری لەناو هاوکێشەی سیاسی ئێراندا پایەدار بکات، مەسەلەکەی ئەویش چووە ئاستێکی ترەوە. هەڵبەتە خودی ئەم بزووتنەوەیە پاشەکشەیەک و لاوازی و پەرشوبڵاوی بەخۆیەوە بینی، پارچە پارچە بوونی بەخۆیەوە بینی و ئەحزابی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، خودی خاوەنەکەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا و لە ماوەی ژیانی خۆیدا بە مانایەک نەگەیشتە ئامانجی خۆی. ئینسان ئەتوانێ باسێک بکات کە بۆ بەم ئەنجامە گەیشت، کە ئێستا باسەکەمان ئەوە نییە و مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێ پێداگری لەسەر بکەم، ئەو کەسانەی کە ویستویانە پێداچوونەوە بە باسەکانی مەنسور حکمەتدا بکەن، وە یان دەیانەوێت ڕەخنە لەو بگرن، یان بەشێک لە باسەکانی یان خودی هاوڕێ مەنسور بە گشتی بخەنە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە، بە بۆچوونی من ئەسڵی مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ئەزمونە و ئەم بزووتنەوەیە بە حزب و بە ڕابەرەکانیەوە لە شوێنێکدا و لە کاتی خۆیدا لە ئێراندا وەک ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز مانایەکی هەبوو، هەروەها هاوڕێ مەنسور لەکاتی خۆیدا دەیوت ئێمە چەند هەنگاوێک چووینەتە پێشەوە. بەڵام بە دوای لەدەستانی ژیانی هاوڕێ مەنسور و ئاڵوگۆڕ لە هەلومەرجی سیاسی ئێرا ن و ناوچەکە، ئەوە واقعە کە دەبینین دەوری کۆمۆنیزمی کرێکاری پاشەکشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە. هەڵبەتە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی پەرشوبڵاوی لێکەوتەوە و ئەحزابی جۆراوجۆر دروست بوون و نەتوانرا حزبێکی سیاسی بەمانای دەخاڵەتگەر لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان و عێراقدا بەرجەستە بێت. بە بۆچوونی من ئاساییە کە بەدوای ئەو

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

پاشەکشەیە کەسانێک بگەڕێن و ڕەخنە لە ئەسڵی بزووتنەوەکە و پێگەکەی و بۆچونەکانی بگرن، وە هەتا کەسێک کە خاوەنی ئەم بزووتنەوەیە و بۆچوونەکانیەتی هەوڵبدەن باس لە پێداچوونەوەی باسەکان و تەرحەکانی بکەن. بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیارە لە هەموو ئەوانەی ئەم ڕەخنەیە ئەگرن و ئەیانەوێ ئەم پێداچوونەوەیە بکەن، هەمان ئەو ئەزمونەی کە مەنسور حکمەت بۆ خۆی پێشڕەوی نواند لە باس و تەرحەکانی یان ڕەخنەی گرت لە سەردەمی پێش خۆی و ڤێرژنێکی تازەی هێنایەپێشەوە. هیچ یەکێک لە ڕەخنەگرانی ئێستا ئەو پرۆسەیە ناگرنە بەر. یان ئەوەی کە ئەزمونێک لە ئێستادا هێشتا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بۆتە جێگەی سەرنج و ڕەخنەیان و پێداچوونەوەی تیا ئەکەن، کە ئەمە جگە لە عەجولی و سەرەڕۆیی وردە بۆرجوازی شتێکی تر نیە...

### جەمال موحسین:

ئاخر بەڵام هاوڕێ عوسمان، ببورە کە پێت ئەبڕم، شتێکی تر کە پێم باشە لێرەدا بێتە سەری. ئەوەی کە بزووتنەوەکەی مەنسور حکمەت، کۆمۆنیزمی کرێکاری، نەیتوانی لەسەردەمی خۆیدا لە ئێراندا بگات بە دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت ژیانیش بواری بە خودی خۆی نەدا، بۆچی ئەمە بکاتە ئەوەی کە ئەبێ بەسەر پرەنسیپ و بیروباوەڕەکانیدا بچیتەوە؟ بۆیە پەیوەستم کردەوە بەوەی مارکسەوە، سەیرکە کاتی خۆی کە ئەووترا ئەبێ بە مارکس یان مارکسیزمدا بچینەوە لەبەرئەوە بوو کە دیموکراسی بوو بوو بە باو، لەبەرئەوەی خەڵک وازی لە سۆشیالیزم هێنابوو، لەبەرئەوەی باوەڕ بە سۆشیالیزم بەو مانایەی کە هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ و دابینکردنی ئازادی و یەکسانیە لەڕێی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێچین و چەوسانەوە واتە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، ئەمە کەوتبووە ژێر پرسیارەوە. بۆیە ئەیانووت مارکسیش بۆ سەردەمی خۆی لێکدانەوەی کردووە و ئەبێ بە ئەمانەدا بچینەوە و تەنانەت زانست و میتۆدەکانیشی قابیلی پیاچوونەوەیە. ئایا بەم مانایاشە کە بۆ مەنسور حکمەت وا ئەڵێن؟ چونکە بە بڕوای من کاتێک کەسانێ کە خۆیان بە کۆمۆنیست و چەپیش دائەنێن و ئەڵێن ئەبێ بە مەنسور حکمەتدا بچینەوە، بەڵام خۆشیان وەک تۆ وتت نە خاوەنی شتێکی ترن و نە پرۆژەیەکی تریان هێناوەتە دەرەوە بەڵام هاوکاتیش هەست ئەکەیت لە باوەڕی سۆشیالیستی و ئەوەی

کە ئیمکانی هەیە کۆمەڵگای سەرمایەداری نەهێڵێ و بکرێ بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان مەسەلەکەیان لەمەدا کاڵ بۆتەوە. من پێم وایە پەیوەندی پیاچوونەوە بە مەنسور حکمەت و مارکسیشدا لەوەدایە. تۆ لەمەدا چ سەرنجێکت هەیە؟

## عوسمان حاجی مارف:

ئەوەی  لەهەر کات و سەردەمێکدا، لەبەرامبەر ڕەوتێکدا یا بە هەر خەتێکدا و بە هەر سیاسەتێکدا کە بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لە ناوکێشمەکێش و هاوکێشە سیاسیەکاندا مانای پەید کردوە و باس لە ڕەخنەو پێداچونەوە دەکرێت بۆی شتێکی مومکینە. سەردەمی مارکس بەجیا لەوەی کە خاوەنی ئەسڵی مارکسیزم و لێکدانەوە و ڕەخنەیە لە پێکهاتە و بنەماکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و نووسینی کاپیتاڵ و ئایدۆلۆژی ئەڵمانی و چەندەها نووسینی تر کە هەیە، وە  بزووتنەوە و حزبەکانی سۆشیال دیموکراتی ئەو سەردەمە بەڕێ ئەخرێ لە ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم هەتا ئەگات بە بەهێزبوونی ئەحزابی کۆمۆنیستی لە تەواوی ئەوروپادا مانا و جێگەوڕێگەیەکی تری هەیە. بۆ نمونە سۆشیال دیموکراتەکان لە ئەوروپادا بەتایبەتی  دوای مارکسیش هێز و توانایەکی خۆیان هەبوو. هەتا چەند ساڵ دوای مارکس شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوویەدات. واتە نەک باس لەسەر ڕەخنە لە مارکس و مارکسیزم مانا و دەورێکی  نەبوو بەڵکو دەورانی ڕەونەق و گەشەو بەرین بوونەوەی شۆڕشی کرێکاری و مارکسیزم ئەورووپای داگرتبوو..

## جەمال موحسین:

نا من مەبەستم هەتا دوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتە، یانی ئەو باسانەی کە زۆر لە ئارادا بوون کە بلۆکی ڕژهەڵات هەڵوەشایەوە ئەو مۆدیلانە لە قسە سەریهەڵدا و ڕەواجی پەیدا کرد.

## عوسمان حاجی مارف:

سەردەمی بلۆکی ڕۆژهەڵات و داڕوخانی ئەو بلۆکە باسێکی ترە چونکە لەو سەردەمەدا بەگشتی خودی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم  لەبەرامبەر قەیرانێکدا ڕوبەڕوی فەرامۆشی

دەبوەوە و بە شکستی گەورەی کۆمۆنیزم پێناسەدەکرا، واتە پێویستە ڕۆشن بێت دوو شت هەیە یەکێکیان ئەوەی مارکس لە سەردەمی خۆیدا باسی پێداچوونەوەی مارکسیان کردبێت یان دوای بلۆکی ڕۆژهەڵات؟ ئایا مەبەستت ئەوەیە؟

## جەمال موحسین:

نا، من باسی سەردەمانێک ئەکەم کە ئێمە ئەم کۆمۆنیستانەی تێداین و مەنسور حکمەتیش وەڵامی ئەوەی دایەوە کە لە چەپی ئێرانەوە گرتی کە چۆن ئەوان وەک مۆدێلێکی تر لە ''سۆشیالیزم'' ن..

## عوسمان حاجی مارف:

ئەوە پێداچوونەوە نەبوو بە مارکسدا، تۆ باسی ئەوەت کرد کە ڕەخنە لە مارکس بگیرێ یا ئەوەی کە باسەکانی قابیلی ڕەخنەن. بە بۆچوونی من بلۆکی ڕۆژهەڵات بە ئیشکالاتی خۆیەوە وەک وڵاتانی سەرمایەداری دەوڵەتی داکۆکیان لە مارکس کردووە، وەک کۆمۆنیست یان مارکسیست خۆیان پێناسە کردووە بەڵام ئێمە وتمان کە ئەوانە وڵاتانی سۆشیالستی نەبوون و داوتر سیستمی سەرمایەداریە دەوڵەتیەکەیان تێکشکان و هەڵوەشانەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بەناوی وڵاتانی سۆشیالیستیەوە بوون ئەوە زەربەیەک بوو لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ئەوەش ئاشکرایە لە هەلومەرجی شکستی بەرفراوان و یەک لەدوای یەکی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، کە بە شکستی کۆمۆنیزم ناوزەندی دەکەن لەباری لۆژیکیەوە ئاشکرایە کە باس کردن لە پێداچونەوە لە سەر مارکس و مارکسیزم دەهێنێتە ئاراوە، واتە ئەوە باسێکی ترە. بەڵام گەر باس لەوە بکرێ کە لە سەردەمی مارکس خۆیدا ڕەخنەیان لە هەندێ مەسەلە گرتبێ. بەڕای من ئەو ڕەخنانە لەو سەردەمەدا بەدوای نەمانی مارکس نەیتوانی ڕۆڵ بگێرێت، چونکە سۆشیال دیموکراتەکان یان ئەحزابی کۆمۆنیستی ئەو کات بەهەر ئختلافاتێک کە بویان توانایەکی باشیان هەبوو بۆ داکۆکی کردن لە مارکس لەبەرئەوە ئەو پێداچوونەوانە لەو سەردەمەدا زۆر دەوری نەبوو. ئەمەی کە مەنسور حکمەتیش ڕەخنە ئەگرێ بۆ نمونە لە ماو تسی تونغ، لە ستالین، برجنێف و تروتسکی و.. هتد لەبەرئەوە نییە کە ڕەخنەیان لە مارکس بووە، بگرە لەبەرئەوەیە کە

## سمیناری دووەم

ماتریالیزمی پراکتیکی نەبوون یان نەیانتوانیوە لەسەر ڕەوتی شۆڕشی سۆشیالیستی هەنگاو بنێن، بەڵکو بەشێکیان ناکۆک بون بە ڕەوتی چونەپێشەوەی شۆڕشی کرێکاری. ڕەخنەکە لەوەوە بووە، لە پێداچوونەوە بە مارکسیزمدا نەبووە.

### جەمال موحسین:

من مەبەستەکەم ئەوە نەبوو، پرسیارەکەم بەجۆرێکی تر ئەکەم. سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە بەڵام من ناڵێم مەنسور حکمەت خۆی بەو شتانەدا چۆتەوە. من ئەڵێم کەس و لایەنی چەپ هەبوون ئەیانووت مارکسیزم بە کەڵک نەماوە، ئەبێ بە شتەکانیشدا بچینەوە. مەنسور حکمەت هات وەڵامی ئەمەی دایەوە. هەمان شت ئێستا خەڵکانێک کە خۆیان باوەڕیان بە لایەکی تردا چووە ئەڵێن مەنسور حکمەت پیاچوونەوەی پێویستە، خەتی ئەو تەواو، سەرینەگرت. من مەبەستەکەم لەو پەیوەندیە ئەوە بوو کە لێکچوونێک هەیە لەمبارەیەوە نەک ئەوەی کە حکمەت خۆی بەوەدا چووبێتەوە.

### عوسمان حاجی مارف:

من هەتا لەوەشدا جیاوازیەک ئەبینم. جیاوازی لەوەی بۆ نمونە کەسانێک کە ئێستا باس لە پێداچوونەوە بە مەنسور حکمەت یان هەتا بە لینیندا ئەکەن، بەڵام ئەمە پێداچوونەوە نییە بە خودی مارکسدا. هەموو ئەوانەی کە وەک کۆمۆنیستێک باس لە پێداچوونەوە بە مەنسور حکمەت یان هەر کەسێکی تردا ئەکەن یان کەسایەتیەک کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەڕێخستبێ، ڕەخنەکەیان لە خودی ئەو پرۆسەیەیە، ڕەخنەکەیان لە خودی مارکس نییە. بۆیە ئەو کەسانەی ئەڵێن ئەبێ بە مەنسور حکمەت دا بچینەوە، خودی حکمەت خاوەنی بزوتنەوەیەک بووە، حزبی هەبووە، جەماوەری هەبووە، جێگەوڕێگەی هەبووە لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، باس و نووسراوێکی زۆری هەیە، تیۆری هەیە، میتۆدی خۆی هەیە، وە جۆرێک ئەوانەی ئەیانەوێ بەمەدا بچنەوە بەگشتی خۆی لە خۆیدا ڕەخنەیە لەم جووڵانەوەیە. بۆ نمونە کەسانێک ڕەخنە لەسەر باسی  حزب و دەسەڵاتی سیاسی ئەگرن. بەهەرحاڵ قسەکەی من ئەوەیە کە هەر جۆرێک و هەر کەسێک لە ئاستێکدا لە کولیەتی ئەو باسە تیۆریانە ڕەخنە ئەگرێ یان لە بەشێکی ئەگرێ یان ئەوەتا بە سەرکەوتووی نازانێ، بە

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بۆچوونی من لەو واقعیەتەوە هاتووە کە خودی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە شوێنێکدا نەبوو بە هێزێک، ئێستاش لە حاڵەتی پەرشوبڵاویدایە. مەبەستم ئەوەیە زمینەو بنەمای ڕەخنەکانیان لەو شوێنەوە نییە کە خۆیان بە ڕێگاو ئەنجامگیری و ڕەوتێکی نوێتر گەیشتبن، بەڵکو لەو شوێنەوە سەر دەردەهێنن و ئەنجامگیری بۆ پێداچونەکانیان دەکەن کە ناچارن ئەو کارە بکەن لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەستکەوتێکی بۆ دنیای بۆچون و خەیاڵەکانی ئەوانی بەدەست نەهێناوە.

بۆ نمونە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لینینی گەیاندە جێگەوڕێگەیەک. قسەیەک هەیە زۆربەمان دوبارەی دەکەینەوە، گەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبووایە ئیمکان بوو لینینیش هەروەکو نووسەرێک و خاوەنی مەسەلەیەک لە سەردەمێکدا وەک بلیخانۆف و کاوتسکی و.. هەر مارکسیەکی تر باسی بکرایە. بەڵام مارکس دەسەڵاتیشی نەگرتووە و لە هیچ شوێنێک دەسەڵاتی نەبووە بەڵام بزووتنەوەکەی کە واقعیەتی شەڕی چینی کرێکارە لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرجوازی و سەرمایەداریدا هەمیشە وەکو خاوەنی ئەسڵی ئەو مەسەلەیە بوونی هەیە و بۆی دەگەڕێینەوە. ئەگەر ڕەخنەیەکیش هەبێت لە مارکس ئەوە ڕەخنەی ڕەوتە بۆرجوازیەکانە بەو مانایەی هەوڵ ئەدەن شۆڕشی کرێکاری بەسەرکەوتن نەگات، بەڵام خودی کۆمۆنیستەکان هەمیشە مارکس مەرجەعیانە. هەرکەسێکیش کە ڕەخنە لە لینین یان مەنسور حکمەت ئەگرێ ئەگەڕێتەوە بۆ مارکس و مانیفێست بۆ ئەوەی کە لە مارکسەوە دەست پێ بکاتەوە. هەتا ڕەخنەیەک کە لە لینین هەیە، جیاوازە لەوەی کە لە مەنسور حکمەت هەیە. ڕەخنەیەک کە لەسەر لینینە ئەڵێن دەبوا ئەو شۆڕشەی نەکردایە، چونکە پێیان وایە کاتی نەبوو هەر بۆیە ئەو دۆخە بەسەر ڕووسیادا هات، بەڵام لە سەردەمی خۆیدا ئەو جێگەوڕێگەیەی کە کاتی خۆشی لینین هەیبوو نیشانیدا یەکێکە لە کەسایەتیە جیهانیەکان، کە هەتا بۆرژوازیش ناتوانێ باسی سەرکەوتنی ئەو نەکات. بەڵام ئەوەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە شوێنێکدا لە کوردستان، ئێران، عێراقدا نەگەیشت بە جێگایەک کە حسابی تایبەتی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا بۆ بکرێ، وە پەرشوبڵاوی تیا دروست بوو خودی ئەو ڕەخنەگرانەی کە پێشتر لەگەڵ باسەکانی هاوڕێ مەنسوردا بون و بەشێک بون لەو بزووتنەوەیە، بەڵام ئێستا بەجۆرێک دەیانەوێ پێداچونەوە بە باسەکانی هاوڕێ مەنسوردا بکەن، ئەوەی ڕاستی بێت نارۆشنە چی دەڵێن و دەیانەوێت چی بکەن و چ

بەدیلێکی تریان هەیە. هەموو هەوڵ ئەدەن کە بچن پێداچونەوە بکەن، بەڵام واقعیەتێک کە پێشتر ئەم بزووتنەوەیە مێژوویەکی هەیە و خەرمانێک لە نووسراو و ئەدەبیات و تێز و بۆچوون و تەرحی سیاسی هەیە، هیچ یەکێک لەسەر ئەو بابەتانە ڕێگەیەکیان نەگرتۆتە بەر کە بۆ نمونە گەر من یا هەر کەسێکی تر بمانەوێت وەڵامی کەسێک بدەینەوە کە دەڵێ دەبێ بە تەرح و باسەکانی مەنسور حکمەتدا بچمەوە. ئەوەی ڕاستی بێت من ئاگادارنیم کەسانێک هەبن ئەو کارەیان ئەنجام دابێت و نوسراو و لێکدانەوەیەکیان نیشان دابین، یان بە پێچەوانەوەی ئەو ڕەوتەوە حەرەکەتێکی تریان بەرێ خستبێ تا ئێمەش لەسەر دروست یا نادروستی تێز و هەنگاوە عەملیەکانیان بۆچونی خۆمان ڕاگەیەنین. هیچ کات مەنفی نییە ئەگەر ڕەخنە هەتا لە مارکسیش بگیرێ، ڕەخنە لە لینین و مەنسور حکمەت هەبێ. هیچ کەس و بۆچون و دیدگایەک موقەدەس نییە دەرگای ڕەخنەی لەسەر دانەخراوە. ئەوەش کە زیاتر لە پرسیارەکەی ئێوەدا بەرجەستە دەبێتەوە گوایە ئەو کەسانە لەو شوێنەوە دەکەونە ڕەخنە و پێداچونەوە گوایە باسەکانی هاوڕێ مەنسورو خەتەکەی تەواو بوەو بەکەڵک نەماوەو کاری پێ ناکرێت، هەڵبەتە ئەمەش دنیا بینینێکە. بەڵام بەبۆچونی من ئەوەی جێگای سەرنجە لە بن بەستەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە هیچیان لێ سەوز نابێت، چونکە کاتێک ئەو قسانە مانای دەبێت کە ڕەوتێکی نوێی مەیداندار خۆی مەترەح کردبێت و لە باری عەمەلیەوە وەڵامدەرەوەی کێشە و مەعزەلەکانی سەردەمی خۆی بێت، واتە نەیان توانیوە هەمان دەور ببینن کە لینین و مەنسور حکمت بەرجەستەیان کردۆتەوە، کەسانێک کە دەیانەوێت یا بتوانن ئەو دەوری ڕابەریە بگێڕن پێویستیان بەوە نییە کێشە و گرفتیان ببێتە پێداچونەوە بە لینین و مەنسور حکمتدا. لە هەمان کاتدا کێشەکە لەوەدایە هیچ کەس و لایەنێک لەوانەی لە هەوڵی ڕەخنە و پێداچونەوەن، نەک مەسەلەیەک وشتێکی جدیان ڕۆشن نەکردۆتەوە، بەڵکو بەردەوام بە بنبەست گەیشتوون و دەورێکی نەرێنیان لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بینیوە.

## جەمال موحسین:

دێینە سەر ئەو خاڵەیان کە ڕەخنەی زۆر جدی تیا نییە بەس ئەوە بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەمە. سوپاس. من لێرەدا هەر لەو پەیوەندەوە ڕو ئەکەمە هاوڕێ موحیسن. پێت وا

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

نییە کە ئەم مەسەلانەی لەبەرامبەر خەتی کۆمۆنیزم ی کرێکاری و مەنسور حکمەت دا ئەیلێن بۆتە ئاستەنگەیەک، بۆتە یەکێک لە ڕێگریەکانی کە سەرباری ئەو پەرشوبڵاویەی بەسەر جووڵانەوەکەی و حزبەکانی هاتووە وەک عوسمانیش ئاماژەی پێکرد بەڵام ئاستەنگیەکی جدی لەبەرامبەر خودی بزووتنەوەکەی مەنسور حکمەتدا داناوە؟ ئەگەر تۆ لەو بارەیە و لە درێژی ئەو مەسەلەی پیچاوونەوەیە بۆ ئەو گەر شتێکت هەیە فەرموو.

### موحسین کەریم:

سوپاس. پێمباشە دوو شت باس بکەم. یەکێکیان، پێداچوونەوەیە کە بەڕای من زۆر کەمە و کەسانێکی زۆر کەم هەن کە باسی پێداچونەوە ئەکەن سەبارەت بە باسەکانی مەنسوری حکمەت، لانی کەم لە ئێستادا. دووەم خۆجیاکردنەوە و بگرە وەستانەوەیە بەرامبەر بە باسەکانی مەنسوری حیکمەت لەلایەن کەسانێکەوە کە پێشتر خۆیان بە بەشداری مەنسوری حکمەت دەزانی، لەگەڵ کەسانێکی دیکەدا کە خۆیان سەر بە ڕەوتێکی جیاواز و تازەی چەپ ناوزەد دەکەن! هەڵبەت ئەتوانم بڵێم لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا کەسانێک هەبوون کە بانگەشەی پێداچونەوەیان دەکرد، بەڵام بێکاریگەر و مەحدود بوون و دەکرا حسابێکی ئەوتۆ نەکەیت نە بۆ باسەکانیان نە بۆ ئەو تەرحەی کە هەیان بوو. بەڵام ئێستا نەک باسی پیداچوونەوە ناکەن، بگرە مەنسور حکمەت بە جۆرێک(ڤێرژێنک) لە کۆمۆنیزم حساب ناکەن. مەبەستم لەو جەماعەتەی ئیرەجی ئازەرین و ڕەزای موقەدەم و ئەوانە کە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و مەنسوری حیکمەت جیابوونەوە و سەرەتا وەکو پێداچوونەوە یان بە جۆرێک سنوربەندیکردن لەگەڵ مەنسور حکمەت خۆیان دەناساند، وەکو ئەوەی خۆیان سەردەمانێک کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون و ئەوان نوێنەری کۆمۆنیزمی کرێکارین. بەڵام ئەوان ئێستا باسی ئەوە ئەکەن کە هێڵی مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری هێڵێکی تر بووە و هێڵێکی کۆمۆنیست نەبووە کە پێویست بووە خۆیانی لێ جیابکەنەوە. بۆیە  پرسی پێداچوونەوە لە ئێستادا  سنورداره، بەڵام کەسانێک هەن کە خۆیان بە کۆمۆنیست ناوزەد ئەکەن، بە چەپ ناوزەد ئەکەن، ئەمانە ئەیانەوێ سنوربەندی لەگەڵ مەنسور حکمەتدا بکەن. لە بۆچوونی ئەواندا مەنسوری حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەوتێکی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵ نەبووە لە ناوچەکەدا و بگرە ڕەوتێکی

بۆرژوازی بووە کە بە ناوی کۆمۆنیزمەوە هەڵسوڕانی کردووە. بەجۆرێک هۆکاری مەحدودیاتەکانی یا لاوازیەکانی و سەرنەکەوتنەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەوە لێکدەدەنەوە کە ئەم کۆمۆنیزمە کۆمۆنیزمێکی واقعی نەبووە، بۆیە ئەنجامەکەی بە شکست گەیشتووە! ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ پەیوەندی بە کرێکارەوە نەبووە و کۆمۆنیزمێکی شۆڕشگێڕ نەبووە و هەتا بە مانایەک کۆمۆنیزم نەبووە. تارادەیەک ئەم تێڕوانینە هەیە.

بەبڕوای من کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکار هەیە کە ئەم جۆرە تێڕوانینانەی هێناوەتە ئاراوە. بەڵام من ئەمەوێ ڕوونکردنەوەیەک بدەم بەر لەوەی بێمە سەر ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە. بە بڕوای من، ئێمە ناتوانین، ئەگەرچی زۆر جار وا نیشان دراوە، وا نیشان بدەین کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بریتیە لە بزووتنەوەیەکی دیاریکراو کە دوو سێ حزبی هەیە لە عێراق و کوردستان و ئێراندا و زیاتر لە چوارچێوەی حزبەکاندا پێناسەی بکەین. مەنسور حکمەت خۆی سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری وا نالێت، بەڵکو ئەڵێت ئەوەی کە ئێمە پێی ئەڵێین کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمان ئەو کۆمۆنیزمەی مارکسە کە خۆی کۆمۆنیزمی ناو کرێکارە، کۆمۆنیزمێک نییە لەدەرەوەی چینی کرێکار. ئێمە هاتووین بە جۆرێک وەکو چۆن مارکس کاتی خۆی بۆ ئەوەی خۆی جیابکاتەوە لە باقی جۆرەکانی تری بەناو کۆمۆنیزم، ئەم ناوەی لە خۆی نا، ئێمەش ئەم ناوەمان هەڵبژاردووە. یانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرلەوەی کە هەتا بەپێی پێناسەکەی مەنسور حکمەت، ئەو بابەتانە بێت کە خۆی نووسیویەتی، خۆی لە کۆمەڵگادا ئەم کۆمۆنیزمە هەیە. ئیتر لاوازە، بەپێی پێویست ڕێکخراو نییە، سەروسیمای زۆر دیار نییە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەیەکی واقعی و مەوجودە. ئەو ئەڵێ کە ئێمە ٧٠ ساڵ پاشەکشەمان پێکراوە، یانی نەک لە ئێراندا بگرە لە دنیادا. ئەمە کۆمۆنیزمەکەی مارکس و لینینە، بەڵام ئێمە لێرە هاتین ناومان نا کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ خۆجیاکردنەوە لە ڕەوتەکانی تر. بۆیە پێموایە دەبێ کەمێک ووردبینانە مامەڵە بکەین کە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەگەر وەکو جووڵانەوەیەکی سیاسی، وەکو حزبی سیاسی، وەکو ڕەوتێکی فیکری تووشی لاوازی بووە کە لە سەردەمەکانی نەوەتەکان و دوو هەزارەکاندا لە حزبەکانی عێراق و ئێران و کوردستاندا بەرجەستە بووبوو، ئەبێ ئەوەمان بیر نەچێت کە ئەمە بەشێکیەتی.

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

وەکو ووتم بنکە کۆمەڵایەتیەکەی لە عێراق و کوردستان و ئێران و تورکیا و فەڕەنسا و هەموو شوێنێک هەیە، ئەوەی کە کۆمۆنیزمی مارکسە و ڕەخنەی لە سەرمایەداری هەیە، ئەوەی خەبات ئەکات بۆ هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێ و خاوەندارێتی تایبەتی، هەر ئەوەیە کە مەنسوری حیکمەت پێی ئەڵێ کۆمۆنیزمی کرێکاری. ئێمەش هاتین ئەم دەربڕینە سیاسیە فیکریە حزبیەی لێ بکەین. ئەم بەشەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە هێزێکی پەیدا کردبوو لە وجودی خودی مەنسور حکمەت دا ئەمە تووشی زەربەیەک هاتووە.

ئەتوانم ئاوها بڵێم؛ ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان مەنسور حکمەت و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و لینین و حزبی بەلشەفیدا، بەڕای من لێکچوونێک ئەبینین. بۆ نمونە لە دوای شۆڕشی شوبات خەریکە بەلشەڤیەکان و مەنشەڤیەکان یەک بگرنەوە کاتێک کە لینین لە ڕووسیا نییە. لە تێزەکانی نیساندا لە مەسەلەی بڕیاردان لەسەر شۆڕشی سۆشیالیستی بەجۆرێک بەلشەڤیەکان هەمان بۆچوونی مەنشەڤیەکانیان هەیە. تەنانەت پێش گەڕانەوەی لینین خەریکن کۆنگرەی یەکگرتنەوە ئەکەن. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم ئەو خەتەی نوێنەر و بەرجەستەکەری شۆڕشی کرێکاری کرد لە ڕووسیادا خودی لینین بوو. هەژمونی و کۆنترۆڵ و ئۆتۆریتەی حزبی و ڕێکخراوەیی و فیکری و هەمووی چ لەناو حزبەکەی و چ لەناو چینی کرێکار لە ڕووسیادا ئەمە ئەو جێگەوڕێگەیەی دابوو بە لینین کە بتوانێ ئەو شۆڕشە بکات بە ئەمری واقع. من پێموایە کە تەقریبەن مەنسور حکمەت وەکو خاوەنی ڕەخنەکە، واتە ڕەخنەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەموو ڤێرژنەکانی پێش خۆی و ئەو باسانەی کە من نامەوێ لێرەدا بچمەوە سەری کە کۆمۆنیزم دوای ساڵانێکی زۆر و دەیان ساڵ دابڕان لە خودی چینەکە، شتێکی تر بەناوی کۆمۆنیزمەوە ناسرابوو. ئەم هات ڕەخنەی لێگرت. ئەو ڕەخنەیەشی لەسەر بنەمای فیکر و سیاسەت و ڕێکخستن کرد. مەنسور حکمەت خۆی خاوەنی ئەم تێڕوانینە بوو، خاوەنی ئەم ڕەخنە ئەسڵیە بوو. من پێموایە لە ناو ئەو ڕەوتەی کە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری ناسراوبووە مەنسوری حیکمەت خۆشی هەمیشە کێشەی هەبووە و ئەڵێ کە ئەو تێڕوانین و ڕەخنەیە ڕۆنەچۆتە خوارەوە تەنانەت بۆ ناو ڕابەری حزبەکەی. بۆیە پێموایە بە نەمانی ئەو، بە نەمانی خاوەنی ئەسڵی ڕەخنەکە، خاوەنی ئەسڵی ئەم تێڕوانینە فیکریە سیاسیە حزبیەی کە بە ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە ناسرا و سەریهەڵدا، ئەو ڕەوتە زەربەی جدی بەرئەکەوێ. چۆن نەمانی لینین

زەربەی دا لە شۆڕشی کرێکاری، لە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم لە ڕووسیا. ئەمە لەلایەک، دواتریش بێگومان ئەو جیابونەوانەی لەناو حزبەکەی ئەودا رویاندا و تێکشکانی ئەو حزبەی کە ئەو بنیاتی نا، بێگومان کاریگەری لەسەر ئیعتباری ئەو کۆمۆنیزمی کرێکاریەی کە مەنسور حکمەت وەکو ڕەمز و ڕابەری بوو، زەربەی بەرکەوت!

بێجگە لەم لایەنە زاتیانەی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو رەوتێکی سیاسی حزبی لە ئێران و عێراق، کە وایانکرد پێداچوونەوە یان پاکانەکردن لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسوری حکمەت و بگرە دژایەتیکردنی لەناو بەشێک لە لایەنگرانی ئەودا سەرهەڵبدا. هاوکات کۆمەڵێک هۆکاری بابەتی هەیە کە بە ڕاستی دەوریان هەبووە لەسەر لاوازکردن و قولکردنەوەی کێشەکانی بزوتنەوەکە، ئەویش بارودۆخی سیاسی و هەلومەرجی خەباتی کرێکاری و جەماوەریە لە ئێران. بە بڕوای من بارودۆخی سیاسی ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. سەردەمانێک جوڵانەوەی سەرنگونی و ڕوخانی ڕژێم لە ئێراندا جوڵەیەکی فراوان و جەماوەری بوو، بەڵام بە حوکمی ئەو پاشەکشێیەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەدوای نەمانی مەنسوری حکمەتدا کردی، ووردەوردە ڕەوتێکی تر لەناو کۆمەڵگای ئێراندا سەری بەرزکردەوە کە بزووتنەوەی سەوز بوو. ئەمە بەجۆرێک لە ڕیفۆرمخوازی لە چوارچێوەی هەمان دەسەڵاتی بۆرژوازی ئیسلامیدا پەرە پێدا، یانی جوڵانەوەیەکی ڕادیکاڵ کە پاشەکشە بکات دیارە کاریگەری لەسەر خودی ئەم بزووتنەوەیەش ئەکات. لەپاڵ ئەم زەربەیەی باسم کرد، لەناو خودی کۆمەڵگای ئێرانیشدا بەگشتی جارێکی تر دەرگا ئەکرێتەوە بە ڕووی ئەوەی کۆماری ئیسلامی خۆی توندبکاتەوە و دەسەڵاتی جێگیربکاتەوە و بزووتنەوەی سەرنگونی بەرەو پاشەکشەکردن ببات. ئەمەش بەدەوری خۆی کاریگەری لەسەر چوونەدواوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری داناوە لە ئێراندا وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی. لە عێراقیشدا بزووتنەوەکە چ بە زەربەیەک کە بەهۆی پەلاماری چەکداری یەکێتی نیشتمانیەوە دژ بە حزبی عێراق، بەری کەوت و چ دواتریش ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی کە لە کۆمەڵگای عێراقدا ڕوویاندا و هاتنی ئەمریکا و وجودی دەوڵەتێکی ئەنتی کۆمۆنیست کە ڕابەری دنیای دژی کۆمۆنیزم دەکات، گەشاندنەوە و بوژاندنەوەی هەرچی رەوتی کۆنەپەرستی دژی کۆمۆنیستی و دژی مرۆیی بۆرژوازیە و زاڵبوونیان بەسەر فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتداریێتی عێراق و کوردستاندا، بێگومان بارودۆخێکی

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

لەبار و نەگونجا و بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پێکهێنا و ئەمانە کاریگەری نەرێنیان لەسەر گەشە و پێشڕەوی بزوتنەوەکە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کرد. بەم هۆیانەوە زەمینەی پێداچوونەوە و پاشگەزبوونەوە و بگرە دژایەتیکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەناو بەشێک لە لایەنگرانی پێشووی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چەپدا پەرە پێدا.

### جەمال موحسین:

هاوڕێ موحسین گەر بێیتەوە سەر باسەکە کە بۆچی پێت وایە کە ئەمانە کێشە یان با بڵێین ڕێگری و ئاستەنگین لە بەرامبەر ڕەوتەکەی مەنسور حکمەت دا؟

### موحسین کەریم:

بەڵێ من ئێستا باسی ئەکەم، بەڵام تەنها ویستم قسەیەک لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەم، چونکە ئەم دۆخەی عێراق و ئەم هاتنەی ئەمریکا ڕۆڵی هەبوو لەسەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کە بەسەر کۆمەڵگای عێراق هات، پاشەکشە کرا بە فەزایەکی تاڕادەیەک ڕادیکاڵ و ڕەخنەگرانە کە هەبوو. ئەوەش وایکرد ناسیۆنالیزم جارێکی تر بژێتەوە، ناسیۆنالیزمی کورد بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا ژیایەوە. دوای ئەمە ڕەوتێکی تری ڕیفۆرمیستی لەناو خودی بۆرژوازیدا سەرهەڵئەدات. ئەمانە هەمووی لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە زەمینەکانی سەرهەڵدان و باڵادەستبوونی ڕەوت و باڵێکی بۆرژوازی فەراهەم کرد کە بە ناوی ڕەخنەگرتنەوە لە دەسەڵات دێتە دەرەوە. ئەمەش بێگومان ڕۆڵی هەبووە لەوەی کە هەتا زەمینەی بەهێزبوونەوەی جارێکی تری ئەم بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە بەپێی پێویست نەڕەخسێت. یانی مەبەستم زەربەیەک کە بەر بزووتنەوەکە کەوت بە نەمانی مەنسور حکمەت و هەروەها بە ئینشقاقاتێک کە لەناو حزبەکانیدا ڕوویدا بە تایبەتی حزبەکەی خۆی و ئەو ئاڵوگۆڕانەشی کە لە کۆمەڵگای عێراق و کوردستاندا ڕوویان دا، ئەمانە پێکەوە فرسەتەکان و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەردەم گەشەی کۆمۆنیزم بەشێوەیەکی گشتی لەم وڵاتەدا لاواز کرد. ئەمانە کاریگەرییان هەبوو لەوەدا کە ئەم بزووتنەوەیە لاواز بێ. ئەم هۆکارانە بوونە کۆمەڵێک ڕێگری هەم زاتی و هەم کۆمەڵایەتی لەبەردەم گەشەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چوونەپێشەوەیدا. ئەمە بێگومان وەک

## سمیناری دووەم

ووتم پیاچوونەوە دروست ئەکات لەناو کۆمەڵێک لەوانەی کە خۆیان بە کۆمۆنیستی کرێکاری ناوزەد دەکرد. بێجگە لەوە کەسانێکێک، ڕەوتێک هەیە کە لەم هەلومەرجەدا بەناوی کۆمۆنیزمەوە خۆی دەناسێنێ، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن خۆیان جیابکەنەوە لەو ڕەوتەی کە دەورانێک کێشمەکێشی لەگەڵ بۆرژوازیدا کردووە، لانی کەم ئەوەی کە باسی کوردستان ئەکەین. ئێمە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو بزووتنەوەیەکی فیکری-سیاسی و تەنانەت حزبی لە کوردستانی عێراقدا، بە نزیکەی ١٠ ساڵ کێشمەکێشمان لەگەڵ هێزە ئەسڵی و ڕەوتە سەرەکیەکانی بۆرژوازی کورد کرد، کە ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی کورد بوون. ئێستا بە بڕوای من ئەم ڕەوتە تازەیەی کە ئێستا بە ناوی چەپەوە خۆی دەناسێنێ، ئەیانەوێ خۆیان لەو مێژووە بەدوور بگرن و نایانەوێ ببن بە خاوەن و شەریکی ئەو مێژووە. هەتا بە بێ ئەوەی هچ ڕەخنەیەکیش لە کۆمۆنیزمی کرێکاری بگرن! ئەمان ئەیانەوێ سنوربەندی خۆیان لەگەڵ ئێمەدا بکێشن. ئەمانەن کە بە جۆرێک تیۆریزەی کۆتایی هاتن یان تەواوبوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەکەن.
ئەو لایەنەی کە ئەکەوێتەوە سەر خودی خۆمان، ئەم بارودۆخەی کە باسم کرد بەداخەوە کاریگەری لەسەر ئەوە بووە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری نەتوانێت بەو شێوەیە کە پێویست بوو گەشە بکات. عوسمان خاڵێکی باس کرد کە منیش بەلامەوە گرنگە. ئەگەر بۆ نمونە فرسەت هەبوایە، ئەمە ئەگەرە چونکە فرسەت نەبووە، ئەگەر ئاڵوگۆڕەکان بەبارێکی تردا بووایە کە ئەم کۆمۆنیزمی کرێکاریەی کە مەنسور حکمەت و هێڵێک کە ئەو خاوەن و ڕابەری بوو، لە شوێنێک لە کوردستانی عێراق یان لە ئێراندا ببوایە بە هێز و لەم ئاڵوگۆڕانەدا جێ پێیەکی هەبووایە لەناو کێشمەکێشە سیاسیەکاندا، لە دەسەڵاتدا، لە گۆشەیەکدا دەسەڵات و هێزی بەدەستەوە بوایە، ئەمە حەتمەن ئاڵوگۆڕی بەسەر سەرجەم مەسەلەکەدا ئەهێنا. بەڵام بەداخەوە ئەو ڕاستیانەی کە باسم کرد ڕێگری کرد لەوەی کە ئەم کۆمۆنیزمی کرێکاریە ببێ بەو هێزە. ئەمە کاریگەری دانا لەسەر ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە لاواز بێ. بێگومان کۆمۆنیزمی کرێکاری بەشێکیشە لە کۆمۆنیزمی جیهانی و لاوازی ئەم کۆمۆنیزمەش جارێکی دیکە کاریگەری لەسەر ئێمەش داناوە.

# ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## جەمال موحسین:

زۆر باشە، بەڵام بۆ ئەوەی باسەکە بە گشتی نەچێتەوە سەر ئەو شتانەی دواییان کە ئەو جۆرە لە چەپ لە کوردستاندا کێن و چین. من لێرەدا پێم خۆشە وەک دەخاڵەتێک خۆم ئیزافەیەک بکەم لە پەیوەند بەم خاڵەوە. ئەویش ئەوەیە کە بەجیا لەوەی کە کەسانێک بە ناوی چەپەوە یان کۆمۆنیستەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەیڵێن، من پێم وایە دەورونەخشێک کە مەنسور حکمەت هەیبوو لە دەور و دەخاڵەت پێدانی سیاسیانەی کۆمۆنیزمدا بوو. دواییش ئەوەی کە لە قسەکانی هەردووکتاندا هات و پەیوەست ئەبێتەوە بە مەسەلەی دەسەڵاتەوە. کرۆک و مەسەلەی بنەڕەتیی کۆمۆنیزم یانی دەسەڵات، دەسەڵات بۆ چینی کرێکار هەتا نەهێشتنی دەوڵەت و چینەکان. بۆیە هەر ئەمە بوو کە مەسەلەیەکی جدی بوو بۆ مەنسور حکمەت کە لەسەری دەخاڵەتکردن و سیاسەت کردن و حزب دروست کردنیش لەپێناوی ئەم مەسەلەیەدا بوو، دواییش دێینە سەر ئەم لایەنەی مەسەلەکە. هەربۆیەشە ئەوەی کە هەمیشە لە باسەکانی مەنسور حکمەت دا جێگەی ڕەخنە بووە سەبارەت بە چەپی تەقلیدی و ڕادیکاڵ ئەوە بووە کە ئەوان لە قەراغی کۆمەڵگادا وەستاون و لەسەری ئەوەوە کە ئەتوانن تەنانەت چەند قسەی تیژ لەباری ڕوخسارەوە نەک لەباری ناوەخنەوە بکەن لەبەرامبەر سەرمایەداریردا بەڵام بەبێ ئەوەی گوێ بدەن بەوەی ئەمە چ جووڵانەوەیەک بەڕێئەخات، یان چ زیانێک بە کۆمەڵگا ئەگەیەنێت یا چینی کرێکار چەند پێی یەتە دواوە یان ئەچێتە پێشەوە و بۆتایبەتمەندێتی چەپی ڕادیکاڵ ئەوە بووە بەڵام نوێنەرایەتی کردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وە یان دەسەڵات پەیداکردنی کۆمۆنیزم لە تەواوی بوونی سیاسیانەی مەنسور حکمەت دا لەوێوەیە کە ئەم کۆمۆنیزمە بگەیەنێت بەو شوێنە. هەر بۆیەشە کاتێک ئەو لە ژیاندا بوو هەموو هەوڵ و تەقەلاکەی بۆ ئەوە بوو بەڵام ئیتر خۆی ژیان بواری پی نەدا. چەپ دووبارە هاتۆتەوە جێی خۆی وەک چۆن لاستیکێک بیکشێنی هاتۆتەوە سەر ئەوەی پێشووی خۆی کە نابێ و نا ئیتر ئەمە ئیمکانی نەبوو و سەرینەگرت و بۆیە میکانیزمێکیش بۆ ئەوەی کۆمۆنیزم بگات بە دەسەڵات لە ئاراد انییە بە تایبەتی لەڕێگای حزبی سیاسیەوە. من جارێ لێرەدا نایەمە سەر ئەم مەسەلەی حزب و دەسەڵاتی سیاسیە کە دواتر وەک بەشێک لەم تەوەرە دێینەوە سەری. پێم وایە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە چونکە ئەم جۆرە لە چەپ پێی وایە لەبەرئەوەی کە مەنسور حکمەت

خۆی نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستە لە ئامانجی سیاسی و چینایەتی کە بۆ کۆمۆنیزمەکەی دانابوو، ئیتر کە نەگەیشتووە چەپ کاریی تری بۆ نەماوەتەوە و ناتوانێ ئەو مەسەلەی دەسەڵاتە پیادە بکات بەڵام بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری بە هەر ئیشکالاتێکەوە کە هەمانە و بە هەر لاوازیەکەوە کە هەمانە من پێم وایە لەسەر ڕەیلی ئەو سیاسەتە و ئەو میتۆدە لە دەخاڵەتگەری کۆمۆنیزم ئیمکانی هەیە هەتا ئەگەر ئاستەنگی و لاوازیشی هەیە بەسەریدا سەرکەوێت و بتوانێ بڕواتە پێشەوە. ئەو جۆرە لە چەپی تر بۆ خۆی داناهاوە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا بکات بۆیە کاتێک ڕەوتێکی جدی وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری سەربەرز ئەکاتەوە باس لە دەسەڵاتی سیاسی ئەکات هەموو ئەوانە بەرز ئەبنەوە لەبەرامبەریدا ئەوەستنەوە. ئەمەوێ بڵێم ئەوەی کە کۆمۆنەی پاریس نەگەیشت بە ئامانجی کۆتایی خۆی، ئەوەی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر سەیگرت و دەسەڵاتی گرت و بەڵام دواتر بە شکست گەیشت، وە ئەوەی کە لە هیچ شوێنێک ئەو ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم کە مارکس زانستەکەی داڕشت نەگەیشتە دەسەڵاتی سیاسی نیشانەیەک نییە بۆ لەژێرپرسیاردا دانانی کۆمۆنیزم و مارکس خۆی. بە هەمان ئەندازەش ئەمە بۆ مەنسور حکمەت وایە. ئەوەی کە حزب و ئەزمونەکەی ئەو نەگەیشت بەو ئەنجامەی خۆی بەدوایەوە بوو نیشانەیەک نییە بۆ ئەوەی بزووتنەوەکەی ئەو، واتە ڤێرژنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کولدا ئەبێ بخرێتەوە ژێر پرسیارەوە.

گەر هاوڕێ خەسرەویش لەمبارەیەوە قسەیەکی هەیە؟ فەرموو. خەسرەو سایە:

## خەسرەو سایە:

سەرەتا ئەوە بڵێم کە بەشێوەیەکی ئوسوڵی نە مەنسور حکمەت و نە لینین و تەنانەت نە مارکسیش، هیچیان لەسەروو پێداچوونەوە و ڕەخنەوە نین، بەتایبەتی هەندێک باوەڕ هەیە ڕەنگە بۆ سەردەمی خۆی دروست بێت و لە سەردەمێکی تردا بە حوکمی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگاکاندا ئەو باوەڕانە پێداچونەوە بخوازێ. بە دیوێکی تریشدا ئەم کەسایەتیانە نە خۆیان پێغەمبەرن و نە باوەڕەکانیان ئاسمانی و ئاینە، تا لەسەروو پێداچونەوە و ڕەخنەوە سەرنجیان بۆ بدەین و دەست لێدانیان بە "کوفر" لە قەڵەم بدەین. بۆیە مەسەلەی سەرنجدانەوە و ئیعادە نەزەر لە هەر باوەڕێک شتێکی ئاساییە. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ئەوەیە کە ئەو کەسانە لە پەیوەند بە چ جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە و بۆ وەڵامدانەوە بە چ پرسیارێک کە خەباتی چینایەتی هێناویەتە گۆڕێ، وە هەروەها ئەیەوێ چ گرێوگۆڵێک بکاتەوە چ بەربەستێک هەڵبگرێ وا پێویستی بە دووبارە سەرنجدانەوە هەیە و ئیعادە نەزەر لە باوەڕی فڵانە بیرمەند دا بکات کەپێشتر باوەڕێ پێی بووە؟

بەڵام کاتێک کە باسی دووبارە سەرنجدانەوە لە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و لەوێشەوە باوەڕەکانی مەنسور حکمەت دێتە ئاراوە، کە لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا، وەک ڕەوتێکی باڵادەست لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا جێگای گرت و لانی کەم لە دوو وڵاتدا ئەحزابی جۆراوجۆر و ڕیزێکی فراوان لە هەلسوڕاوانی کۆمۆنیستی بەرهەمهێنا و تەجروبەیەکی نیشاندا کە تا ئێستاش ئەم تەجروبەیە درێژەی هەیە، پێویست دەکات سەرەتا دوو خاڵ لەبەرچاوبگرین:

یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێ مەنسور حکمەت یان حیکمەتیست وەکو تیۆر و باوەڕ، وەکو هێڵێکی ستراتیژی و نەریتێکی تایبەت و ڤێرژنێک لە کۆمۆنیزمی سەردەم، جیابکەینەوە لە ئەزمونەکەی. ئەزمونیک لە ئەحزاب و هەڵسوڕانی سیاسی کە هێشتا سەرکەوتنی مەعلوم نییە و بگرە ڕووبەڕووی دابڕان و لێکترازان و چەندەستەگی بۆتەوە و شەپۆلێک لە دڵساردی و بێئومێدیش ڕووی لە کادران و لایەنگرانی کردووە و ئەم حاڵەتەش فرسەتی داوە بە کەسانێک کە خۆیان بە چەپ و لایەنگری مارکس و هەنێکی تر بە "چەپی نوێ" بناسێنن و حوکمی "شکست" بەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بدەن. بەبێ ئەوەی کە ئەم کەسانە ڕەخنەیەکی دروست لە ناوەڕۆکی باوەڕەکان و لەتیۆریەک بدەن بە دەستەوە کە مەنسور حیکمەت لە دوتوێی ڤێرژنێکی کۆمۆنستیدا بە ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاری داویەتی بەدەستەوە. وە تەنانەت ڕازیش نین بەوەی کە تەجروبەی حزبەکان و پراتیکی کەسایەتیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم تیۆر و باوەرانە جیابکەنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە لە مێژوودا لەلایەک مارکس بە خۆی و باوەڕ و تیۆریەکانی کۆمۆنیزمەکەیەوە دەبینین و لەلایەکی تریشەوە تەجروبەی حزبی و هەڵسورانی کەسایەتیەکانی ئەم کۆمۆنیزمە چ لە "یەکێتی کۆمۆنیستەکان"دا و چ لەئەنتەرناسیونالی یەکەمدا دەبینین کە نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، وەیا لانی کەم هاوشێوەی تەجروبەی لینین و بەلشەڤیکەکان و حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا، مانایەکی عەمەلی لە سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی چینی بۆرژوازیدا

تاقی بکاتەوە و دنیاش بگۆڕێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەزمونێک کە تیۆریەکان شکڵی تێدا ئەگرن زۆر زۆر جیاوازە لەگەڵ خودی تیۆریەکدا کە هاتۆتە بوون و دەبێ ئەم دوو بابەتە لێک جیابکەینەوە. کەسێک ئەگەر بیەوێت بە ئەزمونی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەمدا بچێتەوە و دووبارە سەرنج لە پراتیکی ڕێکخراوەیی و کەسەکانی نێو ئەم ئەزمونە بداتەوە،(تەنانەت لەپراتیکی خودی مارکس و ئەنگلس خۆشیان) هیچ گرفتێکی تێدا نییە و بگرە پێویستیشە. بە بڕوای من ئەو کەسە کارێکی دروستی کردووە کاتێک لەئیعادە نەزەری خۆیدا کۆبەندی بکات کە دەسکەوتەکانی ئەو ئەزمونە و دەرسەکانی بە نەوەی ئێستای کۆمۆنستی بناسێنێ و بیسەلمێنی کە بۆچی ئەنتەرناسیونالی یەکەم نەیتوانی بە ئاکام بگا و سەرکەوتن بەسەر بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیدا بەدەست بهێنێ و لە ئەنجامیشدا بۆچی هەڵوەشایەوە. بەڵام ئەم کارە پێویستی بەوە نییە کە تۆ بێیت لە گەڕانەوە بۆ تیۆری زێدەباییەوە یان لە تیۆری قەیرانی ئابوری مارکس خۆیەوە بۆی بچیت و پێت وابێت بێئاکام مانەوەی ئەزمونەکە لێرەوەیە. ئایا دەکرێ و دروستە دابەشبوون و هەڵوەشانەوەی ئەنتەرناسیونالی یەکەم بمان گەڕێنێتەوە بۆ دووبارە سەرنجدانەوە لە تێزەکانی مارکس لەسەر فۆیەرباخ و گومان بکەین و پێمان وابێ ناکامی ئەزمونەکە سەرچاوە لەم تێزانەوە دەگرن؟

بەبڕوای من ئەم ڕاستیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ باوەڕ و تیۆریەک کە مەنسور حکمەت داویەتی بەدەستەوە هەر وایە. بە واتایەکی تر دەمەوێت بڵێم ئەگەر لەژێر چەتری دوبارە سەرنجدانەوەدا بتەوێ بە ئەزمونی ئەحزابە کۆمۆنیستیە کرێکاریەکان و پراتیکی هەلسوراوانیدا بچیتەوە تا بگەیت بەوەی کە بۆ نەیانتوانیوە ببنە ئەحزابێکی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتی و هێزێکی ئەسڵی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، خۆی مەسەلەیەکە و ئەوەشی کە بتەوێت بەهۆی سەرکەوتوو نەبوونی ئەزمونەکەوە ئیعادەنەزەرەکەت بەوە بگات کە ئیلغای هەموو ئەو میتۆد و دەستکەوتە تیۆریانە بکات کە بەرهەم هاتووە، مەسەلەیەکی ترە. بە بڕوای من ئەوانەی ئەم دوولایەنە بەیەک دەگرن و هەموو ئەو دەستکەوتە تیۆریانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەسڕنەوە و گومانی لەسەر دادەنێن لەژێر ناوی دوبارە سەرنجادانەوەدا، ئامانج و مەبەستێکی تریان لەبەرچاوە، تا بە دواداچونێکی زانستی. ئەگینا هچ پێویست بەوە ناکات لە ڕەخنەگرتن لە ئەزمونی حزبەکانی جوڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، بەوە بگەیت کە تیۆریەکان هەڵکۆڵین، بۆ نمونە تیۆری دەوڵەت لە سەردەمەکانی

شۆڕشدا، تیۆری تێزی ئابوری سەرمایەداری ژێردەستە، یان بۆ نمونە ڕەخنە لە بۆژروازی نیشتمانی و یا شۆڕش و ئەنتی شۆڕش لە شۆڕشی ئێراندا. تەنانەت ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بۆ سەرنجدانەوە لە ئەزمونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بچیتەوە سەر ئەوەی کە گومان لە ڕەخنەی حکمەت لە ناسیۆنالیزم بکەیت پێت وابێت کێشەکە لێرەدایە. کەوایە ئەگەر ڕازی بین بەوەی ئەم دولایەنە لێک جیا بکەینەوە و دووبارە سەرنج لە ناکامی و کەموکوڕی ئەزمونەکەمان بدەینەوە ئەوا من بە کارێکی دروست و ئوسوڵی دەزانم و پێم وایە بۆ ئێمەش لە ئێستا یەکێک لە ئەرکەکانمان ئەوەیە کە لە ڕێگای ڕەخنەوە کۆبەندیەک لە ئەزمونی ئەم حزبانە بکەین و بکەوینە شوێن ئەوەی کە هۆکارەی چییە تا ئێستا نەمانتوانیوە بگەینە ئاستی ئەحزابێکی سیاسی ئەوپەڕی کۆمەڵایەتی بەو باوەڕە ماکسیماڵیستیەوە کەهەمانە و بۆ فرسەتەکانمان نەقۆزتۆتەوە؟ ئەمە پرسیارێکی واقعیە و ئینسان ئەتوانێ لە پەیوەند بە خەباتێکی زیندووەوە کە لە جەرەیاندایە بۆ ئەحزابێک کە بە ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە کاری تیا ئەکەن، لە خۆیانی بکەن و دوبارەش سەرنجدانەوەی لەبەرامبەردا بگرنەبەر. ئەمە خاڵێکە کە ئەبێ جەختی لێبکەین. خاڵێکی تر کە..

### جەمال موحسین:

هاوڕێ خەسرەو وایە ئەمە خاڵێکی گرنگە بەڵام ئێمە ئەتوانین بیکەینە بابەتی سیمینارێکی ترمان.

### خەسرەو سایە:

خاڵی دووەم، کە پێویستە لەسەری ڕابوەستین مەسەلەی حیکمەتیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاریە، کە بە بروای من دوو شتی جیاوازن کە بە جۆرێک لە قسەکانی موحسینیشدا هات. من پێم وایە حیکمەتیست تەنها یەکێکە لە ڕەگە فکری وسیاسیەکان و نەریتێکی جیا لەناو جوڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، ئەگەر چی مەنسور حکمەت خۆی لەسەر ڕەئسی ئەم جوڵانەوەیە بووە و داهێنەری  یەکەمی بووە. چونکە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ئەزمونێکی تایبەت و سەردەم لە پرۆسەی شکڵگرتن و پەرەگرتنیدا، لەژێر کاریگەری

## سمیناری دووەم

هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتیدا، گەلێک نەرێتی سیاسی و فکری و پراتیکی تر خۆی لەگەڵ ڕەگەی حیکەمتیستدا ئاوێزانکردووە و کۆبۆتەوە. دروست وەک ئەوە کە ئێمە ئەتوانین بڵێین لینین بەڵشەڤیکە، بەڵام هەموو بەڵشەڤیکەکان لینین یان لینینیست نەبوون و نین. بەم مانایەش حیکمەتیست ڕەگەیەکی کۆمۆنیزمی کرێکاریە بەڵام هەموو کۆمۆنیزمی کرێکاری خەت و نەریت و باوەڕی حیکمەتیست نین و لە درێژەی ئەودا نین، سەرەڕای ئەوەی کە هەریەکەیان ئیدعای کۆمۆنیزمی کرێکاری و سەر بەڕەوتی حیکمەت دەکەن. بۆیە لەم بارەشەوە دیسانەوە دەبێ مەعلومی کەین کە مەبەست چییە لە پیاچوونەوە؟ ئایا پیاچوونەوەیەکمان مەبەستە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێستا وەک ئەزمونێک لەبەرچاو دەگرێ کە فاسیلەی هەیە لەگەڵ باوەڕ و تیۆریەکانی مەنسور حکمەتدا و لەدرێژەی نەرێتیکی سیاسی و فکریدا نییە کە حکمەت داویەتی بەدەستەوە، یان دوبارە سەرنجدانەوەیەک کە ناکامیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبەکانی ئێستا بەوەمان دەگەیەنێ هەموو تیۆر و باوەڕەکانی حکمەت وەلا بنێین و پێمان وابێ کە مادام ئەزمونەکەی سەرکەوتوو نەبووە هەرخۆشی وەڵامدەرەوە نییە.

بە بڕوای من ئەو کەسانەی ڕووی دووەمی ئەم باسەیان هەڵبژاردووە، لە مەنتیقی هێزەوە لە جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان دەڕوانن و پێیان وایە حەقیقەتی تیۆریە بەدەست هاتوەکانی هەر جوڵانەوەیەک هێز گرتنیەتی و ئەگەر هێزی نەبوو ئەوا تیۆەریەکەی هەڵەیە. ئەمە وەک ئەوە وایە کە بڵێین مادام لەئەزمونی کەوتنە خوارەوەی "سێوەکەی نیوتن"دا لەدارەکە، نەمان توانی تامی بکەین، کەوایە هەڵە لەتیۆری "ڕاکێشانی کێشی زەویدایە"، بۆیە دەبێ بەخودی تیۆرەکەدا بچینەوە تا تامی سێوەکە بکەین! دروست بەم جۆرە ئەم کەسانە پێمان دەڵێن  کە مادام ئەم ئەزمونەی حیکمەتیست و تیۆریەکانی نەبوو بە دەسەڵاتێک لە ئاستی ناوچەکەدا و هێزی نەگرت ئیتر ئەوە خودی تیۆر و باوەڕەکانیەتی هەقیقەتی نەماوە. ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە تیۆری بە مانای حەقیقەتی خۆیەوە نابینێ، بەڵکو لە مەنتیقی هێزەوە ڕاستی دەسەلمێنێ. با لەم بارەوە نمونەیەکی پێچەوانە لە ماو تسی تۆنگ بگرین:

هەموو دەزانین کەماو تسی تۆنگ بە ٤ کتێبەوە کە سەراپا پڕە لە ئەخلاقیاتی پۆپۆلیستی و ناسیونالیزمی چینی و هەڵگری هیچ بەهایەکی تیۆری نییە و بگرە نەک هیچ ئیزافاتیکی بۆ تیۆری شۆڕشگێرانەی مارکس و لینین نییە، بەڵکو بە ناسیۆنالیزم و خەڵکگەرایی و

فەرهەنگی دیهاتی تێکەڵی کردووە. بەڵام چونکە بەناوی کۆمۆنیزمەوە گەیشتنە دەسەڵات و توانی دەوڵەتێک دامەزرێنێ بە ناوی سۆشیالیزمەوە، دەیان بیرمەندی وەک شارڵ بتلهایم و بۆل سویزی کەوتنە پیاهەڵدان و جەدەل کردن لەسەر "تیۆر وباوەڕەکانی ماو" و دەورەیەک دنیایان بەم ئەفکارانەوە مەشغوڵ کرد. لە کاتێکدا لە ناوەڕۆکدا هیچ نەبوو وە هەرگیز بەراورد ناکرێ بە باوەڕ و تیۆریەک کە مەنسور حکمەت خاوەنیەتی. ئایا ئەو میتۆدە زانستی و مارکسیستیە، لەگەرانەوە و دووبارە سەرنجدانەوەماندا بۆ ئەزمونی کۆمۆنیزمی چین و باوەڕەکانی ماوتسی تۆنگ، ئۆتۆماتیکی بەوە بگەین کە مادام ئەزمونی حزبی کۆمۆنیستی چین سەرکەوتبووە، "ماویزم" هەڵگری تیۆرییەکی راست و دروستی مارکسیزمە؟

خاڵێکی تر لە پەیوەند بە مەسەلەی دووبارە سەرنجدانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، باسەکە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سەر ئینشقاقاتی دەرونی حزبەکانی ئەم جوڵانەوەیە و ناساندنی بەوەی کە ئەمە قەیرانێکە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر باوەڕەکانی مەنسور حکمەت. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەم حزبانە بەو حاڵەوە کە هەیانە هێشتا وەکو ئەزمونێک دەرگا لە بەردەمیدا کراوەیە کێ دەڵێ بەیانی لە ڕاپەڕین و هەلومەرجی ئێراندا دەسەڵات پەیدا ناکات؟ ئەو کاتە چی؟ کەوایە بابەتەکە ئەوەیە سەرنج بدەین لە بزوتنەوەکەمان و بەردەوام ئیعادە نەزەر لە ئەزمونەکەمان بکەین تا ئەگەین بە کۆبەندیەک لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەم حزبانە تووشی گیرۆدەی ئینشقاقات بوون؟ بۆ نەیانتوانی لە جەرگەی ئەو ڕەوتەی خۆیاندا دوای مەرگی مەنسور حکمەت لەسەر ئەو نەریتانە ڕابوەستن وە لەوەش زیاتر بۆ ئەم کۆمۆنیزمی کرێکاریە نەبووە حزبێکی سیاسی کۆمەڵایەتی وەک نمونەی حزبی بەلشەڤیکەکان.

بۆیە بە بڕوای من ئەوانەی کە باس لە ئیعادە نەزەر و دووبارە سەرنجدانەوە لە کۆمۆنیزمی مەنسور حکمەت ئەکەن زیاتر هەڵبژاردنێکی سیاسی دەکەن تا ئەوەی بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت لە تیۆریەکانی مەنسور حکمەتدا و لێرەشەوە ڕەخنەیەکی ئوسوڵی بەدەستەوە بدەن. وەرن سەیر کەن، ئەوە زیاد لە ١٠ ساڵە لە دوای مەرگی مەنسور حکمەتەوە، ئەو باسە هاتۆتە ئاراوە کەدەڵێت باس و تیۆریەکانی مەنسور حکمەت ناکافیە و وەڵامدەرەوە نین، دەڵێن ڕۆڵی نەماوە و دەبێ بۆ ئەزمونێکی تر بگەڕێین. تەنانەت هەیە مەحکومی دەکات بە ناکرێکاری و چەپی وردەبۆرژوازیش.. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئەم

## سمیناری دووەم

کەسانە بەبێ ئەوەی لەم ١٠ ساڵەدا ئەزمونێکی باشتریان لەوەی بابەتی ڕەخنە و ڕەفزکردنیانە نیشاندابێ. بە پێچەوانەوە تەقەلای ئەمانە زیاتر نەریتی ناحزبی و ناسیاسی بوونیان لەنێو چەپ و کۆمۆنیزمدا برەو پێداوە و برەویان بە پەرشوبڵاوی کۆمۆنیزم و بێ بایەخکردنی خەباتی کۆمۆنیستەکان لە کوردستان و عێراق و ئێراندا داوە. بێبایەخ کردنی ئەو دەسکەوتانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ساڵی ٧٩ی ئێرانەوە تا مەرگی مەنسور حکمەت بەدەست هاتوون و لە قاڵبی ڤێرژنێکی کۆمۆنیزمدا جێکەوتون، لایەنێکی سەرەکیەتی. کاتی خۆی مەنسور حکمەت سەرنجی لەسەر مارکس و لینینیش دایەوە و ئیزافاتێکی بۆ تیۆریەکانی مارکسیزم زیاد کرد. بەڵام ئەم گەرانەوەیە و ئەم خویندنەوەیەی بۆ مارکس و لینین لە پەیوەند بە جووڵانەوەیەکی سیاسی و خەباتێکی ڕۆشنی چینایەتیەوە بوو کە شۆڕشی بەهمەن کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، وە لەم ڕێڕەوەشدا نەک هەر مارکسیزم وەک ڕەوتێکی شۆڕشگێرانە و دەخالەتگەر زیندوکرایەوە و هاتەوە سەر شانۆی کۆمەڵگا، بگرە قوتبێکی بەهێزی بەخۆیەوە گرت و دەستکەوتی گەورەی سیاسی و تیۆری جێگیر کرد. بەڵام گەر سەرنج بدەین لەو کەسانەی کەئەم بابەتەیان بەدەستەوە گرتووە ئەوا لە ئەوەڵەوە سنورێکیان لە نێوان خۆیان و باوەڕەکانی مەنسورحکمەتدا کێشاوە و فڕێیان داوەتە دەرەوەی بازنەیەک کە بە "کاری هوشیارکردنەوە و بەدەستهێنانی فکر" ناوی دەبەن، بەبێ ئەوەی کە هێشتا هیچ قسەیەکی ئیسپاتیان لەسەری کردبێ. یانی ئەمانە هەر لەسەرەتاوە بەجۆرێک مەنسور حکمەتیان خستۆتە بایکۆتێکی نەزەرییەوە. بۆ نمونە هاورییەک* کە کەوتۆتە شوێن ساغکردنەوەی "چەپی نوێ" لە دیدارێکدا لەسەر سۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەوە دەگات کە مەنسور حیکمەت "وەک تیۆریستێک پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە واقیعی کوردستانەوە نەبووە" بۆیە چەپی کورستانی باشوری کردووە "بە جۆرێک لەکۆنزەرڤاتیزم".. هەربۆیە پێویستیشی پێی نییە و ئامادەش

---

*/ بروانە گفتوگۆی وەلید عومەر لەگەڵ هەفتەنامەی ئاوێنە/ ژمارە ٦٠٢، لەبارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە:
"لە دوای ڕاپەڕینیشەوە ، چەپی باشور تێکڕا لەڕووی تیۆرییە وە کۆنزەرڤاتیڤ بووە و پە نابردن بۆ تیۆریستێکی وە ک» مە نسور حیکمە ت « کە پە یوە ندییە کی ئە وتۆی بە واقیعی کوردستانە وە نە بووە ،جۆرێک بووە لە کۆنزە رڤاتیزم؛ چونکە لە ناو مێژوویەکی وەک مێژووی کوردستاندا ناتوانیت کۆمە ڵێکی زۆر لە توێژە جیاجیاکان بە ناوی پۆپۆلیزمە وە بکە یتە دە رێ و پێتوابێت ئە وانە کرێکار نین و دە بێت »بە شداریی سیاسی« یان نە بێت."

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

نییە نوسینەکانی بخوێنێتەوە!! کەچی دەبینی لەولاشەوە بەئیعجابەوە "ژیژەک" و ئالان بادیۆ دەخوێنێتەوە و بۆ قسەکردن لەسەر چەپ لە کوردستان بە دەستەوەی دەگرێ. بەڵام ئایا بۆچونەکانی ئەم ناوانە نزیکترن بە واقعیەتی کۆمەڵگای کوردستان یان مەنسور حکمەت و باوەڕەکانی کە دەخالەتێکی ڕاستەوخۆ و جدی هەبووە هەم لە کوردستانی ئێران و هەم لە عێراقیش؟ ئایا ئەمە هەڵبژاردنێکی سیاسیە، یان کردەیەکی زانستی؟ بەتایبەتی بۆ کەسێک کە لە ئەوەڵەوە بڕیاری دابێت بەبێ بەڵگە و خوێندنەوەی نوسراوەکانی "تیۆریستێک" و ئەو حوکمە دەرکەیت کە "بێ پەیوەندە" بە کۆمەڵگاوە. بە بڕوای من مەسەلەکە ڕۆشنە کە ئەم جۆرە کەسانە نایانەوێ دەست بەرن بۆ تیۆر و نەزەرێکی سیاسی کە پەیوەندی لەگەڵ خەباتێکی واقعی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا هەیە. ئەمانە وەکو ڕۆشنبیرانێک کە عاشقی تیۆرن و ئەو تیۆریانەی کە بە کەڵکی جێگەوڕێگەی خۆیان دێ دەچن بۆی دەگەڕێنەوە دەنا باقیەکەی تر ڕەت دەکەنەوە. بۆیە ئەم جۆرە لە گەڕانەوەیە یان سەرنجدانەوەیە بەهایەکی نییە و ناتوانی لە سیاسەت و کردەی شۆڕشگێرانەدا ڕۆڵێکی هەبێ و لەڕووی تیۆریشەوە ڕۆشناییەک بخاتەسەر ئاسۆ و ئامانجەکانی خەباتی بە کردەوەی چەپ وکۆمۆنیستەکان.

### جەمال موحسین:

زۆر باشە، دەست خۆش خەسرەو گیان. عوسمان گیان وتت کە بە کورتی سەرنجێکت ماوە، فەرموو.

### عوسمان حاجی مارف:

من ئیزافەیەکم هەیە، سەبارەت بەو کەس و لایەنانەی هەر لە کاتی خۆیدا واتە لە دەورانی جەنگی کەنداو و دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا تا ماوەیەکی دواتریش یان هەر لەسەرەتای تەرحەکانی هاورێ مەنسور دەربارەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ ئەو باسانە و ئەو ڕەوتەدا نەهاتن، یا هەر زوو لەگەڵ حزبی عێراق و لەگەڵ بزووتنەوەکەشدا نەهاتن. جا ئەو سەردەمە فەرق ئەکات. ئەوە هەڵبژاردنێکی سیاسی و فکری بوو کە خۆیان جیاکردەوە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و عێراق، کە جیاوازی و بابەتەکانیان مەعلوم بوون و بە ناوی ترەوە دەرکەوتن. کە

ئەوانیش بە بۆچوونی من لەباری واقعی و عەمەلی و سیاسیەوە نەیانتوانی هیچ کارکرد و ڕۆڵێکیان هەبێ و هەتا نەیانتوانی ببنە خەتێک کە لە هاوکێشەی سیاسیدا یان لە هاوکێشەی فیکری و تیۆری وەکو ڕەوتێک وەکو جەمعێک هەتا وەک ڕۆشن فکرێک دەرکەون و نەیان توانی لە ژێر هێژمۆنی و کاریگەری کۆمۆنیزمی کرێکاریدا لە ئاستی کۆمەڵگەدا دەرباز بن، بەجیا لەوەی کە هەرجارە لەباری فکریەوە مەشغەڵەیەکیان بۆ خۆیان دروست دەکرد بەڵام دواتر بە بنبەست دەگەیشتن، وەکو خەسرەو وتی دەگەڕانەوە بۆ ئەوەی بانگەوازی کەسانێکی وەک "ژیژەک" و کێ و کێ بکەن تا بیکەنە ئەڵتەرنەتیفی مەنسور حکمت و کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەڵام لە سوڕانەوەی هەمان بۆشایی ناو بازنە بنبەستەکەیاندا دەمانەوە. بەڵام خودی باسەکەی ئێمە لەسەر ئەو لایەنەیە کە لە دوای نەمانی مەنسور حکمەت و دوای ئەو باس و مەسەلانەی کە سێ قۆڵی ئاماژەمان پێدا وەکو خەسرەویش وتی دێن و دەگەڕێنەوە بۆ ڕەخنە لە ئەزمونەکە، نەک ڕەخنە لە تیۆری و بنەمای ئەو باسە مارکسیانەی کە حکمەت لەسەری بینای کردووە. واتە سەرچاوەی ڕەخنە و پێداچونەوەکانیان لە ئەزمونەوە دەست پێ دەکات، ئەزمونێک کە خۆیان تیا ژیاون و کاریان تیاکردووە و تەمەنێکی زۆر بەرگرییان لێ کردووە. لە باری واقعیەوە ڕاستیەک هەیە کە ئەم ئەزمون و ڕەوتە جارێ نەبوە بە هێزێک لە ئاستی کۆمەڵگە و لە ناو کێشمەکێش و هاوکێشەی سیاسیدا یان لە ئاستێکدا پاشەکشەی کردووە. بۆیە ئەو ئەزمونە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا وەڵامی بە خەیاڵات و کێشە زهنی و بۆچونە فکریەکانی ئەو کەس ولایەنانەی ڕەخنەیان هەیە نەداوتەوە. بە واتایەک خودی ئەو کەسانە هەر لە سەرەتاوە بەشێک نەبوون لەو ئەزمونە بەڵکو کێش بوون و تێوەگلاون. بۆیە ناتوانن لەناو ئەو ئەزمونەدا بەردەوامی بە هەڵسوڕانی سیاسی و کارکردن لە حزبێکی سیاسیدا بدەن، ئەمەش بەو ئاکامەی گەیاندون کە پێداچونەوە بکەن. ئەم جۆرە ئاڕاستەیە بۆخۆی هەر لەسەرەتاوە بن بەست و شکست خواردووە.

دوو خاڵی تر کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم؛ یەکەم ئەوەیە کە خودی قوڵبوونەوە و دەرکەوتنی مەنسور حکمەت لە سەردەمی شۆڕشی ئێران لەو بوارانەدا کە پێشتر ڕەخنەی لە ڕەوت و خەت و مەسەلەکانی پێش خۆی دەگرت، لە شورەوی، لە ماویزم یان تروتسکی بێ، هەر ئەوە نەبوو کە ڕەخنەیە لە دیدگا و بۆچونەکانی ئەو ڕەوت و لایەنانە

بگرێت. بۆ نمونە رەخنە گرتن لە بۆرژوازیە نیشتمانیەکەی ستالین و ماوتسی تونغ، یان بەشێک لە باس و نووسراوەکانی لەبەرامبەر پۆپۆلیزم، یان رەخنە لە سیستمی ئابوری شورەوی و زۆر شتی تر، جگە لە دەوڵەمەندی ئەو ئەدەبیاتە فکری و سیاسیانە، لە هەمان کاتدا ئەوەی کە ئێمە زیاتر ئاشنای بوین و ناسیمان لە سەردەمی خۆیدا واتە لە شۆڕشی ئێراندا و قەبوڵمان کرد و پێوەی پەیوەست بووین، جوڵانەوە و بزووتنەوەیکی بەهێز و بەرفراوان کە هەر ئەو کاتە بە ناوبانگی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەنگی دایەوە. یانی ئێمە کەوتینە ژێرکاریگەری و پەیوەست بوون بە هێزێکەوە کە نازناوەکەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕە، یانی هاوکاتی ئەو ڕەخنانەی کە لە ئاستێکی فیکری سیاسیدا ڕەواجی لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپی ئێراندا پەیدا کردبوو، لەهەمان کاتدا هێزێکی وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە دەیان هەنگاو لە ئاستی کۆمەڵگەدا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کردە ئەمری واقع و ڕاوەستاویەکی سەرسەخت لەبەرامبەر هێز و دەسەڵاتی بۆرجوازیدا، کە لە ناو کۆمەڵگادا بە گشتی جێگای ئومێد و مەوقعیەتیی تایبەتی خۆی هەبوو. یانی مانایەکی واقعی و عەمەلی هەبوو بۆ ئێمە، ئێمەش وەکو چەپەکانی ئەو کاتە چووین پەیوەست بووین بەو حەرەکەتەوە نەک ئەوەی بەدوای کۆمەڵێک باس و کتێبەوەین لە بابەتی "ژێژەک". یانی بزوتنەوەکە لە مەیداندایەو چالاکانە دەور و هێژمونی هەیە و ئێمەی کێش کرد بۆ ناو خۆی و بووینە بەشێکی دانەبڕاو لەو بزووتنەوەیە. بە بۆچوونی من هەر ئەوەشە کە کاریگەری داناوە لەسەرمان، تا لەو سەردەمەدا باسەکانی هاوڕێ مەنسور حکمەت و ئەدبیاتی مارکسیزمی شۆرشگێر بخوێنینەوە. یانی ئێستا ئەو کەسانەی دەیانەوێ پیاچوونەوە بکەن لەو لایەنەوە جێگای سەرنجی جدیە هێشتا باسەکانیان نەنوسیوە یا من هیچ باسێکی وام نەدیوە تا هاو نەزەریان بین و کێشمان بکەن بۆ پێداچونەوە..!؟، بەڵام میتۆدی هاوڕێ مەنسور تەواو جیاواز بوو. باسەکانی هەبوون و هاوکاتێش هەنگاوبەهەنگاو لەباری عەمەلیەوە خێراتر باسەکانی بزوتنەوەکەی دەبردە پێشەوە. ئەم ڕەخنەگەرانەی ئێستا نە ڕەخنە و باسەکانیان دیارە و نە ڕەوتێکی بەرجستە و کاران لەباری عەمەلیەوە، تەنها ڕایانگەیاندووە پیاچوونەوە ئەکەن، کە لە ئێستادا تەنها سەرنجیان هەیە و باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریان قبوڵ نییە، بەڵام ئەوەی چۆنە و چۆن قبوڵیان نییە و چی لەسەر بینا ئەکەن و کارکردی عەمەلیان دەوری چیە و چ شتێکیان هەیە

## سمیناری دووەم

بە غەیری ئەوەی وەکو جەمال وتی کە وەکو لاستیک کشاونەتەوە بۆ دواوە شتێکی تر نین. گەڕانەوەکەیان بە مانای دروستکردنی مەحافیلی بچوک بچوک و پەراوێزکەوتوو و نا پەیوەست بە کۆمەڵگاوە و چوونەتەوە ناو ژوورەکان و بۆ ئەوەی وەڵامی کێشە زەهنیەکانی خۆیان بدەنەوە.

خاڵێکی تر، لە چەند کەسێکم بیستووە دەڵێن کۆمۆنیزمی کرێکاری لە قەیراندایە و لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەیان دەیانەوێ بڕۆن وەڵام بەو قەیرانە بدەنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێش هەمو شتێ، پاشکۆی ووشەی کرێکاری لە کۆمۆنیزم دەکەنەوە، تا جیاوازی خۆیان لەباری فۆرماڵیەوە بناسێنن. بە بۆچوونی من ئەو قەیرانەی کە ئەوان باسی ئەکەن نەزانراوە مەبەستیان لە چییە. ئەگەر مەبەستیان باسی تیۆریە، کە پێم وایە هەر ئەو مەبەستەیان هەیە چونکە هەوڵئەدەن بە باسەکانی هاوڕێ مەنسوردا بچنەوە و تیۆری تر دابتاشن،، بە بڕوای من هەڵەکەیان ئەوەیە کە لە بارەی تیۆریەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە قەیراندا نیە و خاوەنی درێژەدان بە هەمان خەتی ڕۆشن و گونجاون بە مێتودی مارکسیزم و لینینیزم. بەڵام ئەوانەی بڕیارانداوە کە قەیرانێک هەیە و سەرگەردانن بۆ وەڵامدانە و بە قەیرانەی نامەعلومە و بە دوای وەڵامندانەوەن بەو ئەزمەیەی کە لە زهنی خۆیاندایە و نەزانراوە چیە. بە بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری بە مانا تیۆریەکەی، بە مانای خاوەنەکەی و تەرحەکانی، بە مانای وەڵامەکانی بە سەردەمی خۆی و ڕەخنە لەقۆناغەکانی پێشوو لە قەیراندا نییە و خاوەن تیۆری و خەتێکی گونجاوە. بەڵکو سەرگەردانی و نەگەیەشتنی ئەو لایەنانەی بەبێ بوونی تەرحێکی ڕۆشن و ئەنجام گیریەکی گونجاو و باسێکی تیۆری و مەیدانی لە گێژاوێکدان و بە سەرگەردانی بێنەوبەرە دەکەن. هەموو ئەمانەش لەو واقعیەتەتیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم دوایانەدا هاوسەنگی هێزی لە ئاستێکدا نەبووە و نەبووە بە هێز و پاشەکشەی کردووە، کە ئەم پاشەکشەیەش بۆ خۆی باسێکە و دەکرێت وەک ئەزمونێک لێکدانەوەی جدی قسەی لەسەر بکرێت.

ئەوەی ئەزمونەکەی ئێمە جێگای ڕەخنەیە، هەرکات پێداچوونەوە بەوئەزموونەدا بکەین لەوشوێنەوەیە کە لە ئاستی کۆمەڵگە و لەناو هاوکێشەی سیاسیدا وەک هاوسەنگی هێز جێگای قەبوڵی خۆشمان نییە، لە هەڵسوڕانی سیاسیماندا و لە پتەوی حزبیەت و

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

پەیوەندیمان بە کۆمەڵگا و چینی کرێکارەوە لاوازین، جێگای ڕەخنەیە و پێویستە کاری لەسەر بکەین. کۆمۆنیزمی کرێکاری دیاردەیەک نییە پەیوەست بێ بە کوردستانەوە بە تەنیا، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانیە و ڕەوت و مەیلێکە لە خودی خەباتی چینایەتی کرێکاردا بوونی هەیەو مانا پەیدا دەکات و بەهێز دەبێت.

### موحسین کەریم:

من دەخاڵەتێکی کورتم هەیە. هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە خاڵێک کە خەسرەو باسی کرد منیش حەزم کرد لە گۆشەیەکەوە ئاماژەی پێبکەم. بەشێک لە ڕەخنەی بۆرژوازی لە کۆمۆنیزم ئەزمونەکەیەتی و ئامانجەکەشی بۆ شێواندنیەتی. بۆ نمونە باسی ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەکەن و دەیکەن بەمێژووی ستالین، ئەزمونی کۆمۆنیزم ئەکەن بە مێژووی ماویزم و بە کۆریای باکور و بە فلان و فیسار. لەمەوە ئەیانەوێ بڵێن کۆمۆنیزم لەسەر حەق نییە. ئەیانەوێت لەم ئەزمونە شکستخواردووە "خراپ!"ەوە  کە خۆیان وێنای دەکەن و دەرخواردی خەڵکی دەدەن، بڵێن کۆمۆنیزم و دەسەڵاتی کرێکار و هەوڵی بۆ ڕزگاری ئەمانە هەمووی بێسوودن و هچ نین و تەنانەت ئەگەر ئەوەش بکرێ، ئەبێ بە ئیستبداد و سەرکوت و قەتلوعام و خوێنڕشتن! بە بڕوای من بەشێک لە بانگەشەی بۆرژوازی لەبەرامبەر کۆمۆنیزم دا ئەوەیە کە لە شکستێکی ئەزمونی ئەم بزووتنەوەیەوە، کەمپینێکی ڕاگەیاندن و چەواشەکاری و هێرشێکی دەروونی و لەبەرامبەر کۆمۆنیزم و چینی کرێکاردا بەڕێ بخەن. پێموایە ئەمەش بە جۆرێک لەبەرامبەر بە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بەکاردێت.

لە کوردستاندا حەملەیەکی بەوجۆرە لە دژی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرێخرا لە ساڵانی نەوەدەکاندا، کە بەبڕوای من ئەو حەملە و هێرشانەی ئێستا بۆسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری بەجۆرێک درێژکراوەی هەمان ئەو حەملەیەیە! لە ٩٠ کاندا سەرباری ڕەخنەمان لە خودی کارکردی حزب و کەمتوانایی لە تەبدیلبوونی بە هێزێکی سیاسی کۆمەڵایەتی کاریگەر، بەڵام ئەم ڕەوتە بەو جوڵانەوە حزبیە سیاسیەی کە هەیبوو شەڕی لەگەڵ بزووتنەوەکانی بۆرژوازیدا ئەکرد، شەڕی لەگەڵ ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسیدا ئەکرد، لەگەڵ دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی لە کوردستاندا. لەم شەڕەدا حزب نەیتوانی ئەوان

بەشکست بکێشێ، بەڵام چووە ناو شەڕێکەوە و کێشمەکێشی لەگەڵ کردن، لەسەر زۆربەی مەسەلەکانی کۆمەڵگا یەخەی گرتن، لەسەر کرێکار، دەستفرۆش، زەحمەتکێش، منداڵ، ژن و ژنکوشتن، لەسەر مافی لاوان و بێکاری و خانەنشینان و ئاوارەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری و سوتەمەنی و... تاد. یەخەی گرتن! کۆمەڵگاش بەمە حەساس بوو. بۆ نمونە کێشمەکێشی حزب لەگەڵ ئیسلامیەکان لەسەر مەسەلەی ژنان و مەدەنیەتی کۆمەڵگا، ململانێ لەگەڵ یەکێتی و پارتی و لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا لەسەر پرس و مەسەلەکانی پەیوەست بە ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی خەڵکەوە، تا ئەو رادەیەی جەلال تاڵەبانی خۆی دژی مەنسوری حکمەت قسە بکات، تا ئەو رادەیەی یەکێتی و پارتی پەلاماری ئێمە بدەن و لێمان بدەن، لەگەڵمان دابنیشن و ئیتفاقمان لەگەڵ بکەن و سەرەنجام یەکێتی بە هێزی میلیشایکانی هێرش بکاتە سەر حزب و بنکە و بارەگاکانی دابخات! ئەمانە نیشانەی ئەوە بوو کە ئەم بزووتنەوەیە بەهێز بوو و شەڕی هێزەکانی بۆرژوازی ئەکرد. بەڵام ئێستا کەسانێک هەن کە ئەم زەربەیە دەکەن بە شکستی ئەزمونێکی ئێمە و کۆمۆنیزمی کرێکاری! وا بانگەشە دەکەن کە ئەزمونی کۆمۆنیزمی کرێکاری شکستی خواردو تەواوبوو! ئەمە بەبڕوای من شەڕێکی دەروونیە لەدژی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزب.

ئەگەر کورتی بکەمەوە، مەسەلەکە بەوجۆرەیە کە( بێجگە لە ڕەخنەیەک کە لە خودی خۆمان و حزبمان هەمانە) و بێجگە لەوەی کە مەنسور حکمەت کە خۆی خاوەنی بزووتنەوەکە بوو، وە بە نەمانی ئەو بزووتنەوەکە تووشی کێشە بوو، وەکو چۆن بەلشەڤیەکان تووش بوون، دەبێ راستیەکی دیکەش ببینین کە ئەویش بە بڕوای من ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ٩٠ کاندا شەڕێکی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا کرد، ئێستا بە جۆرێک ناسیۆنالیزمیش ئەیەوێ تۆڵەی لێ بکاتەوە. بەشێکی زۆری ئەو ڕەوتانەی کە بەناوی چەپەوە قسە ئەکەن، بەشێوەی جۆراوجۆر سەریان دەچێتەوە سەر ناسیۆنالیزمی کوردو بانگەشەکانیان دژی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەنگدانەوەی ئەو حەملە نەفسیەی ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسیە دژی کۆمۆنیزمی کرێکاری!

### جەمال موحسین:

باشە، بەڵام ئەوە ئەبێ بە باسێکی تر کە ئەکرێ کاتێکی تر بێینە سەر هەڵسەنگاندنی

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ئەوانەی کە لەژێر ناوی چەپدا ئەیکەن. بۆ ئەوەی زۆر لە تەوەرەکەی خۆمان دوور نەکەوینەوە.

### موحسین کەریم:

نا دوور ناکەوینەوە، بەس با من دەربڕینەکەم تەواو بکەم و نوقسان نەبێ. کە ئەڵێم ئەمە جۆرێک لە تۆڵەکردنەوەی ناسیۆنالیزمە ئێستا کە ئەم بزووتنەوەیە لاواز بووە، بۆرژوازی، ناسیۆنالیزمی کورد ئەیەوێ دوا تیری خۆی بهاوێت. ئێستا ڕەوتێک بەناوی چەپەوە، چ ئەوانەی کە لە ئێمە جیابوونەتەوە و وازیان هێناوە و چ ئەوانەی کە تازە سەریان هەڵداوە و خۆیان لەپاڵ قوتابخانەی فرانکفۆرت و ژیژەک و ئەوانەدا پێناسە دەکەن، یان ئیلهام لە ماویزم و پاشماوەکانی کۆمۆنیزمی جهیان سێهەمی کۆنەوە وەردەگرنەوە، ئەگەر سەیری چوارچێوە فیکری و سیاسیەکەیان بکەی ناسیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمی چەپە! بۆ نمونە ئەوەی کە خۆی دەباتەوە بۆ سەر مەکتەبی فرانکفۆرتی، لە بنەڕەتدا هەموو بونیاتی فکری_کۆمەڵایەتی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی تورهەڵداوە کە مەسەلەی ململانێی چینایەتی کرێکارو بۆرژوازیە، کە حزبی پێشڕەوی چینی کرێکارە و دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی کرێکاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە. ئەم ڕەوتە، هەروەک خەسرەویش وتی، بەبێ ئەوەی کە ڕەخنەیەک لە مەنسور حکمەت بگرێ، لەم ئەزمونەی بگرێ، هەتا ڕەخنە لە دە ساڵی هەڵسوڕانی سیاسی و شەڕی ئەم بزووتنەوەیە دژی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی بگرێ، زۆر ئاسایی  مێژووی کۆمۆنیزم لە ٧٠ کانەوە ئەگەیەنێتە ٢٠١٨، واتە چاو لەو دەیان ساڵەی مێژووی سیاسی و خەباتی چینایەتی و شەڕی کۆمۆنیزم و بۆرژوازی و بەتایبەتی شەڕی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ بۆرژوازی کورد دەپۆشێت! بەبڕوای من ئەمە بەجۆرێک ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە ئەمڕۆ بە ناوی چەپەوە خۆی دەرئەخات و نایەوێت ئەم مێژووەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ببینرێ. ئێمە ئەبێ ئەمەش دیاری بکەین. بێجگە لە لاوازی و کەموکوڕیەکانی خۆمان، هێرشێک هەیە لەسەر ئەم بزووتنەوەیە کە ١٠ ساڵ شەڕی لەگەڵ ناسیۆنالیزم کردووە، ئەمە هێرشێکی فیکری و سیاسی و چینایەتیە بە حوکمی ئەو ئاڵوگۆڕە تازانەی لە کوردستاندا دەستی پێکردووە. من ووتم دەورانێک ئاڵوگۆڕی سیاسی کوردستان فەزای لەبەردەم بزوتنەوەکەی ئێمەدا تەنگ کردەوە، بەڵام ئێستا بارودۆخی

## سمیناری دووەم

کوردستان و ئاڵوگۆڕێک کە بەسەریدا هاتووە، جۆرێک لە چوونەدواوەی ناسیۆنالیزم و ناڕەزایەتی خەڵک و گەڕان بە شوێن بەدیلدا، ئەمانە جارێکی تر دەرفەتەکانی بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری کردۆتەوە کە نەخشی خۆی وەکو هێزێکی سیاسی کۆمۆنیست لەئاستی کۆمەڵگای کوردستاندا بگێڕێ! بەبڕوای من ئەم حەملە و هێرشەش بۆسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری هاوکاتە لەگەڵ ئەوەدا!

## جەمال موحسین:

باشە دەستت خۆش بێ. ئێمە بەشی یەکەمی ئەم تەوەرەمان پۆشی. پێویستە ئێستا بچینە سەر بەشی دووەم کە باسێکی زۆر گرنگە. لە قسەکانی پێشتردا باسی ڕەخنە و پێداچوونەوەمان کرد، بەڵام بەشێ زۆری ئەوانە نەکراونەتە بەحسی سەرەکی و تیۆری و نووسراوە. باسێک کە لە سەردەمی مەنسور حیکمەتیشدا قسە و مشتومڕی لەسەر بوو، حزب و دەسەڵاتی سیاسییە، کە زۆر مەسەلەی فیکری و تیۆری بە دوای خۆیدا هێنا، کە زۆر کەس بە لادان لە مەسەلە مارکسیەکان و ئەوەی لینین بۆ دەسەڵات دەیڕوانی ئەیبینن. هەندێک لەوانەی ساڵانێک لە پاڵ مەنسوڕ حیکمەت بوون جیابوونەوە لەبەر ئەوەی پێیان وابوو، کە دەبێت پڕۆلیتاریا دەسەڵات بگرێت، نەک حزب.

حزب و دەسەڵاتی سیاسی مشتومڕە گەورەکەی بەدوای خۆیدا هێنا و مەنسور حکمەت لەو بارەوە گەلێک کاری کردووە، بۆیە ئێمە لەم بەشەدا فۆکەس دەخەینە سەری. ئەگەر سەرەتا لەو بارەوە پێشەکیەک بدەم تا ڕۆشن بێت. ئەم بابەتە بە ناچاری دەمانگەێنیت بە هەندێک مەسەلە، کە لقیان لێ دەبێتەوە، کە بریتین لە حزب، پەیوەندی حزب و چین، سێهەمیان ئایا دەسەڵاتی چینە یان دەسەڵاتی حزب؟ بۆ ئەوەی ئەم بابەتانە بپۆشین، بە سێ پرسیار دەیانخەمە ڕوو: هاوڕێ خەسرەو لە تۆوە دەست پێدەکەم، لە مەسەلەی حزبەوە. حزب کاتێک سەر بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش، جەرایەنی ناو چینی کرێکار، هەمان دیاردەی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە با لە ڕوانگەی مەنسوڕ حیکمەتەوە تەماشای بکەین، ئەو پێداگیری لە چ جۆرە حزب و تەحەزوبێکی کۆمۆنیستی دەکرد؟ واتە حزبی کۆمۆنیست چییە و لە ڕوانگەی ئەوەوە بە شوێن چ جۆرێک لە حزبەوە بووە لە سەرەتاکانی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە، کاتێک لە ژیاندا بووە، بۆ

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ئەم باسە با لێرەوە دەست پێ دەکەین و هاوڕێ خەسرەو تۆ پێت وایە لە ڕوانگەی مەنسوڕ حیکمەتەوە چۆن دەست بۆ پێکهاتەکانی ئەم چینە براوە؟

### خەسرەو سایە:

سەرەتا من پێم وایە تەحەزوبی کۆمۆنیستی و حزبی کۆمۆنیست لە دیدی مەنسور حکمەتدا لێرەوە دەست پێدەکات: کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم مەیلێکی زیندوو و واقعی ناو چینی کرێکار و کۆمەڵگایە، حزبی کۆمۆنیست تەجەسوم و دەرکەوتەی ڕێکخراوەیی ئەم مەیلەیە چ لە دەروونی چینی کرێکاردا و چ لە ئاست کۆمەڵگادا. مەیلێک واوەتر لەهەر ڕەوتێکی کرێکاری، خەبات دەکات بۆ ئەوەی چینی کرێکار بە دەسەڵات بگەیەنێ و لێرەشەوە موڵکداریێتی تایبەتی و کاری بەکرێ هەڵوەشێنێتەوە و کۆمەڵگا بەرەو ئازادی و یەکسانی واقعی ئینسانەکان بەرێ. وە هەر ئەمەش بنامەی پەیوەندی نێوان حزب و چین دادەمەزرێنێ. بەڵام باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسی شتێکی تر نییە جگەلە "سازماندهی"، یانی خەباتی حزبێکی کۆمۆنیستی بۆ سازدانی کۆمەڵایەتی هێز و ڕێکخستنی چینی کرێکار چ لە ئاستی جوڵانەوەی کرێکاریدا و چ لە ئاستی کۆمەڵگادا، کە ستراتیژی شۆڕشی کرێکاریی بە دەستەوە گرتووە. بەم جۆرەش باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسی شتێکی جیاوازتر لەمە نییە. هەر لێرەشەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حکمەت لە سوننەت و شێوە حزبییەکانی تر جیاوازە و حزب وەک فاکتۆرێکی بڕیاردەر و میحوەریی لە پەیوەند بە دەسەڵاتی سیاسییەوە دێنێتە ئاراوە. کەوایە لە نەزەری مەنسور حکمەتەوە ئەم حزبە چییە؟

مەنسور حکمەت لە پێشدا حزبی کۆمۆنیست وەک هەویەتێک لەبەرچاو دەگرێ کە ڕەبتی نییە بەوەی ئەو حزبە لە چ هەلومەرجێکدایە. واتە ئەگەر ئەو حزبە بچووک بێت یان گەورە، نفوزی لە نێو کرێکاردا هەبێت یان نا، ئەگەر لە ئۆرگانەکانیدا کەمترین کرێکار هەبێت یان زۆرترین کارگەری لە نێو ڕیزەکانیدا ڕێکخستبێت، بەلای ئەوەوە یەک هەویەتی هەیە کە نەگۆڕە. تەنانەت لە هەموو دەورەیەکدا، ئەگەر ئەو حزبە لە قودرەتی سایسیدا بێت یان نا، لە پەرلەمان بیت یان لە ئۆپۆزیسیۆندا بێت، تەنها یەک هەویەتی هەیە، ئەویش: تەجەسومی سوننەتێکی خەباتکارانەی گرایشی سۆسیالیستی کرێکاریە، سونەتێک کە خەباتی کرێکاران

## سمیناری دووەم

واوەتره له خەباتێک دەبینێ کە لە چورچێوەی داخوازیەکانی ڕۆژانەی چینی کرێکار بۆ باشبوونی گوزەرانی لە ڕێگەدایە. هەروەها ڕیشەی دەرد و مەئەساتەکانی سەرکۆمەڵگا بە موناسەباتی سەرمایەداری دەبینێت و ڕزگاری مرۆڤ و کرێکار سەرئەنجام هەموو کۆمەڵگا لە ڕزگاری چینی کرێکار لە نیزامی سەرمایەداری و هەولوەشاندنەوەی ئەو نیزامەدا دەبینێ و تێدەکۆشی لە جێگەشیدا نیزامی سۆسیالسیتی و هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە بەدیبهێنێ. ئەم خەباتە بەر لەهەر شتێک و لە یەکەمین هەنگاودا ئاراستەیە بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی. واتە یەکەم ئەرکێک کە حزبی کۆمۆنیستی بۆخۆی داناوە، ئەوەیە کە دەبێ دەسەڵات بگرێتە دەست. بۆ ئەمەش هێزی کۆمەڵگا و کرێکارانی بۆ هەڵخرێنێت، وە لێرەشەوە چینی کرێکار بە دەسەڵات بگات و ئەرکە ئابورییەکانی خۆی وەک ئەوەی مارکس دەڵێ سەرئەنجام کرێکار خۆی خۆی ڕزگاردەکات و کۆمەڵگاش ڕزگار دەکات، بەدی بهێنێت. ئەمە ماهیەتی ئەحزابی کۆمۆنیستییە. لەمەدا بەوە دەگەین کە حزبی کۆمۆنیستی درێژکراوەی ڕەوتی سروشتی وخۆڕسکی بزووتنەوەی کرێکاریی نییە. بەو مانایەی، کە بۆ نمونە لینین دەڵێت خەباتی مەتڵەبی کرێکاری لەخۆیدا لە ترێدیۆنێنیزمدا سەر دەردەهێنێت. کەوایە حزبی کۆمۆنیست درێژرکراوەی خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ داخوازیەکانیان نییە، ئەگەر چی ئەمە بەشێکە و دەبێت بەدەستەوە بگیرێت و کاری تێدا بکرێت. کۆمۆنیزم بەقەولی مارکس "شۆڕشگێڕکردنی واقعیەتی مەوجودە" یانی بەرئەنجامی خەباتێکی هوشیاری چینایەتی کارگەرە لە بەرانبەر نەزم و نیزامی سەرمایەداریدا، نەک لە درێژەی خەباتی کارگەر لەدژی هەلومەرجی کارەکەی. هەرئەمەش جیاوازی نێوان ئەحزابی کرێکاری و حزبە کۆمۆنیستیەکان دیاری دەکات.

### جەمال موحسین:

مەبەستت لەوە نییە کە ئەو شێوازە لە حزب کە هەویەتە بۆ مەنسور حکمەت و گەڕاندنەوەیە بۆ مانیفێستی کۆمۆنیست و مارکس و ئەنگلس تەکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە جیاوازی ئەحزابی کۆمۆنیستی لەگەڵ باقی ئەحزابەکانی تری ناو چینی کرێکاردا چییە. تۆ پێت وایە؟ مەبەستم ئەوەیە کە ئەم خاڵە برێک زیاتر ڕۆشن بکەیتەوە، کە چۆن شوناسییە و بەتایبەتی کە ئەمە گەڕاندنەوەیە بۆ ئەو بەندەی مانیفێست.

# ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## خەسرەو سایە:

بەڵێ... هەروەک باسمکرد حزبی کۆمۆنیست یەک هەویەتی هەیە کە بوون ونەبوونی بەوەوە بەستراوە ولە تەواوی هەلومەرجەکاندا هەڵگریەتی. دیارە ئەم هەویەتە لە هەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیدا شکڵ و پێکهاتە و تەنانەت سازمانی حزبیەکەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو بەخۆیەوە دەگرێ. بەڵام حزبی کۆمۆنیست بەو شێوەیە نییە، کە لە پێشدا ئەحزابی کرێکارییە و لە ڕەوتی خەبات بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکریکاریەکاندا دروست بوویێت و دواتر دەبێت بە حزبی کۆمۆنیست.

لە سەردەمی مارکسدا حزبی کۆمۆنیست لەژێر کاریگەری و قورسایی جووڵانەوەی کرێکاریدا ناکەوێتە بەرانبەر ئەحزابی کرێکاریەوە، واتە ئەحزابێک کە پێکهاتەکەیان کرێکاریە، بەڵام ئاسۆ و بەرنامەیان کۆمۆنیستی نییە. بە پێچەوانەوە حزبی کۆمۆنیست خۆی بە بە شێک لە ئەحزابی کرێکاری دادەنێ. ئەمە بۆ وایە؟ لەو دەورەیەدا کە سەرمایەداری تازە خۆی داسەپاندووە و سەقامگیر بووە، نیزامی مەعمەلی و مانیفاکتۆرە و پیشەسازی دانیشتوانێکی زۆری بۆ نێو کاری بەکرێ ڕاکێشاوە و ملیۆنەها ئینسانی کارگەری لە کارخانە و گەڕەکە کرێکاریەکاندا کۆکردۆتەوە، بە پێویست جووڵانەوەیەکی کرێکاری بەوجود هێناوە کە دەیەوێت لەبەرامبەر هەلومەرجی ژیان و کارێکی نالەباردا، ڕاوەستێ و ڕیفۆرمێک بەدی بهێنی. ئەم واقعیەتە کە بە دوای ئاڵوگۆڕێک لە دانیشتواندا کە لە وڵاتانی ئەوروپادا، بە هۆی داماڵینی موڵکیەتەوە لە لادێکاندا پێکهات و بووە مایەی کۆبوونەوە و تەمەرکوزێکی زۆری هێزی کار، جووڵانەوەی کرێکاری، بەتایبەتی لە سەردەمی مانیفاکتۆر و دوای بەکاربردنی ئامێری بوخاری لەبواری بەرهەمهێناندا، جووڵانەوەی کرێکاری دەبێتە یەک واقعیەت، کە ستراتیژی کۆمۆنیستی مارکس لەسەری رادەوەستێ. ئینتەرناسیۆنالی یەکەم کە بە دەستپێشخەری کۆمۆنیستەکان و لەسەر بنەمای مانیفێست دامەزراوە، هەموو ئەحزابە کرێکارییەکانیشی لەخۆ گرتووە. حزبی کۆمۆنیست نەکەوتۆتە ڕەقیبەوە لەگەڵ ئەمانەدا. بەڵام بۆ نمونە لە شەرایەتی ئیستادا، کە لەژێر سایەی دەوڵەتێکدا کە سەرکوت و ئیستبداد هەیە، جووڵانەوەی کرێکاریی سەرکوتە یان هێشتا لە مەیداندا نییە بەو جۆرەی کە لەسەردەمی مارکس دا بوویەتی. بۆ نمونە لە کوردستانی

عێراقدا، کە هەژموونی ناسیۆنالیزم زۆر بەهێزە و کۆمەڵگا لە گێژاوێکی سیاسی و جەنگ و نائارامیدا قەراری گرتووە و لێرەشەوە چینی کریکار زۆر کەم تەحەروک و جووڵەی هەیە. تەنانەت لە ڕووی کارکردەکانی سەرمایە و پەرەسەندنی پیشەسازیشەوە زەعیفە و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە ناکرێ لەگەڵ سەردەمی مارکس و دەوڵەتانی ئەوروپادا بەراوردی بکەین. هەر بۆیە ئەم چینە لە خەباتی چینایەتیدا، کە ڕاستەوخۆ لە دژی بۆرژوازی و سەرمایە خۆی بنوێنێ زەعیفە و گەلێک مەسائیلی تر کە دەبوایە بۆرژوازی چارەسەری بکردایە، کەچی ئێستا یەخەی بەکرێکار گرتووە و وەک کێشە و مەسائیلی سیاسی هاتۆتە پێش بابەتە کرێکاریەکانەوە، لەوانە مەسەلەی قەومی، ژنان، ئیسلامی سیاسی وسکولاریزم و.... ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەدۆخی ئیستای وەک کوردستاندا، نەک تەنها ئەحزابی کرێکاری غەیرە کۆمۆنیستی لە ئارادا نییە، بەڵکو کریکارانی کوردستان وەک چینێک تازە و کەم تەجروبەن لە خەباتی خۆیاندا. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەردەمی مارکسدا وا نەبووە. لاسالیەکان وەک لایەنی کرێکاری هەبوون، تەنانەت بەر لە سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم لە ئەوروپا جووڵانەوەی بابۆفیەکان، ولایەنگرانی کابێ، سانسیمۆن، فۆریە و جووڵانەوەی چارتیستەکان لە بەریتانیا لەئارادابوون، ئەمانە سەر بەکۆمۆنیزمی مارکس نەبوون، بەڵام واقعەن جووڵانەوەی کرێکاریی بوون وکاریگەریان لەسەر چۆنیەتی پێکهات و روخساری دەرکەوتنی کۆمۆنیزم لەقاڵبە ڕیکخراوەییەکەیدا هەبووە.

ئاشکرایە کە نە پێکهاتی چینی کرێکار و نە جووڵانەوەکەی لە ئێستادا، بە تایبەتیش لەوڵاتانێکی وەک ئێران و عێراقدا وەک سەردەمی مارکس نییە، هەربۆیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەهەویەتی خۆیەوە لە دەورانی پێکهاتن و دواتریش گەشە و پەیداکردنی نفوز لەنێو کریکاراندا و سەرەنجام لە قۆناغی چوون بەرەو دەسەڵاتی سیاسیدا، لە هەریەک لەم قۆناغانەدا دەرکەوتە و ڕوخسار و خۆنواندنی جیاوازی هەیە، بەڵام لە هەموو دەورانەکاندا یەک جەوهەر و ماهیەتی هەیە ئەویش ئەوەیە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕێکخراوبونی سیاسی مەیل و ڕەگەیەکی سۆسیالیستیە کەلە ناو چینی کرێکار و کۆمەڵگادا وجودی هەیە، ڕێکخراوبوونیکی سیاسی کە لەسەر ئامانج و نەریتە کۆمۆنیستیەکان ڕاوەستاوە و بەردەوام خەبات دەکات بۆ برەو پێدان و پەرەسەندنیان. هەروەها تێدەکۆشێت خەباتی کۆمۆنیستی بەدەوری ئەو ئامانج و نەریتانە ڕیکخراو بکا و پتەو

رایانبگرێ. بەم جۆرە حزبی کۆمۆنیست سونەتێکی دیاریکراو و شێوەیەک لە شێوەکانی پراتیک و ڕابەرایەتی کردن و خاوەن کەسایەتی خۆیەتی، چ لە ئاستی کۆمەڵگا و چ لە نیو چینی کرێکاردا. ئەمە دەتوانیت بنەما و هەویەتی جێگیری حزبی کۆمۆنیست بێت. بەڵام لە قۆناغێکدا، و لە هەر وڵاتێکدا لەژێر کاریگەری کۆمەڵە فاکتۆرێکدا کە چینی کرێکار و جووڵانەوەکەی تیا قەراری گرتووە ئەم حزبە پێکهات و شێوەی دەرکەوتنی جیاواز دەبێ. بۆ نمونە لەقۆناغیکدا کە سەرکوت و ئیستبداد توندە، وەیا جەنگ و سیناریۆی ڕەش داسەپاوە و بەم هۆیەوە چینی کرێکار و جووڵانەوەکەی زەعیف و پەرشوبڵاوە، وەیا لەسەردەمێکدا کە خەباتی چینایەتی زەعیفە و هێشتا لەنێوان کارگەر و بۆرژوازیدا سەنگەربەندی فراوان و ئاشکرای بەخۆیەوە نەگرتووە، بە پێویست لەم جۆرە قۆناغانەدا نفوزی حزبی کۆمۆنیست لاوازە لەنێو کرێکاراندا و ڕەنگە کەمایەتیەکی یەکجار کەم لەڕیزەکانیدا ڕێکخراوببوبن. بەپێچەوانەشەوە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان و جووڵانەوەی کرێکاریدا، وەیا لە دەورانی شۆڕشگێرانە و لە دۆخێکدا کە حزبی کۆمۆنیست دەخاڵەتی سیاسی کارای هەیە، بە پێویست حزبی کۆمۆنیست نفوزێکی زیاتر بەدەست دێنێ لەنیوکرێکاراندا.

مەنسور حکمەت بە دروست لە ڕێگای ناسینەوەی ماهیەتی حزبی کۆمۆنیست و بنەما کۆمەڵایەتیەکەی و جیاکردنەوەی لە شکڵی دەرکەوتیدا، داهێنانی کردوە و تەنانەت ئەو تێزی لینین لەسەر حزبی کۆمۆنیست کە بە "ڕێکخراوی حیرفەیی شۆڕشگێڕان" ناسراوە بردە ئاستێکی تر.

ڕیکخراوکردنی ڕەوتی سۆشیالیستی، کە هەڵگری ئامانج و نەریتە کۆمۆنیستیەکانە، هەمان ئەو ڕێکخراوە حرفەیی و شۆڕشگێرانەیەیە کە لینین باسی دەکات. ڕەوتێکی سۆشیالیستی کە هەمیشە ئەقەلیەتێکە لەناوچینی کرێکاردا، بەڵام هەموو مەسەلە و مەشغەڵەیان ئەوەیە کە چۆن چینی کرێکار بێنێتە مەیدانی خەباتی سیاسیەوە و چۆن بۆ شەڕ لەگەڵ سەرمایەداری و حکومەتەکەی و سەرەنجام بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی ڕێکخراو و ڕێنمایی بکات، بەرادەیەک کەئەم حزبە بتوانێ بچووکترین ناڕەزایەتی و خەباتی کرێکاری وستمەلێکراوان بۆ ئاستی خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دژی دەسەڵات لەیەک هەڵپێکێت. هەروەک چۆن لەسونەتی لینینیدا، لە بەرانبەر ئیکۆنۆمیستەکاندا پێداگری لەو تێزە

کرد کە حزبی کۆمۆنیستی درێژکراوەی بزووتنەوەی داخوازیە ئابوریەکانی کرێکاران نییە و تەنانەت لە باشترین حاڵەت و پەرەی ئەم جۆرە خەباتەدا، دەتوانێ هەر بە سیاسەتێکی تریدیۆنیۆنیستی وسەندیکالستی بگات. دروست مەنسور حکمەت ڕای گەیاند کە نە کرێکار سنف / پێشەوەرە و نە حزبی کۆمۆنیست بەرئەنجامی خەباتی سنفیە. کرێکار چینێکی کۆمەڵایەتیە و وەک تاکیش هاوڵاتییەکە کە نەقدی بە سەرتاپای کۆمەڵگای ئێستا هەیە. بەم پێیەش خۆی بە پەیوەندیدار بەرامبەر هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵگا دەزانێ وهەموویان بە ژیان و داهاتویی ئەم چینەوە پەیوەستەگیان هەیە. مەسەلەی ژن، ئازادییە سیاسییەکان، جوتیار، ژیان و گوزەرانی هەموو بەشی چەوساوەی کۆمەڵگا، تادەگات بەقەوانین وسیستەمی دەسەڵاتدارێتی.. هەموو ئەمانەش بۆ کرێکار مەسەلەیە و بەخەباتەکەیەوە پەیوەستە. کرێکار ناتوانێت سەرلەبەری خۆی بنێ و تەنها بۆ باشکردنی ژیانی خۆی چاو لە کۆمەڵە خواستێکی ئابوری ببڕێ وئیتر بێموبالات بێت بەرانبەر بە کۆمەڵگا. ئاخر خۆ لە نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا دیوار و بەربەستی جیاکراوە نییە تا هەریەکەیان خۆی لەخۆیدا قەتیس بکا. هەربۆیە چینی کرێکار بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات، دەبیت کۆمەڵگاکەش ڕزگار بکات. ئەم سونەتەیە، کە لە نێو کۆمۆنیزمی کرێکار و بۆچوونەکانی مەنسور حیکمەتدا کراوەتە بنەما وجەوهەر. ئەگەر ئێوە تەماشای بەحسێک بکەن بە ناوی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە گرەوی چیدایە ڕەخنە لەهەمان ئەو ڕەوتە ئیکۆنۆمیزمە دەگرێت کە لە ڕووسیادا باو باو. وە دوای چەندین ساڵ لە شۆڕشی ئێراندا و لەبەرامبەر پرۆسەی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستدا، خۆی بەرهەم هێناوەتەوە، ڕەوتێک کە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست بەچەمکی "پەیوەند" و چەندایەتی کرێکاران لەنێو حزبدا، یانی بەڕواڵەتی دەرکەوتنی حزبەوە دەبەستێتەوە. ئەم ڕەوتە ئیکۆنۆمیستیە لەسەرێکەوە ماهیەتی حزبی کۆمۆنیست وەک ئەوەی ئامانج وسونەتێکی سیاسی و پراتیکی خەباتکارانەی جیاوازە کە لە مانیفێستەوە خۆی ناساندووە، ڕەت دەکاتەوە و دواتریش ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کەئەم ئامانج و سونتە خەباتکارانەیەی کۆمۆنیزم خۆی مەیلێکە لە نێو چینی کرێکاردا، جا بە هەر بۆچوون وەیان خەتێکی کاڵ و سەرەتاییەوە بێت، بەڵام مەوجودە و هەیە. بابەتەکە ئەوەیە کە چۆن بکرێ ئەم مەیلە ڕیکخراو بکرێ ولە چوارچێوەی سوننەتێکی سیاسی و حزبیدا بەرەو خەباتێکی کۆمەڵایەتی، کۆمۆنیزمێکی کۆمەڵایەتی بهێنرێتە دەرەوە.

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

### جەمال موحسین:

لێرەدا خاڵێک دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین، بەجیا لە شوناسێک کە باست کرد کە حزبی کۆمۆنیست پێویستە هەیبێت. بەڵام مەنسور حیکمەت لە باسە سەرەتاییەکانی پێش پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشەوە زەرورەتی تەحەزوبی کۆمۆنیستی باس لێوە دەکات، دواتریش کە دەزانێت ئەو حزبە نەبووە بەو حزبە کۆمۆنیستییەی کە کاریگەری دروست دەکات، هەمیشە لە باسەکانیدا شتێکی پایەیی هەیە، کە ئەویش ئەوەیە حزبی کۆمۆنیستی دەبیت حزبی ڕابەرانی کارگەران بێت، حزبی ڕابەرانی سۆسیالسیتی کارگەران بیت. تەنانەت ئۆرگان و کۆمیتەکانی، ئەوانە دەبێت لە دەستی کرێکارانێکی پێشڕەودا بن. ئایا ئەو قسەیەی کە تۆ کردت لەگەڵ ئەمەدا چەند دێتەوە؟ پێم وایە ڕۆشنکردنەوەیەکی زیاتری دەوێت. ئایا ئەو قسەیەی تۆ ناکاتە ئەوەی، کە وێڕای ئەوەی مەنسور حیکمەت پێداگیری لەم مەسەلەیە دەکات، حزبی نوخبە دروست بکرێت؟ پێم خۆش بوو لەم بارەوە ڕوونکردنەوەیەک بدەیت، تا ڕۆشن تر ببێتەوە.

### خەسرەو سایە:

نەخێر. بابەتەکە بەو جۆرە نییە کە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی بۆدەکەن. سەرەتا با ئەوە بڵێم کە حزبی کۆمۆنیست حزبی "نوخبەکان" و شەخسیەتە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانیشە و ئەمانەش کە خۆیان بە بەشێک لە چینی کرێکار دەزانن و هەڵگری ئامانجە کۆمۆنیستیەکانن دەتوانن ئەندامی حزب بن، بەڵام حزبی نوخبەکان شتێکی ترە و لە بنەماوە جیاوازی لەگەڵ حزبی کۆمۆنستیدا هەیە. حزبی نوخبەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و بەدەر لە بنەمایەکی واقعەن مەوجودی نێو چینی کرێکار ماتریالەکانی خۆی کۆدەکاتەوە و دروست دەبێ. لەکاتێکدا، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، حزبی کۆمۆنیست ڕێکخراوکردنی مەیلی کۆمۆنیستی نێو چینی کرێکارە کە مەوجەدیەتێکی واقعیە و پێشتر و بەر لە هەبوونی فکر و ئایدیۆلۆژیا، ئامادەگی هەیە.

تائەو جێگەیەی بە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری دەگەڕێتەوە، بەدڵنیایەوە دەبێ و پێویستە ئەم پیکهاتوانە بەهەر ئاستێک بێت لە بەدەنەی حزبی کۆمۆنیستدا وجودیان هەبێ و وەک خۆت دەڵێیت کۆمیتە و ئۆرگانەکانی حزبیان بەدەستەوە بێت. بەواتایەکی تر حزبی

## سمیناری دووەم

کۆمۆنیست دەبێ حزبی رابەران و هەڵسوراوانی کرێکاری بێت وئەوان لەڕیزەکانی خۆیدا ڕێکخراوبکات. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە وجودی ئەم پێکهاتوانە بە چ ڕێژەیەک و چەندە "چەندایەتیان" دەکرێ بە مەرج بۆ ئەوەی بڵێین ئەم حزبە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریە. بەبروای من ئەگەر ئەم باسە ڕۆشن نەکرێتەوە ڕەنگە سەر لە بۆچونی "کارگەرگەرایی" وتێزی "پەیوەند بەچینی کرێکارانەوە" وەک مەرج و بنەمایەک بۆ بوونی حزبی کۆمۆنیست دەربهێنێ. بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم باسە سەرەتا دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان نفوزی حزب لەنێو کرێکاراندا، لەگەڵ هەبوونی چەندایەتی و ڕێژەی ئێندامانی کرێکار لەڕیزەکانی حزبدا. بۆ نمونە حزبێکی کۆمۆنیستی دەکرێ بەهۆی دیفاعکردن لەئامانج و خواستەکانی کرێکاران و بەهۆی ڕاوەستاویی و دەستبردن بۆ کۆمەڵێک سیاسەت و تاکتیکی شۆڕشگێڕانەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتی سەرمایەداران نفوزێکی بەرین لەنێو کرێکاران و کۆمەڵگادا پەیدابکا و بەم ئێعتبارەش حزبی چینایەتی کرێکار بێت، بەبێ ئەوەی کە هێشتا ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاران بەرەو حزب هاتبن و بوبێتنە ئەندام لەڕیزەکانیدا. نمونەی حزبی بەلشەڤیک کە لە سەرەتایی سەرهەڵدانی قەیرانی شۆڕشگێرانەدا لەساڵی ١٩١٧ دا دەبینین هەم لەشوراکاندا نفوزی کەمە لەچاو حزبەکانی تردا و هەم ڕێژەیەکی کەم لە کرێکاران (بەمانای رابەران و پێشرەوانی کرێکاری بەتایبەتی) ئەندامن لە ڕیزەکانیدا، بەڵام بەهۆی راوەستاوی و پەیگیری لە ئامانجە کۆمۆنیستیەکان و تاکتیکە شۆڕشگێریەکانی لینینەوە، حزبی بەلشەڤیک توانی لەماوەی ٦ مانگدا هەم نفوزی باڵا بکات وە هەم ڕیزەکانی لەنێو کرێکاراندا، بەتایبەتی لەنیو کریاکارانی مۆسکۆ وبەترسبۆرگدا، لەرووی چەندایەتی ئەندامانیەوە بەرین بکاتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە حزبی کۆمۆنیست تەنانەت لە قۆناغی دەسەڵاتگرتنیدا هێشتا ناتوانێ هەموو کرێکاران ڕیکخراو بکا و بیانکاتە ئەندام لەڕیزەکانیدا، بەم پێیەش هەوەک حزبی کەمایەتی لە دەروون و پێکهاتی خۆیدا بەرامبەر بەکرێکاران دەمێنێتەوە. ئەم ڕاستیە بۆ هەر حزبێکی سیاسی بۆرژوازیش هەروایە، ناسیونالیستەکان، ڕیفۆرمیستەکان، ئیسلامیەکان... ئەمانیش هیچ کات ناتوانن نە هەموو کۆمەڵگا بکەن بە ناسیونالیست و ڕیفۆرمیست و ئیسلامی، وە نە هەموو باوەڕدارانی رەوتەکەیان بکەنە ئەندامی حزبەکانیان، هەربۆیە بابەتی چەندایەتی کرێکاری بۆ حزبی کۆمۆنیست، بە بابەتی بەدەستهێنانی نفوز و دامێنەی کۆمەڵایەتیە و ئەمە ڕۆڵ و

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

نەقشی کرێکارانەی حزب دیاری دەکات.

لایەنێکی تری ئەم بابەتە هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئاسۆی سیاسی و مەشغەڵە و سونەتی کار و هەڵسورانە کۆمەڵایەتیەکانی حزبی کۆمۆنیست بەرامبەر بە خەباتی چینی کرێکار و مامەڵەکردن لەگەڵ خەباتی ڕۆژانە و ئابوری چینی کرێکاردا... ئەمە دیاری دەکات کە ئەو حزبە چەندە لە کرێکارەوە نزیکە نەک بوونی چەندایەتی کرێکار لە ڕیزەکانیدا. دەکرێ حزب سەراپا لە کرێکاران و ڕابەرانی کرێکاری پێکهاتبێت، بەڵام ئاسۆ و ئامانجێکی سەندیکالیستی، ئانارشیستی و ڕیفۆرمیستی بەرێتە پێشەوە. نمونەی ئەم حالەتە حزبە سۆشیال دیموکراتەکانی دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ ەکانی ئەوروپایە.

وەک خاڵێکی ئیزافی بۆ ئەم قسانەی سەرەوە، دەمەوێت ئەوە بەبیر بهێنمەوە، کاتێک دەڵێین کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم ڕەوتێکی واقعی و مەوجودی نێو چینی کرێکارە و خاوەنی ڕابەران و پێشرەوان و هەڵسوڕاوانی خۆیەتی، هاوکات کە دەڵێین حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەجەوهەری خۆیدا، بەرئەنجامی ڕێکخراوکردنی ئەم ڕەوت و مەیلەیە بە دەوری بەرنامە و ئامانجە کۆمۆنیستیەکاندا، بە پێویست دەگات بەوەی کە بەشێک لە ئامادەترین و پێشرەوترین وهوشیارترین کرێکاران و ڕابەران و هەلسوڕاوانی کرێکارمان لە حزبدا ڕێکخراو کردووە و لەسەر بنەمای ئەم ماتریالە باس لە وجودی حزبی کۆمۆنیست دەکەین، کەدیارە ماتریالێکی کەمینەیە وهێشتا نەیتوانیوە زۆرینە بەلای حزبدا ڕاکێشێت. بەڵام بەم کەمینەیەشەوە هەر حزبی کۆمۆنیستە، دروست وەک ئەوەی شێر ئەگەر بەچکەبێت وەیا گەورە هەر شێرە و هەڵگری کاراکتەر و خەسلەتەکانی شێری هەیە کە لە هەر ئاژەڵیکی تر جیای دەکاتەوە، سا ئیتر بەچکە بێت یان گەورە فەرق ناکات.

لەکۆتاییدا دەمەوێت لەسەر یەک واقعیەتی مێژوویی ڕاوەستم ئەویش دابرانی کۆمۆنیزمە لە چینی کرێکار کە لە دوای شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە پێکهاتووە و پەیوەندی نێوان حزب و تەبەقەی کرێکاری گۆڕیوە. هەموو دەزانین بەلشەفیکەکان و تەنانەت مەنشەفیکەکان ئەحزابی کرێکاری بوون واتە لەپەیوەند بەجوڵانەوەی کرێکاریەوە سەریان هەڵداوە و ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەم چینەیان لەخۆگرتووە، بەڵام کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر شکست دەخوا و حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا لەجەوهەردا دەبێتە حزبی ناسیونالیزمی ڕوسیا، لەبەرگی کۆمۆنیزمدا، لەلایەک دابڕانێک و جیابوونەوەیەک ڕوودەدات

کە ئەویش دوورکەوتنەوەی کرێکارانە لێی و لەلایەکی تریشەوە کۆمۆنیزمی ڕوسی دەبێتە دایکی سەرهەڵدانی ئەنواعی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی، جا یان لەدژ و ڕەخنەگری حزبی کۆمۆنیستی روسیا بوون وەیا لەبازنەی ستراتیژی ئەودا خولاونەتەوە. هەموو ئەم جۆرە کۆمۆنیزمانەش نەک هەر ڕەبتیان بە کرێکارەوە نەبووە بگرە هۆکارێک بوون بۆ بەرینکردنەوەی قڵشتی نێوان کۆمۆنیزمی مارکس و چینی کرێکار، ئەم واقعیەتەش نزیکەی ٨٠ بۆ ٩٠ ساڵی خایاندووە. ڤێرژنێکی کۆمۆنیستی کە مەنسورحیکمەت نوێنەرایەتی کرد و حزبێک کە ئەو سازیدا، لەپێشەوە لەگەڵ ئەوەدا مارکسیزمی زیندووکردەوە و لەهەموو جۆرەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی جیای کردەوە. بەو دابڕانەش کە لە نێوان کۆمۆنیزم و حزبەکەی و چینی کرێکاردا، وەک واقعیەتێکی مێژوویە  بە ئاگابوو، هەر بۆیە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە گۆشەیەکی گرنگی خۆیدا گێرانەوەی کۆمۆنیزمی مارکسە بۆ ئەم جیگاوڕیگایەی خۆی. بەڵام دیارە پڕکردنەوەی دابڕانێکی مێژوویی بە تەبلیغ و تەرویجی بابەتە کرێکاریەکان و هەوڵدان بۆ ڕێکخراوکردنی دانەدانە و شێنەیی کرێکاران بەسەرەنجام ناگات، بەڵکو دەبێ بە هەمان شێوە لە خولڤاندنی یەک ڕووداوی مێژوویی تردا ئەم گرفت و دابڕانە وەڵام بدرێتەوە. یانی دەبێ کۆمۆنیزم و حزبەکەی بە دەسەڵات بگات و لەم ڕێگایەوە زۆرینەی کرێکاران بەلای خۆیدا ڕاکێشێ. دروست وەک بەلشەڤیکەکان لە حزبێکی کەمایەتی کرێکاریەوە دەسەڵاتیان گرت و  بوون بە حزبی زۆرینەی کرێکار و نەهێشتی کەلێنی نێوان کۆمۆنیزم و تەبەقەکەی. ئەمە ئەو بابەتەیە کە مەنسور حکمەت لە باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسی حزب و کۆمەڵگادا چاوی تێبڕیوە.

## جەمال موحسین:

دەگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتە، بەڵام پیش ئەوە ڕوو دەکەمە هاوڕێ محسن، چونکە هەر وەک تۆش باست کرد، کە هەر لە سەردەمی دامەزراندنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و خۆجیاکردنەوەی مەنسور حکمەت و دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ئێستاشی لەگەڵدا بێت قسەیەک کە لەو کاتەوە لە بەرانبەر ئەو حزبەدا وتراوە، ئەوەیە کە ئەو حزبە نەیتوانی بچێتە ناو چینی کرێکارەوە، حزبی کۆمۆنیست  حزبێکی نوخبەی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیسیە، یان لیدەرە سیاسەییەکانە، بە تایبەتی پاش ئەو بەحسەی مەنسور حکمەت کە

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

دەڵێت حزبی سیاسی حزبی شەخسیەتەکانە. بۆیە ئەوان ئەمە دەکەن بە پاساوێک بۆ ئەوەی مۆرێکی تر بدەن بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە، بە بزووتنەوەیەکەوە کە مەنسور حکمەت نوێنەرایەتی دەکرد، کە خەسڵەتێکی وردە بۆرجوازی پێ دەدات، نەک حزبێکی کرێکاریی. هەر بۆیە پێیان وایە کە بۆیە ئەم حزبە نەیتوانیوە بچێتە نێو چینی کرێکار و یان ببێتە شتێک. پێم خۆشە لەم بارەوە هاوڕێ محسن ڕوونکردنەوەی خۆی بدات، توا دواتر پەیوەستیان بکەینەوە بە بەحسی حزب و دەسەڵاتی سیاسییەوە.

### موحسین کەریم:

بە بۆچوونی من کاتێک باسی حزب دەکرێ، بەتایبەتی ئەحزابی حزبی کۆمۆنیستی، لە دەورەی بیست بۆ سی ساڵی ڕابردوودا، چەندین بۆچوون خۆی دەردەخات. زۆربەی ئەو بۆچونانەش لە دەوری تێڕوانینی لینین بۆ حزب و حزبی بەلشەڤی یان سۆسیال_دیموکراتەکان دەسوڕێتەوە. قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو دەورانە ئەحزاب چۆن بووە و پێکهاتە چینایەتییەکەی چۆن بووە!؟ ڕۆشنبیران چ دەورێکیان هەبووە لەناو حزبدا، هەموو ئەمانە بە شێوەی جۆراو جۆر لەسەر حزب و حزبیەت هەبوون. هەڵبەت ئێمە کۆمۆنیستەکان باسەکانی لینینمان سەبارەت بە ڕێکخراوی رۆشنبیرانی شۆڕشگێر خوێندۆتەوە، بەتایبەتی ئەو لە بەرانبەر ڕەوتێکدا ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو کە زیاتر خەباتی ئابووری بە ئەرکی چینی کرێکار دادەنێت و خەباتی سیاسیش بۆ بۆرژوازی جێدەهێڵێ! بەپێچەوانەی لینینەوە کە خەباتی ئابوری و سیاسی وەکو یەک خەباتی لێکهەڵپێکراوی چینی کرێکار مامەڵە دەکات. بە بۆچوونی من دەورانێکی دیاریکراو لە مێژوویەکی دیاریکراوی ڕووسیادا ئەم باس و لێکدانەوەیە ڕەواجی هەبووە، بەڵام ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی میکانیکی لەناو چەپدا ڕەواجی پێدراوە و بە شێوەیەک دژبەیەکیەک و دووجەمسەریی پێکهێناوە، هەڵبەت بە شێوەیەکی کاریکاتۆری.

بەڵام بە بۆچوونی من مەنسور حکمەت تێگەیشتنێک و دەورێکی واقعی دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی حزب و ئەحزابی کۆمۆنیستی، بەوەی کە یەکەم؛ حزبی کۆمۆنیستی تەجەسومی بزووتەوەیەکە لەنێو خودی چینی کرێکاردا بوونی هەیە؛ یانی حزبی کۆمۆنیستی تەجەسومی ڕێکخراوەیی ئەو بەش و مەیل و ڕەوتەی ناو خودی چینی کرێکارە کە بە

## سمیناری دووەم

کۆمۆنیزمی کرێکاری ناوی دەبات و بەشێکە لە هوشیاری سۆشیالیستی و پێکهاتە و میکانیزمی رێکخراوەیی چینی کرێکار. ڕەوتێکی نێو چینی کرێکار خۆیەتی و وەک مەیلێک واقعیەتێکی ماددی لە نێو چینی کرێکاردا هەیە، نەک ئەوەی لە دەرەوەی چینی کرێکارەوە ببرێتە ناویەوە. ئەم لێکدانەوەیە بە بڕوای من بەتەواوی جیاواز بوو لە هەموو ئەو ڕەوتە چەپانەی کە لە عێراقدا هەبوون و پێیان وابوو کە کۆمۆنیزم و ئەحزابی کۆمۆنیستی دیاردەیەکی دەرەوەی چینی کرێکارن و دەبرێنە ناو کرێکارەوە! هەر وەک ئەوەی خەسرەو باسی کرد، کە حزب بچێت پەیوەندی بە چینی کریکارەوە بکات! ئەمە لایەنێکییەتی. لایەنی دووەم ئەوەیە کە کۆمۆنیزم وەک فکر، زانست و فەلسەفە، ئەگەر سەرنج بدەین، نەک تەنها لە سەردەمی مەنسور حکمەتدا، نەک تەنها لە سەردەمی لینیندا، تەنانەت لە سەردەمی مارکسیشدا، هەمیشە وەک ڕەخنەیەکی فکری لە بنیادی سەرمایەداری، لەنێو چینی بۆرژوازی خۆیدا، لەنێو بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست کە لە چینی بۆرژوازیەوە هاتوون، هەبوە. یانی بە جۆرێک لە ئاستی فکردا، واقعی نایەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، یانی ئەو ڕەخنەیەی کە بەشی پیشڕەوی چینی کرێکار هەیبووە، لەلایەن ئەوانەوە عەکس کراوەتەوە. من لە قسەکانی پێشوودا وتم، کە مەنسور حیکمەت دەڵێت ئێمە بە خۆمان دەڵێین کۆمۆنیزمی کرێکاری و بە خۆمان دەڵێن کۆمۆنیست، بۆئەوەی بە جۆرێک ئەمە هاوتا نیشان بدات لەگەڵ ئەو ڕەوتەی لەنێو چینی کرێکاردا خۆی بە کۆمۆنیست دەزانیت و ڕەخنە دەگرێت لە نیزامی سەرمایەداری.

ئەگەر سەرنج بدەین چ مارکس، ج ئەنگلس و چ ڕابەرانی دیکەی کۆمۆنیزم، هەموویان لە ناو چینی باڵا، لە نێو چینی بۆرژوازیەوە هاتوون. وەک وتم ئەمان لەڕووی فکریەوە ئەو ڕەخنە ماددی و واقعییەی کرێکار لە کۆمەڵگای بۆرژوازی هەیەتی، عەکسیان کردۆتەوە. ئاراستەی ئەم رەخنەیەش کۆتاییهێنانە بە کاری بەکرێ. هەمیشە تەجەسومی سیاسی و فیکری ئەم رەخنەیە ئاوەها بووە کە لەنێو ڕۆشنبیرانێکی چینی بۆرژاوازیەوە، ئەوانەیان کە ئەم رەخنەیەیان قەبوڵ کردوە و بەشێک بون لێی ، ڕابەران و بیرمەند و تێکۆشەرانێکی کۆمۆنیست هاتونەتە مەیدان و نەخشی بەرچاویان هەبووە لە خەباتی سۆشیالیستیانەی چینی کرێکاردا.

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

لینینیش بە هەمان شێوە لەنێو چینی بۆرژوازی ڕووسیاوە هاتووە، لەناو توێژی (ڕۆشنبیران) ئەنتلجستیای ئەوکاتەی روسیاوە هاتووە. زۆرینەی ڕابەرانی بەلشەڤی بە هەمانشێوە. واتە ئەو ناکۆکیە هەمیشەی لەنێو رەوتە چەپەکاندا هەبووە سەبارەت بەو مەسەلەیە، مەنسور حکمەت چارەسەری دەکات. حزبی کرێکاری یان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حزبی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە خۆی لە نێو چینی کرێکاردا مەوجودە و ڕەخنەی هەیە لە نیزامی سەرمایەداری و ئامانجەکەی هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵگادا. تەحەزوبی کۆمۆنیستی، تەجەسومی ڕێکخراوەیی- فکری و سیاسی ئەم مەیل و رەوتەیە کە لەنێو چینی کرێکاردا هەیە. لە باری کۆمەڵاتییەوە، ڕابەرانێک لە مێژووی چەپی ئێران و عێراقدا، کە مەنسور حکمەت بەرجەستەترین کەسایەتیە، بەجۆرێک لەباری رێکخراوەییەوە ئەو تەجەسومەیان کردووە و هەوڵیان داوە ڕەخنەی بەشی سۆشیالیست و پێشڕەوی چینی کرێکار لە بۆرژوازی لە بواری پراتیکی سیاسیدا بە کردەوە عەکس بکەنەوە بە ئاقاری تێکشکاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی و دامەزراندنی دەسەڵاتی چینی کرێکار، وەک هەنگاوی یەکەم بۆ تەنفیزکردنی شۆڕشی کرێکاری و ئاڵوگۆڕی ئابوری لە کۆمەڵگادا.

### جەمال موحسین:

ئەوەی لە سەرەتادا وتم، کە لە سەرەتای کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە ئەو ڕەخنەیە گیراوە، کە حزبی کۆمۆنیست نوخبەیەکە و تەنانەت مەنسور حیکمەتیش وەک ڕۆشنفکرێک ناسراوە، بەشێکی ئەوەیە کە ئەو جۆرە بۆچوونانە دیدگایەکی زۆر نازانستیانە زۆر نا واقعیانەیان لە چینی کرێکار و کرێکاران هەیە. ئەوان کرێکار بە شێوەیەک پێناسە دەکەن، کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستێت، سەری خۆی شۆڕ دەکات و دەچێ بۆ کارەکەی و تەنها ئەوەی بۆ گرنگە کە لە کارەکەی دەری نەکەن... دەبێت حزب لەمانە پێک بێت، بۆ ئەوەی بچێت شتێک بۆ کارگەر بکات. بەڵام ئەوەی کە چینی کرێکار کۆمەڵگای بە دەستەوەیە، بەرهەمهێنانی بە دەسەتەوەیە، تەنانەت داینەمۆی کۆمەڵایەتی بە دەستەوەیە و چینێکی کۆمەڵایەتی لێکهەڵپێکراوە و خۆشی توخم و داینەمۆی کۆمەڵایەتی شۆڕشە، ئەمە نابینن. بۆیە ئەگەر ئەفرادێکی ئاوها لە ڕیزەکان و ڕابەری ئەو حزبەدا نەبن، ناتوانێ ئەو حزبە

سۆسیالسیتی بێت و ئەو کۆمۆنیستەی مارکس باسی دەکات بهێنێتە دی.

## موحسین کەریم:

ئەو بۆچوونەی کە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەیەکە هەبووە، کرێکار زیاتر وەک بوونەوەرێکی فیزیکی سەیردەکات، نەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدایە، پەیوەندیەکی فیزیکی نییە، ئەوەی تەنها لە ناو کارگەکەدا هەیە و بەدلەکەی لە بەردایە. کرێکار بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. لە ناو کارگە هەیە، لە کۆمەڵگا هەیە، لە پەیوەند بە دەسەڵاتەوە هەیە! ئەوە بۆچوونێکی تەکنۆکراتیە کە کرێکار تەنها وەک بەدلە لەبەر و وجودە فیزیکیەکەی دەبینێت، نەک وەکو وجودە کۆمەڵایەتیەکەی.

لە دەورانی خودی مارکسدا، ئەو بۆچوونە هەبوو کە رۆشنبیرانی کۆمۆنیستی دەخستە بەرامبەر بە کرێکارانەوە و بایەخی بۆ جێگاورێگای ئەوان لەناو خەباتی چینایەتی و سۆشیالیستیدا دانەدەنا. گوایە کرێکار خۆی دەتوانێ مەسەلەکانی خۆی درک بکات و نەخشەو هەنگاوەکانی خەبات و تێکۆشانی دیاری بکات. لە سەردەمی لینینیشدا هەمان بۆچوون هەبوو. ئەو رەوتەی پێی دەوترا ترێدیۆنیەنیستیەکان، ئیکۆنۆمیستەکان، تەنها خەباتی کرێکاریان لە چوارچێوەی خەباتی ئابووریدا قەتیس دەکردەوە. مەسەلەی سیاسی بەرەڵا دەکرد بۆ بۆرژوازی و بەم پێیەش دەورو بایەخی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیستی بێبایەخ دەکرد. ئەم بۆچوون و روانگەیە ناتوانێت کرێکار تەنانەت وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ببینێ.

سەرنج بدەن خودی واقعیەتی سەرمایەداری ئەم واقعیەتەی دروستکردووە، بۆ نمونە ئەگەر بتەوێ ئاڵوگۆڕ لە ئابوریدا بکەیت، ناچاریت لە سیاسەتیشدا گۆڕانکاری بکەیت. ئەوەی مارکس دەڵێ سەرجەم بونیادی کۆمەڵگا، کولتوری، فیکری لەسەر ئەو نایەکسانییە ئابوریە دروست بووە. تۆ ناتوانیت خەباتی ئابووری کرێکار بە تەنها، لە چوارچێوەی ئابوریدا قەتیس بکەیتەوە، چونکە واقعیەتەکە خۆی ئاوها نییە. مارکس دەڵێت، ڕەوتی خەباتی چینی کرێکار بەرەو ئیشتراکیەت دەڕوات. واتە خەباتێکی سیاسیە و ئەگەر ئەم خاسیەتە لە خەباتی چینایەتی کرێکار وەربگریتەوە، ئیتر مانایەکی نامێنێتەوە! خەباتی چینی

کرێکار، کە بۆ باشترکردن و ئاڵوگۆڕە لە ژیانیدا، دەبێت بەرەو هەڵتەکاندنی ئەو نایەکسانییە بێت کە هەیە. چونکە ئەمە خۆی بونیاتی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە. کرێکار خۆی ناتوانێت دەستبەرداری ئەوەبێت کە لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا تەنها خەبات بکات بۆ ئەوەی کرێکەی چەند دینارێک زیاد بکات. ئەمەش کیشمەکێشێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە کە خۆمان لە ماوەی ٢٠٠ساڵی ڕابردوودا شایەتی بووین. ئەگەر ئێمە تەنها لە چوارچێوەی خەباتی ئابووریدا قەتیس بمێنینەوە و کرێکار تەنها وەک بوونەوەرێکی ئابووری سەیر بکەین، لەچوارچێوەی ڕوانگەی بۆرژوازیدا بۆ چینی کرێکار دەمێنینەوە. بۆرژوازی کرێکار وەکو فەرد دەبینێت و تەنها لە بەرانبەر مەکینە و ئالاتدا دەیبینێت. بەڵام کرێکار بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، چینێکە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە و دەتوانیت ئەحزابی سیاسی دروست بکا، مەیل و ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەیەو دەتوانێ کۆمەڵگاش ئیدارە بکات. سیسەمێکی تازەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا دیاری بکات.

مەبەستم ئەوەیە کە وەک چۆن بۆرژوازی چینێکە، کرێکاریش چینێکی بەرامبەرە بە بۆرژوازی. تەماشا بکەن بۆرژوازی لە ئابوریدا بوونی هەیە، لە سیاسەتدا بونی هەیە و بگرە دەسەڵات و حکومەتی بەدەستەوەیە، ئەحزابی سیاسی و بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری هەیە، لە بواری کەلتوردا هەیە، لە ئەدەب و شیعردا هەیە. چینی کرێکاریش بە هەمان شێوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لەناو هەموو مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە و پێوەی پەیوەستە و کاریگەری لەسەری هەیە. ئەگەر کرێکار وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سەیر بکەین کە پرس و مەسەلەکانی پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە و بزووتنەوەکەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەوسا دەتوانرێ ئەوە قبوڵ بکرێ کە لە خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکاردا بۆ ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی جێگای هەزاران ڕۆشنبیری مارکسیست دەبێتەوە، ئیتر سەخت نیە لەوە بگەی کە بۆچوون و فیکر و جیهانبینی ئەوان تێکهەڵکێش بێت لەگە ئەم ڕیشە کۆمەڵایەتیەی کرێکار. ئەم سۆشیالیزمی کرێکارییە، دەتوانێت بەشێک بێت لەم خەباتە کۆمەڵایەتیەی چینی کرێکار بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. ئەمە خەباتێکە چەندین شێواز لە خۆ دەگرێت، بەپێی هەلومەرجە سیاسییەکان، بە پێی هەلومەرجە مێژووییەکان. بەڵام بە بڕوای من ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی فیزۆکراتیە بۆ چینی کرێکار و تەنانەت بەجۆرێک چینی کرێکار لە باشترین

سمیناری دووەم

خەباتکار و بیرمەند و تێکۆشەرانی چینەکە بە هوشاریەوە دائەبڕێت! ئەگەر بە پێی ئەم لۆجیکە بێت، دەبێت مارکس و لینین و هەموو ئەوانی تر بچنە دەرەوەی کرێکارەوە، نەک تەنها مەنسوری حیکمەت.

**جەمال موحسین:**

دروستە، بە بۆچوونی من پەیوەستە بەوەی کە کەسانێک کە ئەو بۆچوونەیان هەیە دیدگایەکی بۆرژوازیانەیان هەیە بۆ کارگار. بەڵام بۆ کۆمۆنیستێک کرێکار هەر خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پڕ چەوسانەوەیە، وەک مارکسیش تەکیدی لێ دەکاتەوە. خەباتی ئەم چینە لە دژ هەلومەرجێکە کە دەیەوێت ڕزگاری بێت لە هەلومەرجێک کە تێیدا کۆمەڵە کەسێک خاوەنی هەموو هۆکانی بەرهەمهێنان لە دەستیاندا کۆبۆتەوە و هەر بۆم بۆنەیەشەوە پارە و سەروەتی کۆمەڵگا دەچێتە دەستی ئەوانەوە، لە بەرانبەریشدا چینێکی زۆری کۆمەڵگا لە ناچاریدا دەبێت بچێت بۆ ئەوان کار بکات، بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ڕۆژانەی خۆیان دەربهێنن. دیارە مارکسیش مەبەستی لە ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لەم بۆچوونە کۆمەڵایەتییەوەیە.

**موحسین کەریم:**

گەر فرسەتێکم بدەیتێ قسەکەم تەواو بکەم. حزبێکی کۆمۆنیسی ئەگەر نەتوانێ بارودۆخە حزبیەکەی، فیکرەکەی، سیاسییەکەی، تەنانەت شێوازی هەڵسوڕانی، نەتوانێت زەمینەی ئەوە دروست بکات کە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری خۆیان تێیدا ڕێکخراوبکەن، بێگومان کێشەی هەیە. دەبێت کرێکاران حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەک ناوەند و شوێنی سروشتی ڕێکخراوبوونی خۆیان تەماشا بکەن، ئەگەر ئەمە نەبوو، واتە ئەم حزبە کێشەیەکی هەیە و پەیوەندی بە کرێکار و کۆمۆنیزمەوە نییە.

**جەمال موحسین :**

بەهەر حاڵ نامەوێ جارێ باسەکەمان بچێتە سەر ووجودی کرێکار و چینی کرێکار و ئەو هەولانەی کە مەنسور حیکمەت خۆیدای ، چونکە لەوبارانەوە باسی تر زۆرە بەڵام

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ئەمانەم هەر لە پێناوی ئەوەدا بوو کە دوای دێینە سەر مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی. بەم مۆدێلە لە حزب کە ئێوە دوو بەشیتان باس لێکرد بەڵام پێش ئەوە بچینە سەر دەسەڵاتی سیاسی، باسی مەسەلەیەکی تر بکەین. کەسانێک ڕەخنەیان لەم جەرەیانەی مەنسور حیکمەت تەنانەت بە جۆرێکیش ئەم حزبانەی ئێمە ئەوەیە بەو خاڵانەی پێشتر باسکرا کە دووره لە چینی کرێکار بۆیە سیکتاریستە ، ناتوانێ بچێتە نێو ئەم چینەوە ، ناتوانێ تێکەڵ ببێ تەنانەت ناتوانێ ببێ بە ناوکۆکەیەک بۆ یەکگرتووکردن و ڕێکخستنی بەشەکانی چینی کرێکار وەکو لە پێناسەی ئەحزابی کۆمۆنیستیدا هەیە، لە بەر ئەوەشە هەر بە شوێن خەتەکەی خۆیانەوەن و تەقدیسی ئەکەن و زۆرتر لیدەر و شەخسیاتەکانی خۆیانیان بۆ گرنگە ئیتر ئەگەر موخالەفەت بەرامبەر بەمانە بکرێ ڕێگا نادەن و تەنانەت لە زۆر مەسەلەدا ئیتیهامی ئەوەش ئەکرێن سەرکوتی موخالەفەتی سیاسی ئەکرێ و بە مەسەلەی ستالینستی و ئەوانە تۆمەتبارمان ئەکەن. لەم ئەخیرانەدا ئەم مەسەلەیە زۆر بەرەوڕووی حزبی کۆمۆنیستی کارگەری عێراق کرایەوە. بەڵام من مەبەستەکەم ئەوە نییە لە سەر حزبێکی دیاریکراو قسە بکەین، بگرە مەبەستەکەم ئەوەیە ئەم بۆچوونە لە پەیوەند بە جۆرێک لە حزبەوە کە مەنسور حیکمەت بنادینا وە ئێمەش ئەمانەوێ لە سەر هەمان هێڵی سیاسی و میتۆدی ئەو بین ئەم جۆرە بۆچوونە هەیە لە دژمان، تۆ لە بەرامبەر ئەمەدا ئەڵێی چی؟

### عوسمانی حاجی مارف:

بە پێویستی دەزانم لە ئیدامەی قسەکانی هاوڕێ خەسرەو و موحسیندا چەند شتێک ئیزافە بکەم ، هەڵبەتە ئەم پرسیارەی تۆش جدیە بەتایبەتی کە دێتەوە سەر حزبیەت و تەحەزوب کە بە جۆرێک لەلایەن کەسانێکەوە قەبوڵ ناکرێت. ئەو شێواز و پرنسیب و ئسوڵە حزبیەی کە مەنسور حیکمەت مەترەحی کردووە و یا سیاغەی کردووە لە حزبیەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، کە لە قسەکانی خەسرەویشدا ئاماژەی پێکرا کە پێداویستی پێکهێنانی حزب چیە ؟ ئەوەی کە ئێستا لەلایەن کەسانێکەوە وێنایەکیان لەسەر حزب هەیە، بەجۆرێک ئاماژە بە حزب دەکەن کە ئاکامەکەی دەبێت بێ پرنسیبی و پابەند نەبون بە مەوازین و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارە حزبیەکانەوە دەبێتە هەڵوەشانەوەی هەیکەلەی حزب، وەک لیبرالێک

## سمیناری دووەم

بەرگری لە ئازادی ناحزبی بوون دەکەن لە ناو حزبدا، بەم پێیە پێداویستی حزب و حزبیەت بە فەرامۆشی و قەدەر و چاوەڕانی دەسپێردرێت. گەر زیاتر بچینە ناو باسەکەوە دەمەوێ بێمە سەر باسەکەم، ئەسڵی مەسەلەکەمان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە. بەگشتی زۆربەمان وەک مارکسیەک یان هەموو ئەوانەی دژە سیستمی سەرمایەدارین هاوبۆچونین لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەبێ هەڵوەشێتەوە، واتە بەگشتی لەسەر بنەمای بوونی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و پێکهاتەی ناکۆکیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و دەور و مەوقعیەتی چینی کرێکار لەو هەڵوەشاندنەوەیەدا دووبارە هاوبۆچونین. بەڵام ئەوەی جیامان دەکاتەوە دەوری چۆنیەتی ڕێکخراوەیی و ئامادەیی چینی کرێکارە بۆ شۆرش و بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی. هەڵبەتە ئانارشیستەکان لەو بارەیەوە بەدوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی بۆرجوازی و دامودەزگاکانی، پێیان وایە کە نابێ ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات و دەوڵەت هەبێت.

هەڵوەشانەوەی ئەو کۆمەڵگەیە بە ڕابەری و دەوری مێژویی و واقعیەتی پێکهاتەی چینی کرێکار، لە بۆچونی مارکسدا مەسەلەیەکی میکانیکی و خۆبەخۆ نییە و هەڵوەشانەوەی سەرمایەداری کردار و پرۆسەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو بە پراتیکی شۆرشگێرانەی چینی کرێکار و ئامادەبوونی بۆ دەسەڵاتی سیاسی، بە واتای حکومەتی کرێکاری و دکتاتۆریەتی پرۆلیتاری بە سەرکەوتن دەگات و دەتوانێ پەیوەندی کاری بەکرێ و سەرمایە کۆتایی پێ بهێنێت، وە کۆمەڵگەی سەرمایەداری کۆتایی پێ بهێنێت.

با لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین و بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵگەی سەرمەیەداری لە بەرامبەر کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا، خودی سەرمایەداران و بۆرژوازی بۆ فەراهەم هێنانی بەرهەم هێنان بۆ بازاڕی کار و ڕاکێشانی هێزی کار بۆ بازاڕ و بەرجەستەکردنەوەی کاری بەکرێ و ڕێکخستنی لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدا و بەستنەوەی بە یاسا و دەستور، ئسوڵێک لە چوارچێوەی پێکهاتنی چەندین جۆر لە دەسەڵاتی سیاسی بۆ بۆرجوازی و سەرمایەداران ببینن بۆ سەپاندن و ڕێکخستنی کاری بەکرێ و پاراستنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، کە چەندین ئیمکانات و دەوڵەت و دامودەزگاو ئەحزاب و سەرۆکیووڵات و موقدەسات و خورافات و ئایدۆلۆژیان دروست کردووە و ڕەواجیان پێداوە. وە هەنگاو بە هەنگاویش هێندەی تر بەهێزتر و پتەوتریان

کردوه، تا ئاستی پێکهێنانی فەزای جەنگ و هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی، دروست کردنی لەشکر و جەیشی گەوره، دروستکردن و بە کارهێنانی جۆرەها چەکی پێشکەوتوو و چەکی کۆمەڵکوژ. هەموو ئەمانە پێکهاتە و ئامرازێکن لە پێناو مانەوە و پاراستنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، بۆ بەرگرتن بە شۆڕشێک کە لە ناواخنی پێکهاتەی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا واقعیەتی هەیە. واتە ئەوە دەسەلمێت کە مانەوە و پاراستنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێویستی بەو ئیمکاناتە زۆر و زەبەلاح و هێزە هەیە. ئەگەر ئەو ئیمکاناتە زەبەلاح و بە هێزە لە بۆرژوازی بسەنرێتەوە کرێکاران بە ئاسانی ئەتوانن لەدەرگای شۆڕشی سۆشیالستی بدەن نەک چاوەڕوان بن بۆ ئاڵوگۆڕێکی سروشتی و میکانیکی. لەوانەیە ڕەوت و کەسان و لایەن هەبن باوەڕیان بە شۆرش و حکومەتی کرێکاری و دەوڵەت هەبێت بۆ شۆڕشی سۆشیالستی، بەڵام چۆنیەتی ئاراستە و هەڵسوڕانی سیاسی و هەوڵدانیان بۆ ڕێکخستنی کرێکاران لە حزبێکی کۆمۆنیستیدا لە هەمان فەزای ئانارشستی و لیبرالیدا بسوڕێتەوە و نەتوانێ لە حزبێکی سیاسدا ئینسجام بکات بۆ ڕابەریکردنی شۆڕشی کرێکاری، یان تەنها لە ناو خەباتی ئابوری کرێکاری و مافەکانی کرێکاراندا و ڕێکخراوی سەندیکایدا ئەسیربێت.

لێرەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەورو جێگاوڕێگای حزب لە خەباتی چینی کرێکاریدا بۆ شۆڕشی سۆشیالستی. گرنگترین پێناسەیەک بۆ حزب ئەوەیە کە حزبی کۆمۆنیستی ئامڕازی دەستی چینی کرێکارە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی. ئەم ئامڕازە مانای ئەوە نییە کە دارێک بەدەستەوەیە بکێشرێ بە سەر ئەم و ئەودا، یا دارێک بێ بە دەستی چینی کرێکارەوە و بیکێشێ بە سەر فلان سەرۆک و فلان حزبی پێ هەڵوەشێنێتەوە. حزب ئامڕازێکە مانای واقعی و پراتیکی و ئۆرگانی و حەیاتی خۆی هەیە لە پەیوەند بە خەباتی چینی کرێکارەوە. ئەو حزبە دەبێت حزبی چینی کرێکار بێت، حزب پێکهاتە و ئامرازێکە دەبێت شۆڕشێک بەڕێوە ببات و ئەو شۆڕشە بەسەرکەوتن بگەیەنێت، شۆڕشێک بەگەڕبخات چینی کرێکار بگەیەنێت بە دەسەلات. ئەم پرۆسەیەی تا چینی کرێکار دەگات بەدەسەلات، کۆمەڵگە دەکەوێتە بەر هێژمۆنی بەڕێوەبردنی حکومەتی کرێکاری هەنگاونان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆشیالستی و دامەزراندنی بنەما ئابوریەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالستی بە پرۆسەیەکی پێچیدە و سەختدا تێپەر دەبێت و ڕووبەڕوی هێرشی

## سمیناری دووەم

پاشماوەکانی بۆرجوازی دەبێتەوە، بۆ بەر گرتن بە سەرکەوتنی حکومەتی کرێکاری و گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرجوازی. واتە نەبوونی ڕابەرانێکی کرێکاری ڕۆشن و کارا و خاوەن ڕێکخراوەیی جەماوەری وەک شوراکان، نەبونی حزبێکی توندوتۆڵ و بەپرنسیب، نەبوونی لەشکری چەکداری شورای جەماوەری... شۆڕش ناتوانێ بەردەوام بێت.

بە بۆچوونی من موخالەفەت لە بەرامبەر حزبیەتدا نەفی کردنەوەی حزب، شتێکی تازە نییە و مێژووی هەیە لە ئەنارشیستەکانەوە بیگرە، تا تەوای ئەوەی کە موحسن ئیشارەتی پێدا، لەناو ئیکۆنۆمیستەکانیشدا کە دەڵێن سیاسەت شتێکی جیایە لە چینی کرێکار و کرێکاران پێویستیان بە حزب و سیاسەت و ڕابەر نییە. هەموو ئەو بۆچونانە مانای دەوری حزب لە پەیوەند بە شۆڕشی کرێکاریەوە بە هەند وەرناگرن و نایبینن. زۆر جار حزب بە دوژمنی کرێکاران بە حساب دەهێنن و نایەنەوێت ئەو پەیوەندیە زیندو و ئۆرگانیەی کە چین و حزب دەکاتە یەک ئۆرگان ببینن، حزب و ڕێکخراوبون بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی چینایەتی کرێکار و حزب دایکی چینی کرێکارە.

شۆڕش بەمانای ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆسیالستی هەرگیز کردارێکی خود بە خودی نییە و نابێت، بەڵکو لە واقعی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا و بەمانای ماتریالیزمی پراکتیکی، ئەوە دەور و ئیرادە و ڕێکخراوبون و ئامادەیی عەمەلی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکارە بۆ ئەو ئەرکە مێژووییە، نە لینین نە مەنسور حکمەت نە مارکس پێناسەی شۆڕش بەم جۆرە ناکەن کە ئەو شۆڕش و ئاڵوگۆڕە بە بێ بوونی حزبێک سەردەکەوێت. دەسەڵاتی شوراییی بە تەنیا و بەبێ بونی حزبێکی کۆمۆنستی ناتوانێ دەوری پێشڕەوانە لە پاراستنی حکومەتی کرێکاری و ئامانجەکانیدا بگێرێت. بۆنمونە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا شوراکان ئیمکان بوو دەسەڵات لە دەست بدەن و دەسەڵات ڕادەستی بۆرژوازی بکەن، ئەگەر لینین و بەلشەفیەکان نەبوونایە ئەو شۆڕشە کە پێی ئەڵێن شۆڕشی کرێکاری و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیای ئەو کاتەدا ئیمکانی سەرکەوتن بۆ سەندنی دەسەڵات لە بۆرجوازی نەدەبوو. کرێکاران بەشوراکانیشیانەوە خود بە خود نە دەچوون ئەو شۆڕشە بکەن لەسەرەتادا بۆ سەندنەوەی دەسەڵات لە بۆرجوازی. لە مێژوی خەباتی کرێکاراندا دژ بە سەرمایەداری

# ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

نمونەی سەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی کرێکاران بەبێ حزب ئەزمونێکمان نییە. بەو مانایە لە بۆچونی ئێمەدا حزب پێداویستیەکی مێژوویی و پێداویستیەکی واقعی و پراتیکیە.
بەڵام ئەوەی لەکۆتایی پرسیارەکەدا ئاماژەی پێ دەکەیت کە ئایا حزب دەبێتە نوخبە، ئەبێتە مەحفەلێکی سکتاریست، دکتاتۆر دروست دەکات و لە چینی کرێکار دادەبڕێت، هەڵبەتە لە مێژووی ژیانی سیاسی و حزبایەتیدا واقعیەتی ڕوودانی ئەم پرسیارانە بینراوە و شتی لەم بابەتە هەبووە. هەر بۆیە لەباری عەمەلیەوە جێگای پرسیار و نیگەرانیە، بەڵام ئەم واقعیەتیی دابڕانە لە مێژوی خەباتی حزبە بەناو کرێکاری و کۆمۆنیستەکاندا ناکرێ ئەو ئەنجامگیریەی لێ بکرێت کە کرێکاران حزبیان پێویست نییە. کەس ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێت کە شۆڕشی کرێکاری بەبێ بونی حزبی کۆمۆنیست دەکرێت و ئەزمونی شۆڕشەکانیش ئەوەیان سەلماندووە، حزب کاتێ لە چینەکەی دائەبڕێ کە سیاسەت و نەخشە و پراتیکی وەڵامدەرەوەی گرفت و کێشە و خەبات و هەڵسورانی سیاسی چینەکەی نەبێت، ڕێگەی سەرکەوتنی ئامانجەکانی نەبێت. ئەم واقعیەتە بۆ هەمو حزبێک هەمان مانای هەیە، لە پرۆسەی مێژووی هەڵسورانی سیاسی حزبە بۆرجواکاندا چەندین حزبمان دیوە شکستیان خواردوە و حزبی تر جێگای گرتوونەتەوە. بۆیە خودی ئەو پرسیارە بۆ خۆی هەڵەیە کە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین، ئایا لە حزبە کۆمۆنیستەکاندا خاوەن بەرژەوەندی و دکتاتۆر دەوریان دەبێت. وەڵامی من ئەوەیە هەرکات هەر حزبێکی کۆمۆنیستی بەرنامە و سیاسەت و کاری ڕێکخراوەی نەیتوانی تەعبیر لە بەرژەوەندی خەباتی چینی کرێکار بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆرشی کرێکاری بکات، ئەوە درەنگ یا زوو بەرەو ڕووی بنبەست یا شکست دەبێتەوە، یان دەکەوێتە داوی تەعبیر لەبەرژوەندی چینە داراکان.
واتە باسەکەمان لە سەر شۆڕشی کرێکاریە لە سەر ناڕەزایەتی کرێکارانە دژ بە سەرمایەداری، لەسەر بە هێز کردنی مەیلی سۆسیالیستی ناو بزوتنەوەی کرێکاریە، دەبێ لە هەمان کاتدا ئەو حزبە لە ناو واقعیەتی ئەو چینە و کێشە و گرفت و نارەزایەتیەکاندا لە دایک ببێت و پێ بگرێت. خودی بەلشەڤیەکان هەتا مەنشەڤیەکانیش گەر لە باری سیاسیەوە تەرحی دروستیشیان نەدابێ لە دەورانی خۆیدا بەشێک بوون لە واقعیەتی چینی کرێکار و شتێکی جیانەبوون و لە ناو دڵی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی کرێکاریدا ئاوێزان بووبوون. بەڵام حەفتا ساڵ زیاترە بە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە کە پاشەکشە و سەرنەکەوتنی

## سمیناری دووەم

بەردوام بونی شۆرش بووە هۆکاری دابڕان و ئەو دابڕانە بوو بە واقع و زەربەی لە بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی دا و کاریگەری لەسەر دەوری حزبەکان و جێگاوڕێگایان لە نوینەری نەکردنیان بۆ خەبات و شۆڕشی کرێکاری بووە سیاسەتی ئەسڵیان.

بەجیا لەوەی هاوڕێ مەنسور دەوری لە ڕابەری بوندا وەک مارکسیەک پێشڕەو کاریگەری هەبوو دەربارەی باسە تیۆری و سیاسیەکانی، لەهەمان کاتدا لەتەواوی ژیانی هەڵسوڕانی سیاسیدا و لە باری عەمەلی وسیاسیدا لە هەوڵی گێڕانی ئەوەدا بوو کە چۆن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە ئاوێزان کات بە خەباتی چینی کرێکارو ئامانجەکانیەوە ....

### جەمال موحسن :

بەڵام ئەوە ئەبێ بە باسێکی کە

### عوسمانی حاجی مارف :

مەبەستم ئەوەیە حزبێک ئەتوانێ جیا نەبێ لە چینەکەی کە چەندە لەباری سیاسی و وەڵام بە کێشە و گرفتەکانەوە ئاوێزانە بە ئایندەی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاریەوە، بۆ نمونە مەشکوکیەت هەیە لە ناو خودی کۆمۆنیستەکان و چەپەکاندا ئەوەی کە مومکینە هەر حزبێک گەر دەسەڵات بگرێ وەکو چارەنوسی ڕوسیای لێ دێت، یا وەکو چارەنوسی چینی لێ دێت. مەسەلەکە پەیوەندی بە فیزیکی حزبەوە نییە، وە بە کرێکارانەوە هەڵبەتە ئەو دەوری خۆی هەیە، بۆ نمونە حزبی شیوعی عیراق ئەتوانم بڵێم جۆرێک لە ناو جەماوەری کرێکارانی عێراقدا دەور و نفوزێکی زۆری هەبوو بەڵام ئەجندا و سیاسەت و تەرحەکانی نامۆ بون بە شۆڕشی کرێکاریەوە.

### موحسن کەریم :

بزوتنەوەی تەزامن لە پۆڵۆنیا پیاوی ئەمریکا بوو ، پیاوی غەرب بوو ١٠ ملیۆن کرێکاریی لە گەڵ بوو .

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

### عوسمانی حاجی مارف:

بۆیە کاتێک ڕەخنە لە ئەزمونی شورەویی دەگیرێت لەو سۆنگەیەوە نییە کە بەلشەفیەکان پەیوەندیان بە کرێکارانەوە بووە، یا حزبیەت و حزبایەتی دکتاتۆر دروست دەکات و لە چینی کرێکار دادەبڕێت. ئەسڵی مەسەلە کە هاوڕێ مەنسور ڕۆشنی کردۆتەوە، کە تەواوی ڕابەری بەلشەڤیەکان لە وەڵام دانەوەیان بە داڕشتنی بەرنامەیەکی ئابوری نەک هیچ پەیوەندیەکی بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆتاییهێنان بە کاری کرێ نەبوو، بەڵکو وولاتێکی گەورەی شورەویان لەسە ربنەمای مانەوەی کاری بەکرێ و سەرمایەداری دەوڵەتی گەشەی پێدا، هەر ئەم ڕەوتەش بووە مایەی گەورەترین ئەزمونی شکستی شۆڕشی سۆشیالستی لە جیهاندا. هەرەوها بەردەوامی دان بە بەرجەستەکردنەوەی کاری بەکرێ و چەوسانەوەی کرێکارن و پێکهاتەی شورەوی وەک نمونەی وولاتێکی سەرمایەداری دەوڵەتی بووە مایەی بەرهەم هێنانی زوڵم وستەم لەلایەن دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیستی شورەوی و ڕابەرەکانیەوە.

### جەمال موحسین :

زۆر باشە بە هەر حاڵ مادام وایە ، سوپاس ، من ئەم سێ پرسیارەم بۆ ئەوە بوو بە پێی وەڵامی هەر یەکێک لە ئێوە بە پێی میتۆدێک کە مارکس ، مەنسور حکمەت جۆرێک لە حزب و حزبی کۆمۆنیستی بووی با بڵێین بە مانایاک ئەسڵی فەلسەفەکەی ئەوە بوو کە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بە دەست چینی کارگەرەوە بە حزبی سیاسی ئەکرێ وە بە بێ حزبی سیاسی ئیمکانی نییە. وە هەر ئەوەشە وەک خۆمان بینیمان لە دوای ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق ئێمە کۆمۆنیستەکانی کوردستان شوراکانمان پێکهێنا بەڵام ناسینالیزمی کورد توانی پاشەکشە و سەرکوتی ئەم جەرەیانە بکا. بە هەر حاڵ ئەوە بوو کە مەنسور حکمەت حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانی دروست کرد هەر زوو پەی بە بۆشاییکی سیاسی لە کوردستانی عێراقیشدا برد کە با بڵێین کۆمەڵگە کراوە بوو ئاوەڵا بوو بۆ کۆمۆنسیتەکان و دەخالەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی. ئەوە بوو لە ژێر ناوی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە حیزبێکی سیاسی هەیە پێی لە سەر ئەم پێویستی و زەرورەتە داگرت کە من پێموایە ناوکۆکەی وجوودی ئێمەیە. هەر بۆیە دواتر لە گەشە کردنی

## سمیناری دووەم

باسەکانیدا باسی حیزب و دەسەلاتی سیاسی دێتە سەر ئەوەی زۆر بە جدی بە شوێن ئەوەوەیە کە بۆ کۆمۆنیستەکانیش ئەبێ دەسەلاتی سیاسی بگرنە دەست لەو کۆمەلگایانەی کە فەعالیەت و هەلسوڕانی تیا ئەکەن. وە ئەمەش ئەبێ سەرەتا حزبی کۆمۆنیستی کارگەری بکاتە ئۆپۆزسیۆنێکی ئەسلی تا قەدوقیافەی دەسەلاتداربوون وە گرتنی دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ. وە هەر ئەم مەسەلەیەش بووە یەکێک لەو باسە جدیانەی ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە. لێرەدا دێینە سەر ئەوەی یەکێک لە ڕەخنەکان ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە دوور ئەکەوێتەوە لە بۆچوونی لینین و یان با بلێین ئەو باسە ئەساسیەی گوایە لە کۆمۆنیزمی مارکسدا هەیە کە دەسەلاتی چینی کارگەرە وە تەنانەت ئەوانەش کە ئەلێن دەسەلات دەسەلاتی شوراکان یا دەسەلاتی چینی کارگەرە زۆر خۆیان ئەبەستنەوە بە قسەیەکی لینینەوە کە لە باسی دەسەلاتی دوولایەنەی مانگی نیسانی ١٩١٧ پێش شۆڕش. لەوێدا ئەلێ ئێمە نامانەوێ و ئێمە بلانکیستەکان نین حزبی کەمینە یا با بلێین دەسەلاتی کەمینە دابمەزرێنین. ئێمە مارکسیستێکین کە وابەستەین بە ململانێی پرۆلیتاریاوە یان بە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاوە لە دژی بۆرژوایی، لە دژی وورده بۆرژواییەکان، لە دژی هەموو ئەوانەی کە ئەیانەوێ کۆمەلگەی مەوجوود بهێلنەوە وە هەر ئیعتیمادێک بە بۆرژوازی ئێمە ڕەتی ئەکەینەوە. لە پەیوەند بە بوونی شوراکان کە لە هەندێک شوێن دەسەلات یا نوێنەرایەتیان بووە ئەم باسە ئەکا. بەلام تەواوی تەئکیداتی لینین لە سەر ئەوەیە کە لە تێزەکانی نیسانیش دووبارە دێتەوە سەری و ئەلێ مادام حزبی ئێمە کە مەبەستی حزبی بەلشەڤیکەکانە کە لە ناو شوراکاندا کەمینەین و ئەبێ ئێمە ببین بە حزبی زۆرینەی زۆرترین جەماوەری ناو شوراکان وە ئەبێ حزب بڕوا بەرەو دەسەلاتی سیاسی. من ئەم نمونەیەم بۆ ئەوە بوو کە بلێم هاوڕێ خەسرەو تۆ لەبارەی ئەو حزبە کۆمۆنیستیە بەم تایبەتمەندیانەوە کە مەنسور حیکمەت پێکیهێنا وە هەر سێکتان لە باسەکاندا هاتنە سەری لە باری چینایەتی و ئاسۆ و ئامانجی چینایەتیەوە چۆن ئێوە وەلامی ئەو جۆرە لە بۆچوون ئەدەنەوە کە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی لە حزب دائەبڕێنن وە پێیان وایە ئەمە مەسەلەیەکە کە میکانیکی ئەبێ ئەم چینە بیکات؟ پێمخۆشە سەرەتا سەرنجی تۆ لەم بارەوە بزانم و تا دواتریش زیاتر گەشە بە باسەکە بدەین.

# ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## خەسرەو سایە :

لەپێشدا ئەوە بڵێم کەجەوهەری هەر حزبێکی سیاسی شتێکی تر نییە جگە لەوەی حزبێک بێت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، ئەگینا زەرورەتی پێکهێنانی حزب چیە. لەلایەکی تریشەوە چینە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێگای حزبی سیاسیەوە نوێنەرایەتی و رابەرایەتی دەکرێن، نەک ئەوەی خۆیان بەبێ حزب و لە دەرەوەی حزب بتوانن لە کێشمەکێشە سیاسیەکاندا لەسەر دەسەڵات دەرکەون. لینینیش کاتی خۆی نەیوتوە "ئایا چینی کرێکار جڵەوەی دەسەڵات بەدەستەوە ئەگرێ" بەڵکو وتویەتی "ئایا بەلشەڤیکەکان دەتوانن جڵەوی دەسەڵات لەدەستی خۆیاندا بپارێزن". بەم جۆرە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە هیچ مانایەکی نییە جگە لەوەی کە حزبەکەی دەسەڵات دەگرێ.

بەڵام با بزانین لادانەکان و ناڕۆشنیەکان سەبارەت بەوەی کە ئایا حزب یان چین دەسەڵات دەگرێ لەکوێوە سەری هەڵداوە:

تەواوی ئەو بۆچوونانەی کە جیاوازی خۆی ئەکات، یان با بڵێین ڕەخنە لە مەنسور حکمەت سەبارەت بە "حزب ودەسەڵاتی سیاسی" ئەگرێ و ڕەتی ئەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەرکێکی هەڵە و نادروست لە دەستەواژەیەک کە لە مانیفێستدا هاتووە و لێرەشەوە تەفسیرێکی بۆرژوایی، بە بەرگێکی کرێکاری و چەپیوە بەدەستەوە دەدات. لە مانیفێستدا هاتوە کە :" چینی کرێکار خۆی خۆی ڕزگار ئەکات". لەسەر بنەمای ئەم دەستەواژەیە مەیل و ڕەگەی سیاسی جۆراوجۆر و ستراتیژی عەمەلی جیاواز سەردەردێنێ، کە ئەکرێ لێرەدا لەسەر سێ جۆری سەرەکیان ڕاوەستم:

یەکێکیان، دیدگای شوراییە، کەپشتی بەستوە بەو بۆچوونەی کەچینی کرێکار دەسەڵات دەگرێ نەک حزب. واتە ئەوەی کە چینی کرێکار ئەبێ لەشوراکاندا ڕێکخراو بێ و بە شێوەی زۆرینە بێتە دەرەوە و لە دواجاردا لەڕێگای ئەم شورایانەوە هەوڵبدا بۆ گرتنی دەسەڵات. لەم ستراتیژەدا ڕۆڵی حزب لاوەکیە و ناوەڕۆکی کارەکەی ئەوەیە کە هەڵدەستێ بە کاری تەبلیغ وتەرویج وهوشیارکردنەوەی هەنگاو بەهەنگاوی کرێکاران و بانگەوازکردنیان بۆ پێکهێنان و ڕێکخراوبون لەشوراکاندا. پاشان حزب لەپشتی یەک دەورەی سەرهەڵدانی قەیران و ناڕەزایەتیە کرێکاریەکانەوە، هوشیاری کرێکاران بەرەو سیاسەت دەبا و لە جەرگەی ئەم خەباتەشدا شوراکان دروست ئەبێ و دوای ئەوەی کە

زۆرینەی کرێکاران ڕێکخراوبون وچینی کرێکار لە ڕۆژێکدا ئەچێ دەسەڵات بگرێ و حزبیش لە پشتی ئەم شورایانەوە ڕادەوەستێ و بانگەشە بۆ بەکردەوە کردنی بەرنامەی سۆشیالیستی دەکات.

بۆچوونێکی تر هەیە کەپێی ئەڵێن "شۆڕش سواری" واتە کرێکار لەڕێگای شۆڕشێکەوە بە دەسەڵات دەگات. لەم ستراتیژەدا حزب خۆی هەڵئەخات بۆ کاتێک کە شۆڕش دێتەپێشەوە، تا ئەو کاتەش حزب مەشغوڵی تەبلیغ و تەرویج و هاندانی جەماوەرەکەیەتی تا ڕۆژێک لە ڕۆژان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان ئەکەونە ناکۆکیەوە و دەورەی قەیرانێکی شۆڕشگێرانە سەرهەڵدەدا و نارەزایەتیە جەماوەریەکان بەفراوانی دێتە مەیدانەوە و شۆڕشێک دێتەئاراوە. لەم حالەتەشدا حزب دوای ئەوەی زۆرینە لە دەوری کۆدەبێتەوە دەبنە لایەنگری بە پەیژەی شۆڕشدا سەریان دەخات بەرەوگرتنی دەسەڵات.

دوا بۆچوون ئەوەیە کە دەڵێت کرێکار بۆئەوەی خۆی خۆی ڕزگارکات دەبێ شۆڕشی سۆشیالیستی بەرپابکات. ئەم شۆڕشەش بناغەکەی ئابوریە، جا بۆ ئەوەی چینی کرێکار ئابوری سۆشیالیستی دابمەزرێنێ ئەبێ یەکسەر دەوڵەتێکی جێگیر دابمەزرێنێ. ئەم کارەش پێویستی بەوەیە کە زۆرینەی کرێکار ڕێکخراو بکا و بیهێنێتە مەیدانەوە، سا ئیتر لە ڕێگەی شوراوە بیت یان لە ڕێگەی شۆڕشەوە. گرنگ ئەوەیە کەچینی کرێکار ئەتوانن سۆشیالیزم دامەزرێنن هەربۆیە دەبێ ئەوانیش دەسەڵات بگرن.

ئەم بۆچوونانە و ستراتیژەکەیان تائیستا لە واقعدا ئەزمونی خۆی نیشان نەداوە. تەنانەت ئەو شۆڕشانەی کە چینی کرێکاری بەدەسەڵات گەیاندووە کە ئەوانیش شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کۆمۆنەی پاریسە، هیچیان لەچوارچێوەی ئەم بۆچوونانەدا سەریان هەڵنەداوە. بگرە هەردووکیان بەپێچەوانەوەی ئەم بۆ چوونانەوە ڕویانداوە و تەنانەت زۆرینەی چینی کرێکار تێیدا دەسەڵاتیان نەگرتۆتە دەست. ئەمەوێ بڵێم پێچەوانەوەی هەموو ئەو تەفسیرانەوە کە لە دەستەواژەی "چینی کرێکار خۆی خۆی ڕزگاردەکات" دراوە بەدەستەوە، مەنسور حکمەت بەجورئەتەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە: یەکەم، حزب دەسەڵات دەگرێ، واتە چینی کرێکار لە ڕێگای حزبەکەیەوە بەدەسەڵات دەگات. دووەم، شۆڕشی کرێکاری لە ڕێگەی کەمینەیەکی ڕێکخراوەوە سازدەدرێ و ئەمەش بە"زۆرینەی شورایی" و چاوەروانکردنی سەرهەڵدانی شۆڕشەوە نەبەستراوە. سێهەم، حزب دەبێ لە پێشدا

دەسەڵات بگرێ و دواتریش تێکشکاندنی مقاوەمەتی بۆرژوازی و لێرەشەوە جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی بە ئەولەویەت وەربگرێ. چوارەم، هاوکات لەگەڵ تەسبیتی حوکمەتی کرێکاریدا وەزایفی ئابوری سۆشیالیستی دێتەپێشەوە، لێرەوەیە "چینی کرێکار خۆی خۆی ڕزگاردەکات" .. . من دواتر لەسەر وردەکاری و دۆخێک کە ئەم خاڵانەی تیا دەگیرسێ لە نەزەری مەنسور حکمەتەوە قسەدەکەم، بەڵام با ئاوڕێک لەخودی مارکس و مامەڵەی لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدا، کە لە مانیفێستدا ڕایگەیاندووە، بدەینەوە:

ئاشکرایە کە مارکس هیچ کاتێک یەکجێ باسی لە چۆنیەتی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و چۆنیەتی بەکردەوە دەرهێنانی واتای ئەوەی کە"چینی کرێکار خۆی خۆی ڕزگاردەکات" نەداوە بەدەستەوە، بەڵکو لە پرۆسەیەکدا و لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ شۆڕش وبزاوتە کۆمەڵایەتیەکاندا باوەڕەکانی خۆی لەم بارەیەوە تەدقیق و ئیسپاتی کردووە. سەرەتا مارکس لە پێشەکی کتێبی بەشداریەک لە ڕەخنەی ئابوری سیاسیدا ئاماژە بۆ دەورانێک دەکات کە پێی ئەڵێت "دەورانی گواستنەوە لەسەرمایەداریەوە بۆ سۆشیالیزم"، ئەمەش بەرئەنجامی قوڵبونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرە مادیەکان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە کە قەیرانێکی سیاسی و ئابوری لەسەرمایەداریدا، دەخوڵقێنێ و دەورانێکی ئینتقالی دێنیتەکایەوە، دەورانێک کە پێی دەڵێت"سەردەمی شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکان". پڕکردنەوەی ئەم دەورانە لەنەزەر چینی کرێکارەوە شتێکی تر نییە جگە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. ئەم باسە تا ئێرە بەشێوەیەکی گشتی کراوە دەمێنێتەوە تا دواتر لەگەڵ مامەڵەکردنی مارکسدا لەگەڵ کۆمۆنەی پاریسدا و بە تایبەتیش دواتر مەسەلەی بەرنامەی گۆتا کە مەسەلەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بە دوو قۆناغ جیائەکاتەوە، قۆناغێک کە ئابوری سۆشیالیستی و دوایی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ئەخاتە بەردەم. ئەمانە کۆمەکی کرد بەوەی کە لینین جۆرێکی تر لەم مەسەلەی "حزب ودەسەڵاتی سیاسی"ە بڕوانێت. بە تایبەتی لە مەسەلەی هۆکاری شکستی کۆمۆنەی پاریسدا، مارکس باسی ئەوە ئەکات کە کۆمۆنیستەکانی ئەوێ یان لیژنەی مەرکەزی کە ڕابەر و ڕێکخەری شۆڕشی کۆمۆنە بوو هەڵەی لەوەدا بوو کە دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرت لە باتی ئەوەی بڕوا دەسەڵاتی کرێکاری، یانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا سەقامگیر بکات، بۆ ئەمەش دەبوایە هێزی پێچەوانە، واتە هێزی دژە شۆڕشی بۆرژوازی بە تەواوی سەرکوت بکات و پاشەکشەی پێ

بکات و لەم ڕێگایەوە حکومەتی کرێکاری جێگیر بکات. بە پێچەوانەوە هات دەسەڵاتی تەسلیمی کۆمۆنارەکان کرد و ئەمانیش کەوتنە شوێن جێبەجێکردنی بەرنامەی ئابوری و دامەزراندن و چاکسازیەوە. بە جۆرێک لە جۆرەکان خەتەری هێزەکانی دژە شۆڕشیان بە فەرامۆشی سپارد. بۆیە بەرەی هێزی لەسەرکار لابراوی بۆرژوازی فەڕەنسا ئەم فرسەتەیان قۆستەوە و کەوتنە خۆکۆکردنەوە و دواجاریش پەلاماری پاریسیان دا و شۆڕشی کۆمۆنارەکانیان سەرکوت کرد. ئەوە ئەنجامەکەی بوو. لینین بە ڕاستی بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەم تێزەوە هاتە مەیدان ئەویش ئەوە بوو کە شۆڕشی سۆشیالیستی یان شۆڕشی کرێکاری بە پێچەوانەی شۆڕشە بۆرژوازیەکانەوە لە ئەنجامی جوڵەیەکی ئابوری خود بە خودەوە نایەت. شۆڕشێکە کە تیایدا لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا و بە ئامادەییەکی زهنی چینی کرێکار و پێکهاتەکانیەوە و لە پێش هەموویانەوە حزب و ڕابەری کۆمۆنسیتیەوە دەتوانرێ بە نەخشە و لە کردەیەکی ئاگاهانەوە ئەنجام بدرێ کە لە هەنگاوی یەکەمدا حزبی بەلشەفی نەخشەی ڕوخاندنی دەسەڵاتی مەوجود بگرێتەبەر و دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبێت کە چ ڕێژەیەک لە کرێکاران لە شورادا ڕێکخراون و دەنگیان بە بەلشەڤیکەکان داوە، وە یا چاوەڕێی ئەوەبن شۆڕشێک خۆ بەخۆ لە بەرئەنجامی ناکۆکیە ئابوریەکانەوە ڕووبدا و بەلشەڤیکەکان بکەونە شوێن سواربونی شەپۆلی ئەو شۆڕشەوە. بەپێچەوانەوە لینین بە دوای هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی و نفوزی حزب و قەیرانی دەسەڵات و تواناییەکانی رابەری کۆمۆنیستی، نەخشەی بەدەستەوەگرتنی ڕاپەڕینی مۆسکۆی بە کردەوە دەرهێنا و بۆرژوازی لە کۆشکی زستانە دەرکرد و حکومەتی شۆڕشگێرانەی کرێکاریی ڕاگەیاند. بەم جۆرە بەلشەڤیکەکان و حزبی بەلشەڤی یەکەمین هەنگاویان نا بەرەو بە کردەوە دەرهێنانی دەستەواژەکەی مانیفێست: "چینی کرێکار خۆی خۆی ڕزگاردەکات". یانی حزب بە نوێنەرایەتی چینی کرێکار بەرەو ڕزگاری چینایەتی هەنگاوی هەڵهێنا.

بەڵام جیاوازی کودەتا و شۆڕش چییە چۆن بەلشەڤیکەکان خۆیان لە کردەی بلانکیستی جیاکردەوە و بەواقعی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیان بەڕێخست؟

کودەتا هەمیشە ڕێگەیەکی بۆرژوازیە و باڵێک لە دژی باڵێکی تری نێو خانەوادەی چینی دەسەڵاتدارەوە دەستی بۆدەبات، کە لە بنەڕەتەوە بۆ سەرکوتی خەباتی کرێکاران و خەڵکی

ناڕازی و ڕاپەڕیو و تێپەڕکردنی دەورانی شۆڕشگێرانەیە بە قازانجی چینی بۆرژوازی و نەزمو نیزامەکەی. کرێکار هەرگیز ناتوانێ کودەتا بکات چونکە میکانیزمی خۆی هەیە. کودەتا هەمیشە لەلایەن باڵێکەوە دەستی بۆدەبرێ، کە خۆی بەشێکە لەچینی بۆرژوازی دەسەڵاتدار و لە ئیمکانات و میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی مەوجوددا شەریکە. بۆ نمونە زۆربەی ئەو کودەتایانەی کە لەمێژوودا ئەنجامدراون بە سوپا کراون وەیا بە دەزگای سەرکوتی نهێنی و بە پشتیوانی ئیمکاناتێکی قانونی و ئابوری و تەنانەت بانکیان لەپشتەوە بووە، هەروها لەلایەن هەڵگرانی پۆست و پلەوپایە و خاوەن ئۆتۆریتە ناسراوەکانی ناوخودی دەسەڵاتەوە دەستی بۆ براوە، کەهەموو ئەوانە بەشێکن لە دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و لە دەستی بەشێک وە یا باڵێکی نێو خانەوادەی بۆرژوازیدا بوون کە توانیویانە بەهۆیەوە کودەتا سازبدەن. کەواتە مادام کرێکار هیچ بەشێکی دەسەڵاتی بەدەستەوە نییە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا و بەتەواوی لە دەرەوەی خێزانی چینی دەسەڵاتدارە، ناتوانێ کودەتا بکات. بۆیە هەمیشە تیۆری کودەتای بلانکیستەکان و ئانارشیستەکان شکستی خواردووە لە هەموو شوێنێکدا. بۆ نمونە ئەو پیلانانەی کە ئانارشیست و بەشێک لە ناردۆنیکەکان بەرامبەر بە تزار کردیان پێش شۆڕشی ١٩٠٥ هەموویان ئاشکرابوون و ئەنجامدەرانیان گیران و ئیعدام کران، کە یەکێک لەوانە خودی براکەی لینین بوو.

لەم قسانەم دەمەوێ ئەوە بڵێم کاتێک دەڵێین حزب دەسەڵات ئەگرێ، دەبێ کاراکتەری دەوڵەت لەسەردەمانی شۆڕشدا بناسین کە لە سایەیدا، ڕۆڵی جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان و تەوازنی هێزی چینایەتیان، سەنگ و نفوزی ئەحزابی سیاسی کە پشتیان بە جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە داوە، دەچێتە دەورانێکی تایبەتەوە. بەبڕوای من تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە لە باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسی مەنسور حکمەت دەگیرێ و لە بەرامبەریدا، بۆچونی لەفزی و کلێشەیی مارکسیستی، لە جۆری "چینی کرێکار دەسەڵات دەگرێ"، "کرێکاری ڕێکخراو لەشوراکاندا دەسەڵات دەگرن"، "دەسەڵات بەرئەنجامی ڕابەری کردنی شۆڕشە لە ڕێگای پرۆلیتاریای ڕێکخراوەوە".. دەخرێتەڕوو، هەر هەموو لەوەدا هاوبەشن کە دەرکی دروستیان نییە لە دەوڵەت لە سەردەمەکانی شۆڕشدا و بە جۆرێک لە جۆرەکان بە فەرامۆشی دەیسپێرن. بە پێچەوانەوە دەوڵەت لە سەردەمەکانی شۆڕشدا ناوەڕۆک و

## سمیناری دووەم

تایبەتمەندێتیەکی زۆر جیاوازی هەیە لە سەردەمێکدا کە دەسەڵات جێگیر بووە و پەیوەندی ئابوری ڕۆتینی و ئاسایی ئەڕوات بەڕێوە. لەسەردەمانی شۆڕشدا پەیوەندی سیاسەت و ئابوری پێچەوانە دەبێتەوە و سیاسەت چارەنوسی دەوڵەت لەمەحەک دەدات، هاوکات دەرگا بە ڕووی ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا کراوە دەبێت.. بەم هۆیەشەوە دەسەڵات و دەوڵەت دەبێتە سەنتەری ململانێی چینایەتی و پێکدادانی جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان. لەدۆخێکی ئاواشدا پێشڕەوی ئەحزاب و ئامادەیی، ڕۆڵی ڕابەری کۆمۆنیستی و تاکتیکەکانی بە ئاڕاستەی پەلاماردانی دەسەڵات و یەکلاکردنەوەی، فاکتۆرێکی میحوەری و بڕیاردەرە.. کەوایە کاتێک ئەڵێین حزب دەسەڵات ئەگرێ، یان باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسی مەنسور حکەمت دەکەین، ئەبێ دەستنیشانی بکەین کە ئەو حزبە لە چ هەلومەرجێکدا و بە چ قابیلیەتێک و موشەخەساتێکەوە ئەتوانێ دەسەڵات بگرێ و خۆشی جیا کردبێتەوە لە بلانکیزم و ئەنارشیزم؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بەپێویستی دەزانم لەسەری ڕاوەستم:

یەکەمین مەسەلە ئەوەیە، بەپێچەوانەی بلانکستەکانەوە، حزبی کۆمۆنیست لە هەموو هەلومەرجێکدا ناتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵکو لە دەورەیەکدا دەتوانێ ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ کە مەسەلەی دەسەڵات کراوەیە و قەیرانی ئابوری و سیاسی درز و کەلێنی خستۆتە نیو ڕیزەکانی چینی بۆرژوازی و هەیئەتی حاکمەوە. بەواتایەکی تر دۆخێکی شۆڕشگێڕانە لەئارادایەوە و ئیتر، بەقەولی لینین "نەدەسەڵات دەتوانێ و نە خەڵکیش دەیەوێت" لە ئارادا بێ و ململانێی سیاسی لەسەر دەسەڵات لە نیوان حزبەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، چەقی بەستبێت. ئەم حەقیقەتە نەک هەر بۆ حزبی کۆمۆنیست، بەڵکو بۆ چینی بۆرژوازی ورەوتەکانی هەروایە. بۆ نمونە باڵەکانی بۆرژوازی هەموو دەورەیەک ناتوانن باڵی لەسەر کار لابەرن و باڵێکی تری بۆرژوازی بێت. تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە مەسەلەی قەیرانی سیاسی و حکومەتی لەگۆڕدابێ و باڵی لەسەرکار توانای دەسەڵاتدارێتی کەوتبێتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کە مەنسور حکمەت باسی ئەکات و پێمان دەڵێ: "کەمینەیەکی شۆڕشگێڕی سازماندراو لەدەورانێکدا کە مەسەلەی دەسەڵات کراوەیە" ئەتوانی دەسەڵات بگرێ.

خاڵێکی تر ئەوەیە حزبی کۆمۆنیست تەنانەت ئەگەر قەیرانی حکومەتیش لەئارادابێت مەرج نییە بتوانێ دەسەڵات بگرێ ئەگەر کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی لە خۆیدا بەرجەستە نەکاتەوە و

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەدەستی نەهێنابێت. یەکێک لەوانە ئەوەیە کە دەبێ نفوز و ئیعتباری لەناو چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاردا و لەناو کۆمەڵگادا بەئاستێکی پێویست بەدەستهێنابێت و لە پشتیوانی ئەوان بەهرەمەندبێت. ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە زۆرینەیەک بن و بووبنە ئەندام لە حزبدا. بەواتایەکی تر مەبەست لە نفوز و ئیعتباری حزب ئەوەیە کە خەڵک ئەو حزبەیان بە حزب و ئەڵتەرناتیڤی خۆیان هەڵبژاردبێ و بە هەر تێگەیشتنیک کە لەسەریان هەیە وابزانن کە بەسەرکەوتنی ئەو حزبە ژیانی ئەوانیش دەگۆڕدرێ، ئەگەرنا ئەو حزبە ناتوانێ بە کەمینەیەکی بێنفوز وبێ ئیعتباری جەماوەریەوە هەروا بڕوات دەسەڵات بگرێ. مەبەستم لەکەمایەتیەکی حزبی ئەم لایەنەیە نەک پێویستی بەئەندامبوونی زۆرینە یان هەموو کرێکاران.

خاڵیکی تر ئەوەیە دەبێ ئەو حزبە ڤێرژنێک لە کۆمۆنیزم لە خۆیدا بەرجەستەکردبێتەوە کە خەڵک بە میعیاری کۆمەڵایەتی بە سادەیی بتوانن هەڵیبژێرن وتەئید و پشتیوانی لێبکەن، بەرادەیەک ئیعتمادی پێبکەن و ڕیشی خۆیانی بدەنە دەست. بۆ ئەمە دەبێ لانی کەم هەژمونی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی لەکۆمەڵگادا ببێ، حزب دەبێ لەبەردەستدابێ، ڕابەران و هەڵسوراوانی ناسراو و خۆشەویست بن و بەقەزیە و مەسەلەکانی خەڵک و کۆمەڵگاوە بیان ناسنەوە..

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە حزبێک دەتوانێ دەم لە دەسەڵاتەوە بدا، کە بەشێکی کافی لە پێشڕەوان و ڕابەرانی ڕەوتی سۆشیالیستی ناو چینەکەی خۆی لەڕیزەکانی حزبدا ڕێکخستبێت و بەڕادەیەک مەیلی سۆشیالیستی ناوچینی کرێکاری لە خۆیدا یەکگرتوو و ڕێکخراو کردبێ. بەبێ بوونی ڕیزێک لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی ناسراو کە خەڵک ڕائەکێشن بۆ شۆڕشێک بۆ ڕاپەڕینێک بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، ناتوانرێ هێشتا قسە لەسەر حزبێک بکەین ئەتوانێ بەرەو دەسەڵات هەنگاو هەڵگرێ.

خاڵیکی تر لە پاڵ ئەمانەدا مەسەلەی ئاسۆی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی تاکتیکی شۆڕشگێرانەیە. بۆ نمونە ئەگەر لینین وێڕای ئاسۆیەکی کۆمۆنیستی کە حزبی بەلشەڤی لە هەموو رەوتە چەپ و ڕاستەکانی تر جیاکردبوەوە، هەڵگری تاکتیکی شۆڕشگێرانەبوو، شیعاری "هەموو دەسەڵات بۆ شوراکان" لە دەورەیەکدا، لە دەورەیەکی تردا "دەسەڵات بۆ شوراکانی پترسپۆرگ"، خودی دروشمی "ئاشتی و دابەشکردنی زەوی و ئازادی"، تا بڕیار

## سمیناری دووەم

لەسەر سازدانی "ڕاپەڕینی مۆسکۆ.. ئەمانە کۆمەڵە تاکتیکێکن کە لینینی لە دەورانی شۆڕشگێرانە و کرانەوەی دەسەڵاتدا پێ دەناسرێتەوە. لینین لە ڕێگای ئەم تاکتیکانەوە بوو کە ناردۆنیکەکانی کەنارخست و نفوزی حزبی بەلشەڤیکی بردە ناو جوتیارانی لادێوە و هەروەها پشتیوانی بەشێکی زۆری سەربازان و خەڵکی ناڕازی لە جەنگ و برسێتی بۆلای خۆی ڕاکێشا. وەهەر بەم هۆیەوە بوو توانی نفوزی مەنشەڤیکەکان لە شوراکاندا بشکێنێ و تەریکیان بکاتەوە.

لەم قسانەم مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم هەموو ئەمانەی ئاماژەم بۆکردن مەلزوماتی ئەو حزبەن و ئەو حزبە بەم تایبەتمەندێتیانەوە ئەتوانێ بە دەسەڵات بگات، ئەگینا وانییە جەماعەتێک حزبێک بن کە لە نهێنی کاریدا خەوتوون و خەریکی بەرنامە و ساغکردنەوەی نەزەرەکانن و لە شەو و ڕۆژێکدا بێنە دەرەوە و باس لەگرتنی دەسەڵات بکەن. تەنانەت حزبێک ئەگەر سەراپا لە کرێکار پێکهاتبێ بەبێ ئەم مەلزوماتانە دیسانەوە ناتوانێ یەک هەنگاو لە دەسەڵات گرتن نزیک ببێتەوە.. نا، حزبی کۆمۆنیست کاتێک ئەتوانێ بڕوات بەرەو دەسەڵات لە پرۆسەیەکی سیاسی و خەباتکارانەدا توانیبێتی هەموو ئەو خاسیەتانەی باسکران لەخۆیدا بەرجەستە کردبێتەوە. ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە کە بۆچونەکانی مەنسور حکمەت جیادەکاتەوە لە هەر بۆچونێکی تر.

هاوڕێ جەمال باسی لە دەسەڵاتی دوولایەنەی لە ڕووسیادا کرد و ئاماژەی بۆ لینین کرد کە ئەڵێ ئێمە وەکو بلانکیستەکان ناکەین.. لەم قسانە یەکەم مەبەست ئەوەیە کەڕوسیا پێی ناوەتە دەورەیەکەوە کە دەسەڵات کراوەتەوە، دەسەڵاتی دولانە یانی سەرەوە بەدەست حاکمانەوەیە وخوارەوەی کۆمەڵگا بەدەست شوراکان و خەڵکەوەیە وحاکمان ناتوانن حوکم بەسەر خوارەوەدا بکەن. هەروەها مانای ئەوەشە کە نفوزی ئەحزاب ڕۆچۆتە خوارەوە و لە خوارەوە کۆمەڵگای گرتۆتە دەست. ئەمەش خاسیەتەکانی ئەو خەباتە سیاسی و چینایەتیە واقعیە دەردەخات کەحزبەکان تییدا دەرگیرن و تایبەتمەندێتیان لێوەرگرتووە. دووەم ئەوەی لینین دەڵێت ئێمە وەک بلانکیستەکان ناکەین لایەنێکی ئەوەیە کە پێمان دەڵێت یاری بە شۆڕش ناکەین. ئەم لایەنە لەخەباتی کۆمۆنیستەکان بۆگرتنی دەسەڵات گرنگی خۆی هەیە وهەم لینین و هەم مەنسور حکمەتیش لە مامەڵەی مارکس بە ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس بۆیان ماوەتەوە. دژایەتیکردنی مارکس لەبەرامبەر ئەوانەدا نابەرپرسیارانە

یاری بە شۆڕشەوە دەکەن، یانی شۆڕشێک کە هێشتا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاران بۆی ئامادە نییە وئەو قابیلیەتەی بە دەست نەهێناوە کە بتوانێ دەسەڵات وەرگرێ وبیپارێزێ. وەستانەوە بەرامبەر بەم عەقڵیەتە هەمیشە گۆشەیەک و بەشێک بووە لە خەبات بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە. لینین و مەنسور حکمەت بەهەمان شێوەی مارکس دژایەتی ئەوانە دەکەن کە یاری بە شۆڕشەوە دەکەن و بانگەوازی جەماوەری نارازی دەکەن بۆ شۆڕش، بەبێ ئەوەی توانا وئامادەیی و پێداویستیەکانی شۆڕش هێشتا ئامادە بووبێ. باسی ئامادەکردنی پێداویستیە زهنیەکانی شۆڕشی کرێکاری و حکومەتی کرێکاری، لە بۆچوونەکانی منەسور حکمەتدا بەو مانایەیە کە بتوانرێ ئەو تایبەتمەندێتیانەی باسمان کرد ئامادە بکرێ و لە پرۆسەیەکی سیاسی و خەباتکارانەدا چینی کرێکار و حزبەکەی قابیلیەتەکانی گرتنی دەسەڵاتی بەدەستهێنابێت و خۆپارێزی بکرێ لەیاریکردن بە شۆڕشەوە..

### جەمال موحسین:

دەستت خۆش بێ، هەر لە درێژەی ئەمەدا پێم خۆشە بزانم هاورێ موحسین لە پەیوەند بە حزب و دەسەڵاتی سیاسیەوە بەو پێشینەیەوە کە باسمان کرد و ئەو خاڵانەی خەسرەو وتی یان هەتا بە ئیزافاتێکەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونانەی کە دژی ئەم مەیلە ئەوەستنەوە، فەرمو تۆ چیت هەیە؟

### موحسین کەریم:

پێموایە کە کێشەی بنەڕەتی چەپ، نەک هەر ئەو چەپەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە، بەڵکو چەپ بە گشتی، ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم باسەدا گرفتی هەیە، ئەوەی ئایا حزب دەسەڵات ئەگرێ یان چینی کرێکار!؟ پێموایە ئەمە هەم لە ئاستی دنیا و هەم لە ئاستی ئەم ناوچەیەشدا بە تایبەتی دوای هاتنەپێشەوەی ئەو باسە لەلایەن مەنسور حکمەتەوە و دواتریش کەسانێک کە ئەیانەوێ پیاچوونەوە بکەن یان ڕەخنە بگرن لەو یان لە بزووتنەوەکەی، لەسەر ئەم مەسەلەیە زیاتر پێداگری ئەکەن کە چۆن ئەکرێ حزب دەسەڵات بگرێ!؟ لەکاتێدا شۆڕشی کرێکاری باسی شۆڕشی چینێکە و باسی دامەزراندنی

دەسەڵاتە لەلایەن چینێکەوە و باسی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیە لەلایەن چینێکەوە. لێرەدا یەک دوو شت بڵێم. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەگەر دیقەت بدەی لە مانیفێستدا کە مارکس باسی کۆمۆنیستەکان ئەکات ئەڵێ ئێمە بەشێکین لەو بزووتنەوانەی لەناو چینی کرێکاردا هەیە و حزبی ئێمە یەکێکە لە حزبە کرێکاریەکان و هەتا ئەڵێ جیاوازیەکانی ئێمە لەگەڵ ئەوان ئەوەیە کە ئێمە ئامانجی کۆتایی و گشتی هەموو چینەکەمان لەبەرچاوە. یانی بە مانایەک مارکس خۆی باسی جیاوازی ڕەوتێک و بەشێک و مەیلێک لەناو خودی چینی کرێکاردا ئەکات کە ئەم مەیلەش بە کۆمۆنیزم باس ئەکات و باسی حزب و ڕێکخراوی ئەو بزووتنەوەیە ئەکات کە لەوانی تر جیاوازە. بێگومان ئامانجی کۆتایی ئەم بزووتنەوەیە و ئەم چینە ڕەچاو ئەکات کە بەمجۆرەش خۆی جیائەکاتەوە لە بەشەکانی تر و ڕەوتەکانی تری ناو چینی کرێکار کە ئەو سەردەمانە هەبووە، چ بلانکیەکان و چ برۆدۆنیەکان و هەموو ئەوانەی کە تەنها خەباتی ئابوری ئامانجیانە. مارکس خۆی لەسەر ئەمە جەخت ئەکاتەوە و لینینیش بە هەمان شێوە. ئەوەی مەنسور حکمەتیش بە بڕوای من هەمان شتە کە باسی دەسەڵات ئەکات لە پەیوەند بە بەشێکی چینی کرێکارەوەیە، یانی هەموو چینی کرێکار دەسەڵات ناگرێ و بگرە بۆ گرتنی دەسەڵات خەبات ناکات و بگرە هەموو چینی کرێکار خوازیاری ڕووخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی نییە. ئەمە واقعیەتە، ڕاستە هەموو چینی کرێکار دژی بۆرژوازی خەبات ئەکات، بەڵام یەک ڕەوت و یەک مەیل و بزوتنەوەی ناو ئەم چینەیە ئەیەوێ دەسەڵاتی بۆرژوازی بروخێنێت. ئەوەی کە مارکس ئەیڵێ "ئامانجی هەموو چینەکە و هەموو قۆناغەکانی خەباتی ئەم چینەی لەبەرچاو گرتووە"، یانی بەجۆرێک تەعبیر لە بەرژەوەندی چینێک ئەکات کە ئەو بەرژەوەندیەش ڕوخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازیە. یانی بەشێکی ئەم چینە و ڕەوت و مەیلێکی، ئەم تێڕوانین و ئەم سیاسەت و ئەم ئامانجە ستراتیژیەی هەیە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرجەستەکەری ڕێکخستنی ئەم تێڕوانینەیە کە ئەیەوێت کرێکار دەسەڵات بگرێ و بێگومان لەڕێگەی حزبی کۆمۆنیستیەوە. ئەم مەسەلەیە چۆنە؟

هەڵبەتە لە سەردەمی مارکسدا کرێکار نەیتوانیوە دەسەڵات بگرێ. خەسرەو باسی نمونەی کۆمۆنەی پاریسی کرد کە هەموومان ئەزانین ئەوە زیاتر لەلایەن بلانکیستەکانەوە بڕیاری لەسەر درابوو وە مارکس ڕەخنەی هەبوو. دواتریش کە ئەو ڕوودواوە ڕوویدا ئەزمونەکانی

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بۆ چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان روون دەکاتەوە، بەڵام  ئەزمونێک کە ئێمە و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و مارکسیزم هەیەتی ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە. لەو شۆڕشەدا ئێمە ئەبینین کە ڕەوتێک بڕیار ئەدات و بە تایبەتیش کەسێک ئەو بڕیارە ئەدات، کە لینینە. لە کۆبوونەوەی حزبێکی سیاسیدا بڕیار ئەدرێ لەسەر بەرپاکردنی شۆڕش، کە زۆرینەی ڕابەرایەتی حزبەکەش باوەڕیان بەوە نییە ئەو شۆڕشە بکەن. ئێمە هەموو ئەوەمان بیستووە کە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا کاتێک کە لینین باسی ئەنجامدانی شۆڕش و ڕاپەڕین دەکات و بەو دەستەواژە بەناوبانگەی کە دەڵێ:" دوێنێ کاتی نەبوو و ئەمڕۆ کاتیەتی و سبەینێ درەنگە" بەرگری لە بڕیاری شۆڕش ئەکات. باسی ئەوە دەکات کە دەبێ حزبی بەلشەفی دەست بەرێت بۆ ڕاپەڕین و لە ڕێگای کۆمیتە چەکدارەکانی کرێکارانەوە لە پترۆسبۆرگ هێرش بکەنە سەر کۆشکی زستانە و دەسەڵاتی کیرنسکی لابەرن و حکومەتی کاتی بڕوخێنن! لینین بڕیار ئەدات و لەناو خودی حزبەکەدا موخالەفەت هەیە بەرامبەری! یانی وا نییە کە هەموو چینەکە بڕیاری داوە شۆڕش بکات و تەنانەت بەوجۆرە نیە کە هەموو حزبەکە بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی داوە. کەسێک دێت کە نوێنەری ئەو ڕەوەندە مێژووییەی چینی کرێکار ئەکات کە کرێکار ئەبێ شۆڕش بکات، ئەم کەسە نوێنەرایەتی ئەوەی کرد و بەرجەستەشی کردەوە. ئایا ئەوانەی کە خۆیان بەوە ئەزانن کە لەسەر ڕێبازی لینین دەڕۆن و بڕوایان پێی هەیە چ قسەیەک لەسەر ئەمە ئەکەن! ؟ ئایا  پێیانوایە کە تەواوی چینەکە بڕیاری شۆڕشی دا یان تەنانەت حزبی بەلشەڤی بڕیاری دا!؟ بەبڕوای من نەخێر! لینین بڕیاری دا، بەڵام توانی حزب بێنێتە پشتی. بڕیاری لینین بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین لە روانگەیەکی پیلانگێڕانە و ئانارشیستیەوە نەبوو، بەڵکو وەکو ئەوەی خەسرەو بە جۆرێک باسی کرد، واتە لەسەر بنەمای نفوزێکی کۆمەڵایەتی بوو کە بەلشەڤیەکان و بەتایبەتی لینین لەناو چینی کرێکار و بەتیابەتی لەناو کرێکارانی سۆشیالیست و هوشیاری پترۆسبورگدا هەیانبوو. کاتێک لینین بڕیار ئەدات و ئەیکات بە بڕیاری بەلشەفیەکان و کرێکارانی پتروسبۆرگ و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستی ناو چینی کرێکار لەگەڵ ئەم تەرحەی لینیندا ئەڕۆن، دوای ئەوە شۆڕش دەبێتە راستیەکی ئەنجامدراو. بۆیە من پێموایە لەسەر  بنەمای ئەم لێکدانەوەیە بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دەتوانین مامەڵەی باسەکەی مەنسور حکمەتیش بکەین و ئاسانتر تێبیگەین.

## سمیناری دووەم

سەبارەت بەوەی کە شوراکان دەسەڵات دەگرن! ئێمە نمونەی شوراکانی روسیامان هەیە، کە لەکاتێکدا هەموو دەسەڵاتەکان لە خوارەوە لەژێر دەستی خۆیاندا بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە مەنشەڤیەکان نفوزی زۆریان تێیدا هەبوو وە لەسەر ئەو بڕوایەی کە قۆناغ قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیکە، خەریک بوون دەسەڵاتیان تەسلیمی بۆرژوازی ئەکردەوە. لینین هات ئەم تەرحەی کرد کە شوراکان خەریکە لە دەسەڵاتی واقعی خۆیان دائەبڕێن و بێناوەرۆک دەبن و حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی کیرنسکی خەریکە جومگەکانی دەسەڵات سازدەداتەوە و شوراکان لەکار دەکەون، بۆیە پێویست ئەکات حزبی بەلشەفی ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و دەست بۆ دەسەڵات بەرێت. دوای ئەوە حزبیش بە بڕیاری ئەو و بە تێڕوانینی ئەو هات ئەم کارەی کرد. بۆیە پێموایە ئەم باسەی کە مەنسور حکمەت باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسی ئەکات، ڕێک لەو ئاڕاستەیەوەیە کە لینین لە پەیوەند بە شۆڕشی سۆشیالیستیەوە لە ڕووسیادا پیادەی کرد.

خاڵێکی تریش کە بەجۆرێک خەسرەو باسی کرد، شۆڕشی سۆشیالیستی ئەگەر بەراوردی بکەیت وەکو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە شۆڕشەکانی تری کە ڕوویداوە یان بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕەکان، بڕیارێک و گۆڕانکاریەکی هوشیارانەیە. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئینسانەکان بڕیار ئەدەن کە شۆڕشێک بەرپابکەن. دیقەت بدەن ئاڵوگۆڕ لە دەرەبەگایەتیەوە بۆ بۆرژوازی، ئاڵوگۆڕێک بووە کە لە پێشدا وردە وردە بنەما ئابوریەکانی بۆرژوازی دروست بووە. لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە یەک وڵاتی دیاریکراودا بۆرژوازی دەست بۆ شۆڕش ئەبات و ئیتر دوای ئەوە بۆرژوازی لە هیچ وڵاتێکی دیکەدا پێویستی بەوە نییە شۆڕش بکات! بۆرژوازی تەنها لە فەڕەنسادا دەستی بۆ شۆڕش بردوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە چینی دەرەبەگ، بەڵام لە ئەڵمانیا و بەریتانیا جۆرێک ڕێکەوتن لەنێوان ئەو دوو چینەدا دەکرێ! واتە بۆرژوازی بێجگە لە فەرەنسا، لە هیچ جێگایەکی دیکە پێیوستی بە شۆڕش نەبوو بۆ ئەوەی کە سیستمی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆی دابمەزرێنێ، بەڵام کرێکار بەبێ شۆڕش ناتوانێ ئاڵوگۆڕی ئابوری بکات و شێوازی ئابوری سەرمایەداری لەریشە دەربکێشێ! کرێکار تەنها بە شۆڕش ئەتوانێ دەسەڵاتی بۆرژوازی و سیستمی ئابوری بۆرژوازی تێکبشکێنێ. هەنگاوی یەکەمی ئاڵوگۆڕی ئابوری کۆمەڵگا ئەوەیە کە ئەبێ کرێکار دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ. ئەمەش بە حزبی سیاسی

ئەکرێت. چینی کرێکار وەکو چینێک بە گشتی ناتوانێ دەسەڵاتی سیاسی بگرێ، بە بڕوای من ئەوە تەسەورێکی ناواقعیە بۆ چینی کرێکار کە گوایە خودی چینەکە دەسەڵاتی سیاسی دەگرێ! چینی کرێکار، توێژی جۆرواجۆر و بزووتنەوە و مەیلی جۆراوجۆری تێدایە. سەندیکا و سەندیکالیستەکان هیچ کات نە دەتوانن دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی وەربگرن و نە کاری ئەوانیشە! ئەمانە هەموو مەیل و بۆچوونی ناو کرێکارن، ئەمانە ڕەوت و خەتی فیکری و سیاسی ناو چینی کرێکارن. ڕاستە چینی کرێکار چینێکە، بەڵام چەندین مەیل و بۆچوونی جیای هەیە. بۆیە بەبڕوای من ئەوەی کە دەسەڵات ئەگرێت ڕەوت و بزوتنەوەیەکی دیاریکراوی ناو چینی کرێکار و حزبی ئەوە، حزبی ئەو ڕەوت و بزوتنەوەیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی ئەگرێ.

ئەوەی خەسرەو وتی جیاوازی ئێمە، جیاوازی ئەحزابی کۆمۆنیستی و ئەوانەی وەک بلانکیستەکان و ئانارکیستەکان کە دەیانەوێ لەڕێگای پیلانگێڕی و کاری تێکدەرانەوە دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوازی بڕوخێنن، ئەوەیە کە ئەوان لە بنەڕەتدا پێویستیان بە ڕێکخستنی چینی کرێکار نییە. ئەوەی ئەوان ڕێکخستن و پراتیکی سەرچڵانە و دابڕاو لە جەماوەری نوخبەیەکە کە هەڵدەستن بە تیرۆرکردنی سەرانی دەوڵەت و یان کاری لەو بابەتەوە گوایە دەوڵەت دەڕوخێنێ! یانی باسی ڕێکخستنی بزووتنەوەیەک و پراتیکی کۆمەڵایەتی بزوتنەوەیەک نییە، واتە نوخبەیەکی بێڕیشە و دابڕاو لە کۆمەڵگا. بەڵام شۆڕشێک کە لینین دەستی بۆ برد و ڕابەری کرد، لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی بوو کە بەو ڕادەیەی کە لە ڕووی ڕێکخراوی سیاسیەوە خۆی ڕێکخستوە و بەو ڕادەیەی کە ئامادەیە لەباری سیاسیەوە و هەروەها بەو ڕادەیەی کە بەپلەی جۆراوجۆر لەناو چینەکەدا نفوزی هەیە و لەسەر بنەمای ئەم نفوزە ئەتوانێ ئەم بڕیارە سیاسیە بدات. پێموایە ئەمەش ئەوەیە کە ڕەوتێکی ناو چینی کرێکار لەجیاتی هەموو چینەکە بڕیاریداوە کە دەسەڵات بگرێ.

پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ چینی کرێکار لە بۆرژوازیەوە دەورانێکی گوزارە. دەبێ لە دەورانی گوزاردا حزب دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ. ئێوە دیقەت بدەن، ئەگەر لەسەردەمی شۆڕشی ڕوسیادا دەسەڵات بە دەست شوراکانەوە بوایە و حزبی بەلشەفی لێگەڕابایە، ئایا شوراکان ئەیانتوانی بەرگری بۆرژوازی تێکبشکێنن و دەسەڵاتی

شورایی بپارێزن!؟ ئێمە ووتمان کە خەریک بوو بەرە بەرە شوراکان دەسەڵاتی خۆی رادەستی حکومەتی کاتی دەکرد! بۆیە دەبوایە حزبێکی کۆمۆنیستی، واتە حزبی بەلشەڤی، بە نوێنەرایەتی چینی کرێکار دەسەڵاتی کرێکاری بپارێزێ و واشیکرد! ئەوەی کە لە دواتردا حکومەتی کرێکاری تووشی شکست دەبێت و بۆرژوازی لە بەرگێکی دیکەدا و لەناو خودی حزبی بەلشەڤیەوە سەردەردێنێتەوە، ئەوە باسێکی دیکەیە و لە نوسراوی " رەخنە لە ئەزمونی یەکێتی سۆڤیەت" ی مەنسور حکمەتدا روون کراوەتەوە. بەڵام بەبڕوای من ئەم ڕەوتەی ناو چینی کرێکار، واتە حزبی سیاسی کۆمۆنیستی چینی کرێکار، توانی دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی وەربگرێتەوە. لە هەلومەرجی سیاسی ئیستادا ئەو مەسەلەیە چەند قات زیاتر راستی تێدایە، چونکە ئێمە دوای سەد ساڵ لە ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیادا باسی دەسەڵات ئەکەین کە بۆرژوازی دنیایەک ئەزمونی دژی کۆمۆنیزم و دژی شۆرش بەدەست هێناوە و هەزاران رێگا دەگرێتەبەر و دەیان ئیمکاناتی لەبەردەستدایە بۆئەوەی رێگری لە ڕوودانی شۆڕش بکات! بە سەدان شێوە کاریگەرتر لە جاران بۆرژوازی خۆی ڕێکخستووە. بە هیچ شێوەیەک ئیمکانی ئەوە نادات کە حزبی کۆمۆنیستی ببێ بە حزبی زۆرینەی چینی کرێکار و بەوجۆرەش بتوانێ شۆڕشی کرێکاری ئەنجام بدات. ئەگەر سەد ساڵ لەمەوبەر بۆرژوازی غافڵگیر کرا لەلایەن لینین و بەلشەڤیەکانەوە، ئەوا ئێستا زۆر هوشیارتر و چاوکراوەتر و هەستیارترە بەرامبەر بە شۆڕشی کرێکاری و مەسەلەی پاراستنی دەسەڵاتەکەی!

## جەمال موحسین:

من پێم وایە ئەو دوو هاوڕێیە باسی بەشێکی زۆری مەسەلەکەیان کرد بەڵام ئەگەر هاوڕێ عوسمان خۆی ئیزافەیەکی هەیە ئەتوانێ پێشکەشی بکات. من پرسیارێکی تری لێ ئەکەم، ئاخر ئەو بۆچوونەش هەیە کە مەنسور حکمەت خۆشی لە باسی ئایا کۆمۆنیزم لە ئێراندا هەلی سەرکەوتنی هەیە باس لەوە ئەکات کە کۆمەڵگا و خەڵک بە شێوەیەکی واقعی ئەتوانێ سەیرمان بکات و ڕووبەڕوومان بکاتەوە ئەویش ئەوەیە کێ ئەڵێ ئەمەش نابێ بە دەسەڵاتی حزبی هەروەکو ئەو ئەزمونانەی تری لێ دێت و بە تایبەتیش شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە وەکو یەکێک لە خاڵەکانی شکستی شۆڕشەکە باس ئەکرێ ئەویش ئەوەیە کە حزبێکی

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

تۆتالیتار لە دوای لینینەوە درێژەی بە دەسەڵات داوە و لەژێر ناوی کۆمۆنیزمیشدا بووە. لەمبارەیەوە حەز ئەکەم ڕوونکردنەوەیەک بدەی چونکە خەڵکێک هەیە وای بۆ ئەچێ کە ئەگەر حزبێکی کۆمۆنیستیش دەسەڵات بگرێ سەرئەنجام هەر بەو ئاقارەدا ئەڕوات.

### عوسمان حاجی مارف:

باشە من ئەو پرسیارەم زۆر بۆ گرنگە و هەر لە درێژەی ئەو باسەی هاوڕێیاندا چەند مەسەلەیەک ڕۆشن کەینەوە. سەیرکە، حزبێک دروست ئەکرێ و ناوئەنرێ حزبی کۆمۆنیست و لەو بارەیەوە پرنسیب و نەریتێک دێتە پێشەوە لە ئەجندای هەڵسوڕانی سیاسیدا، ئایا ئەو حزبە هەوڵ ئەدات یان بۆ خۆی داناوە بگات بە دەسەلاتی سیاسی. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باسی حزب و دەسەلاتی سیاسی یان حزب و کۆمەڵگا وەک بەشێکی جدی و گرنگ لە باسەکانی هاوڕێ مەنسوردا، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئاخۆ هۆکەی چییە ئەم مەسەلەیە بۆتە جێگای باس و لێکۆڵینەوە؟ ئەگەر سونەتی بەشی زۆری ئەحزابی کۆمۆنیستی و چەپی پێلەهەوا و حاشیەیی پێش هاتنە ئارای ئەم باسانەی مەنسور حکمەت واقعیەتی هەنگاوی سیاسیان بۆ دەسەلات گرتن بوایە، ئەم باسانەی هاوڕێ مەنسور مانا و گرنگی و پێداویستیەکی نەبوو، لەبەرئەوەی کە بەڕاستی مێژوویەکی درێژ لە هەڵسوڕانی سیاسی حزب و گروپە چەپەکان بە جۆرێک دەست بەرداری مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی بون، یان لە ئەجندای کاری عەمەلیاندا مەسەلەیەک نەبوو بەناوی دەسەلاتی سیاسیەوە. هەروەها ، یان بەجۆرێک وەک مانا تەقلیدیەکەی وەکو گروپی فشار تەنها بە مانای بەرگری لە مافەکانی کرێکاران و خەباتی ئابوریی چینی کرێکارو ڕەخنە لە دەسەڵات و هەڵسوڕاوان، ئایندەی بەهێزکردنی گروپەکەیان یا حزبەکەیان  بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات و کۆمەڵگە بەڕێوە بەرن، بە تەواوی بە فەرامۆشی سپێردرابوو، یان لەچوارچێوەیەکی تەنگ و بێ ئاسۆدا دەبوونە هاوبەشی دەسەڵات وهاوشانی حزبە بۆرجواکان.

بۆ نمونە ئەو مەسەلە تەقلیدیەی چەندین ساڵە بۆتە سونەتی کاری گروپ و مەحافلی کۆمۆنیستی، بەرنامەی مانیفێست قبوڵ ئەکەن و یا هەر شتێک لە ئەزمونی کۆمۆنیزم قبوڵ بکەن، لە دوالێکدانەوەدا خۆی بەوە پێناسەدەکات  کە مارکسیەکی عەیارە بیستوچوارە و کاری ئەوەیە کرێکاران هوشیار بکاتەوە تا کرێکاران بگەن بە دەسەڵاتی سیاسی، یانی

هەموو ئەرکی سیاسی خۆی بەوە داناوە کە ئیتر سەرپەرشتی ڕێکخستنی کرێکاری بکات و ئاراستەی ناڕەزایەتی و خەباتیان بگەیەنێ بە دەسەڵات، واتە کاری حزب دەکات بە سەرپەرشتیاری و هوشیار کردنەوە..! تا چینی کرێکار بۆ خۆی مەسەلەی دەسەڵات یەکلایی دەکاتەوە. وەک هاوڕێ مەنسور ڕۆشنی دەکاتەوە ئەم جۆرە لە کارکردن، لەو دیدگایەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەوری پراتیکی شۆڕشگێرانەی حزب و ڕابەرەکانی بە فەرامۆشی و ناکارایی سپاردووە. سەرنجێکیش کە لەسەر حزب و دەسەڵات هەیان بێت ئەو مانایە پەیدا ئەکات حزب وەک هێزێک لە ناو کێشمەکێشە سیاسیەکاندا دەسەڵات بگرێت. پێویستە ئەم مەسەلەیە لەو شوێنەوە ڕۆشنکرێتەوە، گەر حزب ئامرازی دەستی چینی کرێکارە بۆ شۆڕشی سۆشیالستی چ دەورێکی هەیە لە ڕوخانی دەسەڵاتی بۆرجوازی و بە دوای ڕوخانی دەسەڵات چ جێگەورێگەیەکی دەبێت؟

بۆ نمونە حزبێک زیاد لە بیست ساڵ خەریکی ئەوەیە کرێکاران ڕۆشن کاتەوە و چاوەڕوان دەکات خەباتی کرێکاران بگات بە دەسەڵات، بەڵام لە دنیای واقعدا لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا نەوەیەک لە کرێکاران گەورە دەبن و ئەو دۆخە تێئەپەڕێنن و منداڵەکانیان گەورە دەبن و نەوەیەکی تر لە هێزی کار دەکەوێتەوە بازاڕ بەڵام ئەو حزبە هەر لە جێگای خۆیەتی و خەریکی ڕۆشنکردنەوە و بەئەندام کردنی کرێکارانە بۆ ناو حزبەکەی و لە ئەنجامدا ئەو کرێکارانەش بێ ئومێد دەبن لەو حزبە ڕێگەیەکی تر دەگرن. یا لە هەڵبژاردندا دەنگ بە حزبێکی تر دەدەن. ئەم پرۆسەی هوشیارکردنەوە و بەرگری لە کرێکاران بەم شیوەیە نە ئەڕوا بەرێوە و نە کرێکاریش هوشیار دەبێتەوە نە دەسەڵاتی کرێکاریش لەو پرۆسەیدا مانایەکی دەمێنێت. هەروەها نە ئەو حزبەش لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە یا وردە وردە دەپوکێتەوە و جێگەورێگەی نامێنێ و ئەبێ بە گروپێکی بچوک، بۆ نمونە حزبی شیوعی یەکێک لە حزبە گەورەکانی ناوچەکە بوو. هەر بەوەی کە سیاسەتی ئەو حزبە خۆ پاراستن بوو لە دەسەڵات جا لەبەر هەر هۆیەک بوبێت، بووە بە یەکێک لەو حزبە بچوکانەی کە هیچ دەورێکی لە شانۆی سیاسیدا نەماوە و ئێستاش خەریکی جۆرەها مناوەرات و ڕێکەوتنی سیاسی ناپەیوەندە بەخەباتی کرێکارانەوە.

ئەحزاب بۆیە دێتە مەیدان ئەرکەکەی بە تەنها ئەوە نییە کە چینەکەی ڕۆشن بکاتەوە، ئەوەش سونەت و ئەرکێکە کە دەبێتە خاوەنی بەرنامە و خەتی سیاسی و ڕێکخراوی پتەو،

هەروەها بە توانا و وەڵامدەرەوەی خێرای کێشە و مەسەلەکانی چونەپێشەوەی خەباتی حزبی و کرێکاران بێت. بە مانایەک ئەوەی کە حزبێکی کۆمۆنیستی دەبێ وەک هێزێک مناوەراتی سیاسی و کاریگەری و گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی حزب هەمیشە لە کارو عەمەلی سیاسیدا بێت، لە هەرفرسەت و گۆڕانێک لە هاوکێشەی سیاسیدا بە قازانجی خەباتی کرێکاران فرسەت بقۆزێتەوە و دەسەڵات بگرێت، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حزبی چینێکی شۆڕشگێڕە و هەر بەو مانایە حزب دەبێت حزبێکی مارکسیستی و شۆڕشگێر بێت.

هەرەوها ئەگەر حزبێکی کۆمۆنیستی لە هەر فرسەتێکی گونجاودا کە دێتە پێشەوە نەیتوانی سود لەو هەلومەرجە وەربگرێت بۆ بەهێزبوونی خۆی و گرتنی دەسەڵات، ئەوە ئاشکرایە کە دەبێتە مایەی زیانێکی گەورە لە خەباتی سیاسی ئەو حزبەدا، بەتایبەتی گرتنی دەسەڵات لە هەر سەردەم و فرسەتێکدا بە چەندین ساڵ جارێک فەراهەم دێت و فرسەت دێتە پێشەوە تا ئەو حزبە بتوانێ دەسەڵات بگرێت گەر ئەو فرسەتە لەدەست درا کاریگەری لەسەر پێگەی ئەو حزبە لە ناو کۆمەڵگە و لە ناو خودی ڕیزەکانی خۆشیدا بەجێ دەهێڵێت.

ئێستا گەر سەرنج بدەین لە ناو بزوتنەوەی کرێکاری لە ئەوروپادا چەندەها جۆر یەکێتی و نەقابات و سەندیکای کرێکاری گەورەی بە نفوزو خاوەن ئۆتۆریتە هەن و بە سەدان هەزار کرێکار ئەندامیانن، بەڵام دەبینین ئەم سەندیکایانە هیچ مەترسیەکیان بۆ سەر دەسەڵاتی بۆرجوازی نیە. هەربۆیە ئازادن لە کاری ڕێکخراوەیی و بەرگری لە مافەکانی کرێکاراندا. هەروەها لەپاڵ ئەمەشدا چەندین گروپ و ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستی و ڕۆشنفکرهەن جگە لە ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرجوازی کارێکیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیەوە نییە و هیچ مەترسیەک ناخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی بۆرجوازی، هەر بۆیە بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ڕێکخراویی بەردەوامی پێ ئەدەن.

واقعیەتی بونی ئەحزابی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ ئەوەیە کە ئەتوانێ نوێنەرایەتی و ڕابەری چینی کرێکار بکات لە ڕوخانی دەسەڵاتی بۆرجوازی و تێک شکاندنی دامودەزگاکانی. لەم ئاراستەیە ڕۆڵی جدی دەگێڕێت لە بەهێز کردن و بەهێژمونی کردنی مەیلی سۆشیالستی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاریدا، ئەتوانێ بێتە جێگەی ئومێد و باوەڕپێکراو و پاڵپشت بۆ تەواوی کرێکاران بەهەر ڕەوت و مەیلێکەوە.

## سمیناری دووەم

هەر حزبێک گەر شەڕی دەسەڵات نەکات ناتوانێ ببێت بەهێز. لینین ئەم دەورەی بینی و بەو کارە هەستا و ئەزمونێکی گەورەی خستە بەردەم بزوتنەوەی کۆمۆنیستی. هاورێ مەنسور بە هەمان میتۆدی لینین هەوڵی ئامادەکردن و چارەنوسی حزبەکەی ئەدا لەناو کێشمەکێشی سیاسی نێوان دەسەڵات و هێزە سیاسیەکاندا، ئەگەر پێداچونەوە و سەرنجێک لەسەر باسەکانی هاورێ مەنسور لەسەر حزب و دەسەڵات هەیە، پێویستە باسەکانی و میتود و ئەزمونەکەی وەک یەکەیەک ڕەچاو بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت. هەر بۆیە تائێستا هیچ ڕەخنە و پێداچونەوەیەک لەسەر ئەم باسە نەیتوانیوە مانا و جێگەیەک لە بەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا پەیدا بکات. هەروەها پەنا بۆ ئەو شێوە تەقلیدیە دەبەن و دەگەڕێنەوە بۆ دەوری ناکارا و ناسیاسی و ناعەمەلی بونی ئەو مەحفەلە کۆمۆنیست و چەپانە کە حەفتا ساڵ بەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەردەوامیان بە کاری فکری و ڕێکخراوەیی خۆیان دا.

ئەزمونێکی سەرکەوتو لە خەباتی کۆمۆنستەکانی ئێران دەوری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو کە بە ناوی مارکسی شۆڕشگێر و کۆمۆنیستەوە توانیان ببنە هێز و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بە دەستبهێنن. لەهەمان کاتدا هەر لەو سەردەمەدا هاورێ مەنسورو "یەکێتی خەباتگێرانی کۆمۆنیستەکان" پەیوەست بوون بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە و حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان پێکهێنا، بەبۆچوونی من ئەو هەنگاوە لە کاتی خۆیدا کاری جدی و گرنگ و سەرکەوتوو بوو، هەربۆیە مەسەلەکە تەنها بۆچوونە تیۆری و سیاسیەکانی هاورێ مەنسور نییە، ئەوەی توانی لەو سەردەمە هاوکاتی شۆڕشی ئێران بزوتنەوەی کۆمۆنیستی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبێت، دەورو کاریگەری هێزی بەرەنگاری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کوردستان بوو.

ئەو پرسیارەی کە نابێتە دەسەڵاتی حزبی، بەڕای من ئەوەش کە خەسرەو وتی ئەو ماوەی گوزارە دەسەڵاتی حزبە بەڵام چۆن ئیدارەی کۆمەڵگا ئەکات، چ سیاسەتێک و چ بەرنامەیەک و چ ئابوریەک پیادە ئەکات. ئەوە ئەتوانێ پێوانە بێت. بەڕای من یەکێک لەو شتانەی کە زەربەی لە بەلشەفیەکان دا ئەوە نییە کە دەسەڵاتیان تەسلیمی شوراکان نەکرد و کرێکاری نەبوو. خۆ ئەگەر دەسەڵاتیش تەسلیمی شورا بکەیت ئەگەر بەرنامەکەی هەمان ئەو بەرنامەیەی تروتسکی و ستالین بێ بۆ بیناکردنی ئابوری کە هێزی کار بهێڵێتەوە و

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

هەڵینەوەشێنێتەوە شورا چییە ئیتر؟ شوراش ئەبێتە بیروکراتی، شوراش ئەبێتە دامودەزگایەکی سەرمایەداری، ئەگەر شورا نەتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوریەبکات. شورا گەر دەسەڵاتیشی بەدەست بێ گەر بنەمای ئابوری ئەو وڵاتە نەگۆڕێ و نەیکات بە شتێکی تر کە مانای سۆشیالیستی بگەیەنێ ئەوسا شوراکە ئەبووە جێگای ستالین یان تروتسکی. بەهەرحاڵ بە مانایەک نابێتە دەسەڵاتی حزبی کە جۆرێک ئەو بەرنامە ئابوریە ئەو تێڕوانینە سیاسی و ئابوریەیە کە چ بەرنامەیەک پیادە ئەکات کە بۆ ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی کە ماناکەی ئەوە بێ کە کۆمەڵگای سەرمایەداری هەڵوەشێنێتەوە. ئەگەر ئەوە نەبێ بەڕای من دەسەڵاتی کرێکاریش فەرق ناکات و دەسەلاتی حزبیش بێ فەرق ناکات.

### جەمال موحسین:

بەهەرحاڵ من خۆم ئیزافەیەکم هەیە لە پەیوەند بەو خاڵەوە کە خۆم ئاماژەیەکم پێدا وتم کە لینین باسی دەسەڵاتی دوولایەنە ئەکات بەڕاستی ئەوە لە سەردەمێکدایە کە شۆڕشی شوبات ناکام بووە بەڵام شوراکان وردە وردە نفوزیان پەیدا کردووە و بۆ خۆیان لە هەندێک شوێندا وەکو شوراکانی نوێنەرانی کرێکاران و جوتیاران و سەربازان لەباری دیفاکتۆوە دەسەڵات بە دەستی ئەوانەوەیە. هەتا کە بڕیاریش لەلایەن دامودەزگا حکومیەکانەوە دەرئەچێ ئەوان جێبەجێی ناکەن. بەم مانایە دەسەڵاتێکیان هەیە بەڵام ئەوەتا لە هەندێک شوێندا مەسەلەکانی کۆمەڵگا تەسلیم بە دەوڵەت و حکومەت ئەکەنەوە. ئەو لەو باسەدا کە باسی ئەو دەسەڵاتە ئەکات پێداگریە لەسەر هەمان مەسەلەی مانیفێست کە لە بەندی کۆمۆنیستەکان و پرۆلیتاریادا جەختی لێ ئەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکی و دەستبەجێی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە بە جیا لە هەر ئەحزابێکی تری پرۆلیتاری ئەوەیە کە پرۆلیتاریا لە شێوەی چینێکدا ئامادە ئەکات بۆ زاڵبوون بەسەر باڵادەستی بۆرژوازی و گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە. بزانە کە ڕێک وەک وشەکانیش هاتووە دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە کە ئەگەر ئەحزابی کۆمۆنیستی بۆ ئەمە پێویست نەبوایە نە مانیفێست ئەبوو وە نە لە ئەنتەرناسیۆناڵدا مارکس و ئەنگڵس دەستپێشخەری ئەوەیان ئەکرد کە دیدگای کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی کرێکاری بەسەردا زاڵ بێ و دواییش مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی بۆ بنووسن. بە هەمان شێوە و بە هەمان میتۆد لینین

## سمیناری دووەم

لە ڕوونکردنەوەی دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا لە تێزەکانی نیساندا زۆر بە ڕۆشنتر باسی لێوە ئەکات کە ئیتر ئەبێ کارگەر لە خۆشخەیاڵی بەهەر جۆرێک لە دەسەڵاتی کاتی دەربازی ببێ و حزبی بەڵشەڤیک ئەبێ ببێ بە حزبی زۆرینە و بەهێز لەنێو کارگەراندا و بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ. بەم مانایە کەسانێک کە بە بڕوای من ڕەخنەیەکی نا کامڵ لەباری میتۆدۆلۆژی و لەباری سیاسیەوە ساکارانە ئەدەن بەدەستەوە ئەوەیە کە دێن تەنها بەشێکی یان خەتێکی مانیفێست یان لینین ئەگرن بە دەستەوە نەک بوونی چینێک لە باری کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە کە پێویستی بە حزبی سیاسی هەیە بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی ئەنجامی بدات. ئەم جۆرە بۆچوونانە لە بنەڕەتدا تێگەیشتنێکی جیاوازە لەبارەی دەسەڵاتی سیاسیەوە بۆ چینی کرێکار. ئەمە هەتا لە پێش مانیفێستیشەوە ئەنگلس زۆر بە ڕۆشنی لە باسی دەربارەی دەسەڵاتەوە باسی ئەکات. تەنانەت باسی ئەوە ئەکات کە کرێکار لە کارگەدا کە ئەو نەتوانێ ئامێرەکە ڕابگرێ و حوکمی ئەوەی بەدەست نەبێ و خۆی بچێ پشوویەک بدات کە پێویستی پێی بێ کەواتە ئەو ئامێرە دەسەڵاتی بەسەر کرێکارەوە هەیە چ جای ئەوەی کە کرێکار بیەوێ ئەو هەلومەرجە بگۆڕێ و هەڵیبوەشێنێتەوە کە ئەو دەسەڵاتەی بەسەریدا سەپاندووە. بۆیە باسکردن لەوەی کە دەسەڵات بۆ کرێکار و پرۆلیتاریا نەهاتووە کە ئەو لەوێ باسی ئەکات ئەڵێ ئەمە دوورخستنەوەی کرێکارە لە سیاسەت و لە دەسەڵاتی سیاسی کە لەرامبەر ئیکۆنۆمیستەکان و پرۆدۆنیەکاندا ئەم وەڵامە ئەداتەوە. من پێم وایە ئەوە خاڵێکیەتی. خاڵێکی تر کە من پێم خۆش بوو بیڵێم لە پەیوەند بەوەی کە ئەگەر حزبی کۆمۆنیستی دەسەڵات بگرێتە دەست نابێ بە دەسەڵاتی حزبی و دیکتاتۆر وتۆتالیتاری. ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بە هەمان میتۆدی مارکس و ئەوەش کە مەنسور حکمەت جەختی لێ ئەکاتەوە بە جیا لەوەی چ بەرنامەیەکی ئابوری پیادە ئەکات بەڵام ئەمە هەر بەو مانایەی کە ئەمە قۆناغێکی گوزەرە چونکە لە بنەڕەتدا ئەبێ دەوڵەت نەمێنێ. لەم قۆناغەدا کارکردنی ئەم دەسەڵاتە گوزەرە کە سۆشیالیستیە بۆ ئەوەیە کە هەلومەرجێک کە تیایدا هێشتا ئیمکانی سەرهەڵدانەوەی سیستمی بۆرژوازی و کاری بەکرێ و ململانێی چینایەتی تێدا هەیە و ئەبێ ئەم هەلومەرجە نەمێنێ. بۆ ئەمەش پێویستی بەم دیکتاتۆریەتە هەیە چونکە ئەو ئەیەوێت هەلومەرجێک لەناوبەرێت کە تیایدا سبەینێ دووبارە کارگەر بوونی هەبێ، بۆرژوا

بوونی هەبێ. کاتێک حزبێک بەرنامەیەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی بەرێتە پێشەوە، چ لەبارەی ئازادیەکانەوە و چ لەبارەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاوە و زەمانەتکردنی ئیدارەی ڕاستەوخۆی جەماوەریەوە بێگومان لەڕێگەی شوراکانیەوە و چ لە باری بەرنامە ئابوریەکەیەوە بۆ ئەوەیە ئەم هەلومەرجە لەناوبەرێت کە کارگەر یاخود چینەکان ئەسڵەن بوونی هەبێ. چینەکان و دەوڵەت بە هەموو مانایەکی دواتر بوونی نەمێنێ. ئەمە ئیتر مەسەلەکەی ئەخلاقی و یان پەیمانێکی سیاسی نییە ئەحزابی کۆمۆنیستی بیدەن و بڵێن ئێمە کە دەسەلاتمان گرت وا و وا ئەکەین. حزبی کۆمۆنیستی لە ڕووی پرەنسیپەوە لەسەر بنەمای کۆمۆنیزم کە هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێیە کار ئەکات و ئەبێ بەرنامەکەی ئەوە بێ ئەو هەلومەرجە لەناوببات کە چینەکان بوونیان هەبێ. بەم مانایە سەرکوت بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا هەرگیز لە ئارادا نابێ چونکە پێویستی بە سەرکوتێک نییە تاکو لەولاوە بچێت شتێکی تری پێ کەڵەکە بکات. من پێم وایە ئەمە مەسەلەیەکی سەرەکیە لە تێگەیشتنێکی بنەڕەتی بۆ گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی کە ئامانجەکەی هەڵوەشانەوەی چینەکانە. مەعلومە کە پاشماوەی بۆرژوازی بیەوێت دووبارە کۆمەڵگا بگێڕێتەوە بۆ هەمان کۆمەڵگای چینایەتی و نایەکسانی و چەوسانەوە، ئەم دەسەلاتە کرێکاریە، کە سەرەتا لە دەسەلاتی حزبی کۆمۆنیستی و دواتر جەماوەری لە ڕێی شوراکانەوە بەرجەستە ئەبێت، ڕێگا بە گێڕانەوەی هەمان هەلومەرج نادات. بەلام ئەوە دەسەلاتی پێکهاتەی زۆرینەی کۆمەڵگا، واتە چینی کرێکارە، کە ئەم ڕێگریە ئەکات و هەر بە هەمان ئەو مانا مارکسیستیە لە دەوڵەت کە ئامێری سەرکوتی چینێکە لەلایەن چینێکی ترەوە. ئەمجار هی چینێکی زۆرینە کە ئەیەوێ ئازادی و یەکسانی بە تەواوەتی لە ڕێی نەمانی کۆمەڵگای چینایەتی و هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێوە بەدەستبهێنێ بۆ چینێکی کەمینە کە ئەیەوێ چەوسانەوە و چینەکان بگێڕێتەوە و درێژە بە نەهامەتیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بدات.

**خەسرەو سایە:**

لەم قسانەی هاوڕێ جەمالەوە چەند خاڵێک بە نەزەرم دەگات کە بە کورتی قسەیان لەسەر دەکەم:

یەکەم، لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا نە "زۆرینەی چینی کرێکار" و نە شوراکان هیچیان

هەنگاویان نەنا بۆ گرتنی دەسەڵات، بەڵکو ئەوە ئەو بەشە هەڵسوراو چالاکەی چینی کرێکار بوو کە لە حزبی بەلشەڤیدا ڕێکخراوبون وپشتیوانی بەشێکی باشیان لەچینی کرێکار بەدەستهێنابوو وە توانیبووی نفوزی کۆمەڵایەتی کەسب بکات. وە هەر بەم هۆیەوە بوو لینین و حزبی بەڵشەڤی توانیان هەنگاو بۆ گرتنی دەسەڵات هەڵگرن. دووەم، باسی دەسەڵاتی دوو لایەنە کە هاوڕێ جەمال لە زمانی لینینەوە باسی دەکا، خۆی تەعبیرە لەوەی کە دەسەڵات کراوەیە و قەیرانی حاکمیەت کەلێنی گەورەی تێکەوتوە، نەک بەومانایەی زۆرینەی چینی کرێکار دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە. هەر لێرەدا ئەوە بڵێم کە باسی زۆرینە و کەمینە لەسەردەمانی شۆڕشدا، باسێکی نادروست و لەفزیە، چونکە شۆڕش هەر جۆرە ئینتخابێکی دیموکراسیانە و رایگیری بۆ وەلانانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە و بواری پێنادات. چونکە زەبروزەنگ و میکانیزمی شۆڕشگێڕێتی دەچێتە ڕیزی سەرەوە و ترۆپکی شێوەکانی خەباتی چیانیەتی و وەک تەنها فاکتۆرێک بۆ گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی جێگا دەگرێ، نەک ڕای گیری دیموکراسی.

لە ئاخردا باسی حکومەتی یەک حزبی و دیکتاتۆریەت وتۆتالیتاریزم، کە بەشێوەی پرسیار هاوڕێ جەمال مەترەحی دەکات، پێم وابێت ناڕۆشنی و تێکەڵاوکردنێکی دروست کردووە کە بە باشی دەزانم لەبارەیەوە قسەیەک بکەم:

یەکەم تۆتالیتاریزم لەئەنجامی حکومەتی یەکحزبیەوە پەیدانابێت، ئەمە دەرکێکی ئاوەژووی بۆرژوازیانەیە و لەبنەڕەتەوە دەیەوێت وا نیشان بدات کە حکومەتی کرێکاری حکومەتێکی یەک حزبیە و کۆمۆنیزم ڕژێمێکی تۆتالیتارە. لەکاتێکدا تۆتالتاریزم یانی ئیستبدادی بێپەردە و چڕبوونەوەی دەسەڵات و جومگەکانیەتی لەدەستی گروپێکدا، یان شەخس و بنەماڵەیەکدا، ئەم حاڵەتە بەرهەمی چڕبوونەوە و تەمەرکوزی سەرمایەیە. واتە ئەوە شێوازی ئیقتسادی و سیستەمی دابەش بوون و کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و ئیحتکاری سەرمایەداریە وادەخوازێ کە بۆ ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزان ونەفی کردنەوەی ماف و ئازادیەکانی کارگەر، سەرخانێکی ڕوتی سەرکوتگەر و تۆتالیتار دامەزرێنێ. بەواتایەکی تر ئەمەوێت بڵێم تۆتالیتاریزم یەک فۆرم و یەک ڕژێمی سیاسیە و بەرئەنجامی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاق و ڕەوشتی ئەفرادێک نییە کە لە دەسەلاتدان، بەڵکو سەرخانێکی سیاسیە و لەسەر بنەمای پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەوە سەردەردێنێ. حکومەتی کرێکاری حکومەتی کاتی

و شۆڕشگێرانەی كرێكارانە، حكومەتی سەردەمانی شۆڕشە و لە زەرورەتی شۆڕشەوە سەری دەرهێناوە، نەک بەرئەنجامی هەڵبژرادن و دەنگدان. ئەم حوكمەتە حزبێک دایدەمەزرێنێ كە شۆڕشی ڕابەری كردووە و سازیداوە، هەر بۆیە مەسەلەی فرە حزبی لەبەرامبەردا مەترەح نییە، بەتایبەتیش كەهێشتا كاتیە و جێگیرنەبووە. ئەم ڕاستیە بۆ بۆرژوازیش هەروایە، حكومەتی كاتی لەسەردەمانی قەیرانی سیاسی و گۆرینی باڵێكی بۆرژوازی بە باڵێكی تر، هەمیشە یەک حزبی لە حوكمەتدا بەرجەستە كردۆتەوە، نمونەی روخانی شا لە ئێران و بەعس لە عیراق بەرۆشنی ئەمەی نیشانداوین. لەمەش زیاتر لەباشترین دۆخی دیمكراسی و هەڵبژاردنەكاندا، حزبی براوە وزۆرینەی كورسیەكان، حكومەتی یەک حزبی خۆی دامەزراندووە. لەیبەر پارتی وحزبی كۆنسەرڤەتیستەكان لە بەریتانیا و حكومەتە تاک حزبیەكانیان، هاروەها، حكومەتی یەک حزبی دیموكراتەكان و كۆماریەكان لەئەمریكا..

لەبارەی دیكتاتۆریەتیشەوە، وانییە خەسڵەتی حكومەتەكان ئاوابێ، كە ئەگەر یەک حزبی بێت دیكتاتۆریەتە و ئەگەر چەند حزبی بێت، دیموكراسیە. ئەم دابەشكردنە بۆ دەوڵەت و حوكمەتەكان لێكدانەوەیەكی بۆرژواییە وخەسڵەتی چینایەتی دەوڵەت و دەسەڵات دەشارێتەوە. لەكاتێكدا دەسەڵات و دەوڵەت لە بنەڕەتەوە ئەداتی چینێكە بۆ سەركوتی چینیكی تر و بۆ پاراستنی پەیوەندیەكی ئابوری و سیاسیە لە كۆمەلگادا. بەم جۆرەش حكومەت و دەوڵەت دیكتاتۆریەتی چینێكە بەسەر چینێكی ترەوە، سا ئیتر ئەم دەسەڵات و دەوڵەتە لەهەر فۆرمێكی حكومەتیدا خۆی بنوێنێ. یانی ئەگەر حكومەتی دیموكراسی وفرەحزبی بێت، وەیا حكومەتی یەک حزبیو ئسیتبدادی بێپەردە و تۆتالیتاربێت، تەنانەت ئەگەر حكومەتی شاو شمشیر و دینی بێت، هەر هەموویان دیكتاتۆریەتی چینێک بەسەر چینێكی ترەوە دادەسەپێنن. حكومەتی كرێكاری دیكتاتۆری چینی كارگەرە لەبەرامبەر چینی سەرمایەدار و بۆرژوازیدایە. زەرورەتەكەی لەوەوە سەرچاوەدەگرێ، كە لە دژی بۆرژوازی و هەموو ئەوانە راوەستێ كە نیزامی كاری بەكرێ و موڵكدارێتی سەرمایەداری بەسەرسەری كۆمەڵگاوە رادەگرن. بەواتایەكی تر حكومەتی كرێكاری ئازادی بۆ زۆرینەی كۆمەلگا و وەدیهێنەری یەكسانیە. بەم جۆرە ئەو بۆچوونەی كە پێی وایە دەسەڵاتی یەک حزبی ئۆتۆماتیكی دیكتاتۆریەت بەرهەمدێنێ، بۆچوونێكی میتافیزیكی و ناماتریالیستیە بۆ

خودی دەوڵەت. بەتایبەتی دەوڵەت لە سەردەمانی شۆڕش و ئاڵوگۆڕی سیاسیدا ناوەڕۆکی جۆراوجۆر و تایبەتمەندی جۆراوجۆر و ئەرکی جۆراوجۆری هەیە.

بۆ نمونە بۆرژوازی کە دێتە سەر دەسەڵات وا نییە هەموو حزبەکانی لەسەر یەک خەت ڕاوەستابن و بۆ ئەوەی حکومەتی یەک حزبی پەیڕەونەکەن ونەبنە دیکتاتۆر، پێکەوە حکومەت دامەزرێنن. بە پێچەوانەوە ئەوە کەمینەیەکی چینی بۆرژوازیە بە نوێنەرایەتی هەموو چینەکەی دەسەڵات ئەگرێ و ڕاستەوخۆش بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتی خەڵکی ناڕازی دەکا و دواتریش هەموو ئەو دامودەزگا سەرکوتگەریانە دادەمەزرێنێ کە لە دژی ماف و ئازادی خەڵکە، زیندان، سوپا، دەزگای نهێنی، دادگا.. هەموویئەمانەش بە دیموکراسی بەرگپۆش دەکرێ. بۆ پرۆلیتاریاش هەروایە. کە حزب دەسەڵات ئەگرێ حکومەتی کارگەری دروست ئەکات بەو مانایەی کە حکومەتی حزبێکە کە نوێنەرایەتی هەموو کرێکار و خەڵکی بەشمیەنەت دەکات و ئەرکیشی ئەوەیە کەماف و ئازادیەکانی زۆرینەی کۆمەڵگا جێگیر بکا و مقاوەمەتی چینی بۆرژوازی تێکبشکێنێ و ڕێگە بگرێ لەوەی کە ئیعادەی نەزم و نیزامی پێشوو کە داروخاوە جارێکی تر بگەڕێتەوە. بەڵێ ئەم حکومەتە یانی حکومەتی کرێکاری، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارایە لەبەرامبەر شکست پێدان و ڕاوەستانەوە بە رووی دەسەڵات و سیستەمێکدایە کە چینی بۆرژوازی بەڕێوەی بردووە. حکومەتی کرێکاری لەرووی پێکهاتیشەوە، حکومەتی شوراکان و ئۆرگانە محەلی و سەراسەریەکانی خەڵکی ڕێکخراوە لەخوارەوە بۆسەرەوە، پێکهاتێک کە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی جەماوەر لە بەڕێوەبردنی کۆمەلگادا زامن دەکات، هاوکات هەموو مەرتەبە و ئیمتیازاتەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی بۆرژوازی کە لە پەرلەمان و کاربەدەستانی حکومەتەکەیەوە سەرهەڵدەدات هەڵدەوەشێنێتەوە ومەرجەعی قانوندانەری و ئیجراکردنەکەی لە دەخاڵەتی ڕاستەخۆی جەماوەر و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیدا، یەکانگیر دەکات. ئەمەش زۆرترین ئازادی و دیمکراسی ڕاستەوخۆ بۆ جەماوەر زامن دەکات...

## موحسین کەریم:

منیش کۆمێنتی بچووکم هەیە. ئەو حکومەتی یەک حزبیە کە بە جۆرێک لەبەرامبەر دەسەڵاتی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا باس ئەکرێ، بەبڕوای من ئەمە هەر بەشێکە لەو

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ڕەخنانەی بۆرژوازی کە لە کۆمۆنیزم ئەیگرێت و بەجۆرێک تەنانەت چەپەکان و ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە ئەزمونی سۆڤیەت هەیە لە ڕوانگەی دیموکراسیەوە ئەمە ئەڵێنەوە. تۆ دیقەت بدە لەبەرامبەر بە حکومەتی تاک حزبی کە بە تۆتالیتاریزم ناوئەبرێ، بۆرژوازی باس لە فرەحزبی ئەکات کە لە هیچ شوێنێکی دنیاشدا بۆرژوازی لەڕێگەی فرەحزبەوە حکومەت ناکات، مەگەر زۆر بەکەمی و بەشێوەی ئیستیسنائی. ڕاستە بۆرژوازی دامودەزگای دامەزراوی هەیە، بەڵام لە دوالیکدانەوەدا دەسەلات و بڕیار هەمیشە بە دەست حزبێک یان ئەوپەڕی دوو حزبەوەیە و هەرکاتێکیش بە دەست دوو حزبەوەیە حکومەتەکەی ناسەقامگیرە. نمونەی دەوڵەتانی ئەوروپاو ئەمریکا ئەم مەسەلەیە باشتر روون دەکاتەوە.

### خەسرەو سایە:

هەتا حکومەتی بەڵشەڤیکەکان حکومەتی تاک حزبی نەبوو. لانی کەمی ئەوەی من ئاگاداربم بەشێک لەناردۆنیکەکان لەحوکمەتی بەلشەفیکەکاندا بەشداربوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی لینین بەرنامەی زەوی ئەوانی قبوڵ کرد...

### موحسین کەریم:

ڕاستە. دیقەتی بەریتانیا بدە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر حکومەت لە نێوان پارێزگاران و حزبی لیبراڵ دیموکراتدا هاوبەش بوو. لەوکاتەدا حکومەت لەهەموو کاتێک لاوازتر و ناجێگیرتر بوو، بەڵام کاتێک چووە دەستی خودی پارتی پارێزگاران بە تەنیا، بەهێزتر بوو، چی بڕیارێکی ئەویست ئەیتوانی دەری بکات. مەبەستم لەوەیە کە ئەو مەسەلەیە بەجۆرێک بەشێکە لە هێرشی دەرونی و نەفسی و پروپاگەندەیەکی بۆرژوازیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی کۆمۆنیستی و حکومەتی کرێکاریدا کە بە حکومەتی تاک حزبی و تۆتالیتار و دیکتاتۆر ناوی دەبەن. ئەوان دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بە دیکتاتۆریەت ناودەبەن! بەڵام ئەم دیموکراسیەکەی خۆی لەژێر سایەیدا شەڕ و کارەسات و تاوان و کوشتن و سەرکوت و پێشێلکردنی هەموو مافێکی ئینسانەکان پیادە دەکرێ، بە دیموکراسی لە قەڵەم ئەدات. بۆرژوازی بەمجۆرە پروپاگەندەیە لەبەرامبەر کۆمۆنیزم و ئەزمونی دەسەڵاتی کۆمۆنیزمدا،

نەک تەنها کۆمۆنیزم وەکو فیکر و ئایدۆلۆژیا، بەڵکو ئەیەوێ دەسەڵاتی کۆمۆنیزم وەکو مەترسی و ئیستبداد و سەرکوت و قەتڵوعام نیشان بدات! دەیەوێ بڵێ حکومەتی کرێکاری دیموکراسی نییە و دەسەڵاتی تاک حزبیە، بەڵام بۆ خۆشیان دەسەڵاتەکەیان یەک حزبی بێ و دوو حزبی و چەند حزبی بێ، بەڵام هەموو تاوانێک لەدژی خەڵک بەڕێدەخەن، خەڵک دەکوژن، تیرۆر ئەکەن و سەدان دەزگای پاراستن و زانیاری دروست ئەکەن بۆ سەرکوت و قەتڵوعام، سەرباری شەڕە نەبڕاوەکەیانیان و کاولکردنی ماڵو حاڵی خەڵک.

## عوسمان حاجی مارف:

بە بۆچوونی من ئێستا لە ئەنجامی ئەم قسانە و واقعیەتێک کە لەسەر حزب و دەسەڵات قسەمان کرد. من پێم وایە لە واقعیەتی ئێستای جیهاندا یەکێک لەو زەربانەی دراوە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی مەسەلەی لاوازی یا نەبونی باسی تیۆری و سیاسی نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم لەو شوێنەوە بەراورد دەکرێت کە ئەزمونی هەوڵدان بۆ دەسەڵاتی سیاسی و پەیگیری کردن لەسەر بەهێزکردنی کۆمۆنیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا کێشە و ئاستەنگیەکی بەخۆوە نیشانداوە، ئەمەش دەور و جێگاوڕێگای حزبی کۆمۆنیستی و تێگەشتن لە حزبیەت و بەهێزکردنی حزبی بەرتەسک و لاواز کردووە، وەکو پێشتریش وتم بەو پەیڕەوە تەقلیدیەی باڵی بەسەر کۆمۆنیستەکاندا کێشاوە، ئەگەر بەشێوەی ڕێکخراوەیی خۆیان ڕاگەیاندبێ، لە قاڵبی گروپ و مەحفەل و دەستەی بچوکدا فیکرەکەیان ئەوەیە بنووسن، میدیا بەکار بهێنن و بەرگری لە مارکس بکەن، کرێکار ڕۆشن بکەنەوە هانی بدەن بۆ ئەوەی شۆڕش بکات. وە ئەمە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی جیهانیدا بنبەست و شکستی خۆی سەلماندووە جۆرێک ڕاوەستاوە و بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتووە و بەم جۆرە بە هیچ ئامانجێک ناگات. ئەم ئاڕاستە بنبەستە کاریگەری داناوە هەتا لەسەر بۆچوونەکانی خودی ئەو کەسانەش کە ئێستا ڕەخنە لە مەنسور حکمەت ئەگرن نەک هیچ جۆرە پێشرەیەکیان نیشان نەداوە بەڵکو گەڕاونەتەوە بۆ ناو بازنە کۆنە داخراوەکان.

هەر لێرەوە گەر دیقەت بدەین ئەبینین زەرورەتی ئەحزابێک کە بۆ دەسەڵات هەوڵ بدات لە هەموو جیهاندا زەرورەتێکی مێژووییە پێداویستی خەباتی کرێکارانە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی.

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بۆرژوازی لە بەرژەوندیەتی و سوودی لەوە وەرگرتووە کە کۆمۆنیستەکان دەست بۆ مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی نەبەن. بۆرژوازی هەروەک هاوڕێکانیش وتیان تەوجیهە بەوەی کە ئەحزابی کۆمۆنیستی بۆ دەسەڵات نین و نابێ دەسەڵات بگرن و ئەبێ ڕێگەیان پێ نەدرێ ئەمە واقعیەتێکی ئێستای کێشمەکێشی چینی کرێکار و بۆرژوازیە. بوونی ئیدعا کردن بۆ حزب و دەسەڵات بە ڕای من یەکێکە لە ئەرکە پێویستەکانی ئێمە. هەتا ئەوانەش کە ڕەخنەیان هەیە فەرمو با ڕۆشنی بکەنەوە و بیڵێن بۆچی ئەبێ حزب دەسەڵات نەگرێت، کە ئەمەش باس و قسەیەکی تازە نییە ئەتوانین بڵێین لە سەردەمی مارکس و ئەنگڵس و لەبەرامبەر لینیندا ئەم مەسەلەیە تا ئاستێک خۆ پارێزی و دودڵی تیا کراوە، هەموو ئەوانەش بە زەرەر بۆ کۆمۆنیزم و چینی کرێکار گەڕاوەتەوە.

### جەمال موحسین:

هاوڕێیان سیمینارەکەمان تەواو بوو دەستان خۆش بێ و ماندوو نەبن....



موحسین کەریم

# بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان!

ئەم بابەتە لەسەر بنەمای (کۆڕێکی فکریی موحسین کەریم) ئامادەکراوە بۆ گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی کە بەبۆنەی (ڕۆژی جیهانی وەستانەوە دژی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان) لە ٢٥/١١/٢٠١٨ دا، لە دەزگای جەمال عیرفان، لە سلێمانی، پێشکەشی کرد.

## جیاکاری لە دژی ژن ئاکامی سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتی بوو!

من ئەمەوێ سەرچاوەی ستەم و توندوتیژی ژنان لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە روون بکەمەوە. لە ڕوانگەی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە، سەرچاوەی هەمووجۆرە ستەم و چەوساندنەوە و جیاکاری و توندوتیژیەک دژ بە ژن، ئەو نایەکسانیە کۆمەڵایەتیەیە، ئەو

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

دابەشبوونە چینایەتیە و ئەو ستەمە چینایەتیەیە کە لە کۆمەڵگای بۆرژوازی بە تایبەتی و لە کۆمەڵگای چینایەتیدا بە شێوەیەکی گشتی هەیە. جێی خۆیەتی لەوبارەوە ئاماژە بە کتێبی ( بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت) ی ئەنگلس بکەم کە بە زمانی کوردیش دەست ئەکەوێ. ئەم کتێبە بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە ئەو دیاردەیە لێک دەداتەوە. ئەنگلس ئاماژە بەوە دەکات کە یەکەم جیاکاری کە لە نێوان ژن و پیاودا دروست بوو، ئەوکاتە بوو کە خاوەنداریەتی تایبەت دروست بوو. یەکەم زوڵمی مێژوویی کە لە ژن کرا ئەو کاتە بوو کە کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژن و پیاو دروست بوو، وە ژنان لە چوارچێوەی کاری ناوماڵدا بەسترانەوە و پیاوان کاری دەرەوەیان دەکرد. واتە ژنان سەرقاڵی کارێک کران کە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە بەهای نییە (وەکو کاری مناڵ بەخێوکردن، خزمەتی مێرد و مناڵ و کاری ناوماڵ) و پیاوانیش ئەو کارانەیان دەکرد کە بەهای هەبوو وە لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە بە کاری بە بەرهەم هەژمار دەکرا یان هەژمار دەکرێ و لە کۆمەڵگای هاوچەرخی سەرمایەداریدا لە بەرامبەریدا پارە وەردەگیرێت! بۆنموونە کاری بە بەرهەم لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا کاری جوتیاری بووە و لە ئێستادا کاری کرێکاری لەناو کارگەکان و دامەزراوەکان و تاد...

کەواتە یەکەم دابەشبوونی کار لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە دابەشبوونی کار لەنێوان ژن و پیاودا دروست دەبێت؛ ژن دەچێتەوە کاری نێوماڵ دەکات و پیاو کاری دەرەوە. لە کۆمەڵگای سەرەتایی، بەرلەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی دروست بێت، ژنان و پیاوان بەیەکەوە کاریان کردوە. کاری ناوماڵ و دەرەوەی ماڵ و مناڵ بەخێوکردن کاری ژنان و پیاوان بووە پێکەوە. بێگومان ئەنگلس بۆ پشتگیری ئەم لێکدانەوەیەی پشتی بەستوە بە لێکۆڵینەوەکانی زانای بایۆلۆجی ئەمریکا( تۆماس مۆرگان) سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و ژیانی مادی ( قەبیلە هندیە سوورەکان) کە خۆی ماوەیەک لەناویاندا مابووەوە.

ئەنگڵس باس لەوە دەکات کە لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا هەمووان پێکەوە کاریان کردوە. جا ئەگەر بەروبوومی سروشت و دانەوێڵەیان کۆکردبێتەوە یان ڕاویان کردبێت، ژنان و پیاوان پێکەوە ئەنجامیان داوە یاخود بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ و خێزان و مناڵ بەخێوکردن.... لەوکاتەدا هیچ جیاوازیەک نەبووە لە نێوان ژنان و پیاواندا. ئەو جیاوازیە

## موحسین کەریم

کۆمەڵایەتیەی ئێستا لە نێوان ژن و پیاودا هەیە، نەبووە. تەنانەت ئەگەر ئەو گرتە ڤیدیۆیانەتان بینیبێت کە سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی هۆزەکانی ناو دارستانەکانی ئەمەزۆن و هەندێ شوێنی کیشوەری ئەفریقا بڵاودەکرێنەوە، دەتوانن نمونەیەکی زۆر نزیک لەسەر ئەوجۆرە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە مۆرگان و ئەنگڵس باسی دەکەن، بەڕوونی ببینن! شێوازی ژیانی ئەو هۆزانە هەر لەسەر شێوازی (کۆمۆنە) ی کۆنە، کەپێی دەوترێت کۆمۆنەی سەرەتایی. ژنان وپیاوان، هەموو بەیەکەوە دەژین و لەناویەک پەیوەندی خێزانی گشتیدا و پێکەوە کاردەکەن و پێداویستیەکانی ژیانیان دابین دەکەن، ئەوانەی سروشت بۆیانی دابین کردوە. هێشتا ئەم هۆزانە نەگەیشتوونەتە قۆناغی کشتوکاڵی کە خۆیان خۆراک و دانەوێڵەی خۆیان بچێنن و بەرهەمی بهێنن! بەڵام وەکو ووتم، کاتێک کە خاوەنداری تایبەت دروست دەبێت، مەسەلەی ئەم کاردابەشبونە کۆمەڵایەتیە دروست دەبێت، ژنان دەچنەوە ماڵەوە و دەبەسترێنەوە بە ئەنجامدانی کاری ناوماڵ و منداڵ بەخێوکردن. کاتێک کە ژنان ئەچنە ماڵەوە و سەرقاڵی کارێک دەبن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەهای نیە، نابێتە هۆی کۆکردنەوەی سامان و تەنانەت سەرچاوەی دابینکردنی ژیانی خێزان نییە، چونکە هیچ بەهایەکی نییە و لە بەرامبەر ئەنجامدانیدا هیچ برە پارەیەک یان خۆراکێک وەرناگرێت. ئیتر ئەو پلەیەی کە پێشتر هەیبوە، لە بەرانبەر پیاودا، لە دەستی دەدات، پلەیەک دێتەخوارەوە! ئەو پلە کۆمەڵایەتیەی پێشتر هەیبوو لە دەستی دەدات. ئەوەش دەبێتە بنەمای دروستکردنی ئەم جیاوازیەی لەنێوان ژن و پیاودا دروست بووە و تا ئێستاش بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە!

کارێک کە پیاوان کردویانە، کاری بەرهەم هێن بووە. کارێک بووە کە لە بەرامبەریدا پاداشتێکی مادی وەرگیراوە. ئەو بەرهەمە قابیلی ئاڵوگۆڕ بووە و بەهای هەبووە. قابیلی ئەوە بوە کە ئەو بەرهەمە ببێتە سامان. بە دروستبوونی سامانیش، بە کۆبوونەوەی لای بەشێکی ئەندامانی هۆزەکان، پێگەی خاوەن سامان لەباری کۆمەڵایەتیەوە بەهێزبوە. پرسی گواستنەوەی سامان بۆ منداڵ بوەتە مەسەلەیەکی گرنگ و کۆمەڵایەتی. لێرەشەوە مەسەلەی زەواجی تاک لە تەرەفی ژنەوە دەبێتە پێویستیەکانی مادی و ئابوری، بەر لەوەی ئەخلاقی و کەلتوری بێت! دەبوایە مێردی ژن دیاری بێت و ژن تەنها یەک مێردی هەبێ بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی پێشوترەوە.

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

بۆ روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، واتە هەڵوەشانەوەی فرەمێردی بۆ ژنان بەهۆکاری سەرهەڵدانی خاوەنداریێتی تایبەتی و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر خێزان و پێگەی ژندا هات، بە باشی دەزانم هەر بە سوود وەرگرتن لەو کتێبەی ئەنگلس، قسەیەک لەسەر دیاردەی خێزان بکەم.

پێش سەرهەڵدانی خاوەنداریێتی تایبەتی، زەواجی تاک لە ئارادا نەبووە، بەڵکو زەواج بەشێوەی کۆمەڵ و گروپ لە ئارادابووە. بەرلەوەی کە گۆڕانکاریەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بەسەر مرۆڤدا بێت، پەیوەندی سێکسی لە نێوان ژن و پیاودا لەسەر هەمان بنەمای پەیوەندی سێکسی دنیای ئاژەڵان بووە، واتە هیچ سنور و قەدەغەبوونێک لە پەیوەندی سێکسی نێوان سەرجەم نێرینەی هۆز و گروپەکاندا و مێینەکانیاندا نەبووە. بەڵام لە قۆناغێکی گەشەی کۆمەڵایەتیدا کە ئەنگلس بە قۆناغی جیابوونەوەی جیهانی مرۆڤ لە جیهانی ئاژەڵ ناوی دەبات، پەیوەندی سێکسی لەنێوان باوکان و دایکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا قەدەغە دەبێت. لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی خێزانی کۆنسانجیۆن ( Consanguine Family) ناودەبرێ، پەیوەندی سێکسی لەنێوان ژنان و پیاوانی هۆزدا (خوشک و برا و ئامۆزا) دا بەشێوەی گروپ و بەکۆمەڵ بەردەوام دەبێ.

قۆناغی دوای ئەو، لە ئاستێکی دیکەدا سنوری پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو تەنگەبەر دەبێتەوە بە جۆرێک کە پەیوەندی سێکسی نێوان خوشک و براو ئامۆزاو پورزا، قەدەغەدەبێت. ئەم قۆناغە بە خێزانی پیونالیۆن(Punaluan Family) ناودەبرێت، بەڵام زەواجی گروپ و بەکۆمەڵ هێشتا لەنێوان ژنان و پیاوانی هۆزدا بەڕێوەدەچێت، واتە کۆمەڵێک ژن و کۆمەڵێک پیاو خێزانێک پێکدەهێنن و پەیوەندی سێسکیان بەشێوەی کۆمەڵ ئەنجام دەدەن. نمونەی ئەم جۆرە لە خێزان تا سەدەی نۆزدەهەمیش لەناو هەندێ لە هۆزەکانی هاوایی لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا مابوونەوە. هەڵبەتە تائێستاش لەناو ئەو خەڵکانەی کە بڕوایان بە ئاینی ئیسلام هەیە، مەسەلەی زەواجی ئامۆزا و پورزا ڕێگاپێدراوە.

قۆناغی سێهەم ئەو قۆناغەیە کە زەواجی تاک (واتە تاک ژن و مێردی) دروست دەبێت. سەرەتای ئەم قۆناغە و ئەم جۆرە لە خێزان لەگەڵ دەرکەوتنی خاوەنداریێتی تایبەتیدا سەرهەڵدەدات. ئەگەرچی زەواجی (تاک ژن و مێردی) بەشێوەیەکی رەها سەری هەڵنەداوە

و بەپرۆسەیەکدا رۆیشتوە، کە سەرەتا بەوجۆرە بووە کە کۆمەڵێک ژن و پیاو پەیوەندی سێکسیان هەبوە و یەک خێزانیان پێکهێناوە کە جۆرێک لە خێزانی تێکەڵ بووە، بەڵام ژنێک، پیاوێکی وەکو مێردی سەرەکی و ئەسڵی خۆی دیاریکردوە و پیاوێکیش یەکێک لە ژنەکانی وەکو ژنی ئەسڵی خۆی مامەڵە کردوە! ئەمجۆرە لە زەواجی تێکەڵ، کە هەم زەواجی بەکۆمەڵ و هەم زەواجی تاک لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، وەکو ئەنگڵس دەڵێ رێگای کردەوە بۆئەوەی زەواجی تاک جێگیر ببێت! ئەگەرچی زەواجی تاک هیچ کات بەشێوەیەکی رەها و بەتەواوی جێگیر و پەیرەو نەکراوە! هێشتا لەو کۆمەڵگایانەدا کە پەیرەوی لە ئاینی ئیسلام دەکەن و لەو وولاتانەدا کە شەریعەتی ئیسلام بنەمای یاساکانیان پێکدەهێنێ، زەواجی تاک تەنها لە لایەنی ژنەوەیە، واتە تەنها فرەمێردی قەدەغەکراوە و فرەژنی رێگای پێدراوە. بێجگە لەوەی کە لەو کۆمەڵگا سەرمایەداریانەی کە فرەژنی تێدا قەدەغەکراوە و بەرواڵەت زەواجی تاک بەیاسا جێبەجێ کراوە، بەڵام وەکو مارکس دەڵێ: خێزانی تاکی بۆرژوازی هاوجووتە لەگەڵ لەشفرۆشی! لەشفرۆشی و بازرگانیکردن بە سێکسی ژنانەوە یەکێکە لە دیاردە هەرە تەشەنەکردوو و بەرفراوانەکانی کۆمەڵگا بۆرژواییەکان لە رۆژئاواوە تا رۆژهەڵات!

وەکو لەسەرەتاوە باسمان کرد، زەواجی تاک، یان دەقیقتر، قەدەغەبوونی فرەمێردی، راستەوخۆ لەو زەرورەتەوە پەیدابوو، کە پیاوی خاوەن سامان پێویستی بەوە بوو کە بزانێ منداڵەکەی کێیە، بۆئەوەی لەدوای نەمانی خۆی سامانەکەی بگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکانی. ئەم مەسەلەیەش بە نەمانی فرەمێردی مەیسەر دەبوو، واتە ژنێک دەبێت تەنها یەک مێردی هەبێت. دیاریکردنی خاوەنی منداڵ لە لایەنی پیاوەوە بەوە دەکرا کە ژن هیچ پەیوەندیەکی سێکسی و ژن و مێردایەتی لەگەڵ پیاوی دیکەی نەبێ، وەکو ئەوەی کە لە رابردودا هەبوو! بەڵام وەکو ووتمان مەسەلەی فرەژنی تائێستاش لەهەندێ لە کۆمەڵگاکاندا ماونەتەوە!

بەوجۆرە یەکەم کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی کە ژنی بردە ماڵەوە و کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و خواردن دروستکردن و جلشۆرینی کردە کاری ژنان و کاری دەرەوەش، واتە کاری پەیداکردنی بژێوی ژیان و پێداویستیەکانی دیکەی خێزانی کردە کاری پیاوان، زەمینەی دروستکرد بۆئەوەی کە گواستنەوەی سامان لە باوکەوە بۆ

منداڵەکان لەتوانادا هەبێ و بتوانرێ بە کردەوە جێبەجێ بکرێ، ئەویش لەرێگای زەواجی تاک ژن و مێردایەتیەوە.
بەمجۆرە دەردەکەوێ کە پرۆسەی مێژوویی گواستنەوەی پەیوەندی سێکسی و زەواجی نێوان ژن و پیاو لە زەواجی بە کۆمەڵەوە بۆ زەواجی تاک، راستەوخۆ پەیوەندی بە گۆڕانکاریە ئابوریەکان و سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتەوە هەیە. بەپێچەوانەوە، بەر لە سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەت، هەموو شێوەکانی زەواج و خێزان، زەواجی گروپ و کۆمەڵ بوون، سەرباری ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەریدا هاتبوو لە قەدەغەبوونی پەیوەندی سێکسی و زەواجی نێوان دایک و باوک و کوڕ و کچ و دواتریش قەدەغەبوونی خوشک و براو ئامۆزاو پورزا و تەنانەت دواتریش زەواجی تێکەڵ، کە کۆمەڵێک ژن و پیاو کە دایک و باوک و کچ وکوڕ نین و هەروەها خوشک و برا و ئامۆزا و پورزاش نین، بەڵام پەیوەندی سێسکیان بەشێوەی کۆمەڵ پێکەوە هەبوو! بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتدا زەواجی تاک بە تایبەتی لە لایەنی ژنەوە، دەبێتە شێوازی رێگەپێدراو و لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە یاسایی و شەرعی! لەناو خێزانی تاک مێردیدا، ئیتر ژن دەبێت بە دروستکەری منداڵ و دوبارە بەرهەمهێنانەوەی نەوەی پیاو و بەخێوکەری منداڵ و پێشکەشکردنی خزمەتی سێکسی و خواردن و جلشۆردن و تاد...بۆ پیاوان! ئەم کارەی ژنان لە سەرجەم کۆمەڵگە چینایەتیەکاندا هەمان شتە بە کەمێک گۆڕانکاریەوە لە شکڵەکەیدا! بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە زەواجی تاک ژن و مێردایەتی لە بنەڕەتدا بۆ ژنانە نەک پیاوان و گەورەترین ستەمیشە لە ژن کە دەیکاتە کۆیلەی پیاو! وەکو ئەنگلس دەڵێ: (لەناو خێزاندا پیاو دەوری خاوەنکار دەبینێ و ژنیش دەوری کرێکار!)
ئەنگلس دەڵێ" پلەدوویی ژن ئاکامی تایبەتمەندی بایولۆجی ئەو نییە، بەڵکو ئاکامی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە و هەوڵەکانی پیاویش بۆ گەیشتن بە خواستەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی کار و ئارەزووە سێکسیەکانی ژن بەرەبەرە بووە یاسا لەناو خێزاندا."*(بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت،- ئەنگلس)*. بەوجۆرە سەرەتا لەناو خێزاندا ئەو پێگەیەی ژن رەسمیەت وەردەگرێ و دەبێتە نەریتێکی گشتی و کارپێکراو. ژن هەم خزمەتگوزاریی سێکسی بۆ پیاو مەیسەر دەکات و هەم کاری ناوماڵ و خزمەتی پیاو دەکات لەڕووی ئامادەکردنی خواردن و جلشۆردن و منداڵ بەخێوکردن و ....هەم وەکو

## موحسین کەریم

خستنەوەی منال بۆ پیاو! ئەم یاسا نەریتی و عورفیە، لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و یاسا دەبێتە مەسەلەیەکی شەرعی و یاسایی. تەنانەت خزمەتکردنی پیاو لەهەردوو بارەکەوە مانای دڵسۆزی و وەفای ژن بۆ مێردەکەی دەبەخشێ و دەبێت وەکو بەشێک لە نیشاندان و جێبەجێکردنی ئەرکی خۆشەویستی بۆ مێردەکەی ئەنجامی بدات! لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا بەهەمانشێوە، کاری ناوماڵ کە کراوەتە کاری تایبەتی ژن، هیچ بەهایەکی نییە و ژن لە بەرامبەریدا هیچ کرێیەک وەرناگرێ! کاری ناوماڵ بۆ ژنانی خێزانە کرێکاریەکان وەکو خزمەتێکی خۆڕایی پێشکەش دەکرێ بۆئەوەی پیاوی کرێکار بتوانێ وزە و توانای بۆ بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە بچێتەوە سەرکار و هێزی کاری بە سەرمایەدار و خاوەنکار بفرۆشێ! ئەم کارەی ژنان لە ڕاستیدا کارێکە کە بە خۆڕایی بۆ بۆرژوازی ئەنجام دەدرێ، بەڵام بەشێوەی کارێکی رۆتین و ئاسایی ژن بەرامبەر بە مێرد و منالەکانی چاوی لێدەکرێ! بەمجۆرە دەسەڵاتی پیاو لە خێزاندا لەسەرجەم کۆمەڵگا چینایەتیەکان و لە کۆمەڵگای بۆرژوازیشدا، ئاکامی ئەم جیاکاریە کۆمەڵایەتیە و ئەو کاردابەشبونە کۆمەڵایەتیە کە لەنێوان ژن و پیاودا پێکهات و ژنی تەرخانکرد بۆ کاری منالداری و کاری ناوماڵ، پیاویشی وەکو خاوەنی سامان و وەکو خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بانتر لە ژن، کردە پیاوسالار و سەردار بەسەر ژنەوە. بەوجۆرە خودی دیاردەی پیاوسالاری ئاکامی ئەو جیاکاریە کۆمەڵایەتیە چینایەتیەیە کە کۆمەڵگای چینایەتی و خاوەنداریێتی تایبەتی هێناویەتە ئاراوە و لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا وەکو دوا کۆمەڵگای چینایەتی درێژەی پێدەدرێ!

جێی خۆیەتی باس لەوە بکەین کە خودی سیستەمی بۆرژوازی کە بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم پەیوەندی و نەریت و ئەخلاقیات و تێگەیشتنە کۆنەکانی پێش خۆی دەناسرێ، بۆچی ئەم دیاردە دواکەوتوەی پلەدوویی ژنانی هێشتۆتەوە؟ لەکاتێکدا پەیوەندی ئابوری بۆرژوایی، خێزانی کۆنی هەڵوەشاندەوە و پەیوەندیە خێزانیەکانی پچڕاند. ژنان و منالانی خێزانە کرێکاریەکانی پەلکێشی بازاڕی کار کرد، کە ئەوەش رادەیەک لە نەمانی بەشێکی زۆری نەریتە باوە کۆمەڵایەتیەکانی کردە پێویستیەکی کۆمەڵایەتی و تارادەیەک ئازادیی ژنان بۆ ئابوری بۆرژوازی پێویست بوو، بەڵام بۆچی نەیتوانی لە پاشماوەکانی دنیای کۆن سەبارەت بە ژن خۆی دەرباز و رزگار بکات!؟ بۆچی تا ئێستا چەوسانەوە و نایەکسانی و

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

ستەم لەسەر ژن ماوەتەوە!؟ هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نایەکسانیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەیە. دەستگرتن بە جیاکاری و دروستکردنی دوبەرەکی لەناو چینی کرێکار و توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگادا بەمەبەستی لێکترازانی ریزەکانی چینی کرێکار بەرامبەر بە بۆرژوازی ئامانجێکی راستەوخۆی هێشتنەوەی ستەم و جیاکاریە دژی ژنان، وەکو چۆن ستەمی نەتەوایەتی، ستەم و جیاکاری و بێمافکردن لەسەر بنەمای رەنگی پێست و بیروباوەڕی ئاینی و ...تاد لەلایەن بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیەوە بەڕێوەدەبرێت و دەهێڵرێتەوە و بگرە توندتوتیژتر دەکرێت! ئەگەر بۆرژوازی لەژێر ئەو ناو و پێناسانەدا ریزەکانی چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش و زەحمەتکێش پەرت دەکات، بەهەمان شێوە لە رێگای هێشتنەوەی پلەدوویی ژن لەبەرامبەر پیاودا زەمینەی ناکۆکی و دوبەرەکی لە نێوان ژن و پیاوی کرێکاردا دەهێڵێتەوە و بەوجۆرە ریزەکانی چینی کرێکار پەرشو بڵاودەکات و تەمەنی دەسەڵاتی نایەکسان و چەوسێنەرانەی خۆی درێژدەکاتەوە!

وەکو لەپێشەوە باسم کرد، مەسەلەی زەواجی تاک( تاک مێردی)، لەدوای کۆتاییهاتنی خاوەندارێتی گشتی سەرەتایی و سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتیەوە هاتەئاراوە و چەسپا! لەو پێویستیەوە کە باوک دەیویست سامانەکەی بگوازێتەوە بۆ مناڵەکانی و بۆئەوەش دەبوایە بیزانیایە کە مناڵەکانی خۆی کێن!؟ لەوبارەدا پرسی پاکیزەیی ژن لەڕوی سێکسیەوە هاتەئاراوە. ژن دەبوایە تەنها پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مێردەکەیدا هەبوایە بۆ ئەوەی باوکی مناڵ زانراوبێت. ئەمەش وایکرد کە ئەگەر ژنێک لەپشتی مێردەکەیەوە پەیوەندی سێکسی دروستبکردایە رووبەڕووی سزا دەبوەوە. بەوجۆرە مەسەلەی پاکیزەیی سێکسیی ژن و دڵسۆزی و وەلائی ژن بۆ مێردەکەی، ئەمانە هەمووی دەبێت بە کۆمەڵێک یاسای کۆمەڵایەتی و نەریت کە ئەگەر ژن لێی دەربچێت ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە. ئەم یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتیە تا ئێستاش لە زۆریک لە کۆمەڵگاکاندا ماوەتەوە. بۆنمونە لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئاینی ئیسلام پەیڕەودەکرێ، مەسەلەی سزا لەسەر پەیوەندی سێکسی ژن لە دەرەوەی پەیوەندی ژن ومێردایەتیدا بووە بە یاسای رەسمی وولات. لەهەندێ وولاتیش وەکو ئێران و سعودیە و ئەفغانستان ... ژنان لەسەر ئەوجۆرە پەیوەندیە بەردەباران و شەلاقی دەکرێن! ئەم وولاتانە وولاتی سەرمایەدارین و چینی بۆرژوازی تێیدا دەسەڵاتدارە

**موحسین کەریم**

و ئاینی ئیسلام وەکو بنچینەیەکی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی بۆرژوازی بەرەسمی ناسراوە، نەک وەکو پاشماوەی نەریتی کۆن و لە دەرەوەی یاسادا جێبەجێ بکرێ! بەڵکو سزادان لەسەر (زینا) بە یاسای رەسمی دەوڵەت دیاریکراوە و لەلایەن دەوڵەت و دامودەزگاکانیەوە جێبەجێ دەکرێ! ئەوە بێجگە لەوەی ئەگەر دەوڵەت خۆی لە هەندێ وڵاتدا جێبەجێی نەکات، بەڵام دەسەڵاتی داوەتە دەست عەشیرەت و هۆز و کەسوکار و مێردی ژن کە لە بەرامبەر پەیوەندی سێکسی ژن لە دەرەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، سزای بدات کە زۆرجار لە کوردستاندا بە کوشتنی ژن یان خوشک یان کچ لەلایەن مێرد و و براو باوکەوە ئەنجام دراوە و یاسا و دادگاش بە شێوازی جۆرواجۆر پاکانەی ئەو تاوانەیان کردوە و تاوانبار لە سزای تاوانەکەی دەربازی بووە!

رەنگە کەسیک بێت و بڵێت، ئەم دیاردەیە لەم کۆمەڵگا دواکەوتوانەدا ماوەتەوە کە هێشتا کەلتور و فەرهەنگی بۆرژوازی بەتەواوی تێیدا زاڵ نەبوەو نەریت و یاسا کۆنەکانی عەشیرەت هێشتا لەدەرەوەی یاسا و سیستەمی دادوەریەوە کاردەکەن! بەڵام باسەکە تەنها سزادانی ژنان نییە لەسەر لەدەستدانی پاکیزەیی سێکسی، ئەمە تەنها لایەنێکی ستەم و چەوسانەوەیە لەسەر ژن! لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ کام لە یاسای بنەڕەتی و دەستوری ئەو وڵاتانەدا ئەو سزایە هەڵنەگیراوە و ماوەتەوە! بێجگە لەوە ستەم و بێمافی و نایەکسانی دژی ژن بەشێوازی دیکە تەنانەت لە وڵاتانی بۆرژوازی لیبراڵدا لە ئارادایە. من لە قسەکانی دواترمدا لەوبارەوە رونکردنەوەی زیاتر دەخەمەڕوو.

سەرەنجام، بەشێوەیەکی گشتی هۆکار و بنەمای ستەم و توندوتیژی دژی ژنان و هۆکاری ئەوەی کە تا ئێستا ماوەتەوە و درێژەی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نایەکسانیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا هەیە، بە کۆمەڵگای هاوچەرخی بۆرژوازیشەوە! لەو ڕۆژەوە کە دابەشکاری چینایەتی سەرهەڵدەدا، لەوکاتەوە کە جیاکاری دژی ژن دروست دەبێت، لەوکاتەوە درێژەی هەیە و تاکو کۆمەڵگای چینایەتیش بمێنێت، ئەم نایەکسانی و ستەم و جیاکاریە دژی ژن بەشێوازی جۆراو جۆر دەمێنێتەوە. ڕزگاری ژنانیش لەتوانادا نییە بە کۆتایهاتنی ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە نەبێت، بە هەڵتەکاندنی ئەم نایەکسانیە ئابوری و کۆمەڵایەتیە نەبێ، بە کۆتاییهێنان بەم دابەشکاریە چینایەتیە نەبێ! ڕزگاری ژنان نە بە ڕزگاری یاسایی و نە بە ڕزگاری کەلتوری مەیسەر نابێ! تەنها کاتێک ژن دەتوانێ ڕزگاری

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

بێت کە لەباری کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ پیاودا یەکسان بێت! کە هیچ جۆرە شێوازێکی خاوەندارێتی نەمێنێت و هیچ جۆرە بەرژەوەندیەکی مادی لە پەیوەندی سێکسی و لە زەواج دا نەمێنێت. سەرنج بدەن، ئێستا کاتێک ژن و پیاوێک دەچنە پرۆسەی زەواجەوە، سەرەتا بیر لەوە دەکەنەوە و ئەوەی یەکسەر زهنیان داگیر دەکات، مەسەلەی مارەییە، مەسەلەی موڵک و خانوو منداڵ و...تاد. نەک پەیوەندیەکی خۆشەویستی و ئینسانی نێوانیان. پێوانەیەکی دیکە کاردەکات کە دوورە لەو پێوانە سادە و ئینسانیەی کە دەبێ لە نێوان ژن و پیاوێکدا هەبێ کە وەکو دوو رەگەزی جیاواز یەکتریان خۆشدەوێ و دەیانەوێ پەیوەندی سێکسی پێکبهێنن! سەرجەم زەواج لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا و بە کۆمەڵگای کوردستانیشەوە پەیڕەوی لەم کۆمەڵە کۆتوبەندە ئابوریە دەکەن. بەشێکی زۆری کێشەکانی دوای زەواج و دروستکردنی خێزان لە کوردستان هۆکارەکەی ئەوەیە کە پێوانەی ئابوری حوکم بەسەر پرۆسەی زەواج و پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو دەکات، نەک پەیوەندیەکی یەکسان و هاوتا لەنێوان دوو مرۆڤی یەکسان و چوون یەکدا لەباری کۆمەڵایەتیەوە، کە بنەمای پەیوەندی سێکسی نێوانیان تەنها خۆشەویستی نێوانیان بێت کە بە بڕیاری ئازادانەی هەردولایان بڕیاریان لەسەر داوە!

## بۆچوونە جیاوازەکان لە سەر پرسی ژن و جۆرەکانی فیمینیزم:

بێگومان لێرەدا ناکرێ سەبارەت بە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە پرسی ژن بدوێین، بەڵکو تەنها سەرنج دەخەینە سەر رەوت و بۆچوونە بنەڕەتی و سەرەکیەکان لە پەیوەند بە پرسی ژن و لێکدانەوەیان بۆ سەرچاوە و هۆکارەکانی پلەدوویی و ستەم و توندوتیژی دژی ژنان. بێجگە لەم بۆچوونە سۆشیالیستیەی ئێمە باسی دەکەین، چەندین بۆچوون و تێگەیشتن بۆ مەسەلەی ژن و کێشەکانی هەیە و بزووتنەوەی جۆراوجۆری ژنان، کە سەرەکی ترینیان (لیبراڵ فیمینزم)ە. ئەم جۆرە روانینە بۆ پرسی ژن دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرەتای باڵادەستبوونی سیستەمی ئابوری و دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازیەوە بەتایبەتی لە ئەوروپا سەریهەڵداوە و بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕبووە. بزوتنەوەی لیبراڵ فیمینیزم بۆچوون و چەمکە فکری و سیاسیەکانی لە لیبراڵیزمی بۆرژوازیەوە وەرگرتوە و بەپێی ئەو بەها و بنەمایانە مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی ژنان و مافەکانیدا کردوە و

بزووتنەوەی بەڕێخستوە. فیمینیزمی لیبراڵ بنچینەی بۆچوونەکەی لەسەر ئازادیی ژن بنیات ناوە، ئەگەرچی باسی یەکسانی یاسایی ژن و پیاو دەکات، بەتایبەتی لە بواری خوێندن و فرسەتی کارکردنی ژنان و ئاڵوگۆڕ لە یاساکاندا بە قازانجی مافەکانی ژنان، بەڵام پرسی سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە مەسەلەی ئازادی ژن و هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە لە ڕێگای گۆڕانکاری لە یاساکاندا ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی مافەکانی ژناندا بکات. هەروەها بۆی گرنگە کە ژنان لە بواری سیاسەت و لێپرسراوێتی سیاسی و حکومیدا پێگە و پۆستیان هەبێت تا بتوانن لەو پێگەیەوە کار بۆ باشترکردنی مافەکانی ژنان بکەن. بەبڕوای من ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە، کۆنترین و بنەڕەتیترین بۆچوون و جیهانبینیە، بەغەیری کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، کە سەبارەت بە مەسەلەی ژنان لەئارادا بووە و تائێستاش درێژەی هەیە. بەجۆرێک زۆرێک لە بۆچوون و بزووتنەوە فیمینستیەکانی دیکەی ریشەیان دەچێتەوە سەر ئەم فکر و جیهانبینیە و دەکرێ بوترێ لق و باڵە جیاوازەکانی ئەو بزووتنەوە سەرەکیە پێکدەهێنن!

بەشێک لە فیمینیستەکان بنەمای کێشەی ژن و بێمافیەکانی بە پیاو دادەنێن و بەجۆرێک ژنان دەخەنە بەرامبەر پیاوەوە، لەکاتێکدا وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەوەی وایکردوە پیاو لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پلەیەکی باڵاتری لە ژن پێبدرێ نایەکسانی ئابوری و جیاکاری چینایەتی و بوونی خاوەنداریێتی تایبەتی و پێویستی هێشتنەوەی ئەو خاوەنداریێتیەیە، نەک ئەوەی کە بە سروشت پیاو بوونەوەرێکی دڕندە بێت و دەبێت ژنان خۆیانی لێ بپارێزن! جۆرێکی دیکەی فیمینیزم ئەوەیە کە سەرچاوەی بێمافی ژنان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ژنان خاوەنی ئابوری سەربەخۆ نین و کاری ناوماڵ دەکەن. پێیانوایە ئەگەر ژنان کاری دەرەوە بکەن و لەبەرامبەر کارێکدا کە دەیکەن وەکو پیاوان کرێ وەربگرن، ئەوکاتە دەبنە خاوەنی بڕیاری خۆیان و پیاو ناتوانێ بیانچەوسێنێتەوە! ئەگەرچی چوونەدەرەوەی ژنان بۆ ناو کاری کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێن، خۆی پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیە لە پەیوەند بە مافەکانی ژنانەوە، بەڵام دیسانەوە بەشداری ژنان لە کاری کۆمەڵایەتیدا نەیتوانیوە ژنان لە پێگەی پلەدوویی ڕزگار بکات و بگرە لە هەندێ حاڵەتدا ژنان سەباری کاری دەرەوە، ناچارن کاری منداڵ بەخێوکردن و کاری ناوماڵیش ئەنجام بدەن. ئەم نمونەیە بۆ وڵاتانێکی وەکو کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵات هیچ گومانێکی لەسەر نییە، بەڵام بۆ وڵاتانی ئەورووپاش

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

کە ژنان لە مافێکی زیاتری یاسایی بەهرەمەندن، دیسانەوە ژنان لەزۆر ڕووەوە لەگەڵ پیاواندا یەکسان نین و جیاکاری لە دژیان ئەنجام دەدرێ و بگرە هێشتا بەشێوەیەکی فراوان کێشەی بەخێوکردنی مناڵ هەر ڕوبەڕووی دایکان دەبێتەوە. واتە لەم بارەدا ژن لە دەرەوە کاری بەرهەمهێن دەکات و کرێ وەردەگرێ و لەماڵەوەش کاری خۆڕایی ئەنجام دەدات و خزمەتی مێرد و مناڵەکانی دەکات! واتە وەکو کرێکارێک لەلایەن خاوەنکارەوە دەچەوسێتەوە و بێماف دەکرێ و لە ماڵەوەش وەکو خزمەتکارێک و بەبێ کرێ کاردەکات!
جۆرێکی دیکەی فیمینیزم، (فیمینیزمی ئیسلامی)ە، کە بەتایبەتی لە وولاتانی ڕۆژهەڵات و ئەو کۆمەڵگایانەدا رەواجی پەیداکردوە کە پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن! ئەم جۆرە لە فیمینیزم لەو ڕوانگەوە کە ژنان بە چوونیان بۆ ناو دنیای کارکردن لەناو کارگە و فەرمانگە و دامەرزاوەکان و لە دەرەوەی ماڵدا، دوقات دەچەوسێنەوە، بەتایبەتی کە جەستەی ژن بۆئەوە نەکراوە کاری سەخت بکات و رەخنەی ئەوان لەو بۆچوونەی کە ژنان بە کارکردن و بوونی ئابوری سەربەخۆیان رادەیەک لە ئازادی بەدەست دەهێنن، ئەوەیە کە ئەوە ستەمە لە ژن دەکرێ! ئەم رەوتە لەژێر ناوی بەرگری لە ژندا، کە گوایە ئەوە ئەرکی پیاوە ژیانی ژن دابین بکات و ژنان دەبێ خانم و خاتوون لە ماڵەوە دابنیشن، کۆتی کۆیلایەتی دەکاتە قاچی ژنان و هەوڵ دەدات ئەو پەراوێزە لە ئازادی کە بەدەستیان هێناوە، لێیان وەربگرێتەوە!
وەکو ووتم چەندین جۆری دیکەی فیمینیزم هەیە وەکو فیمینیزمی ڕادیکاڵ و ڕۆشنگەری و پۆست مۆدێرنە و ..تاد. کە زۆربەیان لەو چوارچێوەدا دەسوڕێنەوە کە کۆتاییهێنان بە ستەم و پلەدوویی ژنان بەوجۆرە چارەسەر دەبێ کە ژنان بەشداری لە سیاسەت و دەوڵەتدا بکەن. لەچوارچێوەی یاساییدا مافەکانی ژنان لە قاڵب دەدەن و بۆی دەگەڕێن، یان دەڵێن کە ژنان دەبێت خۆیان خۆیان ڕزگار بکەن و تاد... ئەو جۆرە بۆچوونە تەنها رووی دەرەوەی دیاردەکان دەبینێ، نەک بنەما و هۆکارەکانی پشتی ئەو دیاردانە کە تەحەکومی پێوەدەکەن. زۆربەی ئەو بزووتنەوە و بۆچوونانە ئەوە نابینن یان نایانەوێ بروا بکەن کە سیستەمێکی چینایەتی کۆمەڵایەتی هۆکاری پشتی هێشتنەوەی ئەو هەموو جیاکاری و نایەکسانی و ستەم و چەوساندنەوە و بیمافیانەی ژنانە، نەک پیاوسالاری، یان خەتای پیاو بێت و بە سروشت پیاو دژی ژن بێت، یاخود جیاوازی جەندەری و ئەو شتانە هۆکاری

## موحسین کەریم

ستەم و توندوتیژین دژی ژنان. من پێموایە ئەوجۆرە لێکدانەوانە بۆ پرسی ژنان ناتوانێ نە بنەماکانی توندوتیژی و ستەم لەسەر ژن دەست نیشان بکات و نە دەتوانێ رێگاچارەسەر بخاتە بەردەمی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و پیاوان بۆ کۆتاییهێنان بەو ستەمە مێژووییەی لەسەر ژنان بەرێوەدەچێت!

ئەگەر سەرنجێکی بارودۆخی ژنان بدەین لە ئەوروپا کە لانکەی شارستانی بۆرژوازیە و نەریت و فکر و جیهانبینی دنیای کۆنی دەرەبەگایەتی و باوکسالاری و دەسەڵاتی ئاین لەنێوچوون، بەڵام دەبینین هێشتا ژن لە زۆر ماف بێبەشە و لەگەڵ پیاواندا یەکسان نین و بەشێک لە ئازادیەکانیان زەوت دەکرێ و تەنانەت بەشێوەی پلەدوو مامەڵە دەکرێن. بۆنمونە، لە مەسەلەی فرسەتی یەکسانی کاردا، ژن هەمان مافی پیاوی نییە لەرووی واقعی و کۆمەڵایەتیەوە، ئەگەرچی لە یاسادا ژن و پیا و هەمان مافی یاساییان هەیە. ئەگەر ژنێک دوو گیان بێت فرسەتی کاری زۆر کەمترە لە چاو پیاوێک و ئەم جیاکاریە بەشێوەیەکی نادیار بەرێوەدەچێت. ژنی دوو گیان پێویستی بە چاودێری زیاترە لەروی کاتی کارکردن و مۆڵەت و هەروەها کاتێک منالی دەبێت، پێویستی بە مۆڵەت و دابینکردنی دایەنگاو....تاد. هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە خاوەنکار دەبێ پارەیەکی زیاتر بۆ دابینکردنی ئەم خزمەتگوزاریانە دەستەبەر بکات و بەوەش رێژەی قازانجەکەی کەمتر دەبێتەوە! بۆیە بەبێ ئەوەی بەشێوەی ئاشکرا ئەو جیاکاریە بکات، ناراستەوخۆ ژنانی دووگیان لەناو داواکارانی کاردا بەبیانووی جۆراوجۆرەوە کەناردەخرێن! پیاوی کرێکار یان کارمەند ئەو کێشەیەی نیە، بۆیە فرسەتی پیاوان لە ژنان و بەتایبەتی لە ژنانی دووگیان بۆ کارپەیداکردن زۆر زیاترە.. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ژن و پیاو بۆ هەمان کاری چوون یەک کرێی یەکسان وەرناگرن!

لە ئەمریکا ژنان تەنها ٨٠٪ ی کرێی پیاوان وەردەگرن بەرامبەر بە هەمان کاری چوون یەک. تەنانەت بەپێی رەنگی پێستی ژنان ئەو رێژەیە کەمتر دەبێتەوە. بۆنمونە ژنانی رەش پێست تەنها ٦١٪ ی کرێی پیاوان بۆهەمان کار وەردەگرن!(https://nwlc.org/resources/women-experience-and-wage-gap-in-nearly-every-occupation).

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

لە بەریتانیا لە ٦ کۆمپانیا ٥ دانەیان، زانیارییان دەربارەی جیاوازی کرێی نێوان ژن و پیاو پێشکەش نەکردووە. جیاوازی کرێی نێوان ژن لەگەڵ پیاودا لەکەرتی بیناسازیدا ٢١٪ و لەکەرتی خوێندندا ٢٠٪ و لە کەرتی دارایی و دڵنیاییدا ١٧,٥٪ و لەکەرتی گشتیدا ١٣,٣٪ . مونتەدای ئابوری جیهان(World Economic Forum) دەڵێ ٢١٧ ساڵی دەوێ تا کرێی کاری پیاوو ژن یەکسان بێت!(https://www.dw.com/en/gender-gap-report-equal-pay-now-217-years-away/a-41213428).

من لەم ماوەیەی پێشوودا گوێم لە بەرنامەیەک بوو کە چەند ئەکتەری ژنی (هۆلیود) بەشداربوون تێیدا سەبارەت بە مافەکانی ژنان، ئاماژەیان بەوە کرد کە ژنە ئەکتەرەکان لەچاو پیاوە ئەکتەرەکاندا کرێی کەمتر وەردەگرن! واتە جیاوازی لە کرێی نێوان ژن و پیاودا بۆ هەمان کاری یەکسان و چوون یەک لەناو هۆلیودیشدا رەنگی داوەتەوە!

سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان لە وولاتانی ئەوروپادا، بۆنمونە تەنها لەساڵی ٢٠١٧دا، لە بەریتانیا ١٣٩ ژن کوژراون، لەوانە ٦٤ ژن لەلایەن مێردەکانیان یان مێردە کۆنەکانیانەوە و١٧ ژن لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە کوژراون(https://www.theguardian.com/uk-news/2018/dec/18/femicide-in-uk-76-of-women-killed-by-men-in-2017-knew-their-killer).

لە ئەمریکا لەنێوان ٤٠-٥١٪ ی ژنان توندوتیژی لە دژیان بەکاردەبرێت لەڕووی لێدان، دەستدرێژی سێکسی، دەستدرێژی بۆ سەر کچانی منداڵ، و توندوتیژی خێزانی و بەشێکی بەرچاوی ئەو توندوتیژیانە دژی ژنان لەلایەن مێردەکانەوە یان مێردی پێشویانەوە ئەنجام دەدرێن!(https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/12920616 )

سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی ژنان و پێگەی کۆمەڵایەتیان لە کوردستاندا خۆتان شاهێدی ئەوەن کە لەپاڵ ئەم نایەکسانیە کۆمەڵایەتی و ئابوری و بگرە یاساییەدا، چ ستەمێک لە ژنان دەکرێت، چ توندوتیژیەک بەرامبەر بە ژنان بەرێخراوە!؟ دەبینن لە دوای ساڵی ١٩٩٢ وە، خەرمانێک لە تاوان و کوشتن و ئەتک کردن و سوکایەتی پێکردن و دەستدرێژی سێکسی بەرامبەر بە ژنانی کوردستان ئەنجام دراوە. لەژێر ناوی شەرەفدا ئەنفالێک دژی ژنان و کچانی کوردستان بەرێخراوە. ئەگەر پرۆسەی ئەنفالی خەڵکی کوردستان لەلایەن رژێمی درندە و مرۆڤکوژی بەعسەوە تاوانی کۆمەڵکوژی بێت، ئەوا

## موحسین کەریم

تاوانەکانی دژ بەژنان و  ئەتک کردن و کوشتنیان لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە تاوانێکی دیکەی کۆمەڵکوژیە کە دژی ژن بەڕێوەچوە! ئەگەرچی داتایەکی رەسمی و دانپێدانراو لەبەردەست نییە، بەڵام بەپێی راگەیاندنەکانی رێکخراوەکانی ژنان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژنان هەزاران ژن بەشێوازی جۆراوجۆر کوژراون، چ بە کوشتنی راستەوخۆ چ بە سوتاندن و ناچارکردن بە خۆسوتاندن! بۆنمونە سەدان کچ یان ژن تەنها لەسەر تەلەفۆنێک کوژراون و ئەتک کراون لەلایەن کەسوکاریانەوە. لەکاتێکدا کە دەبێ ئازادی سێکسی بۆ مرۆڤی سەروو تەمەنی یاسایی وەکو مافێکی شەخسی بۆی بەرەسمی بناسرێت! واتە پەیوەندی سێکسی نێوانیان لەسەر بڕیاری ئازادانەی خۆیان بێت نەک هیچ شتێکی دیکە. بەڵام لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەسەر ئەم مافە سەرەتاییە وەکو تاوانبار لەگەڵ ژنان و کچاندا مامەڵە دەکرێت و لەباری کۆمەڵایەتی و نەریت و فەرهەنگەوە سزای کوشتنی لەسەرە. یاسای کارپێکراوی کوردستانیش بەهەمان نەفەس مامەڵەی دەکات و تاوانباران و بکوژانی ژن، ئەویش لەژێر فشاری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا، تەنها بۆ ماوەیەکی کەم زیندانی دەکرێن و دوای ئەوە بە یاسای لێبوردنی گشتی ئازادیان دەکەن.

من پێموایە ئەو بۆچوونەی کە سەرچاوەی بێمافی ژن دەباتەوە بۆ بوونی پیاوسالاری، نادروستە، چونکە خودی دیاردەی پیاوسالاری و دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا ئاکام و دەرکەوتەی دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا و خاوەندارێتی تایبەتی و نایەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتیە لەناو کۆمەڵگادا. پێویستی درێژەکێشان و بەردەوامبوونی ئەو نایەکسانیە و ئەو جیاکاریە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەیە کە وادەکات ستەم لەسەر ژن هەبێت، لەنێوان ژن و پیاودا جیاکاری هەبێ و بکرێنەوە بەگژی یەکتردا... هەروەکو چۆن جیاکاری لە نێوان مرۆڤەکاندا لەسەر بنەمای جیایی رەنگی پێست و زمان و رەچەڵەک و تەنانەت جوگرافیای لەدایکبوونیان لە کۆمەڵگای هاوچەرخی بۆرژوازیدا ماوەتەوە و بەردەوامی پێدەدرێ! نایەکسانی و ستەمی چینایەتیە کە وا دەکات ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، رەگەزی، جنسی و مەزهەبی و.. تاد. لە کۆمەڵگادا مەوجود بێت. ئەم مەسەلەیە بۆ کۆمەڵگای کوردستانیش راستە وەکو هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی سەرمایەداری کە چینێکی خاوەن سەرمایە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی سامان و بەرهەمهێنان و بەرهەمی رەنجی زۆربەی زۆری کۆمەڵگایان کردوە. سەیر بکەن خەڵکێک کە رەنگی پێستیان رەشە بە چاوی کەمتر

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

تەماشا دەکرێن، بۆنمونە دەوڵەتی رەگەزپەرستی ئەفریقای باشوور سیاسەتی جیاکاری لەسەر بنەمای رەنگی پێست، واتە (ئاپارتاید)ی دژی هاوڵاتیانی رەش پێست بۆ دەیان ساڵ بەڕێوە برد. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ژنانی رەش پێست لە ئەمریکا لەچاو ژنانی سپی پێستدا لەڕوی کرێوە روبەڕوی جیاکاری دەبنەوە! لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا هاوڵاتیانی کوردزمان روبەڕوی ستەم و بێمافی و جیاکاری و بگرە کۆمەڵکوژی بوونەتەوە! لە کاتێکدا مرۆڤەکان هیچ نەخشێکیان نییە لە دیاریکردنی رەنگی پێست، رەگەز و تەنانەت نەتەوەی خۆیاندا!

ئەو بۆچونەوەی کە لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری( رەگەزی)یەوە بۆ پرسی ژن دەڕوانێت و پێیوایە سەرچاوەی کێشەی ژنان لەوەدایە کە ژن و پیاو لەرووی رەگەزیەوە یەکسان نین، بە بڕوای من بۆچوونێکی ناتەواوە. ئەوە راستە کە ستەم و پلەدوویی ژن لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەزیی نێوانیان ئەنجام دەدرێ، بەڵام خودی ئەو بنەمایەی ئەم جیاوازیە رەگەزیەی لەسەر بنیات نراوە، جیاوازی چینایەتی و بەرژەوەندی ئابوری و چینایەتی چینی بۆرژوازیە لە هێشتنەوەی ستەم ونایەکسانی و بێمافی لەسەر بنەمای جیاوازیی رەگەزی. بیانوویەک کە فیمینیستە ئیسلامیەکان وهەندێ کەس کە دژی ئازادی و یەکسانی ژنانن، دەیهێننەوە، ئەوەیە کە دەڵێن ژن و پیاو لەرووی بایۆلۆجیەوە جیاوازن، بۆیە ناکرێ وەکو یەک مامەڵە بکرێن و بەوجۆرەش ناکرێ هەمان کار و وەزیفە و مافیان هەبێ! گومان لەوەدا نییە کە جیاوازی بایولۆجی ژن و پیاو ناتوانێ پاکانەی جیاوازی و جیاکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەمتربوونی مافەکانی ژنان بکات. جیاوازی بایۆلۆجی ژن و پیاو تەنها دەورێک تەواو دەکات کە بەهەردوو رەگەزەکە تەواو و کامڵ دەبێ، ئەویش دوبارەکردنەوەی رەچەڵەکی مرۆڤە! ناکرێ لەسەر ئەو بنەمایەوە جیاوازی کۆمەڵایەتی دروست بکرێت و پێگەی ژن پلەیەک لەخوار پیاوەوە دابنرێ! لە کۆمەڵگای سەرەتای مرۆڤایەتیدا، کە هێشتا خاوەندارێتی تایبەت دروست نەبووبوو، جیاوازی بایۆلۆجی نێوان ژن و پیاو نەیتوانی جیاکاری لە پێگەی کۆمەڵایەتی ژندا دروست بکات. بگرە لەسەرەتای مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئەو کاتەی مرۆڤ لەرێی راووشکارەوە پێداویستیەکانی ژیانی دەستەبەر دەکرد، ژنان و پیاوان یەکسان بوون!

**موحسین کەریم**

https://www.theguardian.com/science/2015/may/14/early-men-)
(women-equal-scientists

بەر لەوەی بچمە سەر بەشی کۆتایی باسەکەم، پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم باس و لێکدانەوەیەی من دەیکەم سەبارەت بەو بزوتنەوەو بۆچوونانەی کە لە پەیوەندی بە پرسی ژنەوە ئاماژەم پێکردن، بەو مانایە نییە کە دژایەتی هیچ جۆرە هەوڵێک بۆ باشبوونی مافەکانی ژنان، نزیکبوونەوەیان لە یەکسانی و بەهرەمەندبوونی زیاتریان لە ئازادی، بکەم و بە کەمیان بگرم. من لایەنگری لەهەرجۆرە باشبوونێک لەبارودۆخی ژیان و مافەکانی ژنان دەکەم و بە بایەخەوە دەڕوانمە هەموو ئەو هەوڵانەش کە بەو ئاقارەدا بڕوات. من دژایەتیم لەگەڵ فمینستێکدا نییە، بێجگە لە فیمینیزمی ئیسلامی یان ئەو جۆرە لە فیمینیزم کە لەژێر ناوی بەگری لە مافەکانی ژناندا ژنان دەباتەوە کونجی ماڵ و کۆیلەی کاری ناوماڵ و منداڵ بەخێوکردن و.. تاد. دەنا ئەو ڕەوتانەی کە ڕوویان لە زیادکردنی ئازادیە فەردیەکانی ژنانە، بەو ڕادیەی هەنگاوەکانیان بەو ئاقارەدا بڕوات من گرفتێکم نییە لەگەڵیان، گرفتی من لەگەڵ ئەوان ئەو کاتە دەست پێدەکات کە سەرچاوەی کێشەکانی ژنان گرێدەدەنەوە بە ڕواڵەت و دەرکەوتەکانەوە نەک بە هۆکار و بنەماکانەوە.

من لەگەڵ ئەو فیمینیستەم کە خەبات دەکات بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە بواری یاساییدا، لەگەڵ ئەوەم کە بەرگری لە کرێی یەکسان دەکات بۆهەمان کار بۆ ژن و پیاو، لەگەڵ ئەوەم کە داوای دابینکردنی باخچەی منداڵانی خۆڕایی و شیرخۆرگە دەکات، لەگەڵ ئەوەم کە باسی فرسەتی خوێندن بۆ ژنان و کچان دەکات، لەگەڵ ئەوەم کە داوای دورخستنەوەی دەستی ئاین لە ژیانی کۆمەڵایەتی و شەخسی ژناندا دەکات، لەگەڵ ئەوەم کە داوای بەشداری ژنان دەکات لە کاری کۆمەڵایەتی و دەرچوونی ژنان لەژێر باری کاری ناوماڵ و... تاد. بەڵام دەڵێم ڕزگاری تەواوەتی ژنان لەم چوارچێوەیەدا فەراهەم نابێت. هەمیشە کەلێنێک دەمێنێتەوە و لە باشترین دەوڵەتانی سەرمایەداریدا کە زیاترین ئازادی و یەکسانی یاسایی بۆ ژنان تێدایە، هێشتا ژن لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پلەدووە. ڕزگاری تەواوەتی ژنان لەوەدایە کە جیاوازی چینایەتی و خاوەندارێتی تایبەتی نەمێنێت. بەڵام ئایا کۆمۆنیستەکان خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو حەواڵەی سۆشیالیزم دەکەن؟

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

### ڕوانگەی کۆمۆنیستەکان و چارەسەر:

بێگومان کۆمۆنیستەکان خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو و دەستڕاگەیشتنی ژنان بەهەر رادەیەک لەمافەکانیان بۆ یەک چرکەش دواناخەن، خەبات بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و فراوانکردنەوەی مافەکان و ئازادیەکانی ژنان و بەهرەمەندبوون لەهەر رادەیک لە یەکسانی لەگەڵ پیاواندا، لەڕووی یاسایی، لەڕووی فرسەتی کار، کرێ و خوێندن و دەورو نەخشی ژنان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگادا، بەشێکە لە خەباتی یەکسانیخوازانەی کۆمۆنیستەکان لە دژی سیستەم و دەسەلاتی بۆرژوازی و لەپێناو ئامادەکردنی هەلومەرج و زەمینەکانی شۆڕشی کرێکاری، بەڵام پێداگری ئێمە لەسەر ئەوەیە کە چارەسەری ستەمکێشی لەدژی ژنان، بەکۆتاییهاتنی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و مادیە مەیسەر دەبێ، کە ئەو ستەمکێشیەی دروستکردوە یان دەیهێڵێتەوە و قوڵتری دەکاتەوە! لەڕوانگەی ئێمەوە کۆتاییهێنان بە سیستەمی کاری بەکرێ و خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکانی ساماندا، لەرەگەوە هۆکارەکانی چەوساندنەوەی ژنان و نایەکسانی و پلەدوویی ئەوان دەردەکێشێ و کۆتایی بەهەموو دیاردەکانی توندوتیژی، بێمافی، سوکایەتی، بازرگانی سێکسی و هەموو جۆرەکانی دیکەی شکاندنی کەسایەتی ژنان دەهێنێ.

پێویست دەکات لێرەدا مەسەلەیەک روون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە زەواجی تاک مێردی (احادي-monogamy ) لە پێشکەوتوترین فۆرمیدا، زەواجی بۆرژوازیە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێوانەی ئابوری و مادی دامەزراوە. خێزانی بۆرژوازی لەسەر بنەمای ئابوری و بەرژەوەندی ئابوری دامەزراوە، بەڵام خێزانی کرێکاری لەم خاسیەتە داماڵراوە. کرێکارێکی ژن و پیاو کاتێک پەیوەندی سێکسی و ژن و مێردایەتی دادەمەزرێنن، ئەوەی حوکم دەکات بەسەر پەیوەندیەکەیاندا تەنها خۆشەویستی و پەیوەندی مرۆیی و ئازادانەی نێوانیانە کە لەسەر بنەمای رێز و مامەڵەی یەکسان دامەزراوە. گومان لەوەدا نییە تا سیستەمی بۆرژوازی بمێنێتەوە، ئەمجۆرە پەیوەندیە و شێوازە لە زەواج ناتوانێ پوخت و بێخەوش و دوور لە کاریگەری پێوانە و سونەتە بۆرژواییەکان بێت. بەڵام باسەکەی من لەسەر ئەوەیە کە کرێکار خاوەنی هیچ جۆرە خاوەندارێتیەکی تایبەت نییە، هیچ سامانێکی نییە کە بیگوازێتەوە بۆ منالەکان و نەوەکانی دوای خۆی، بۆیە ئەم پێوانانەی کە بەسەر

پەیوەندی خێزانی بۆرژوازی و زەواجی بۆرژوازیدا زاڵە، بۆ خێزانە کرێکاریەکان ڕاست نییە! بێگومان تەسەورکردنی ئەم شێوازە لە پەیوەندی سێکسی و زەواجی کرێکاری لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان و لە کوردستان ئاسان نییە، کاتێک کە هەمان پێوانەکانی زەواجی بۆرژوازی ئەویش بە بەرگە دینیەکەیەوە، کە لە یاسا و ڕێسا و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە وەرگیراوە، کار دەکات و پەیڕەو دەکرێ! بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەداریەکاندا ئەم مەسەلەیە بەسادەیی دەبینرێ. دەتوانین بڵێین زەواجی کرێکاری هەر زەواجی تاکە (احادي-Monogamy)یە کە وەکو ئەنگلس دەڵێ:" بۆ یەکەمجار لە مێژوودا جێگیر دەبێ"؛ واتە زەواجێک کە لەنێوان دوو کەسی ئازاددا پێکدێت و لەهەردوو تەرەفەوە جێگیر دەبێ، بەپێچەوانەی زەواجی بۆرژوازیەوە کە لەپاڵ لەشفرۆشی و پەیوەندیە نهێنیە سێکسیەکان و لە هەندێ لە کۆمەڵگاکانیشدا فرەژنی، بەڕێوەدەچێت.

گرنگترین مەسەلە لە بواری کۆتاییهێنان بە جیاکاری کۆمەڵایەتی لەدژی ژنان، ئەوەیە کە ژن لە کاری بێبەرهەم و بێ بەهای ناوماڵ ڕزگار ببێت. دەبێ ژنان بچنەوە ناو کاری کۆمەڵایەتی و گشتی و بەرهەمهێن. ئەوەش بەوە دەکرێ کە کاری ناوماڵ لەکاری تایبەت بە ژنانەوە بکرێتە کارێکی کۆمەڵایەتی و گشتی. واتە کاری خواردن ئامادەکردن، جلشۆردن، مناڵ بەخێوکردن ببرێنە دەرەوەی ماڵەکان و لە ڕێگای دابینکردنی چێشتخانەی گشتی، جلشۆرگەی گشتی، دایەنگا و باخچەی ساوایانی گشتیەوە کە ئەمانە هەموویان لەلایەن دەوڵەتەوە خەرجیەکانی دابین بکرێت، ئەنجام بدرێن. بێگومان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دایەنگا و باخچەی ساوایان و جلشۆرگە و چێشتخانە هەن و زۆرن، بەڵام هەموویان بە پارەن و بەپارەیەکی زۆریشن کە خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکان دەرەقەتی نایەن و بەناچاری دەبێ خۆیان هەستن بە ئەنجامدانی ئەو کارانە. ئەو کارەش بە پلەی سەرەکی، بەوهۆکارەوە کە وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی کۆن بەکاری ژن ناسراوە، ژنان ئەنجامی دەدەن! واتە سەرباری بوونی ئەو ئیمکاناتانە لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، بەڵام لەبەرئەوەی کە لەبازنەی بازاڕ و قازانجدا دەسوڕێنەوە، خێزانە کرێکاری و کەمدرامەتەکان لێی بێبەشن. بۆیە یەکەم هەنگاو کە حکومەتی کرێکاری لەروسیا لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ هەڵیهێنایەوە لەبواری دابینکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان، کردنەوەی دایەنگا و باخچەی ساوایان و جلشۆرگە و چێشتخانەی گشتی بوو لە گەڕەک و

## بنەمای کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

لە کارگە و دامەزراوە ئابوریەکاندا، بۆئەوەی ژنان لە کاری ناوماڵ رزگار بکات و کاری ناوماڵ بکاتە کارێکی گشتی نەک تایبەت بە ژنان!

بێگومان پاڵنەری بۆرژوازی قازانجە، بۆیە ئامادە نییە کاری ناوماڵ لە ژنان وەربگرێتەوە و بیکاتە کارێکی گشتی و کۆمەڵایەتی. تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە ئەم خزمەتگوزاریانە هەیە، بەشێکە لە پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایە و قازانج. بەڵام کاتێک ژنانی خێزانە کرێکاریەکان و توێژە کەمدەرامەتەکان ناچاردەبن کاری ناوماڵ بکەن، ئەو کارە بۆ بۆرژوازی بە خۆرایی ئەنجام دەدەن. پیاوی کرێکار، کاتێک ماندوو شەکەت دەگەڕێتەوە ماڵەوە دەبێ دیسانەوە بۆ ئەوەی بچێتەوە سەرکارە، پشوو بدات، نان بخوات، جلوبەرگی بۆ بشۆردرێت، خزمەت بکرێ. دەنا ناتوانێ درێژە بە کارکردن بدات بۆ خاوەنکار. خاوەنکار پێویستی بەوەیە کرێکار بتوانێ دووبارە بچێتەوە سەرکارەکەی تا لەرێگای چەوساندنەوەی ئەوەوە قازانج بەدەست بهێنێ و سامان کەڵەکە بکات. هەروەها پێویستی بەوەیە کە نەوەی تازەی چینی کرێکار جێگای نەوەی کۆن بگرێتەوە، تا هەمیشە هێزی کاری ئامادە هەبێت کە کاری بۆ بکات و بچەوسێتەوە و دووبارە سامانی ئەو زیاد بکاتەوە. کەواتە دابینکردنی ژیانی کرێکار و پاراستنی نەوەی کرێکار، پێویستی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆرژوازیە و بەبێ ئەوە ئیمکانی بەردەوامبوونی ئەم سیستەمە چینایەتیە نییە. بەڵام وەکو ووتمان بۆرژوازی بەبێ ئەوەی یەک دینار بۆ ئەو کارە خەرج بکات، بە ژن و کچی خێزانە کرێکاریەکان ئەنجامی دەدات و بەرگی خۆشەویستی ومیهرەبانی ژن بۆ پیاوەکەی بەبەردا دەکات!

بێجگە لەوە، حکومەتی کرێکاری لە روسیا لەیەکەم ساتەکانی هاتنە سەرکاریەوە، هەموو مافە یاساییەکانی ژنانی لەگەڵ پیاواندا بەرەسمی ناسی و خستیە ناو بەندەکانی دەستوری ( یەکێتی سۆڤیەت) ەوە. هەموو جۆرە جیاکاریەکی لەسەر بنەمای رەگەزی لە دژی ژنان هەڵوەشاندەوە و مافی دەنگدانی یەکسان و هەڵبژاردن بۆ هەموو پۆستەکانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی بۆ ژنان و پیاوانی سەروو ١٨ ساڵ جێگیر کرد.(خالی64، 1918 Soviet Constitution، Chapter 13. (Article 4ئەوە لەکاتێکدا لە وولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری رۆژاوادا دوای دەیان ساڵ لە خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا، بەشێک لە مافە یاساییەکانی ژنان

بەرەسمی ناسران. بگرە دوای ئەوەی لە سەر دەستی حکومەتی کرێکاریدا لە روسیادا هەموو مافە یاساییەکانی ژنان لەناو دەستوری وولاتدا جێگیر کرا، تازە هەندێ لەو وولاتانە مافی دەنگدانیان بۆ ژنان بەرەسمی ناسی. بۆ نمونە لە بەریتانیا، دوای چەند سەدە لە دەسەلاتی چینی بۆرژوازی، بۆیەکەمجار لە شوباتی ساڵی ١٩١٨دا مافی دەنگدان درا بە ژنان. لە ئەمریکا لەساڵی ١٩٢٠دا مافی دەنگدان بە ژنان درا. لە ئیسپانیا ساڵی ١٩٣٣ و لە فەرەنسا ساڵی ١٩٤٤ و لە ئیتاڵیا ساڵی ١٩٤٦ و لە یۆنان ساڵی ١٩٥٢ مافی دەنگدان بۆ ژنان بەرەسمی ناسرا.( سەرچاوە: (Wikipedia

لەپاڵ ئەوانەی سەرەوەدا کە ئاماژەم پێکرد، کارێکی دیکەی کۆمۆنیستەکان و حکومەتی کرێکاری ئەوە دەبێت کە لەڕووی کەلتوری و فەرهەنگی کۆمەلایەتی و سەیرکردنی کۆمەڵگا بۆ ژن و پێگەی ژن و مافەکانی، گۆرانکاری بەسەر فکر و بۆچوون و تێگەیشتنی خەڵکدا بهێنێ. بێجگە لەوەی لەبواری یاساکاندا هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژنان کۆتایی پێدەهێنێ، هاوکات هەموو ئەو پێوانە یاسایی و کۆمەلایەتیانە جێبەجێ دەکات بۆئەوەی هەموو جۆرە شێوازێکی ستەم و نایەکسانی لەسەر ژنان نەهێڵێ و کۆمەڵگا لەڕووی فکری و جێخستنی نەریت و فەرهەنگی ئینسانی و یەکسانیخواز و ئازادیخوازانەوە ڕبهێنێ و ئامادەی بکات. حکومەتی کرێکاری بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو بنەماکانی خاوەندارێتی تایبەتی و پێوانە ئابوریەکانەوە لە پەیوەند بە زەواجەوە، هەموو گرێ و پێوەندە ئابوریەکان و هەروەها بە رەواجدان بە فەرهەنگی ئینسانی و مودێرن بۆ پەیوەندی سێکسی و زەواج، هەموو بنەما ئەخلاقی و نەریتە باو و کۆنەکان لەنێودەبات و پەیوەندی سێکسی و زەواجی نێوان ژن و پیاو دەکاتە پەیوەندیەکی ئینسانی و دامەزراو لەسەر رێزو خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی هاوکاری و پێکەوەژیان. لەرێگای بەکۆمەلایەتیکردنەوەی کاری بەخێوکردنی مناڵیش، کاری سەرپەرشتی مناڵ لەلایەن دایکوباوکانەوە سادە و ئاسان دەکات.

# هەنگاوێک بۆ پێشەوە و

# دوو هەنگاو بۆ دواوە!

عوسمانی حاجی مارف (ئەمجەد غفور) و
موحسین کەریم-
نۆڤەمبەری ٢٠١٨

لە گفتوگۆیەکی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەددا کە لە "الحوار المتمدن"دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە مێژووی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" وێنایەکی نادروست دەخاتەڕوو بەوەی کە "ڕەوت" لەناو ئەڵقەی مەحفەلیزمدا گەمارۆ دەدات و لایەنێکی لاوازی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەکاتە هەموو خەسڵەت و مێژووی ڕێکخراوەکە، لە کاتێکدا "ڕەوت" خۆی وەکو بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریی

## عوسمانی حاجی مارف و موحسین کەریم

لەعێراقدا دەناساند و لەو ئاراستەیەشدا هەنگاوی گەورەی هاویشتبوو، بەڵام هاوڕێ موئەیەد ئەو دیوە پرشنگدارەی "ڕەوت" کە جێهێشتنی دنیای کۆنی مەحفەل و شێوەکاری مەحفەلی و پەیوەستبوون بوو بە پرۆسەی پێکهێنان و بنیاتنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە پەردەپۆش و بێبایەخ دەکات! بەناوی بەرگریکردن لە "ڕەوتی کۆمۆنیست" و خەتی سیاسی و سوننەت و ڕابردووی سیاسیەوە، وێنایەک لە "ڕەوت" ئەدات بە دەستەوە کە لە سەنگەری مەحفەلیزم و خۆلادان لە تەحەزوبی کۆمۆنیستی و بگرە دژوەستانەوەی قەراری گرتبێت! ئەمە ناهەقییەکی گەورەیە بەرامبەر بە مێژووی "ڕەوتی کۆمۆنیست"!

ئەو وێنایەی هاوڕێ موئەیەد لەسەر "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەیدات بەدەستەوە، ئەگەر تۆزقاڵێکیش لێکچوونی لەگەڵ واقعیەتی "ڕەوتی کۆمۆنیست" هەبێت، ئەوە جارێ ئەو "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەیە کە هێشتا دوو ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەردا نەهاتووە؛ یەکەم: قبوڵکردن و پێداگری لەسەر هەڵسەنگاندنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ جەنگی کەنداو و ڕووداوەکانی ئازاری ساڵی١٩٩١، دووەم: بڕیاری مێژوویی بۆ کۆتاییهێنان بە دەورانی کاری مەحفەلی و بەشداریکردنی چالاکانە لە پرۆسەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و دەستپێکردنی دەورانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی. بۆیە دەڵێین ئەگەر هاوڕێ موئەیەد بە هاوڕاییکردن لەگەڵ "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا بەشداریکرد لە دامەزراندنی "حککع" و هەنگاوێکی بۆپێشەوە هەڵگرت، بەڵام دوای٢٥ساڵ و دوای ئەوەی هاوڕێ موئەیەد ڕیزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان جێدەهێڵێ، میلی کاتژمێرەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەو بە ستایشکردنی نەریت و خەتی سیاسی "ڕەوت"ی سەردەمی جەنگی کەنداو و "ئەرکە دەستبەجێکان" دوو هەنگاو دەگەڕێتەوە بۆ دواوە! هاوڕێ وانیشاندەدات کە ئەو باسانەی ڕەخنەیان لێگیراوە و لەلایەن ڕابەریی "ڕەوت"ەوە بەخودی هاوڕێ موئەیەدیشەوە پەسەندکران، باسێکی تیۆری و سیاسی بایەخدار و دروست و کاریگەربوون و بەداخەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نەک لەسەر ئەو خەتە نەڕۆیشتوە، بەڵکو ڕێگری بۆدروستکردوەو لە پرۆسەیەکی مێژووییدا کردویەتیە دەرەوەی حزب!

ئێمە وەکو دوو کەس لە ڕابەرانی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" کە لەسەرەتای "ڕەوت"ەوە تا بڕیاری پەیوەستبوونی بە حزبەوە و کۆتایی تەمەنی سیاسی "ڕەوت" وەکو

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی، لەتەنیشت دەیان کادری "ڕەوت"دا درێژەمان بە خەباتی حزبی و کۆمۆنیستی خۆمان داوە لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستاندا، قبوڵ ناکەین ئەم مێژووە پرشنگدارەی "ڕەوت" لەکەدار بکرێ، بۆیە ئامانجمان لە نوسینی ئەم وتارە ڕۆشنکردنەوە و ڕێگاگرتنە لە زەوتکردنی ئەو دوو هەنگاو و بڕیارە مێژووییەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" کە هاوڕێ ئەیەوێ لەمێژووی ئەو ڕێکخراوەدا بیسڕێتەوە بەناوی بەرگریلێکردنی!

## مەحفەلیزم و پرۆسەی پێکهێنانی حزب

مەسەلەی ڕاگەیاندن و پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ساڵی ١٩٩٣دا، قۆناغ و پرۆسەیەکی تەواو تازە و جیاوازی لە هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی و سیاسی و حزبی خستەبەردەم ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەوکاتەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق. پێشتر هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە بەگشتی بەوە گرفتاربوون کە تەنها لە چوارچێوەی گروپ و ڕێکخراوی بەرتەسک و کاری مەحفەلیدا هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمۆنیستییان بەرنەپێشەوە. بەهۆی ئەو گرفتاربوونەوە، خەبات و چالاکی سیاسی لە چوارچێوەی مەحفەل و گروپەکاندا، لەبری ئەوەی ئیلهام لە خەباتی چینی کرێکار و کۆمەڵگا و شۆڕشی کرێکاری وەربگرێ، گۆڕابوو بۆ کێبڕکێ لەگەڵ گروپ و مەحفەلەکانی تردا و سایەی کردبوو بەسەر هەڵسوڕانی فکری و سیاسیاندا. بۆیە کاتێک پرۆسەی دامەزرانی حزب و هەڵسوڕان لە حزبێکی سیاسی یەکپارچەدا هاتە سەرمێز و بەرنامەی کاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقەوە، تێپەڕکردنی نەریتە مەحفەلییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم دەورە تازە و جیاوازەی کە بڕیار بوو بە پێکهێنانی حزب دەست پێبکات، کارێکی هەروا سادە و ئاسان نەبوو. ئاسان نەبوو بەزوویی نەریت و شێوەکارە مەحفەلییەکان تێپەڕێنرێت و حزبێکی سیاسی یەکپارچە شکڵ بگرێت و بیرکردنەوە لەڕابەریکردنی چینی کرێکار و کۆمەڵگا بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی سۆشیالستی، سەرچاوەی ئیلهامی سیاسی و فکری و نەریت و شێوەکاری بێت.

ئەم کێشەیە بەردەوام گرفتێکی سەختی بەردەم هەڵسوڕانی سیاسیمان بووە و زۆربەی کات ئاستەنگی بۆ پێشهێناوین، چونکە هەر لە سەرەتای پێکهێنانی حزب و دواتر لەناو

حزبدا، نەریتەکانی پێشوو گیانسەختانە بەرەنگارییان دەکرد و کۆسپ و تەگەرەیان بۆ هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی و سیاسیی حزب پێکدەهێنا. هەر هەنگاوێک چوونەپێشەوە بەئاقاری شکڵدان بە حزبی سیاسی، بەناو گێرمەوکێشەیەکی زۆردا تێدەپەڕی. بەشێک لەو ماتریاڵە مرۆییەی لەدەوری پرۆسەی دروستکردنی حزبی سیاسی کۆبووبوونەوە، بەڵام بەکردەوە نەیاندەویست یان نەیاندەتوانی دەستبەداری نەریت و شێوەکارە مەحفەلیەکانی پێشووبن، بەرەبەرە ڕیزەکانی حزبیان بەجێدەهێشت (بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە هەرکەس وازی لە حزب هێنابێت بەمهۆیەوە بووە). بەشێکی تری لەناو حزبدا مایەوە، بەڵام سەرقاڵی دووبارەکردنەوە و بەردەوامیدان بوو بەهەمان نەریت و شێوەکار و ڕوانگە و بەها مەحفەلی و گروپیەکانی پێش پێکهێنانی حزب. بەتایبەت لە یەک دوو ساڵی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی حزبدا، هەمان مەحفەل و گروپەکانی پێش حزب لەناو بەدەنەی حزب و ڕێکخراوەکانیدا سەرلەنوێ خۆیان سازدایەوە. ئەم واقعە سەرتاپای حزبی گرتەوە و هەموو مەحفەلەکانی پێشووتر بە شکڵوشێوازێکی تازە لە ناو حزبدا قەوارەیان بە خۆیان دایەوە.

## بەجێمان لە دەورانی "ڕەوت"ی بەر لە ڕاپەڕینی ئازار

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە، وەک دوو کەس لە ڕابەرانی ئەوکاتەی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست"، قسەکردنە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر درێژکراوەی مەحفەلیستی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەناو حزبدا وەکو یەکێک لە ڕێکخراوەکان و لەڕاستیدا گەورەترینیان کە لەو سەردەمەدا چووە پای پێکهێنانی حزب. هاوڕێ موئەیەد لەوەڵام بە بەشێک لە پرسیارەکانی ئەو گفتوگۆیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش پێکهێنانی حزب و باسکردن لە دەورو جێگاوڕێگای "ڕەوتی کۆمۆنیست" وەک یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە لە چوارچێوەی دیدگای مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەڵسوڕانی سیاسی دەبردە پێشەوە. هاوڕێ موئەیەد لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە ڕەخنەکانی لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هەوڵ ئەدات وەها نیشان بدات کە خەتێکی سیاسی جیاواز و تایبەت لە سەردەمی "ڕەوتی کۆمۆنیست"داو لەسەرەتای پێکهێنانی حزب و دواتریش لە ناوخودی حزبدا هەبووە. هەروەها لەچوارچێوەی ئەو بۆچوونەیدا دەچێتە سەر بایەخدان بە دەور و مەوقعیەتی باڵاو جیاوازی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" کە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

"ڕەوتی کۆمۆنیست" لەچاو ڕێکخراوەکانی تری ئەوکاتەی پێش پێکهێنانی حزب، لەڕووی تیۆری و سیاسیەوە خاوەن خەتێکی پێشڕەوتر و باوەڕپێکراوتر و گونجاوتر بووە. بۆیە هاوڕێ موئەیەد دەڵێت: *"ڕەوتی کۆمۆنیست تاڕادەیەک توانی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بەهێز دروست بکات، توانی باس و مەسائیلی تیۆری و سیاسی لەپەیوەند بەو ئاڵوگۆڕانەی ئەوکاتە لە کوردستان و عێراقدا پێشهات، بخاتەڕوو. هەروەها پلاتفۆرمێکی سیاسی بەناوی "ئەرکە دەستبەجێکان..." بڵاوکردەوە، کە ئەرکی کۆمۆنیستەکانی لەناو گۆڕانکارییەکاندا دیاریکرد، بەتایبەتی لە کوردستاندا، بە پێشڕەوییەکی ووردبینانەوە تەرحێکی عەمەلی بەرجەستەبوو کە وای لە کادرەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" کرد ئەو مەسەلانە بگوێزنەوە بۆ ناو کۆمەڵگەو "ڕەوتی کۆمۆنست"یان کرد بە ڕێکخراوێکی شایستە و ناسراو لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستاندا."*

*لقد استطاع "التيار الشيوعي" ان يشكل منظمة شيوعية قوية، الى حد ما، ويقدم ابحاث ومسائل نظرية وسياسية فيما يتعلق بالتحولات التي جرت في تلك الفترة في كوردستان العراق ويقدم لائحة سياسية اسمها "مهاماتنا العاجلة... " حدد فيها المهام للشيوعين في العراق اثناء التحولات، وبالاخص في كردستان، امتازت بدقة و بطرح عملي ملموس حيث حول كوادر التيار الشيوعي هذه المسائل الى المجتمع وحولوا "التيار الشيوعي" الى منظمة معتبرة ومعروفة على صعيد كوردستان"*

ئەوەی لەم ووتانەی هاوڕێ موئەیەددا بەرجەستەیە، جێگا و پێگەیەکی تایبەت، بەتایبەتی لەڕووی تیئۆری و خەتی سیاسی و سوننەتەکانەوە، دەدات بە "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەبەرامبەر ڕێکخراوەکانی تری پێش پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. بێگومان ڕۆلی تایبەتی سیاسی و عەمەلی "ڕەوتی کۆمۆنیست" حاشای لێناکرێت و جێگای شانازیمانە هەروەک لەسەرەتادا جەختمان لەسەری کردووە، بەڵام ئەوەی کە هاوڕێ موئەیەد دەیەوێت لەسەر ئەم بنەمایە لەناو حزبدا پێگەیەکی تایبەت بە "ڕەوتی کۆمۆنیست" و خەتی سیاسی و ڕوانگەکانی بدات، بەهیچ جۆرێک واقعیەتی تیا نیە. حزب بەپێی ئەو پێشنیار و تەرحەی کە پێکهات و ڕابەریی هەموو ڕێکخراوەکانی ئەوکات ڕەزامەندیی خۆیان لەسەری دەربڕی، بەهیچ جۆرێک درێژکراوەی خەتی سیاسی و نەریت و ڕوانگەی هیچ مەحفەل و ڕێکخراوێک نەبوو بە "ڕەوتی کۆمۆنیست"یشەوە، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە و

## عوسمانی حاجی مارف و موحسین کەریم

لەبنەڕەتەوە بەرەخنەگرتن لە نەریت و شێوەکار و ڕوانگە مەحفەلییەکانی ئەوکاتە، چوارچێوەیەکی سیاسی و عەمەلی و ڕێکخراوەیی و نەریتێکی تازەی خستەڕوو. واتە خودی حزب نەک درێژکراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕەخنە لە نەریت و بەها و ڕوانگە مەحفەلییەکان پێکهات. لەوساتەش بەدواوە هەرجۆرە پابەندمانەوەیەک بە نەریت و چوارچێوەکانی پێشوو، تەنها بوون بە ڕێگری و دەستوپاگیر بوو لەبەردەم شکڵپێدان و بنیاتنانی حزبێکی سیاسی کە ئەرک و هەڵسوڕانی خۆی بە سازدان و ڕابەریکردنی شۆڕشی کرێکاری دانابوو. لەمبارەیەوە هەموو مەحفەلەکانی ڕابردوو کۆسپیان سازدەکرد، بەڵام بەڕاستی دەوری نەریتە مەحفەلییەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەهەمووان بەرجەستەتر و سەرسەختتر بوو! هەڵبەت لەو دەورانەدا کەس خۆی نەدەکرد بە خاوەنی ئەو نەریت و ڕوانگانە. هەمووان وایان نیشاندەدا کە نەریت و بەها و ڕوانگەکانی پێشووی سەردەمی بەر لە حزبیان تێپەڕاندوە! بەڵام ئێستا هاوڕێ موئەیەد کە دوای تەمەنێکی سیاسی دووردرێژ، ئارەزوومەندانە ئاڵای ڕابەریی ئەوانەی بەرزکردۆتەوە، مانای ئەوەیە بەدەمی خۆی دان بەوەدا دەنێ کە لەناو حزبدا نوێنەرایەتی مەحفەلیزمی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ی کردوە! بەم شێوەیەش بێتوانایی سیاسی خۆی لە مەیدانی کار و نەریتی حزبی و حزبیەتدا ڕاگەیاندوە و پێداگری لەسەردەکات!

هاوڕێ موئەیەد بە داتاشینی خەتی سیاسی و فکریی جیاوازی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەبەرامبەر ڕێکخراوەکانی تردا، تەحەزوبی سیاسی کۆمۆنیستی دەکاتە قوربانی مەحفەلیزم، بەڵام ئەمە ناهەقییەکی گەورەیە هاوڕێ موئەیەد بەرامبەر بە "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەیکات! ئەگەر ئەنجامگیری لە لۆژیکی باسە تیۆری و سیاسیەکانی هاوڕێ موئەیەد بکەین کە دوای ٢٧ ساڵ بۆیان گەڕاوەتەوە، وە ئەو باسانە لەلایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لەکاتی خۆیدا ڕەخنەیان لێگیرا و ڕابەریی "ڕەوت" و بگرە بەدەنەی ڕێکخراوەیی "ڕەوت"یش وەکو بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق قبوڵیان کرد، بەوە دەگەین کە هاوڕێ موئەیەد "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەخاتە دەرەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، چونکە ئەوکات نە "ڕەوتی کۆمۆنیست" و نە ڕابەرییەکەی پێیانوانەبوو کە دوو خەتی سیاسی و فکریی جیاواز لەناو "ڕەوت"دا هەیە، بەڵکو تەنها یەک خەتی سیاسی و فکری بوونی هەبوو کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو. "ڕەوت"یش بە توندی پابەندبوونی خۆی بەو

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

بزووتنەوەیە ڕاگەیاندبوو وە بەرگری لێدەکرد. ئاساییە هاوڕێ موئەیەد خۆی لەو مێژووەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بێبەری بکات و پەشیمان بێتەوە، بەڵام ئەو مافەی نیە بەناوی داتاشینی خەتی فکری سیاسیەوە، دووجۆرە "ڕەوت" دروست بکات. "ڕەوتی کۆمۆنیست" تەنها ئەو "ڕەوت"ەیە کە چووە پای پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە و بەڕاگەیاندنی فەرمی ئەو پەیامەی بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و کۆمەڵگای کوردستان ڕاگەیاند! ئێمە خۆمان بە درێژەپێدەری ئەو پەیامەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەزانین و شانازی بەژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییمانەوە دەکەین لەناو "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا تا کۆتاییهاتن و پەیوەستبوونی بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە.

## ستایشی مەحفەلیزم

لەشوێنێکی دیکەدا، هاوڕێ موئەیەد ئاماژە بەوە دەکات کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نەیتوانی ئەو سوننەتە عەمەلی و سیاسییەی ڕەوتی کۆمۆنیست" بگوێزێتەوە بۆ ناو حزب، لە کاتێکدا ئێمە ڕابەرانی ئەوکاتەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بە هاوڕێ موئەیەدیشەوە ئەو پرۆژەیەمان ئیمزاکرد کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە دابڕان لە سوننەتە عەمەلی و سیاسییەکانی پێشوو، لەوانەش سوننەتە عەمەلی و سیاسییەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"، نەک گوێزانەوەیان بۆ ناو حزب! هیچ کاتیش لە هیچ جێگایەکی ڕەسمیدا نە هاوڕێ موئەیەد و نە هیچ یەک لە ڕابەرانی دیکەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بە یەک ڕستەش ڕاشکاوانە پێداگرییان لەسەر ئەم تێزەی ئیستای هاوڕێ موئەیەد نەکردوە. تەنانەت ئەگەر ئەوکات مەسەلەیەکی وا بدرایەتە پاڵ هاوڕێ موئەیەد کە دەیەوێ "سوننەتە عەمەلی و سیاسییەکانی ڕەوت بگوێزێتەوە بۆ ناو حزب" هەربۆخۆی وەکو تۆمەتێکی مەحفەلیستی هەژماری دەکرد و ڕەتی دەکردەوە. بۆیە ئەم تێڕوانینەی هاوڕێ موئەیەد تەنها دەکرێت وەکو گەڕانەوە بۆ دەورانی بەر لە دامەزراندنی حزب و تەنانەت پەشیمانبوونەوە لە پێکهێنانی حزب لە قەڵەم بدرێت.

ئەوەی پێویستە سەرنجی بدەین و ڕۆشنی بکەینەوە لەم ئاڕاستەیەی هاوڕێ موئەیەد پشتی پێدەبەستێت بۆ جیاوازییەکانی وەکو نوێنەری خەتێکی سیاسی و فکریی جیاواز و تایبەت لەناو حزبدا، هەرچەندە مەبەستی ئێمە نیە لەم نوسینەدا بچینە ناو ووردەکاری ئەو

باسانەوە و ڕۆشنیان بکەینەوە، ئەوەیە کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی باسە تیۆری و سیاسییەکانی ئەوکاتەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و دەوری ئەو باسانە، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرادەبێت کە ئەو جیاوازییانەی هاوڕێ موئەیەد ئاماژەیان پێدەکات، بەردەوامیدانە بە لێکدانەوە و بۆچوونێکی سیاسی کە لەکاتی خۆیدا ڕەخنەیان لێگیرا و بە بنبەست گەیشتن! لەلایەن ڕابەریی ئەوکاتەی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە، بە هاوڕێ موئەیەدیشەوە، درەنگ یا زوو ئەو ڕەخنانە قەبوڵکران. ئەمەش بەومانایە نیە کە ئێستا هاوڕێ موئەیەد ناتوانێ و بۆی نیە لەو ڕەخنانەی لە مەسەلە تیۆری و سیاسییەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" گیراوە، پەشیمان بێتەوە، بەڵام گەڕانەوە بۆ ڕەخنەگرتن لەوەی قەبوڵمان کردووە، جیاوازە لەوەی مێژووی واقعی ئینکاربکەیت و وانیشان بدەیت کە "ڕەوتی کۆمۆنیست" بەو باسە تیۆری و سیاسییانەی دەورێکی پێشڕەوی بینیوە.
پێمانخۆشە لەلایەن هاوڕێ موئەیەدەوە ئەو خاڵە ڕۆشن بکرێتەوە کە ئاخۆ ئەوەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەباری تیۆری و سیاسییەوە دەوری پێشڕەو و کاریگەری دیوە، دوای ئەوەی خۆشی لەکاتی خۆیدا ئەو ڕەخنانەی قەبوڵکردوە کە لەو باسە تیۆری سیاسییانە گیراوە، چ دەورێکی هەیە و چ گرێکوێرەیەکی سیاسی بۆدەکاتەوە!؟

## پێگەی (ڕەوتی کۆمۆنیست)

ئێستا باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ ئەوکاتەی کە هاوڕێ موئەیەد پێیوایە "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەورێکی تاڕادەیەک جیاوازی لەباری تیۆری و سیاسییەوە بینیووە. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو باسە تیۆری و سیاسییانەی کە هاوڕێ موئەیەد وەک خاڵێکی بەهێزی خەتی سیاسی "ڕەوتی کۆمۆنیست" پێناسە دەکات و لەهەمانکاتدا دەیکاتە سەرەتای جیاوازییەکانی خۆی و خەتێکی تر لەپاڵ کۆمۆنیستی کرێکاری و پرسی پێکهێنانی حزبدا.
بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە پێمان وانیە کەسێک هەبێت لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا کە گومان لە دەور و ناوبانگ و جێگاوڕێگای گرنگی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئەوکاتەدا بکات یان بە فەرامۆشی بسپێرێت یان بە کەمی بگرێت؛ یەکەم لەبەرئەوەی کە لەباری ڕێکخراوەییەوە فراوانتر و تۆکمەتر و پتەوتر و لە کاری نهێنیدا کارامە بوو، دواتر

### هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

بە دانانی بارەگای چەکداری دەبێتە ڕێکخراوێکی ناسراو لەناو کۆمەڵگەدا. ئەم دوو خاڵە لە بەرجەستەترین لایەنە پێشڕەوی و ئەرێنیەکانی پێگەو دەوری "ڕەوتی کۆمۆنیست" بوون. ئەگەر مەبەست گواستنەوەی ئەم پێشڕەوییانە بێت بۆ ناو حزب، ئەوە بە کردەوە بینیمان کە ئەم جهەتگیرییانە لەحزبدا پەسەندکران و پێداگرییان لەسەر کرا، لە کاتێکدا پاشماوەی مەحفەلیزمی "ڕەوتی کۆمۆنیست" نەک لەسەر ئەمانە، بەڵکو وەکو هەموو مەحفەلەکانی تر، زیاتر لەسەر ئەوە پێداگری دەکرد کە بەشی خۆی لە کورسیەکانی ڕابەریی حزبدا چەند دەبێت! تەنانەت مەسەلەی دانانی بارەگای چەکداری هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی حزبەوە پەسەندکرا و هەنگاوی بۆ نرا، لەکاتێکدا دوای چەند مانگێک لە کردنەوەی بارەگای "ڕەوتی کۆمۆنیست"، دوای بنبەستێکی سیاسی و ئیداری کە دواتر ئاماژەی پێدەدەین، بارەگاکانی خۆی پێچایەوە! بەڵام حزب بەشێوەیەکی فراوانتر بارەگاکانی حزبی لەزۆرێک لە شارە سەرەکییەکانی کوردستان کردەوە و هاوکاتیش هاوکاری کردنەوەی بنکە و بارەگای ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرد.

ئەگەر بەشێکی تری باسەکە لەسەر شێوەکاری ڕێکخراوەیی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ە کە وەکو ئەزمونێک دەبوو بگوێزرێتەوە، سەرباری ئەوەی بەرفراوان بوونەکەی خاڵێکی ئیجابییە، بەڵام ڕێکخستنەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"؛ یەکەم: ڕێکخستنی سەردەمی نهێنیکاری ژێر دەسەڵاتی بەعس بوون، دووەم: بەشێوەیەکی گشتی، بێجگە لەهەندێ حاڵەتی دیاریکراو، لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری و ناپەیوەند بە کرێکارانەوە پێکهاتبوون کە لە دوای ڕووداوەکانی ١٩٩١ زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو نهێنیکارییەدا وەک حاڵەتێکی نەرێنی مایەوە، بەڵام بۆ حزبێکی سیاسی کاری ڕێکخراوەیی لە زۆر لایەنەوە مانای هێنانە ئارای پێکهاتە و نەریت و شێوازی کار و هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازە، جا حزبمان توانیبێتی ئەو کارە ئەنجام بدات یان نا، ئەوە باسێکی ترە، بەڵام ئەوەی ڕۆشنە، هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆئەوەی کە وەکو هاوڕێ موئەیەد ئاماژەی پێدەدات، گوایە نەمانویستووە سوننەتە پێشڕەوەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بگوێزینەوە بۆ ناو حزب! چونکە گەر هەر کەسێک بگەڕێتەوە بۆ باسەکانی خودی هاوڕێ مەنسور حکمەت، کە "ڕەوتی کۆمۆنیست" وەکو بنەمای فکری و سیاسی و سوننەتی خۆی چاوی لێدەکردن، دەربارەی ڕێکخراوبوونی کۆمۆنیستی کرێکاری، باش لەوە تێدەگات کە ڕێکخراوە چەپەکان (بە "ڕەوتی

کۆمۆنیست"یشەوە) لەباری عەمەلییەوە چەند نامۆبوون بە کاری ڕێکخراوبوونی کۆمۆنیستی و دەوریان لەناو کرێکاراندا. ئەگەر سوننەتێکیش نەگوێزرابێتەوە بۆ ناو حزب و کەموکوڕی تێداهەبێت، ئەوە نەگەڕانەوە و بەعەمەلی نەکردنی ئەو باسانەی هاوڕێ مەنسور حکمەتە کە پێدەچێت هاوڕێ موئەیەد بەنیازبێت پێداچوونەوەیان تێدابکات، نەک سوننەت و پێشڕەوییە سیاسییەکانی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" یان هیچ مەحفەلێکی تر، کە لەڕاستیدا کۆسپی سەر ڕێگای نەریتە سیاسییە کۆمۆنیستی و کرێکاری و حزبیەکان بوون. بەڵام ئاشکرایە ئەوەی هاوڕێ موئەیەد دەیەوێت کاڵیبکاتەوە و بەسەریا تێپەڕێ، گواستنەوەی سوننەتە مەحفەلییەکانە کە "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەوبارەیەوە بەشێکی زۆرتری بەردەکەوێت. کاتێ دێینە سەر باسە سیاسییەکان ئەم لایەنەی مەحفەلیزمی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و جێگاوڕێگای تایبەتی هەر هاوڕێیەکیش زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە.

## جەنگی کەنداو و هەڵوێستی "ڕەوتی کۆمۆنیست"

سەرنجی ئێمە لەسەر ئەم بۆچوونانەی هاوڕێ موئەیەد لەو لایەنەوە نیە کە "ڕەوتی کۆمۆنیست" چ جێگاوڕێگایەکی لەناو چەپ و کۆمەڵگادا هەبوو، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەباری تیۆری و فیکری و سیاسی و مارکسی بوونیەوە شتێکی جیاوازتربووە لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوسەردەمە. بەڕاستی ئەمە جێگای سەرنجە کە دوای چارەکە سەدەیەک لەکاری سیاسی لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستاندا و بەدوای ڕەخنەیەک کە لە دیدگا و بۆچوونی تەواوی ئەوکاتەی بزووتنەوەی چەپ گیرا و ئاڵوگۆڕی بەسەر کاری سیاسی و پێگەی چەپ هێنا (بە "ڕەوتی کۆمۆنیست" یشەوە)، تازە خەریکە چەندین هەنگاو دەگەڕێتەوە بۆدواوە، بۆسەر هەمان بۆچوون و دیدگای پێش ٢٧ساڵ کە هاوڕێ موئەیەد خۆیشی ئەو ڕەخنانەی قەبوڵ کردووە، یان لانیکەم ڕاشکاوانە لەبەرامبەریدا ڕانەوەستاوە. پێمانوایە دەیەوێت نیگەرانی لەوە نیشان بدات کە دەبوایە "ڕەوتی کۆمۆنیست" جێگاوڕێگا و پێگەیەکی تایبەتی لەناو حیزبدا پێبدرایە! ئەگەر وابێت، ئەمە هەر لە بنەڕەتەوە بەتەواوی ناکۆکە بە تەرحی پێکهاتنی حزب، کە بڕیاربوو چۆنایەتییەکی تازە و چوارچێوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی نوێ و نەریتێکی تازە

دابمەزرێت، نەک درێژە بدرێت بە چوارچێوە و نەریتە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ڕابردوو.

ئەگەر وەک ئەوەی هاوڕێ موئەیەد دەیەوێت نیشانی بدات گوایە "ڕەوتی کۆمۆنیست" کاریگەریی تیۆری و سیاسی هەبووە و نوسراوی "ئەرکە دەستبەجێکان" توانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" وەکو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بەهێزبکات و بیخاتە پێگەیەکی پێشڕەوەوە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپی ئەوکاتەدا، ئەگەر بەراستی بتوانێ دروستیی ئەم ئیدیعایەی بسەلمێنێت کە گوایە ئەو باسانە وەک بەڵگەنامە و بڕیاری سیاسی خەتێکی مارکسیتر و پێشڕەو و جیاوازی نیشانداوە بە بەراورد بە ڕێکخراوەکانی تر، ئەوا قەبوڵمانە کە پێویست بوو "ڕەوتی کۆمۆنیست" پێگەیەکی جیاوازتری ببوایە و باسەکانی لەپاڵ تەرح و باسەکانی هاوڕێ مەنسوردا لە پرۆسەی دامەزراندن و پێکهێنانی حزبدا سایەی بکردایە.

بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی جێگای سەرنجی جدییە، دەوری "ڕەوتی کۆمۆنیست"ە لە تەبەننی کردنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و دواتر چوونەپاڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا. ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بە هەر وێنایەک کە لەسەر خۆی هەیبوو، نەیتوانی شتێکی جیاوازتر لە ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستیەکانی دیکە نیشانبدات. جگە لەوەش لە ڕووداوەکانی ١٩٩١دا، سەبارەت بە لێکدانەوەی بەرامبەر بە جەنگی کەنداو و نەخشەیەکی سیاسی کە دەبوو لەبەرامبەر ئەو هەلومەرجەدا بگیرێتەبەر، هیچ نزیکایەتییەکی لەگەڵ خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و باسەکانی هاوڕێ مەنسور حکمەت سەبارەت بەو جەنگە، نەک نیشان نەدا، بەڵکو بە مانایەک "ڕەوتی کۆمۆنیست" کەوتە ناو هەڵەیەکی سیاسییەوە.

"ڕەوتی کۆمۆنیست" لێکدانەوەیەکی مارکسیستی و ڕۆشنی بۆ هەلومەرجی سیاسی و ئابووری ئەوکاتەی جیهان نەبوو کە خەریکبوو شەڕەکەی تێدا بەرپادەبوو. جێگاوڕێگای ئەو جەنگە بۆ ئەمریکا وەکو دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی و سەرۆکی بلۆکی ڕۆژاوا بۆ هێشتنەوەی دەوری سەرکردەیی بەسەر ڕۆژاوادا دوای کۆتاییهاتنی بلۆکی ڕۆژهەڵات، لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی سیاسیی "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا نەبوو. خاسییەتی دژی ڕژێمی و بەستنەوەی ئومێدی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام و بەعس لەڕێگای شەڕەوە بەشێک بوو لە سیاسەتی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و ئامادەسازییە عەمەلییەکانی. ئەگەرچی بەهۆی لایەنگریی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بۆ باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و خودی مەنسوری حیکمەت و

ئۆتۆریتەی فکریی ئەو بەسەر سەرجەم بزووتنەوەی چەپ و خودی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە، ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست" نەیتوانی ڕاستەوخۆ بکەوێتە بەرامبەر لێکدانەوەکانی مەنسور حیکمەت دژی جەنگ، بەڵام کەوتە هەڵوێستێکی دووفاقیەوە، بەوەی لەلایەکەوە دژی جەنگ وەستایەوە و دروشمی دژی جەنگی بەرزدەکردەوە، لەلایەکی دیکەوە و بەکردەوە پێشوازی لە شەڕەکە کرد، بەوەی کە داگیرکردنی کوەیتی لەلایەن عێراقەوە مەحکوم کرد و وەکو فرسەتێکی سیاسی بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس تەماشای دەکرد!

بەمجۆرە بەکردەوە "ڕەوتی کۆمۆنیست" کەوتە ناو ئەو هەرایەوە کە ئەمریکا بۆ خۆسەپاندنی وەکو پۆلیسی جیهان بەرپای کرد. بەمانایەک پێشوازی لە هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆسەر عێراق کرد، لەکاتێکدا بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان، بەڕیزی سەدان هەزار کەسی لە دنیادا ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە جەنگی کەنداو، بەڵام "ڕەوتی کۆمۆنیست" نە لەو ناڕەزایەتییە جیهانییە تێگەیشت و نە ئیعتباری بۆ باسەکانی هاوڕێ مەنسور لەو بارەیەوە دانا کە پێشتر خۆی بە مارکسیەکی شۆڕشگێڕتر و کۆمۆنیزمێکی کرێکاریتر لە ڕێکخراوەکانیتر نیشاندەدا. هەر لەسەر بنەمای ئەو هەڵە سیاسییەش "ئەرکە دەستبەجێکان" داڕێژرابوو کە هاوڕێ موئەیەد وەک خاڵێکی بەهێزی "ڕەوتی کۆمۆنیست" شانازی پێوەدەکات، بەجۆرێک کە وەکو "تێزەکانی نیسان"ی لینین مامەڵەی دەکات.

با لەمبارەیەوە چەند ڕوونکردنەوەیەک بدەین؛ یەکەم: ئەو لێکدانەوەیەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەسەر ڕووداوەکانی جەنگی کەنداو کە بۆخۆمان پێمانوابوو شاکارێکی نایابی بۆچوونی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەو پێشی بۆچوونەکانی هاوڕێ مەنسوری داوەتەوە، لەهەمانکاتدا هەمان بۆچوون و لێکدانەوەی نادروست سایەی کردبوو بەسەر تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون لە عێراقدا. هەروەها بەشێک لە ڕابەرانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە دەمانبینین، خلافێکیان لەسەر بۆچوونەکانی ئەوکاتەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" نیشان نەدا، بەڵام دواتر هاوڕێ ئەسەدی گوڵچینی لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە و ئێمەو هاوڕێ ئەسەد و هاوڕێ ڕەحمانی حسێنزادە کۆبوونەوەیەکمان کرد. پاش قسەوباس لەسەر هەلومەرجی سیاسی و ڕووداوەکان و ڕۆشنکردنەوەی زیاتری

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

باسەکانی هاوڕێ مەنسور لەبارەی جەنگی کەنداوەوە، ڕەخنەکانمان وەرگرت و گەیشتین بەوەی ئەو باس و لێکدانەوانەی ئێمە (واتە ڕەوتی کۆمۆنیست)، دروست نین و پاش خوێندنەوە و جەدەلی زیاتر، باسە ئەسڵییەکانی هاوڕێ مەنسورمان قبوڵکرد. هەروەها دەربارەی "ئەرکە دەستبەجێکان"، گرنگترین سەرنجی ئەوکاتەی هاوڕێ ڕەحمانی حسێنزادە ئەوە بوو کە ئاراستە عەمەلییەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە کە پێیوایە هەلومەرجی سیاسیی عێراق و کوردستان هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانەیە؛ واتە "ڕەوتی کۆمۆنیست" بەنیازە ڕابەریی شۆڕش بکات. ئەمەش لەهەمان ئەو لێکدانەوە نادروستەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دەربارەی شەڕی کەنداو بوومان، یانی ئومێد بەستنەوە بە ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام لە ڕێگای جەنگ و ملهوڕیی ئەمریکاوە.
هەڵبەتە دوای چەند دانیشتێک لەسەر ئەو باسانە و دواتر قسەوباسی ناوخۆی ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست"، ڕەخنە لەو لێکدانەوە و باسە سیاسییانە و لە وێنایەک کە لەسەر هەلومەرجەکە بوومان، گیرا. هەروەها سەرنجێکی تری هاوڕێ ڕەحمان دەربارەی مامەڵەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بوو لە بەرامبەر شوراکاندا کە شورای گەڕەکی بە خەڵکی و پۆپۆلیستی پێناسە دەکرد و دەیویست بەفەرامۆشی بسپێرێت و تەنها پێداگریی لەسەر شورای کرێکاری دەکرد. بەڵام بەجیا لە ڕەخنەی هاوڕێ ڕەحمان، لەباری عەمەلی و لەدنیای واقعدا هەڵسوڕاوانی "ڕەوت" نەیانتوانی خۆیان لە شورای گەڕەکەکان بەدووربگرن و لەوبارەوە پەیڕەویان لە سیاسەتی "ڕەوت" نەکرد لەپەیوەند بە شوراکانی گەڕەکەکانەوە.
بەڵام دواتر ئەوەی پێویستە جەختی لەسەر بکەین، بزانین کاردانەوەی ئەو ڕەخنەیە لەسەر <u>باسە تیۆری و سیاسییەکانی</u> "ڕەوتی کۆمۆنیست" بە کوێ گەیشت؟ یەکەم؛ ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەرگیری بنبەستێکی سیاسی و قەیرانێک بوو کە پێویستی بەوە بوو جدیتر بە خۆیدا بچێتەوە. دووەم؛ دوای ئەو بنبەستە بڕیاریدا کە بەشێک لە ڕابەرییەکەی بڕوات بۆ دەرەوەی وڵات. هەرچەندە پاساوی خۆپاراستن و نهێنیکاری بۆ ئەم چوونەدەرەوەیە دەهێنرایەوە، بەڵام واقعیەتەکەی بنبەستی سیاسی و ناڕۆشنی بوو دەربارەی چیکردن؟ سێیەم؛ هەمان بنبەست بەوەی گەیاندین کە نەتوانین بەردەوامی بە بارەگاکان بدەین و دواتر داخران. هاوڕێ موئەیەد شانازی بە بڕیاری کردنەوەی بارەگای چەکدارییەوە دەکات، کەچی هیچ بەرپرسیارێتییەک سەبارەت بە داخستنیان لەخۆی نیشان نادات و

لەمبارەیەوە هیچ نالێت!!!

## ئەرکە دەستبەجێکان، تاکتیکی کام بزووتنەوە؟!

بەڕاستی شانازیکردنی هاوڕێ موئەیەد بە بەڵگەنامەی "ئەرکە دەستبەجێکان"ەوە، ئەویش دوای تێپەڕینی زیاتر لە چارەکەسەدەیەک، کارەساتێکی سیاسییە، چونکە ئێمە لە ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست" نەک دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، بەڵکو دوای ماوەیەکی کەم لە ڕووداوەکانی ١٩٩١، بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئەو بنەمایەی بەڵگەنامەکەی پێنوسراوە و سەرجەم سیاسەت و کارکردی ئەو قۆناغەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و گشت چەپی عێراق، بریتی بوو لە کەوتنەژێر هەژموونی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردەوە، چونکە ئەو ڕاپەڕینەی کە بڕیاربوو "ئەرکە دەستبەجێکان" ڕابەری و ئامادەکاری بۆ بکات، لە بنەڕەتەوە تاکتیکی ناسیۆنالیزمی کوردی گوێلەمشتی ئەمریکا بوو، نەک تاکتیکی کۆمۆنیستی بۆ بەپیرەوەچوونی شۆڕشی کرێکاری! دوای تێپەڕینی زیاتر لە چارەکەسەدەیەک بەسەر ڕەخنەی کۆمۆنیستی لەو دیدگایەی کە "ئەرکە دەستبەجێکان"ی پێنوسراوە، گەڕانەوەی هاوڕێ موئەیەد بۆ ئەو دیدگایە و شانازیکردن پێیەوە، ئەوە دەردەخات کە هێشتا بۆ هاوڕێ موئەیەد ڕوون نەبوەتەوە و ڕۆشن نیە کە چی ڕوویداوە! یان ئەم مەسەلەیەش بەشێکە لەو باسانەی هاوڕێ مەنسور حکمەت کە هاوڕێ موئەیەد دەیەوێ پێیدابچێتەوە!؟ هەروەها ئەم پاشەوپاشگەڕانەوەیەی هاوڕێ موئەیەد لە هەمانکاتدا تەقەکردنە لەقاچی خۆی، چونکە لەم چارەکەسەدەیەدا ئەو خۆی لە چەندین نووسراویدا لەسەر ئاکامەکانی جەنگی کەنداو و دەوروهەژموونی ئەمریکا وەکو ئاکامێکی سەرەکی ئەو جەنگە، بەشێوەی جۆراوجۆر، پەسەندبوونی ئەو ڕەخنە کۆمۆنیستییەی بەفەرز وەرگرتوە، کە ئەوکات لەو دیدگایە گیرا کە لە پشتی "ئەرکە دەستبەجێکان"ەوە بوو، بەڵام لە پێداچوونەوەکانی ئێستایدا، بەومانایەی کە دەیەوێ خۆی وەکو نوێنەری خەتێکی سیاسی جیاواز نیشان بدات، بەکردەوە پاشەوپاش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ٢٧ساڵ پێش ئێستا کە کاتی خۆی بە بنبەست گەیشت! ئەم گەڕانەوەیە بۆ ئەو بنبەستە، سیاسەتی ئەوانە نیە کە وەفادارن بە خەتی سیاسی و عەمەلیی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە کە بە توندی خۆی لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری و باسەکانی هاوڕێ مەنسور حیکمەتدا گرێدابوو، بەڵکو سیاسەتی کەسانێکە کە لە

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

ئاراستەو خەتی سیاسی و فکری بەرجەستە و دوابڕیارەکانی "ڕەوت" پاشگەز دەبنەوە و ڕێگایەکیتر دەگرنە بەر.

ئەوەی پێویستە بەیادی بهێنینەوە، ئەو چوونەدەرەوەیەی بەشێک لە هاوڕێیانی ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بوو بۆ دەرەوەی وولات. بەجیالەوەی بۆخۆی بڕیارێک بوو کە بە هەڵەیەکی سیاسی ئەژماردەکرێت و ئاکامی ئەو بنبەستە فکری و سیاسییە بوو کە ڕابەریی "ڕەوت" دوای ڕووداوەکانی ئازاری ١٩٩١ و جەنگی کەنداو تێیکەوت، دواتر وەکو بەشێک لەو سوننەتە خراپانەی "ڕەوت" کە گواسترایەوە بۆناو حزب، زیانی گەورەی بە بزووتنەوەکەمان و بەحزب و بە گەشەو پێشڕەوییە سیاسی و عەمەلییەکانی گەیاند!

## _پێکهێنانی حزب و بۆچوونە جیاوازەکان

هەڵبەتە بەگشتی هەڵوێست و لێکدانەوەی تەواوی چەپەکان و کۆمۆنیستەکانی ئەوکاتە بەرامبەر بە شەڕی کەنداو هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ هەڵوێست و بۆچوون و لێکدانەوەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و لەڕووی عەمەلیشەوە بەهەمان شێوەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" ڕەفتاریان کرد، بەڵام ئەوان زووتر و پێش لە ئێمە، باسەکانی هاوڕێ مەنسوریان قەبوڵ کرد. ئەوان کەمتر لە "ڕەوتی کۆمۆنیست" تیۆریزەی بارودۆخەکەیان کردبوو، بۆیە بە ئاسانی لێکدانەوەکەی مەنسور حیکمەت دەربارەی جەنگی کەنداو و بۆچوونی ئەو لەپەیوەند بە ڕاپەڕین و خرۆشانی ئازاری ساڵی ١٩٩١یان قەبوڵکرد. دیارە "ڕەوتی کۆمۆنیست" ناسراوتر و جێگەوڕێگەیەکی دیارتری هەبوو، بۆیە سەختتر بەدەم قەبوڵکردنی باسەکانەوە دەچوو وە بەزەحمەت لە هەر بابەتێکدا دەچووە پێشەوە. واتە ئەم واقعە سکتاریستی و مەحفەلی و ناسیاسییە بۆئەوەیە کە نایەوێت پێگەو ناوبانگی ڕێکخراوەکەی بگۆڕێتەوە لەگەڵ چوونە ناو دەورەیەک کە ئەو جێگاوڕێگایە لەدەست ئەدات! بۆیە لە پێکهێنانی حزبدا ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست"، بەتایبەتی ئەو هاوڕێیانەی لە دەرەوەی وولات بوون، زیاتر سەختگیرییان دەکرد بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی پێکهێنانی حزب، کە لەوبارەیەوە هاوڕێیانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لە ناوەوە زیاتر خەریکبوون بە خۆگونجاندن لەگەڵ پێکهێنانی حزبدا، بەڵام هاوڕێیانی دەرەوە بەدوای ئەوەوە بوون جێگاوڕێگای "ڕەوتی کۆمۆنیست" لە حزبدا بپارێزن و حسابی تایبەتی بۆ بکرێت. ئەمەش

## عوسمانی حاجی مارف و موحسین کەریم

لەباری عەمەلییەوە مانای تێنەگەیشتنە لە خۆگونجاندن و چوونەناو دەورەیەکی تازەوە کە پێکهێنانی حزبێکی سیاسییە.

ئەم ئاراستەیە کە ئێستا خۆی بە خەتێکی جیاواز پێناسە دەکات و هاوڕێ موئەیەد نوێنەرایەتی دەکات، کاریگەریی سلبی دانا لەسەر بەشێکی زۆر لە کادران و هاوڕێیان و دۆستانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"، کە تائێستاش پاشماوەی ئەو کاریگەرییە ماوەتەوە و بەوشێوەیە تەعبیردەکرێت کە "ڕەوتی کۆمۆنیست" لەناو حزبدا زوڵمی لێکراوە (هەڵبەت هەموو مەحفەلەکان لەبیری ئەوەدابوون بەشی زۆرتریان دەستکەوێت)، ئەمەش بەرجەستەی ئەو بۆچوونە چەپییە دەکات کە پێیوایە حزب یەکگرتنی ڕێکخراوەکانە نەک دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تازە و پێداویستییەکی مێژوویی خەباتی چینایەتی کرێکار دژ بە سیستەمی سەرمایەداری. هەڵەیەکی گەورەیە وەها مامەڵەی حزب بکرێت کە یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانەیە. هاوڕێ موئەیەد لەپەیوەند بەو ڕێکخراوە تازەیەی خۆیانەوە کە پێکیانهێناوە دەیەوێ وا پێناسەی بکات کە جیابوونەوە نیە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەڵکو دیاردەیەکی تازەیە و دەبێ وەکو پرۆسەیەکی مێژوویی گەڵاڵە بوونی جیاوازیی خەتێکی فکری و سیاسی مامەڵە و سەیر بکرێت. بەڵام مامەڵەی لەگەڵ پێکهێنانی حزبدا تەواو جیاوازە و وەک دیاردەی یەکگرتنی ڕێکخراوەکان بۆی دەڕوانێت، بۆیە بەدوای جیاوازییەکدا دەگەڕێ کەپێگە و جێگایەکی تایبەت بدات بە "ڕەوتی کۆمۆنیست". "ڕەوتی کۆمۆنیست" هەر جێگاو پێگەیەکی بەهەرمانایەک هەبووبێت، بەڵام حزب دیاردەیەکی تازەیە و مانا و ناوەرۆکێکی تەواو جیاواز لە دەورانی ڕێکخراوەکان و هەڵسورانی کۆمۆنیستی لەخۆدەگرێ. جدیبوون بۆ حزب و حزبیەت و حزبی مارکسی شۆڕشگێر، مانای قەبوڵکردنی حزبێکی سیاسییە کە تەواوی پاشماوەکان و شێوەکار و نەریتی مەحفەلیی ڕێکخراوەکان دەخاتە لاوە، نەک ستایشکردن و تۆخکردنەوەی ئەوەی کە گوایە هەر لەسەرەتاوە لەناو "ڕەوت" و دواتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا، خەتێکی سیاسی جیاواز بە شێوازی جەنینی بوونی هەبووە. بەڵام ئەم شێوازە جەنینیە لەکوێی باسەکان و دەور و هەڵسورانی سیاسی و هەژموونی کۆمۆنیستی کرێکاریدا خۆی حەشار دابوو وە گەرای دانابوو، کە تا ئێستا هیچ چاو و تەنانەت زەرەبینێکیش پەیدای نەکردوە، جگە لە "قودرەتی قادر"ی مەحفەلیزم!؟

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

### شکاندنی بێدەنگی دوای چارەکە سەدەیەک

لەشوێنێکی تری چاوپێکەوتنەکەیدا کە بە پێویستی ئەزانین وەڵامێک بە هاوڕێ موئەیەد بدەینەوە، دەڵێت:{*دوابەدوای ئەوەی پێگەی تاکەکان گۆڕانی بەسەردا هات و بەشێک لە ڕابەرانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بە گوێرەی پێگەی تازەیان لەناو هەیکەلەی حزبدا، بوون بە بەشێک لەو کەسانەی کە زۆر بەتوندی بەرەنگاریی ئەو سوننەتانەیان دەکرد کە پەیوەست بوو بە "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە، ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندییان هەبوو لە حزبدا، مەحفەلیزمیان کردە ناوی ئەو هێمایە بۆ وەسفکردنی هەموو ئەوانەی پەیوەند بوو بە "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە*}

*هذا وجرى تبادل مواقع الافراد حيث بعض من قادة "التيار الشيوعي" اصبحوا بحكم موقعهم الجديد في هيكلية الحزب ضمن أعدائ من الاشداء في محاربة كل ما هو متعلق بتقليد "التيار الشيوعي". ان المحفلية باتت اسم الرمز لدى من لهم مصلحة في ذلک داخل الحزب لوصف كل ما هو متعلق ب "التيارالشيوعي".*

بەڕاستی ئەم بەشە لە قسەکانی هاوڕێ موئەیەد جگە لەوەی کە دوای تەمەنێک لە کاری حزبی هێشتا وەکو مەحفەلیستێکی سەرسەختی "ڕەوت" قسە دەکات، دوولایەنی زۆر سلبی و ناهاوڕێیانە لەخۆی نیشاندەدات؛ یەکەم/ ئەوە بۆخۆی بە ڕەوا دەبینێت کە دوای ئەو هەموو نارۆشنییە لە باس و جەدەلەکانیدا ڕابگەیەنێت کە خۆی لە ڕۆژی دامەزراندنی حزبەوە خاوەنی خەتێکی سیاسییە کە لە باسە "تیۆری و سیاسییە"کانی ڕەوتەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام بەڕەوای نابینێ کە کەسانێکی تر لە ڕابەریی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بە گوێرەی ئاخرین هەڵبژاردنی سیاسی و بڕیاری مێژوویی و ڕەسمی و شەرعی "ڕەوت" خەتێکی سیاسیی تریان هەبێت و بڕوایان بەوەبێت کە خەتی حزب پەیڕەوبکەن و سوننەتە مەحفەلییەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"یان تێپەڕاندبێت! بۆیە پێیاندەڵێت بەگوێرەی پێگەی حزبییان و بەرژەوەندییان هەموو شتێک پەیوەند بە "ڕەوت" و مێژووی "ڕەوت" بە مەحفەلیزم ناودەبەن. ئایا بەڕاستی ئەمەیە ئەزموون و شێوە جەدەلی سیاسی لەگەڵ هاوڕێیانێکدا کە "٣٠" ساڵ زیاتر پێکەوە کارتان کردووە و ئیستا پێتوایە بەرژەوەندیی تایبەت و پێگەی حزبییان بنەمایە بۆ هەڵوێستە سیاسییەکانیان!؟ بەڕاستی ئەمەیە لێکدانەوەی مارکسیستی بۆ جیاوازی خەت و بۆچوونە سیاسییەکان!؟

## عوسمانی حاجی مارف و موحسین کەریم

ئەم حوکمەی هاوڕێ موئەیەد لەهەمان دیدگاوە سەرچاوە دەگرێت کە حزب وەک کۆکراوەی میکانیکی و ڕێکەوتن و یەکگرتنی کەسان و ڕێکخراوەکان مامەڵە دەکات، کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی شەخسیی کەسەکان بڕیاری لەسەر دەدرێ، نەک وەکو دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چوارچێوەیەکی تازە و ئامرازێک بۆ خەباتی چینی کرێکار. ئەم بۆچوونە هەمان دنیابینی ئەو گروپە پچووک و مەحفەلانەیە کە لەسەر بنەمای پرۆژەی سیاسی بۆ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا حزب و شەخسیەتەکانی نابینن، بگرە هاوئاوازبوونی کەسەکان پێوانە و بنەمایە لایان. بێجگە لەوەش هەوڵئەدات بەمشێوەیە باسەکە بەلایەکی تردا بەرێت و بیپارێزێ لە ڕەخنە لە نەریت و دیدگاگەلێک کە لە سەرەتای پێکهاتنی حزبەوە تائێستا لەئارادان و ئاستەنگییەکی مەترسیدارن لەبەردەم تەحەزوبی سیاسی کۆمۆنیستی و خەباتی کۆمۆنیستیدا، ئەویش بریتیە لە فرقەگەری و مەحفەلیزم و نەریت و شێوەکاری مەحفەلی. هاوڕێ دەیەوێ لەجیاتی جەدەلێکی سیاسی و مارکسیستی شیاو و شایستە، دەست بەو نەریتە دواکەوتووانەوە بگرێت کە گوایە ئێمەمانان خەتی فکری و سیاسی و ڕابردووی خۆمان فرۆشتوە بە پێگەی تایبەتی شەخسیمان لەناو حزبدا! ئەمەش دەبێ وەکو داهێنانێکی تازە لە پاشەوپاشگەڕانەوە چاوی لێ بکرێت.!!

هاوڕێ دەیەوێ بڵێ ئەو هەموو دادوبێدادەی لەحزبدا دەربارەی کێشەی مەحفەلیزم کراوە، هەمووی زهنی و ناواقعی و دروستکراو و بێبنەما بووە! هەمووی تەنها بەمەبەستی ئینکاریکردن لە پێشڕەوییە سیاسی و فکری و عەمەلییەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" سازکراون! کەوایە بەڕاستی جێگای خۆیەتی بڵێین دوای یەک چارەکەسەدە لە پێکهاتنی حزب، هاوڕێ موئەیەد هێشتا هەر "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەکەی سەردەمی "ئەرکە دەستبەجێکان"ە! کەواتە ئەم چارەکەسەدەیە چیکردوە لەناو حزبدا!؟ بۆ لەماوەی ئەو هەموو ساڵەدا کە لەناو حزبدا جەدەل و ڕەخنە لە مەحفەلیزم دەگیرا، ڕۆژێک ڕاشکاوانە نەیووت من خەتی سیاسی و فکری و سوننەتەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بەڕاست دەزانم و پێداگریی لەسەر دەکەم؟ بەمجۆرە ناکۆکییەکان ڕوونتر دەبوونەوە و ڕەنگە ئەوەندە کات و ووزەی کەسمان بەفیڕۆ نەچوایە و هاوڕێ موئەیەدیش ناچار نەدەبوو ئەم هەموو ساڵە لە تەمەنی خۆی لەناو حزبێکدا بەهەدەربدات کە بڕوای بە خەتی سیاسی و فکری و شێوەکارو نەریتە سیاسی و عەمەلیەکەی نەبووە! بەڵام هاوڕێ موئەیەد هەرگیز وەکو ئەمڕۆ قسەی

نەکردووە، تەنانەت ئەگەر هەرکات پێیوترابێت تۆهێشتا پابەندی بە خەتی فکری و سیاسی و سوننەتەکانی "ڕەوت"ەوە، زۆر بەتوندی ئەمەی ڕەتدەکردەوە و بە تۆمەتی هەژمار دەکرد.

## "ڕەوت"ی مەحفەلی یان "ڕەوت"ی حزبی!؟

خاڵێکی لەوانەش گرنگتر کە جێگای شانازی هەموو ئەو هاوڕێیانەیە کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا، ئەو واقعیەت و ڕاستییەیە کە ئەم ڕێکخراوە بە بڕیاری ڕەسمیی تەواوی ڕابەرایەتی ئەوکاتەی ئاگاهانە بڕیاریدا کۆتایی بە مێژووی مەحفەلیزمی پێش حزب بهێنێت، کۆتایی بە نەریت و شێوەکار و بەها و بۆچوونەکانی ئەو دەورانە بهێنێ و پەیوەست بێت بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە. بەمجۆرەش ببینە بەشێک لەو هەوڵ و خەباتەی کە بۆ دروستکردنی مێژوویەکی بەتەواوی جیاواز و نوێ بەڕێکەوتبوو. ئەمە کۆتابڕیار و هەڵبژاردنی سیاسیی ڕەسمی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بوو. بۆیە تەنها ئەو بڕیارە و ئەوانەی پێداگری لەسەر ئەو بڕیارە دەکەن، ئەتوانن و ماف و شەرعییەتی ئەوەیان هەیە میراتگری "ڕەوتی کۆمۆنیست" بن بە سلبیات و ئیجابیاتیەوە. ئەوانەی دواتر و ئێستا پەشیمانن لەو بڕیارە، بێگومان مافی خۆیانە پەشیمان بنەوە، بەڵام ئەم پەشیمانیە لادانە لەو بڕیارە سیاسییە ڕەسمیەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بۆ کۆتاییهێنان بە مێژووی مەحفەلیزمی پێش حزب. هەڵبژاردنێکی تازە و ڕێگایەکی دیکە و جیاوازە لە کۆتابڕیار و هەڵبژاردنی سیاسیی "ڕەوت" و تازە ناتوانن ئەمە بلکێنن بە "ڕەوت" و مێژووی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە. بۆیە هەڵەدەکەن گەر وا نیشانبدەن ئەوە ئەوانن کە میراتگری "ڕەوتی کۆمۆنیست"ن. ئەوان ئەوکاتە دەیانتوانی بڵێن خاوەنی "ڕەوت"ین کە لەگەڵ بڕیاری هەڵوەشانەوەی "ڕەوت" و پەیوەستبوونی بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە نەبوونایە و بۆ ئەم بڕیارەش دەنگی زۆربەی کادر و ئەندامانی "ڕەوت"یان لەگەڵ بووایە! نموونەی ئەمجۆرە پاشەوپاشگەڕانەوەیە لەمێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا کەم نیە. بەڵام بێهودەیە و ناتوانن مێژوویەکی ڕاستەقینە بگۆڕن. دەبێت تاهەتایە هەر لەخەون و خەیاڵی مێژوویەکدا بن کە پێیانوایە لەباری تیۆری و سیاسییەوە بە ئاسودەیی و بێ قڕەوبڕە تیایدا حەوانەتەوە و هەرخۆیان پاڵەوانی ئەو مەیدانە بوون. ئەمە ڕێکوڕاست

## عوسمانی حاجی مارف و موحسین کەریم

لاساییکردنەوەی ئەو هەوڵانەیە کە لە کوردستانی ئێراندا لەلایەن مەیلە ناسیۆنالیستییەکانی ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە دران بۆ نیشاندانی پەشیمانی کۆمەڵە لە پەیوەستبوونی بە حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە.
"ڕەوتی کۆمۆنیست" بڕیارێکی سیاسیی دروست و گرنگیدا، بەڵام وادیارە بەشێک لە ڕابەریی ئەوکاتی "ڕەوت" هەروەکو بەشێک لە ڕابەریی گروپ و ڕێکخراوەکانی تری ئەو قۆناغەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، لەو ڕۆژگارەدا بەناچاری تەسلیمی ئەمری واقع بوون و بەڕواڵەت ڕەزامەندیی خۆیان لە کۆتایهێنان بە دەورانی مەحفەلی و دەستپێکردنی دەورانی حزبی سیاسی دەربڕیوە، بەڵام لەپشتی ئەم ڕەزامەندییە ڕواڵەتییەوە پلانی ئەوەیان هەبوو کە لەناو حزبدا هێلانەیەکی تازە بۆ مەحفەلیزمی گروپەکەی پێشوویان دروست بکەن. هەڵبەتە هاوڕێ موئەیەد یەکەم کەس نیە کە ئێمەمانان سەرزەنشت دەکات لەسەرئەوەی لەگەڵ ڕەوتی پرۆسەی بینای حزبدا ڕۆیشتووین و لەناو حزبدا پشتمان کردوەتە پاشماوەکانی مەحفەلیزمی "ڕەوتی کۆمۆنیست". ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن لەڕاستیدا بەمجۆرە بێگانەیی خۆیان بە سیاسەت و بڕیاری سیاسی و شەرعی "ڕەوتی کۆمۆنیست" نیشاندەدەن. ئەوانەی کە تا ئەمڕۆش پابەند و پەیوەستن بە نەریت و خەتی فکری و سیاسی و سونەتە عەمەلییەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ی پێش بڕیاری پەیوەست بوون بەحزبەوە، لەڕاستیدا پشتیانکردوەتە ئاخرین بڕیاری سیاسی و مێژوویی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بۆ کۆتاییهێنان بە مێژووی مەحفەلیزم و بوون بە بەشێک لە مێژوویەکی تازە، کە مێژووی دروستکردنی حزبی سیاسی و کۆمۆنیستی بوو لەپێناو سازدان و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستیدا. بەشداریکردنی هاوڕێ موئەیەد لە پێکهێنانی حزبدا، کە دوابڕیاری سیاسی و گرنگی "ڕەوتی کۆمۆنیست" بوو، جا بەهەر بۆچوون و هۆکارێکەوە بووبێت، هەنگاوێک بوو بۆپێشەوە، بەڵام گەڕانەوەی بۆ "ڕەوت"ی پێش دامەزراندنی حزب و لەوەش زیاتر بۆ "ڕەوت"ی بەرلە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، دوو هەنگاوە بۆ دواوە.

### هۆکاری ڕاستەقینەی وازهێنانی لە حزب

لەڕاستیدا هاوڕێ موئەیەد لەژێرناوی خەت و باس و تیۆریدا کە لای خۆیشی ناڕۆشنن،

## هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

بەرگرییەکی سەرسەختانە لە نەریتە مەحفەلییەکانی ٢٧ ساڵ پێش ئێستای "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەکات. هەڵبەت زۆرکات بەشێوەیەکی تەمومژاوی لەناو حزبدا و لەکاتی هەر باس و بڕیارێکی سیاسیدا ئەوەی درکاندوە کە ملاحەزاتی هەیە، بەڵام هیچکات ڕوونی نەکردوەتەوە کە ملاحەزەکانی چین و کەی باسەکانیان دەکات، تا ئێمەش بۆچوونەکانی ببیستین و بتوانین باس و جەدەلی لەگەڵدا بکەین، جا یان باسەکانی قەبوڵ بکەین یا ڕەتیان بکەینەوە. لەمەش سەرنج ڕاکێشتر لەژیانی سیاسیی هاوڕێ موئەیەددا وەک کەسێک لە ڕابەریی حزبدا، بۆ یەکجاریش لە کۆنگرە یان پلینۆمێکدا بڕیار یا بڕیارنامەیەکی سیاسیی تایبەت بەخۆی و بۆچوونە تایبەتەکانی خۆی نەهێناوەتە بەردەممان تا پەسەندی بکەین یا ڕەتی بکەینەوە. هەمیشە بە ڕستەیەکی کورت ووتویەتی باس و ملاحەزەم هەیە، کە داوای لێکراوە قسە و ملاحەزەکانی بەیان بکات، هەمیشە وەڵامی ئەوەبوو کە ئێستا کاتی نیە! ڕاستییەکەی ئەوەندەی تەواوی ژیانی سیاسی هاوڕێ موئەیەد پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی جیاوازی فکری و سیاسی و خەتی سیاسی جیاوازی هەیە و بۆ کاری مەحفەلی بەکاری هێناوە، یەک لەسەر هەزاری ئەوە، هەوڵی نەداوە و خۆی خەریک نەکردوە بەوەی کە جیاوازییەکانی ڕۆشن بکاتەوە. لەکۆتاییدا ئێمە وەکو هاوڕێ موئەیەد وا نازانین کە بەرژەوەندی شەخصی و پێگەی حزبی ئەو بنەمابێت بۆ بۆچوون و هەڵبژاردنە سیاسییەکانی، بەڵکو وا دەزانین کە هێشتا ئەو نەیتوانیوە لە نەریت و دیدگا و شێوەکاری مەحفەلی تێپەڕبکات. هێشتا ئەو لە باوەڕ و بەها و پەیوەندییە مەحفەلییەکانی ئیلهام وەردەگرێت و ئەمەش هۆکاری سەرەکی دڵەڕاوکێ و نەحەوانەوەیەتی لەناو حزبی سیاسیدا و نامۆبوونیەتی بە گێڕانی دەوری ڕابەریی سیاسی لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەتایبەتی و لەناو حزبی سیاسیدا بەگشتی. ئەو بەوازهێنان لە حزب و پێداگرتنەوەی لەسەر نەریت و بەها و ڕوانگە مەحفەلییەکان، گەڕایەوە بۆ خاڵی سەرەتای بازنەکە و بۆ هەمان جێگا و باوەڕ و نەریتەکانی چارەکە سەدەیەک لەمەوبەری، بەداخەوە!



کارڵ مارکس

# تێزەکانی مارکس

# سەبارەت بە فۆیەرباخ

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: جەمال موحسین

دیسێمبەری ٢٠١٨

## پێشەکی:

ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ ناساندنێکی کورت بۆ تێزەکانی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ. سەرەتا ئەمەوێ ئەوە بڵێم ئەو دەقە کوردیەی لێرەدایە لە ئینگلیزیەوە وەرمگێڕاوە. بۆ ئەوەی بتوانم

## تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ

بەشێوەیەک دایبرێژم کە بۆ تێگەیشتن ئاسان بێ، بەراوردی دەقەکەی خۆمم بە دەقە عەرەبیەکە و فارسیەکە و نەرویجیەکەش کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەوێ بڵێم ئەم تێزانە کە بە شێوەیەکی چڕ و پڕ لەلایەن مارکس خۆیەوە داڕێژراوە و سەرخەتی بیر و بۆچوونێکی زۆر قوڵترن بەڵام بچڕ بچڕ دێتە بەرچاو. من لام وایە هەروا ئاسان نییە ئەم دەربڕینانە تەنها وەک چەند ڕستەیەک کە لە ئارادان ببینرێن و هەر بەمجۆرە وەربگێڕدرێنە سەر زمانێکی تر ئەگەر مەبەست و مانایەک کە سەبارەت بە تێگەیشتن و تێڕوانین و دیدگایەکی زانستی شۆڕشگێڕانە کە لە پشتی تێزەکانەوە هەن نەبینرێن. نیەتی من بۆ وەرگێڕانەوەی جارێکی تری تێزەکان لە ئینگلیزەوە هەرئەوەیە کە تێگەیشتنێکی دروست لەبارەیانەوە بە کوردی بەدەستەوە بدەم. بەڵام هاوکاتیش ڕوونکردەوە و ناساندنەکەشی کۆمەکێک بەو کارە ئەکات.

ئەم وەرگێڕانە لەو دەقە ئینگلیزیەوە کراوە کە لە بەرگی ٥ ی کۆکراوەی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس لە بلاوکراوەی لۆرینس و ویشارتدا بڵاوبۆتەوە. لەم بەرگەدا سەرەتا دەقی نوسخە ئەسڵیەکەی دانراوە و وەک لەوێشدا ئاماژەی پێ کراوە لە ساڵی ١٩٢٤ دا لەلایەن دەزگای مارکسی لینینی حزبی کۆمۆنیستی ڕووسیەوە بڵاوکراوەتەوە. بەڵام هەر لەم بەرگەدا و بە دوای ئەوەدا وێنەیەکی تری تێزەکان هەیە کە لە ئێدیت کردنی ئەنگڵسە و لە ساڵی ١٨٨٨دا وەک پاشکۆیەک بۆ کتێبەکەی خۆی بە ناوی (لودڤیگ فۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی) بڵاویکردۆتەوە. لە ڕاستیدا ئەم وێنەیەی دواییان هەندێک لە دەربڕینە ئینگلیزیەکانی ڕوونترکردۆتەوە و لەباری زمانەوە ڕۆشنترە. بۆیە ئەم وەرگێڕانەی من لە نوسخەکەی ئەنگڵسەوە کراوە. ئەوەندەشی لە ڕێی بەراوردکردنەوە دیقەتم دا عەرەبیەکە و فارسیەکەش لە هەمان نوسخەوە وەرگێڕدراون، بەڵام نەرویجیەکە لە دەقە ئەسڵیەکەوە.

دوای ئەم پێشەکیە ئەمەوێ بێمە سەر ناوەڕۆکی ناساندنی تێزەکان بە شێوەیەکی گشتی. دوای ئەمەش دەقی تێزەکان پێکەوە ئەخەمە بەردەم و ئنجا دواتر بە کورتی مانای هەر یەکێک لە تێزەکان بە جیا بە دەستەوە ئەدەم. مێژووی نووسینی تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ ئەگەڕێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ١٨٤٥ (لە بروکسل)، کە لە ڕاستیدا ئەم ١١ تێزە سەرەتا وەک چەند تێبینیەک پێش ئایدۆلۆژی ئەڵمانی نووسراوە. لەم تێزانەدا میتۆد و

## کارڵ مارکس

دەزگای ڕەخنەی مارکس لە فەلسەفە و فۆیەرباخ هاتووە چ لە ڕووی تێگەیشتنی لە ئاین و میتافیزیک و نەبوونی هیچ تێگەیشتنێکی ماتریالیستانە و چ لە ڕووی تێگەیشتنیەوە بۆ مێژوو. وە ئەم تێزانە بوونە هەوێنی بەندی یەکەمی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی کە هەمان ئەم بیرۆکانە لەوێدا بە دورودرێژی ڕوونکردنەوەی لەسەر دراوە. لە ڕاستیدا ئادیۆلۆژی ئەڵمانی بە تیۆریەکی پڕاوپڕی زانستی دائەنرێت سەبارەت بە تێگەیشتنێکی ماتریالیستانە لە مێژوو، واتە ماتریالیزمی مێژوویی. ئەنگلس لەوبارەیەوە ئەڵێ: "... ئەم تیۆریە، کە پەردەی لەسەر یاسا پوختەکان سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵگا هەڵماڵی و گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی بەسەر زانستی کۆمەڵدا هێنا، یەکەمین داهێنانی مەزنی مارکسی بەرجەستەکردەوە (کە دووەمیان تیۆری زێدەباییە) و ئەم داهێنانە ڕۆڵی سەرەکی بینی لەوەی سۆشیالیزم لە یۆتۆپیایەکەوە (خەیاڵێکەوە) بگۆڕێ بۆ زانستێک" (کۆکراوەی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلس، بەرگی ٥، پێشەکی).

مارکس زۆر سەرسەختانە ڕەخنەی لە هیگڵیە لاوەکان ئەگرت، لە نێویشیاندا فۆیەرباخ، لە بارەی ماتریالیزمێکەوە کە خۆیان پێوە بائەدا و ئەو بە تەسەوفی لە قەڵەم ئەدا لەبەرئەوەی کرۆکی مرۆڤیان لە پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانەوە نەئەبینی. ناوەڕۆکی سەرەکی و گشتی تێزەکان پێداگریە لەسەر ماتریالیزمێکی دیالەکتیکی کە کردە بە بناغە و بگرە خاڵی دەستپێکردنی هەر مەعریفە و تێگەیشتنێک دائەنێت. تیۆریش بۆ ئەوەی ببێت بە هۆکارێکی چالاک لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا ئەبێ لە کردەیەکی چالاکی شۆڕشگێڕانەدا بەرجەستە بێتەوە (سێیەمین تێزەکانی یەکەم).

ئەم تێزانە نیشاندەری تێگەیشتنی ماتریالیستانەی مارکسە بۆ "کرۆکی مرۆڤ". بە پێچەوانەی فۆیەرباخەوە کە بە شێوەیەکی موجەڕەد لەم کرۆکەی ئەڕوانی و نەیئەتوانی بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکانیەوە ببەستێتەوە، مارکس پێی وایە کە مرۆڤی ڕاستەقینە، دیارە نەک خەیاڵی، تەنها بەرهەمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە. هەروەها مارکس لە فۆیەرباخ واوەتر لە ئاین و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی ئەڕوات و پێی وایە بەس نییە کە بناغە سەرزەمینیەکانی ئاین ببینیت. پێداگری لەسەر ئەوە ئەکات کە کۆتایی هێنان یان بنبڕکردنی ئاین پەیوەستە بە ئاکتێکی شۆڕشگێڕانەوە کە ئەو هەلومەرجە کۆتایی پێئەهێنێ کە تیایدا ئاین سەرهەڵئەدات (هەروەک لە تێزی چواردا هاتووە).

## تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ

تێزی یانزە یەکێکە لە هەرە گرنگترین تێزەکان کە مارکس خۆی خستوویەتیە دواوە و بەجۆرێک پوختەی دیدگای ڕەخنەگری لە فەلسەفە پێکدێنێ لای مارکس و ئەنگلسیش، بەو پێیەی لەو ساڵانەوە هەردووکیان پێکەوە کەوتبوونە پەرەپێدان و گەشەپێدانی تیۆریەکانیان و بنەما زانستیەکانیان. ناوەڕۆکی ئەم تێزەی کۆتایی لەوەدایە کە بە چڕوپڕی ئەیخاتە بەردەم کۆمەڵگا کە ئێمە ئەبێ لەم جیهانە تێبگەین تاکو بتوانین بیگۆڕین. بەڵام بەو ئەندازەیە تێگەیشتن و لێکدانەوە گرنگە کە لە چوارچێوەی تیۆردا نەمێنێتەوە و تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە بزانین بۆچی ئەم جیهانە بەمجۆرە بوونی هەیە، بگرە لە پرۆسەی خۆیدا بمانگەیەنێت بە ئاکتێکی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی. لە ڕاستیدا هەر ئەمەشە کە مارکسیزم وەکو ڕەخنە و تیۆرێک نیشان ئەدات کە فەلسەفەی مەوجود تێئەپەڕێنێ و میتۆدێکی زانستی ئەکات بە بەر تیۆری مەعریفەدا.

ئەبێ دیسان بووترێتەوە کە ئەو دیدگا زانستیەی کە مارکس لەم تێزانەدا بەدەستیەوە ئەدات لە ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا زیاتر گەشەی پێداوە و بە دوور و درێژی هاتۆتە سەری. وەک ئەزانین کە ئەم کتێبەی دواییان لە دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەمیان بە تەواوەتی تەرخان کراوە بۆ ڕەخنە لە ڕوانگەکانی فۆیەرباخ و باور و شتێرنەر و بەشی دووش بۆ ڕەخنە لەو شتەی کە پێی ئەووترا "سۆشیالیزمی ڕاستەقینە"، کە لە مانیفێستی کۆمۆنیستیشدا هاتوونەتە سەری.

مەسەلەیەکی گرنگ کە لە تێزەکاندا هاتووە چالاکی مرۆڤ یاخود مرۆڤی ڕاستەقینەیە (واتە پراتیکی ئەو). ئەم بیرۆکەیە وەک بنەمایەکی ماتریالیستی لە ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا زیاتر برەوی پێدراوە و لەوەدا بە درێژی باس لە ڕۆڵی مرۆڤی ڕاستەقینە و زیندوو و چالاکیەکانی و ئەو هەلومەرجەی لە سایەیدایە کراوە، واتە چ هەلومەرجێکی مەوجود کە دژیەتی و چ ئەوانەی کە بە خودی چالاکیەکانی خۆی بەرهەمدێ. هەر لێرەوە گرنگی سیفەتی مێژووییانەی ئەو هەلومەرجە مادیانە جەختی لێئەکرێتەوە کە هەمیشە لەژێر کاریگەری چالاکیەکانی مرۆڤدان. وردبوونەوە لە بیرۆکە گشتیەکانی ناو تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ، ئەمانگەیەنێت بە گەڕانی زیاتر بە دوای دۆزینەوە و تیۆری ماتریالیزمی مێژوویدا کە بەشی یەکەمی کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی پۆشیویەتی. بنەمای یاخود کرۆکی سەرەکی ئەمەش ئەوەیە کە پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان بە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دیاری

ئەکریێت وە هەر ئەم پەیوەندیانەی دواییەشە کە بیروبۆچوون و ئاین و یاسا و تەنانەت فەلسەفەش دیاری ئەکەن، لە یەک وتەدا هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە سەرخانی کۆمەڵگاوە. لێکدانەوە و ناسینی ئەو پەیوەندیانەی بەرهەمهێنان و هەلومەرجێک کە لێوەی سەرچاوە ئەگرن و خۆشیان بەرهەمی چالاکی مرۆڤن بۆ ئەوەیە کە هە ربە چالاکی مرۆڤیش لە ئاکتی شۆڕشگێڕانەدا گۆڕانکاریان بەسەربهێنرێن. ئەمەش بەشێکە لەو دیالەکتیکیەتەی کە ڕەوتی ماتریالیستانەی مێژوو لەسەری بەندە. مەسەلەیەکی تر کە تێزەکان زیاتر تینووت ئەکات بۆ تێگەیشتن لێی و لە ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا زیاتر فراوانی کردۆتەوە ئەوەیە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی بیروڕای ئایدیالیستی جەخت لەوە ئەکاتەوە کە کردە لە بیرەوە ڕۆشن ناکاتەوە بگرە بیر و چۆنێتی پێکهاتنی بە ئاکتێکی ماتریالیستی ڕۆشن ئەکاتەوە. سەرئەنجام ئەمەش ئەیگەیەنێت بەوەی کە ئەوە ڕەخنەگرتن نییە بگرە شۆڕشە کە هێزی بزوێنەری مێژووە و تەنانەت بزوێنەری ئاین و فەلسەفە و هەرجۆرە تیۆریەکی تریشە (ئایدۆلۆژی ئەڵمانی_ هەمان بەرگی کۆکراوەی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس، ل ٥٣_٥٤). لە ڕاستیدا ئەمەش لە تێزی یانزەمیندا پوخت کراوەتەوە کە مەسەلەی بنەڕەتی گۆڕینی کۆمەڵگایە لە ڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیەوە وەک کردەیەکی چالاکی مرۆڤەکان.

تێزەکان نەخشەی ڕوانینێکی ماتریالیستی مێژوویی ئەکێشن کە بۆتە بنەما و پایەیەکی گرنگ بۆ دیدگایەکی ماتریالیستی زانستی مارکسی. هەروەک لینینیش لەبارەی ئەم ماتریالیزمە مێژووییەوە، وەک زانستێک ئەڵێ: "مارکس ماتریالیزمی فەلسەفی قوڵکردەوە و گەشەی پێدا تا ئەوپەڕی خۆی و تێگەیشتن و زانیاری سروشتی فراوانکردەوە بۆ تێگەیشتن و زانیاری دەربارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ماتریالیزمی مێژوویی مارکس دەسکەوتێکی مەزن بوو لە زانستی بیرکردنەوەدا. ئەو پشێوی و بێسەروبەرەییەی کە پێشتر سایەی کێشابوو بەسەر ڕوانگەکاندا سەبارەت بە مێژوو و سیاسەت بە تیۆریەکی زانستیانەی کامڵ و هاوئاهەنگ جێگەیان گیرایەوە، تیۆریەک کە نیشانی ئەدات چۆن لە ئەنجامی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە سیستمێکی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە سیستمێکی تر و باڵاتر گەشەئەکات، بۆ نمونە چۆن سەرمایەداری لە فیوداڵیزمەوە سەردەردێنێ. (لینین، سێ سەرچاوە و سێ بەشە پێکهاتووەکەی مارکسیزم_ هێڵی تەئکید هی لینینە). ئەمە هەر

## تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ

ئەو مەسەلەیەیە کە لە تێزەکاندا هاتووە، واتە چۆن مرۆڤ وەک بوونەرێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی کە زادەی هەڵسوڕان و چالاکی خۆیەتی لە چوارچێوەی سیستمێکی بەرهەمهێناندا ڕێڕەوی مێژووی خۆی دیاریکردووە، ئەمەش بنەمایەکی ماتریالیستی و پراکتیکیە نەک خەیاڵ و تەئەمول (تێڕامان)، (بۆ نمونە لە تێزی حەوتدا).
بەهەرحاڵ هەروەک لەسەرەتاشدا وتم خودی تێزەکان و تێگەیشتن لێیان لە پەیوەند بە تیۆر و زانستێکی گشتگیرتری مارکسەوەیە سەبارەت بە ماتریالیزمی مێژوویی و دیالەکتیک. من بەم ڕوونکردنەوە گشتیانە ڕادەوەستم و تێگەیشتنی زیاتر لێیان ئەخەمە پرۆسەی مشتومڕ و لێکدانەوە و بە دواچوونی زیاتری خوێنەر بۆ تێزەکان و بیرۆکەکانی پشتی ئەوانەوە. لێرەوە دێمە سەر دەقی وەرگێڕانی تێزەکان. لێرەدا پێویست ئەکات ئەوە بڵێم کە هێڵی تەئکیدەکان لە تێزەکاندا هی مارکس خۆیەتی.

# تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ

# کارڵ مارکس

## بەهاری ١٨٤٥

### (١)

کەموکوڕی سەرەکی هەموو ماتریالیزمەکانی پێشوو، بەوەی فۆیەرباخیشەوە، ئەوەیە کە شت [گیگنشتاند] و ڕاستی و هەست تەنها لە شێوەی مەوزوعیدا (ئۆبجێکت) یا لە شێوەی تێڕاماندا (تەئەمول) دەرکی پێئەکرێ نەک وەک چالاکیەکی هەستپێکراوی مرۆڤ، وەک کردە (پراکتیس)، واتە نەک لە ڕووی زاتیەوە (سەبجێکت). لەبەرئەوە و بە پێچەوانەی ماتریالیزمەوە، ئەو بەشە چالاکە تەنها بەشێوەیەکی موجەڕەدانە (ئەبستراکت) لەلایەن ئایدیالیزمەوە گەشەی پێدراوە چونکە بێگومان ئایدیالیزم خۆی چالاکی ڕاستەقینە و هەستپێکراو وەک خۆی ناناسێ. فۆیەرباخ شتی هەستپێکراوی بە جۆرێک ئەوێت کە بە

ڕاستی جیایە لە شتی دەرکپێکراو، بەڵام خودی چالاکی مرۆڤ وەک چالاکیەکی مەوزوعی (ئۆجێکتیڤ) تێناگات. لەبەرئەوە لە کتێبی (کرۆکی مەسیحیەت)دا ڕوانگەی تیۆری بە تاکە ڕوانگەی مرۆیی دائەنێت، لە کاتێکدا کە کردە تەنها لە شێوازی ڕوخسارە پیسە جولەکەییەکەیدا تێگەیشتن و پێناسەی بۆ ئەکرێ. هەربۆیە ئەو لە گرنگی چالاکی "شۆڕشگێڕانە" و ڕەخنەی کردەیی تێناگات.

(٢)

مەسەلەی ئەوەی کە بیرکردنەوەی مرۆڤ لەباری مەوزوعیەوە ڕاستە (حەقیقەتە) مەسەلەیەکی تیۆری نییە، بگرە کردەییە (پراکتیکیە). بە کردار (پراکتیک) مرۆڤ ئەبێ ڕاستی، واتە واقعیەت و هێز و دنیایی بوونی بیرکردنەوەکانی، بسەلمێنێ. مشتومڕ لەسەر ڕاستی بوون و ناڕاستی بوونی بیرکردنەوەیەک کە دابڕێنرابێ لە کردار مەسەلەیەکی مەکتەبی پەتیە.

(٣)

ئەو باوەڕە ماتریالیستیەی پێی وایە مرۆڤ بەرهەمی هەلومەرجەکان و پەروەردەیە و لەبەرئەوەش مرۆڤی گۆڕاو بەرهەمی هەلومەرجێکی تر و پەرەوەردەیەکی گۆڕاوە، لەبیری ئەچێتەوە کە ئەوە مرۆڤە ئاڵوگۆڕ بەسەر هەلومەرجەکاندا دێنێت و کە پەروەردەکار خۆشی ئەبێ پەروەردەبکرێ. لەبەرئەوە ئەم باوەڕە ئەگات بەوەی ئەبێ کۆمەڵگا بکات بە دوو بەشەوە کە یەکێکیان باڵادەستە بەسەر کۆمەڵگادا (بۆ نمونە وەک لای ڕۆبەرت ئۆوین).

ڕێکەوتی گۆڕانی هەلومەرجەکان و چالاکی مرۆڤ تەنها کاتێک ئەتوانرێ دەرک و تێگەیشتنێکی عەقڵانی بۆ بکرێ کە بە کردەیەکی شۆڕشگێڕانە دابنرێ.

(٤)

فۆیەرباخ لە ڕاستی خودبێگانەبوونی ئاینیەوە دەست پێئەکات، لە کۆپی کردنی دەقاودەقی جیهانەوە بۆ جیهانێکی ئاینی خەیاڵی و جیهانێکی ڕاستی. کارەکەی لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە جیهانی ئاینی بەلای بناغە نائاینیەکەیدا (سێکیولارەکەیدا) ئەخات. ئەو چاو لەوە ئەپۆشێت کە دوای تەواوکردنی کارەکەی، ئەو شتە سەرەکیەی کە ئەبێ ئەنجام بدرێ هەر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە. ئەو ڕاستیەی کە بناغە نائاینیەکە کە لە خودی خۆیەوە بەرزئەبێتەوە و خۆی لە هەورەکاندا وەک پاشانشینیەکی سەربەخۆ ئەچەسپێنێ تەنها

ئەتوانرێ بە ململانێی ناوخۆیی و ناکۆکیە ناوەکیەکانی ئەم بناغە نائاینیە ڕوونبکرێتەوە. لەبەرئەوە پێش هەر شتێک ئەبێ ئەمەی دواییان لە ناکۆکیەکانیەوە دەرک بکرێ و ئنجا بە کردەیەکی شۆڕێشگێڕانە ئەم ناکۆکیانە وەلابنرێن. بۆیە بۆ نمونە هەر کە دەرکەوت خێزانی سەرزەمینی نهێنی خێزانی پیرۆزە، ئیتر ئەبێ خێزانی سەرزەمینی لەباری تیۆریەوە بدرێتە بەر ڕەخنە و بە کردەوەش بگۆڕدرێ.

(٥)

فۆیەرباخ کە ڕازی نییە بە بیرکردنەوەی موجەڕەدانە، ڕووئەکاتە تێرامانی هەستی. بەڵام لەوەش تێناگات کە هەستیاری بوون چالاکیەکی کردەیی هەستی مرۆڤە.

(٦)

فۆیەرباخ کرۆکی ئاینی لە لە کرۆکی مرۆییدا ئەتوێنێتەوە. بەڵام کرۆکی مرۆیی دابڕانێکی پەتی (تجرید) نییە کە بە شێوەیەکی زگماکی لە تاکی تەریک کەوتوودا هەبێ، بگرە ئەم کرۆکە مرۆییە لە واقعی خۆیدا کۆی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە.

فۆیەرباخ کە خۆی لە قەرەی ڕەخنە لەم کرۆکە ڕاستەقینەیە نادات، سەرئەنجام بە ناچاری ئەبێ:

١. خۆی لە ڕەوتی مێژوویی دابڕێنێ و ئەوە بە براوە دابنێ کە هەستی ئاینی هەر خۆی لە ئارادایە و بوونی تەریک کەوتوو و دابڕاوی تاکی مرۆڤەکان بە پێشمەرج وەربگرێ.

٢. بەم پێیە بەوجۆرە سەری لە کرۆکی مرۆییش دەرئەچێ کە تەنها وەک جۆر و وەک کەسێکی ناوەکی گشتی خامۆش لێیبڕوانێ کە ئەتوانێ تەنها لە ڕووی سروشتیەوە تاکەکان پێکەوە کۆبکاتەوە.

(٧)

سەرئەنجام فۆیەرباخ ئەوە نابینێ کە "هەستی ئاینی" خۆی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە و ئەو تاکە دابڕاوەی ئەو شیئەکاتەوە لەڕاستیدا سەر بە شێوازێکی دیاریکراوی کۆمەڵگایە.

(٨)

ژیانی کۆمەڵایەتی لە بناغەوە کردەییە. ڕێگەچارەی عەقڵانی هەموو ئەو نهێنیانەی کە تیۆری بەرەو تەسەوف ئەبەن لە کردەی مرۆڤ و تێگەیشتن لەو کردەیەدا ئەدۆزرێتەوە.

(٩)

بەرزترین خاڵ کە ماتریالیزمی تێرامان پێی ئەگات، واتە ماتریالیزمێک کە هەستیاری وەک چالاکیەکی کردەیی تێناگات، بریتیە لە تێرامان لە تاکە دابڕاوەکان لە "کۆمەڵگای مەدەنی" دا.

(١٠)

ڕوانگەی ماتریالیزمی کۆن کۆمەڵگای "مەدەنیە"؛ لە کاتێکدا ڕوانگەی ماتریالیزمی نوێ کۆمەڵگای مرۆییە، یاخود مرۆڤایەتی پێکەوەبەستراوی کۆمەڵایەتیە.

(١١)

فەیلەسوفەکان بە شێوازی جۆراوجۆر تەنها لێکدانەوەیان بۆ جیهان کردووە؛ لە کاتێکدا مەسەلەکە گۆڕینیەتی.

لێرەدا تێزەکان تەواو بوون...

با بە کورتی هەر تێزێک ڕوون بکەینەوە لە ڕووی ماناوە، مەبەستم لەوەیە من لێرەدا لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ هەر تێزێک ناکەم بگرە زۆرتر ئامانجم ئەوەیە کە مانای تێزەکان و مانای پشتی ئەوان بخەمەڕوو.

## ڕوونکردنەوەی تێزەکان:

### تێزی یەکەم:

چ ئەوانەی کە پێشتر خۆیان بە ماتریالیست داناوە و چ فۆیەرباخیش تێگەیشتنێکی ناماتریالیستانەیان سەبارەت بە شتی واقعی و هەلومەرج بە دەستەوە داوە. ئەوان واقعیەت، کە شتێکە لە دەرەوەی زاتی خۆیان، تەنها لە تەئەمولی خۆیانەوە بینیوە یان دەرکیان پێکردووە. لە کاتێکدا کە مرۆڤ خۆی و چالاکیەکەی بە شێوەیەکی دابڕێنراو و موجەڕەد دەرک ئەکەن، کە ئەمەش وا ئەکات ئەوجۆرە لە "ماتریالیزم" پاڵ بە هەمان دەرکی ئایدیالیستانەوە بدات. ڕەخنەی مارکس لێرەدا لە فۆیەرباخ و کە نمونەی کتێبەکەشی (واتە کرۆکی مەسیحیەت) ئەهێنێتەوە ئەوەیە کە قورسایی فەلسەفە و لێکدانەوەی فۆیەرباخ لەسەر تیۆرە چونکە لە کرداری ڕەخنەگرانەی واقعی یان هەڵسوڕان و چالاکی شۆڕشگێڕانە تێناگات. لێرەدا مارکس نمونەی کردە، بەوجۆرەی لای فۆیەرباخ دەرک کراوە،

بە بازرگانی و پارە و پول پەیداکردن دائەنێ بەشێوەیەکی ناپاکانە کە وا باوبووە ئەم مەسەلەیە ڕوخسارێکی یەهودیانەی هەیە. لێرەدا مارکس ئەیەوێ بڵێ لەوجۆرە بیرکردنەوە و فەلسەفەدا کار و چالاکی و کردەوە هیچ گرنگیەکی نییە و شتێکی پوچ و تەنانەت "ناپاکە"، چ جای چالاکیەکی ڕەخنەگرانەی کردەیی شۆڕشگێڕانە، کە دیارە لای مارکس ئەمە توخمی ئاڵوگۆڕە و لای فۆیەرباخ ڕەتکراوەتەوە.

**تێزی دووەم:**

هەروەک لە تێزی یەکەمدا بینیمان کە گرنگیەک بە چالاکی یاخود پراکتیک دراوە، مارکس لەم تێزەشدا ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوون ئەکاتەوە. بەوجۆرەی کە تەنانەت بیرکردنەوەی مرۆڤ و بینینی ڕاستی (حەقیقەت)، واتە ڕاستی دەرەوەی زات خۆی، مەسەلەیەک نییە کە بە بیرکردنەوەی فەیلەسوفەکان و مشتومڕی نێوانیان و تیۆری داتاشین بۆی لێکبدرێتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە ڕێک وابەستەیە بە پراکتیکی مرۆڤەکانەوە. هەتا گەر بیرکردنەوەش وەک بەشێک لەم پراکتیکە ببینرێ ئەوا خودی پراکتیکەکەیە کە ڕاستی و ناڕاستیەکەی دەرئەخات. ئەمەش بە هەمان شێوە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕوانگە تیۆریەیە کە ماتریالیستەکانی لە جۆری فۆیەرباخ (وە ئایدیالیستەکان) ئەیانەوێ وەک تاکە ڕوانگەی مرۆیی بیقەبڵێنن.

**تێزی سێیەم:**

لەم تێزەدا مارکس دێتە سەر ڕەخنەی خۆی لە ماتریالیستەکانی تر کە پێیان وایە بۆ ئەوەی مرۆڤ گۆڕانی بەسەر بێت و هەتا هەلومەرجی باش ببێ، ئەبێ ئەم مەسەلەیە بە هەلومەرجەکان و پەروەردەوە ببەسترێتەوە. بەو پێیەی ئەم دوانەی دوایی گۆڕانیان بەسەر دێت، ئیتر مرۆڤیش گۆڕانی بەسەردا دێت. نا عەقڵانی بوون و هەتا دۆگمایی بوونی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە ڕۆڵی مرۆڤ نابینێ، وە ئەسڵەن دەرکی ئەوە ناکات کە ئەوە مرۆڤە کە ئەبێ وەک توخمێکی چالاک چ پەروەردە و چ هەلومەرج بگۆڕێ. کەوایە ئەبێ مرۆڤ تەسلیمی ئەو واقعە ببێ کە هەر ئێستا هەیە و چینی باڵادەست هەیە، ئیتر ئەم گۆڕانە کێ ئەیکات و چۆن ئەکرێ جێگایەکی لەم جۆرە ماتریالیزمەدا نییە. بەڵام مارکس ئەڵێ کە ئەم مەسەلەیە، واتە گۆڕانکاری، بەدەستی خودی مرۆڤ دێتە دی و ئەوەش تەنها لە کردەیەکی شۆڕشگێڕانەدا ئەبێ.

**تێزی چوارەم:**

کێشەی فۆیەرباخ لەوەدایە کە لە دنیای واقعەوە دەست پێناکات چونکە دنیای واقعی لەو خۆبێگانەبوونە ئاینیەوە لێکئەداتەوە و وەک بەشێک لە دنیایەکی خەیاڵی و ئاینی ئەیبینێ. بەم مانایەش ئەوەی کە لە دنیای واقعیدا ئەگوزەرێ و ڕووئەدات فەرامۆش ئەکات تاکو بەمجۆرە خۆی لە ڕەخنە لەم دنیایە نەدات و ڕەخنەش سەرئەنجام نەیگەیەنێت بە بیرکردنەوە لە گۆڕینی. بە واتایەکی تر ئەوەی کە لە تێزی سێیەمدا پراتیکی مرۆڤەکانی نەئەبینی لێرەشدا ناکۆکیەکان و ململانێکانی ئەم دنیا واقعیە نابینێ. تۆ بۆ ئەوەی بۆ ناکۆکیەکانی ژیان و هەلومەرجی کۆمەڵگا بگەڕێیت ناتوانی لە دنیای مەجازی ئاینیەوە (کە لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆتدا داتناوە) بڕوانی. سەرەتا ئەبێ ئەم ناکۆکی و پێچەوانەییانەی کە بە ڕاستی و لە دنیای مادیدا بوونیان هەیە ببینی، وە ڕەخنەیان لێ بگری کە بۆچی بەم شێوەیەن تاکو سەرئەنجام ئەم ناکۆکیانە وەلابنێیت. چ مەسەلەی ڕەخنەگرتن لەم ناکۆکیانە و چ گۆڕینیان مەسەلەیەکی پراتیکیە و بە دیاریکراویش پراتیکێکی شۆڕشگێڕانە. ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە فۆیەرباخ، بە پێی ئەم تێزە، بە فەرامۆشی سپاردووە لەبەرئەوەی دەرکێکی ئاینیانەی هەیە.

**تێزی پێنجەم:**

ئەم تێزە ڕەخنەیە لە دیدگای فۆیەرباخ، دیدگایەک کە پێی وایە تەئەمول کردن یان تەئەمولی هەستی شتێکی خەیاڵی و ناو زهنی تاکە. لە کاتێکدا مارکس لێرەدا ئەڵێ تەنانەت هەست و هەستکردن خۆی شتێک نییە لە دەرەوەی مرۆڤ بۆی هاتبێ بگرە خۆی چالاکیەکی پراکتیکانەی مرۆڤە. ئەمە بەو مانایە ڕەتکردنەوەی ماتریالیزمەکەی پێشوو و هی فۆیەرباخیشە کە ڕاستە جۆرێک خۆی لە ئەندێشەی موجەڕەدانە جیاکردۆتەوە بەڵام پەنای بۆ تێڕامانی هەستی بردووە و پەی نەوە نابات کە ئەوەش بەشێکە لە پراکتیکی مرۆڤ.

**تێزی شەشەم:**

لەم تێزەدا ڕەخنەی مارکس لە فۆیەرباخ ئەوەیە کە مرۆڤ وەک شتێکی موجەڕەد و دابڕاو و یاخود تاکی تەریک ئەبینێ و هەربۆیە فۆیەرباخ ئەمەی پەیوەست کردۆتەوە بە جەوهەرێکی ئاینیەوە. ناتوانێ مرۆڤ وەک بەشێک لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی گشت مرۆڤەکان ببینێ. بە مانایەکی تر مادام تاک خۆی هەر هەیە و لە پەیوەندی لەگەڵ تاکی

تردا بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی نەبەستراوەتەوە، ئەبێ کرۆکێکی ئاینی لەدەرەوەی تاک، تەنانەت خودایەک لە دەرەوەی بوون و ئیرادەی تاک خۆی بوونی هەبێ کە ئەو تاکی بەدەستەوە بێ و کۆنترۆڵی کردبێ. ئەمەش نەبینینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و هەر بەوپێیەش کار و کاردانەوەکانی ئەوانە کە ڕەوتی مێژووی دیاریئەکات. ئیتر بەپێی ئەم ڕەخنەیەی مارکس، ئەو بۆچوون و تیۆریەی فۆیەرباخ ناتوانێ ماتریالیستی بێ.

لەلایەکی تریشەوە مارکس باس لەوە ئەکات کە مادام تاکەکان بەوجۆرە ببینرێ، تەنها وەک جۆرێک بوونیان هەیە و ئەو تاکە وەک توخمێکی سروشتی خۆی و ئەوانی دی کۆئەکاتەوە. ئەم لێکدانەوەیە کار و کاردانەوەی خودی مرۆڤ، وەک چالاکیەکی بەردەوامی کۆمەڵایەتی لەسەر خودی سروشتیش نابینێ. بەمجۆرەش و لەم چەشنە ماتریالیزمەی فۆیەرباخدا مرۆڤیش وەک هەر بوونەوەرێکی تر و بەشێک لە سروشت دەبینرێ نەک بەرهەمی کار و بەرهەمێکی پێکەوە بوونی کۆمەڵایەتی.

**تێزی حەوتەم:**

هەربۆیەشە مادام فۆیەرباخ تاک وەک جۆر و بوونێکی موجەڕەد ئەبینێ لێکدانەوەی بۆ هەستی ئاینیش ئەوە نییە کە ئەمیش بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە، چونکە خودی مرۆڤ وەک بەشێک لە شێوازێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو کە لە ڕەوتی مێژوویدا و لە بەرهەمی پراتیکەوە گەشەی کردووە نابینێ، پێی وایە هەستی ئاینی وابەستە بە تاکی دابڕاو و موجەڕەدە.

**تێزی هەشتەم:**

دیسان لەم تێزەشدا مارکس جەخت لەوە ئەکاتەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ شتێکی تیۆری نییە و پراکتیکە. هەر بۆیە ناتوانرێ لە خەیاڵ و تێڕامانەوە ببینرێ. هەموو ئەو تیۆری و فەلسەفانەش کە پێیان وایە بوونی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی، یان باشتر بڵێین پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی، نهێنیە و تەنها بە شێوەیەکی ئاینی و تەسەوفی ئەتوانرێ لێیبڕوانرێ، ئەتوانن ڕێگەچارەی ئەم شتە "پەنهانە" لە پراتیکی مرۆڤەکاندا بدۆزنەوە. بەڵام خەوشی ئەو جۆرە فەسلەفە ماتریالیستانە و لەوانەش هی فۆیەرباخ ئەوەیە کە ئەم پەیوەندیە ڕاستەقینە کۆمەڵایەتیانە کە بەرهەمی پراکتیکن نابینن (ئەمەش دووبارە پەیوەست ئەبێتەوە بە تێزی شەشەوە).

**تێزی نۆیەم:**

لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوانەی کە پێشوتر باس کران و هی ماتریالیستەکانی پێشووە (واتە ماتریالیستەکانی تێرامان یا تەئەمول)، ئەوانەی کە لە دەرەوەی مرۆڤ و لە خەیاڵەوە بۆ هەست و هەستیاری و مرۆڤ ئەڕوانن نەک وەک پراکتیکێک، تاک تاکی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی دابڕێنراو لە کردە و لە چالاکی سیاسی تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا ئەبینن. وەک لە تێزەکانی پێشووشدا ووترا کە لێکدانەوە و دەرککردنی هەلومەرج و کۆمەڵگا بۆ ئەوەیە کە لە پراکتیکێکی شۆڕشگێڕانەدا بگۆڕدرێت، ئەمەش یانی سیاسەت. ئەو جۆرە ماتریالیزمە ئەمە قایل نییە بۆ تاکەکان لەو "کۆمەڵگا مەدەنی"ەی کە لە خەیاڵی خۆیانەوە بۆی ئەچن.

**تێزی دەیەم:**

ئەم تێزەش پەیوەستە بە نۆیەمەوە. پێداگری یاخود خاڵی دەستپێکردنی ماتریالیزمی کۆن ئەو شتەیە کە پێی ئەووترێ کۆمەڵگای مەدەنی، کە دابڕێنراوە لە کار و کاردانەوەی چینەکان و ململانێی نێوانیان و ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی لێیانەوە سەرچاوە ئەگرێ و سیاسەت و دەوڵەت...لە کاتێکدا بۆ ماتریالیزمی مێژوویی، هی مارکس، خاڵی دەستپێکردن ئەمەی دووەمیانە، واتە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە.

**تێزی یانزەیەم:**

ڕۆشنترین ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و زانستی لەم تێزەدایە. خودی تێزەکە پێمان ئەڵێ کە گرنگ سازدانی مشتومڕ و لێکدانەوە نییە بۆ جیهان، بگرە گرنگترین مەسەلە ئەوەیە کە چۆن ئەو جیهانە ئەگۆڕدرێ. ئەوەش کردەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانەیە. وەک لە تێزەکانی پێشووشدا باس کراوە ڕەخنە لە ناکۆکیە واقعیەکانی ناو کۆمەڵگا لە پێناو ناسینی ئەو کۆمەڵگایەدایە بەرەو ئاقاری گۆڕینی، (لەسەریشەوە لەسەر گرنگی ئەم تێزە ڕوونکردنەوەم داوە).

**سەرچاوەکان:**

١. کۆکراوەی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگسڵ، بەرگی ٥، لە بڵاوکراوەکانی لۆرنس و ویشارت (پێشەکی و ل.٣_ل.١٠)

## تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ

٢. سایتی مارکسیستەکان، تێزەکانی فۆیەرباخ بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و نەرویجی

٣. لینین: سێ سەرچاوە و سێ بەشە پێکهاتووەکەی مارکسیزم، بە زمانی ئینگلیزی_ سایتی مارکسیستەکان.



ڤلادیمیر ئیلیچ لینین

# دەسەڵاتی دووانەیی*

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: نەبەز ئەمین

پێداچوونەوەی: جەمال موحسین

مەسەلەی سەرەکی هەر شۆڕشێک بریتیە لە دەسەڵاتی دەوڵەت. هەتا لەم مەسەلەیە تێنەگەیشتبین، ناتوانین هیچ بەشداریەکی زیرەکانە لە شۆڕشدا بکەین، چ جای مەسەلەی ئاڕاستەکردنی شۆڕش.

جیاکەرەوەیەکی زۆر بەرچاوی شۆڕشی ئێمە ئەوەیە کە دەسەڵاتی دوانەیی هێناوەتە ئاراوە. سەرەتا بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەم واقعیەتە دەرک بکرێ: هەتا لەمە تێنەگەین، ناتوانین بەرەو پێشەوە بچین. پێویستە بزانین چۆن دەستەواژە (فۆرمۆلە) کۆنەکان ئیزافە و ڕاست بکەینەوە. بۆ نمونە ئەوانەی بەڵشەڤیزم لە کاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی نیشانیان داوە کە ڕاستن بەڵام جێبەجێ بوونی بەرجەستەیان دەرکەوت کە جیاوازە. هیچ کەس پێشتر بیری لە دەسەڵاتی دوانەیی نەکردبۆوە یان هەر بیریشی بۆی نەچووبوو.

## دەسەڵاتی دووانەیی

ئەم دەسەڵاتە دووانەییە یانی چی؟ لەپاڵ حکومەتی کاتی، واتە حکومەتی بۆرژوازیدا، حکومەتێکی تر دەرکەوت، کە هێشتا لاواز و سەرەتاییە بەڵام بێگومان حکومەتێکە کە بە کردەوە لە ئارادایە و بەردەوام لە گەشەدایە کە ئەویش شوراکانی نوێنەرانی کرێکاران و سەربازانە.

پێکهاتەی چینایەتی ئەم حکومەتەی تر چییە؟ ئەم حکومەتە پێکهاتووە لە پرۆلیتاریا و جوتیاران (لەبەرگی سەربازاندا). سروشتی سیاسی ئەم حکومەتە بریتیە لە چی؟ بریتیە لە دیکتاتۆریەتێکی شۆڕشگێڕانە، دەسەڵاتێکە کە ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای دەستبەسەراگرتنی شۆڕشگێڕانە و دەستپێشخەری ڕاستەوخۆی خەڵک لە خوارەوە دامەزراوە، نەک بە پێی یاسایەک کە لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتێکی ناوەندیەوە دانراوە. ئەمە بە تەواوەتی جۆرێکی ترە لە دەسەڵات کە جیاوازە لە دەسەڵاتێک کە بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمارە دیموکراتیکە بۆرژوازیە پەرلەمانیەکاندا لەئارادایە، کە وەک جۆرێکی ئاسایی لە دەسەڵات هەتا ئێستاش لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا و ئەمریکادا باوە. ئەم هەلومەرجە زۆربەی کات پشت گوێ دەخرێ یان بەپێی پێویست هەر بیری لێ ناکرێتەوە، لە کاتێکدا ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە. ئەم دەسەڵاتە لە هەمان جۆری کۆمۆنەی پاریسە لە ساڵی ١٨٧١ دا. تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی ئەم جۆرە لە دەسەڵات بریتیە لە:

١. سەرچاوەی دەسەڵات یاسایەک نییە کە پێشتر لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و دانراوە، بەڵکو دەسپێشخەری ڕاستەوخۆی خەڵکە لە ڕووبەرە خۆجێییەکانی خۆیاندا. ئەوەی کە بە دەربڕینی ئەم سەردەمە پێی دەووترێ "دەستبەسەراگرتنی" ڕاستەوخۆ.

٢. جێگرتنەوەی پۆلیس و سوپا، کە ئەو دامەزراوانەن بە دابڕاو لە خەڵک و بە دژی خەڵک ڕێکخراون، بە چەکدارکردنی ڕاستەوخۆی هەموو خەڵک. پەیڕەوی لە یاسا و ڕێکخستنی کاروبار لە دەوڵەتێکدا کە لەژێر دەسەڵاتێکی لەم جۆرەدایە لەلایەن کرێکاران و جوتیارانی چەکدار خۆیانەوە، وە لەلایەن خەڵکی چەکدار خۆیانەوە ڕادەگیرێت و بەردەوامی پێدەدرێت.

٣. توێژی کاربەدەستان، بیرۆکراسی بۆرژوازی، یان بە هەمان شێوە بە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵک جێیان دەگیرێتەوە، یان لەژێر چاودێریەکی تایبەتدا دادەنرێن. ئەمانە نەک تەنها دەبن بە کاربەدەستی هەڵبژێردراو بەڵکو لە هەمان کاتدا ملکەچی لێپرسینەوەن لە یەکەمین داوای خەڵکدا. ئەم پۆستانە دادەبەزێنرێن بۆ ئاستی کرێکارێکی سادە. لە توێژی

خاوەن ئیمتیاز کە ئەو ''کارانەیان'' بەدەستە کە بەپێوەری بۆرژوازی دەبێ کرێی بەرزتر وەربگرن، دەگۆڕدرێن بۆ کرێکارانێک کە ''باڵێکی خزمەتگوزاری'' تایبەتن کە کرێکەیان لە کرێی کرێکارێکی بە توانای ئاسایی زیاتر نییە.

ئەمە و بە تەنها ئەمەیە کە کرۆکی کۆمۆنەی پاریس وەکو جۆرێکی تایبەت لە دەوڵەت پێکدەهێنێت.ئەم کرۆکەیە کە لەبیرکراوە یان بەلاڕێدابراوە لەلایەن بلیخانۆف و لایەنگرانیەوە (ئەو شۆڤینیستە ڕاستڕەوانەی کە خیانەتیان لە مارکسیزم کردووە)، لەلایەن کاوتسکی و لایەنگرانیەوە (پیاوانی ''ناوەند'' ئەوانی کە لە نێوان شۆڤینیزم و مارکسیزمدا جێگۆڕکێ دەکەن) و بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن هەموو ئەو سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕانەی کە لە حکومەتی کاتیدا بەشدارن.

ئەمانە هەوڵ دەدەن کە بە دەربڕینی بێناوەرۆک و خۆدزینەوە و چاوبەستەگی بۆیان بچێتە سەر و هەزاران جار پیرۆزبایی شۆڕش لە یەکتر دەکەن بەڵام ڕەچاوکردنی ئەوەی کە نوێنەرانی شوراکانی کرێکاران و سەربازان چین ڕەت دەکەنەوە. ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە دان بەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەدا بنێن کە هەتا زیاتر ئەم شورایانە هەبن و تا ئەو ڕادەیەی کە هێز بن، ئەوە ئێمە دەوڵەتێکمان لە ڕووسیادا هەیە کە هاوشێوەی کۆمۆنەی پاریسە.

من زیاتر تەئکیدم لە دەستەواژەی (تا ئەو ڕادەیەی) کردەوە چونکە ئەم دەوڵەتە هێشتا دەسەڵاتێکی سەرەتاییە. ئەم جۆرە دەوڵەتە بە لایەنگریکردنی ڕاستەوخۆ لە حکومەتی کاتی بۆرژوازی و بە زنجیرەیەک دەستبەردانی واقعی لە خواستەکان بەکردەوە تەسلیم بە بۆرژوازی بووە و وا خەریکە هەموو پێگەی خۆی تەسلیم بە بۆرژوازی دەکات.

بۆچی؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە شخیدز، تسیرتلی، ستیکلۆڤ و هاوکارانی ''هەڵە'' دەکەن؟ قسەی پوچە. تەنها کەسێکی نەزان وا بیر دەکاتەوە، نەک مارکسیستێک. هۆکارەکەی هوشیاری چینایەتی ناکافی و نەبوونی ڕێکخراوبوونە بە ڕادەی پێویست لە ڕیزەکانی پرۆلیتاریا و جوتیاراندا. ''هەڵە''ی ئەو ڕابەرانەی کە ناوم هێناون لە جێگەوڕێگەی وردە بۆرژوازیانەوە سەرچاوە دەگرێت. لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەبری هوشیارکردنەوەی کرێکاران، بەرچاویان تەڵخ دەکەن. لەبری ڕەواندنەوەی خۆشخەیاڵی وردە بۆرژوازیانەیان زیاتر لە زەینیاندا دەیچێنن. لە جیاتی ئەوەی خەڵک لە کاریگەری بۆرژوازی ئازاد بکەن، ئەمان ئەم کاریگەریانە بەهێزتر دەکەن.

## دەسەڵاتی دووانەیی

لەمەوە ئیتر دەبێ ڕۆشن بێت کە بۆچی هاوڕێیانی ئێمەش بە هەمان شێوە دەکەونە هەڵەی زۆرەوە کاتێک پرسیارەکە بەم شێوە "سادەیە" دەخەنە ڕوو: ئایا حکومەتی کاتی دەبێ دەستبەجێ بڕوخێنرێت؟ وەڵامی من ئەمەیە:

١. بەڵێ دەبێ ئەم حکومەتە کاتیە بڕوخێنرێت، لەبەرئەوەی حکومەتی ئۆلیگارشی بۆرژوازیە، نەک حکومەتی خەڵک و بەهیچ جۆرێک لە توانایدا نییە کە ئاشتی و نان و ئازادی تەواو فەراهەم بکات.

٢. ئەوەی کە هەر ئێستا ناتوانرێت ئەم حکومەتە لەسەر کار لاببرێت دەلیەلەکەی ئەوەیە کە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و بەپێی ڕێکەوتنێکی فەرمی و ڕاستی لەگەڵ نوێنەرانی شوراکانی کرێکاراندا، بەتایبەتی لەگەڵ شورای سەرتاسەری واتە شورای پترۆگراددا، لەسەر کار هێڵراوەتەوە.

٣. بەشێوەیەکی گشتی، ئەم حکومەتە کاتیە ناتوانرێت بە ڕێگەی ئاسایی بڕوخێنرێ تەنها لەبەرئەوەی پاڵی داوە بە "پشتیوانی"یەکەوە کە لەلایەن حکومەتی دووەمەوە ، واتە لەلایەن شورای نوێنەرانی کرێکارانەوە، کراوە بۆ بۆرژوازی. لە کاتێکدا ئەوە ئەم حکومەتەیە، واتە حکومەتی شورایی، کە تەنها حکومەتی گونجاوی شۆڕشگێڕانەیە، کە ڕاستەوخۆ تەعبیرە لە بیر و ئیرادەی زۆرینەی کرێکاران و جوتیاران. مرۆڤایەتی هێشتا بەو ڕادەیە گەشەی نەکردووە و ئێمە هێشتا حکومەتێکمان نەبینیوە کە باشتر و سەرکەوتوتر بێت لە دەسەڵاتی نوێنەرانی کرێکاران، کرێکارانی کشتوکاڵی، جوتیاران و سەربازان.

بۆ ئەوەی ببین بە هێز پێویستە کرێکارانی هوشیار لەباری چینایەتیەوە زۆرینەی چین بهێننە پشتی خۆیان. تا ئەو کاتەی دەست نەبراوە بۆ توندوتیژی بە دژی خەڵک بێجگە لەم ڕێگایە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هیچی تر لەئارادا نییە. ئێمە بلانکیستەکان نین، لایەنگری گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن کەمینەیەکەوە نین. ئێمە مارکسیستین، ئێمە لایەنگری خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاین بە دژی سەرەگێژەی وردە بۆرژوازی و بەرهەڵستی شۆڤینیستانە و داتاشینی دەربڕین و پشت بەستن بە بۆرژوازی.

با حزبێکی کۆمۆنیستی پرۆلیتاری دابمەزرێنین، حزبێک کە توخمەکانی هەر ئێستا لەلایەن ئەندامە هەرە شێلگیرەکانی بەڵشەڤیزمەوە دروستکراوە. با ڕیزەکانی خۆمان لەپێناو پرۆلیتاریادا کۆبکەینەوە، لەم ڕێگەیەوە ژمارەی زیاتر و زیاتر لە پرۆلیتاریا، لە هەژارترین

جوتیارانەوە پێمانەوە پەیوەست دەبن. ئەو کاتە بە ئەزمونی ڕاستەقینە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەیاڵپڵاوی وردە بۆرژوازیانەی ''سۆشیال دیموکراتەکان''، چخیدزەکان، تسیرتلیەکان، ستێکلۆڤەکان و ''سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان'' و ئەوانی تر و هەموو وردە بۆرژوا دڵسافەکان و... هتد دەڕەوێتەوە و بەهەوادا دەچێت.

چینی بۆرژوازی بە کردەوە لەم نێوەدا لە پێناو یەکدەستی چینەکەی خۆیدا ڕادەوەستێت.

کرێکارانی هوشیاریش لەپێناو دەسەڵاتی یەکدەستی نوێنەرایەتی شورای کرێکاران، کرێکارانی کشتوکاڵی، جوتیاران و سەربازاندا ڕادەوەستن. ئەم دەسەڵاتە لە گرەوی نەک کاری سەرکێشانە (مغامەرە)، بەڵکو لە گرەوی ڕۆشنکردنەوەی بیری پرۆلیتاریا و ڕزگارکردنیانە لە کاریگەری بۆرژوازی.

''سۆشیال دیموکراتەکان''، ''سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان'' و هاوشێوەکانیان کە بە نوێنەرایەتی وردە بۆرژوازی ئەمبەر و ئەوبەر دەکەن لەم نێوەدا بە کردەوە ڕێگرن لەبەردەم ئەم ڕزگاربوون و ڕۆشنبوونەوەیەی پرۆلیتاریادا.

ئەوە ئەم ڕیزبەندەیە ڕاستەقینە و چینایەتیەی هێزەکانە کە ئەرکەکانمان دیاری دەکات.

*

ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ژمارە ٢٨ ی بڵاوکراوەی پراڤدا (حەقیقەت) دا بڵاوکراوەتەوە لە ٩ ی نیسانی ساڵی١٩١٧ دا بە ئیمزای لینین بڵاوکراوەتەوە. سەرچاوەی ئەم ڤێرژنە ئینگلیزیە: ڕووسی ئەم وتارە لە لاپەڕەکانی ٢٨_٤١ ی کۆی بەرهەمەکانی لینین کە لەلایەن (خانەی پێشکەوتن) لە ساڵی ١٩٦٤ دا بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن ئایزاکس بێرناردەوە کراوە بە ئینگیلزی. ئەمە لەسایتی مارکسیستەکانەوە وەرگیراوە بۆ وەرگێڕانەکەی بۆ کوردی. هەموو هێڵی تەئکیدەکان هی لینین خۆیەتی (وەرگێڕی کوردی)

# بەڵگەنامەکان

## بەڵگەنامەکان

# کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی،
# پێشمەرجی کۆتاییهێنانە بە دۆخی کارەساتباری ئێستا!
# بەیاننامەی پلینۆمی (٢١) ی کۆمیتەی ناوەندی

ئاکامی ٢٧ساڵ لە دەسەڵاتی داسەپاوی حزبە بۆرژوازیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا بە زەبری هێزی میلیشیا و گرێدانەوەی هەلومەرجی سیاسی کوردستان بە کێشمەکێشی ئەم حزبانەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە بە بەرژەوەندی و شەڕ و بەرامبەرکێ و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکەوە بە تایبەتی ئێران و تورکیا، بریتیە لە سەپاندن و درێژەدان بە دۆخی کارەساتبار و بێدەرەتانی و نائارامی سیاسی. ٢٧ساڵە کوردستان گرفتاری ئاکامە کارەساتبارەکانی سیاسەت و کارکردی ئەم حزبانەیە. ٢٧ ساڵە کوردستان لە گێژاوێکی سیاسی و چارەنوسێکی نادیاردا راگیراوە و لە ناو گەمەی سیاسی و هێزهاوسەنگی حزبە میلیشیاییەکاندا گیرۆدەکراوە. ٢٧ ساڵە کارەسات و تراژیدیای هەمەجۆر و هەلومەرجێکی قورس و کەمەرشکێنی بێ کۆتایی، ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و ستەمدیدەی ئەم کۆمەڵگایەی لەقاڵبداوە.

# بەیاننامەی پلینۆمی (٢١) ی کۆمیتەی ناوەندی

لەژێرسایەی دەسەڵاتی ٢٧ ساڵەی پارتی و یەکێتیدا، وەک دوو کۆمپانیای قۆرخکار، شێوازێک و بارودۆخێکی ئابوری پەیڕەوکراوە کە توانیویەتی باڵاترین ڕێژەی قازانج و باشترین فرسەت بۆ کەڵەکەی سەرمایە دەستبەربکات و زەمینەیەکی گونجاو بۆ دەست بەسەراگرتن و تاڵانکاری تەواوی سامانی کوردستان لەلایەن بەرپرسان و نزیکەکانی خۆیانەوە برەخسێنێ. بەمجۆرە توێژێک لە سەرمایەداری گەورەیان دروستکردووە کە قۆرخی سەرجەم بنکە و دامەزراوە ئابوریەکانی کوردستانیان کردووە و سەدان ملیۆن دۆلاریان بۆ خۆیان کەڵەکردوە. لەولاشەوە چەند ملیۆن مرۆڤی رەنجدەر و زەحمەتکێش و کرێکار، هەژار و برسی و بێکارکراون و ژیانێکی سەختیان بەسەردا سەپاندوون!

لە دوای کارەساتی ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، خەڵکی کوردستان راپێچکرانە ناو هەلومەرجێکی ئابوری و سیاسی نالەبارترەوە. سەرباری بەردەوامبوونی بێمافیەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و نەمانی خزمەتگوزاریە گشتی و سەرەتاییەکان و بەردەوامبوونی بڕینی مووچەی فەرمانبەران و بەرینبوونەوەی بێکاری و خراپتربوونی بارودۆخی ژیان و کارکردنی کرێکاران، تاڵانکردنی داهاتی گشتی و بازرگانی و قاچاخچێتی کردن بە داوودەرمان و کەلوپەلە هەرە پێویستەکانی ژیانی خەڵک و گرانی لەرادەبەدەری نرخی شتومەک لە بازاڕەکان و...تاد. باردۆخی سیاسی کوردستانیش لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی بۆرژوازی کوردەوە راپێچی ناو گێژاو و نادیاری ئایندە و سەرگەردانی کرایەوە و لە پێناوی قوتارکردنی خۆیان و سامان و دەسەڵاتەکەیان لەو شکست و بنبەستەی کە لە دوای روداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەرەوە تێیکەوتبوون، پشتیان لە خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کرد. دەستیان برد بۆ پێشبڕکێیەکی قێزەونی ساتوسەودای سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی بۆرژوازی عێراق تا جارێکی تر، کوردستان لەسەروو ویست و بڕیاری خەڵکەکەیەوە، شەتەک بدەنەوە بە دەوڵەتی نەتەوەپەرستی- ئیسلامی عێراقەوە لە چوارچێوەی هەمان فیدراڵیزمی نەتەوەیی شکستخواردوودا، لەژێرناوی "پشک و بەرژەوەندی کورد" لە حکومەتی تازەی عێراقدا!

لەسایەی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورددا کە بە دڕندانەترین شێوە پارێزگاری لە مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و بە کۆیلەکردنی ڕەهای چینی کرێکار و جەماوەری

زەحمەتکێش دەکات، هیچ جۆرە تروسکاییەک بۆ گۆڕانکاری لەم دۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەی کوردستاندا بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بەدی ناکرێ و روونادات. نەک هەرئەوە بەڵکو رەوتی گۆڕانکاریە سیاسیەکان و کێشەی نێوان ئەم حزبانەی بۆرژوازی کورد، بە ناسیۆنالیست و ئیسلامی سیاسیەوە و شەڕیان لەسەر دەسەڵات، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان بە ئاڕاستەی هەلومەرجێکی سەختتر و کارەساتبارتر بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان هەنگاودەنێ. جیاوازی چینایەتی لە کوردستاندا فراوانتر و بەرینتر دەکاتەوە و جەماوەرێکی زیاتر لە چینی کرێکار و توێژە بێبەش و کەمدەرامەتەکان راپێچی هەژاری و برسێتی دەکات. سامانی بەرپرسانی حزبە دەسەڵاتدار و هاوبەشەکانی بۆرژوازی و دەستوپێوەندەکانیان زیاتر بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و هەرچیش پێویست بکات بۆ پاراستنی دەسەڵات و سامانەکەیان، لە تاوان و سەرکوت و کرێگرتەیی بۆ وولاتانی ناوچەکەو ئەمریکا سڵی لێ ناکەنەوە!

رزگاریی یەکجاری لە هەموو مەینەت و بێدەرەتانیەکانی ئێستای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، لە گرەوی شۆڕشی کریکاریدایە، بۆ لە ریشەدەرهێنانی سیستەمی کاری بەکرێ و خاوەندارێتی تایبەتی. لەم رێگایەدا دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان و ئەو دۆخەی بەرپایان کردووە، یەکەمین و گەورەترین بەربەستە لەبەردەم رەوتی ئەم شۆڕشەدا. هەر بەم پێیەش رێکخستن و رابەریکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز بۆ راماڵین و هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و کۆتایهێنان بە دۆخی کارەساتباری ئێستا، یەکەمین هەنگاوە لە رێگای شۆڕشی کرێکاری کە هاوکات خواست و ئامانجە دەمودەستەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەستەبەردەکات.

لە چەند ساڵی رابردودا، خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز و ناڕازی کوردستان، بێزاری و نارەزایەتی فراوانیان دژ بەم دەسەڵاتە نیشانداوە و بە مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەریی دەیان هەزار کەسی خواستەکانیان رووبەڕووی دەسەڵاتداران کردۆتەوە، بگرە خواستی کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە بە شێوازی جۆراوجۆر لەلایەن جەماوەرەوە دەخرێتەڕوو. بەڵام ئەزمونی چەند ساڵ لە خەبات و نارەزایەتی هەمەجۆرەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ئەو راستیەی سەلماندووە کە ئەم دەسەڵاتە گوێی بیستنی

داخوازی و خواستەکانی خەڵکی نییە. بۆیە تەنانەت دەستەبەرکردنی ئاڵوگۆڕ لە ژیان و گوزەرانی مەینەتباری ئێستا و بەدیهاتنی خواستە دەمودەستەکانی خەڵک گرێی خواردووە بە هاتنەمەیدانی جەماوەر و بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سیاسی بۆ کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە و هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێک کە پشت بە ئیرادەی سیاسی و راستەوخۆی خەڵک ببەستێت و ژیان و گوزەران و مافەکانی خەڵک دەستەبەر بکات. دەسەڵاتێک کە ئارامی و جێگیری سیاسی و ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەران بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات و هاوکات بڕیاری ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ جێبەجێ بکات و ئەم کۆمەڵگایە لە فەزای بێنەوبەرە و ناکۆکی نەتەوەیی و گێژاوی فیدراڵیزمی کۆنەپەرستانەی قەومی دەربهێنێت.

پلینۆمی ٢١ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە کاتێکدا لەسەر ئەوە پێداگری دەکات کە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا رادەوەستێت، هاوکات هەموو توانای خۆی دەخاتەگەڕ بۆ گەشە و پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوەیە تا ئاستی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەهێز کە بتوانێ ئەم دەسەڵاتە کۆتایی پێبهێنێ و کوردستان بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەرێت. هاوکات هەلومەرجێکی گونجاو فەراهەم بکات کە لە سایەیدا خەڵکی کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە سیستەمی حوکمڕانی ئایندەی کوردستان دیاری بکەن. لەم پێناوەدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەوڵدەدات وەکو حزبێکی سیاسی بەهێز و بە توانای جەماوەری لە مەیدانی کێشمەکێش لەسەر ئایندەی کۆمەڵگا دەرکەوێت و بتوانێ رابەریەکی کۆمۆنیستی بۆ ئەم بزووتنەوەیە دابین بکات. هەروەها هەوڵدەدات لە شکڵوشێوازی گونجا و کارادا لە دەوری ئاسۆیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانە ڕێکیبخات و تا ئەو رادەیە بەهێزی بکات کە بتوانێ ئامانجەکانی بەدیبهێنێت. هەروەها حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز، هەڵسوڕاوانی کرێکاری و ئازادیخواز، هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە نارەزایەتیەکان دەکات کە لەم خەباتەدا چالاکانە بەشدار و هاوکاربن و پێکەوە لەگەڵ ئێمە رۆڵی خۆیان بگێڕن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی هەموو ئەو حزب و لایەنانەش دەکات کە بانگەشەی لایەنگری لە ئازادی و مافەکانی خەڵک دەکەن، بەڵام تا ئێستا لەلایەک لافی ئۆپۆزیسیۆن

لێدەدەن و لەلایەکی ترەوە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەشێکن لە پرۆسەی سیاسی و چاویان بڕیوەتە کورسی ئەم دەسەڵاتە، کە ئیتر دەستبەرداری گەمەی سیاسی و خۆشباوەڕکردنی خەڵک بن بە سیاسەت و پرۆژەی سیاسی ناکام! واز لە فریودانی خەڵک و راپێچکردنی ئەم جەماوەرە ستەمدیدەیە بۆ سیناریۆ گاڵتەجاڕەکانی ئەم دەسەڵاتە بهێنن! وازلە فریودانی خەڵک بە بەیتوباڵۆرەی چاکسازی و گۆڕینی دەموچاوەکان بهێنن لەپێناو بەشداریکردن لە دەسەڵاتی میلیشایی ودەستخستنی بەشی خۆیان لە سامانی بەتاڵانبراوی خەڵکدا. کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە پێشمەرجی کۆتایهێنانە بەم بێدەرەتانی و دۆخە کارەساتبارەی ئێستا و هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیە لەژیان و گوزەرانی خەڵکدا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**ئۆکتۆبەری ٢٠١٨**

## لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا




**نوسینی: خەسرەو سایە**

**چاپی یەکەم**

**ساڵی 2018**

بۆ بەدەستهێنانی کۆپیەک لەم کتێبە بەفۆرماتی پیدیئێف سەردانی سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بکەن:
www.hkkurdistan.org

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:
0047 47276028

**didgaisocialisti@gmail.com**

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker - communist Party of Kurdistan

Eleventh Issue, December 2018